عەرشی پەروەردگار


ڕێبوار ڕەشید

کتێبی یەک

The Heaven of God

Rebwar Rashed

first book



عەرشی پەروەردگار

ڕێبوار ڕەشید

کتێبی یەک

The Heaven of God

Rebwar Rashed

ڕۆمانی

عەرشی پەروەردگار/ ڕێبوار ڕەشید

The Heaven of God

Rebwar Rashed

خوێندنەوەی بۆ کتێبی دەنگیی:

هاوژین زیبا

Audiobook Narrator:

Hawzhin Ziba

تێبینی:

- ✓ ڕۆمانی "عەرشی پەروەردگار" تەنها لە فۆرمی پی دی ئێف PDF لە بەر دەستدایە و وەکو کتێب چاپ نەکراوە.
- ✓ مافی لە چاپدانی لە شێوەی کتێب یان شێوەی دیکەدا تەنها بۆ هاوژین زیبا یان نووسەرە/ بەهاری ٢٠٢٥

Copyright©

All Rights Reserved /Spring2025

Rebwar Rashed & Hawzhin Ziba

بوومێکی تەپوتۆزگرتوو

شاری فەیزوڵا لە ناو تاریکوڕووتی ئەو بەیانییەدا چاوی خەوی هەڵهێنابوو. قەدەرێک بوو مزگەوتەکان بانگیان دابوو و دەستەی نوێژکاران لە بوومەلێڵدا دەست لە پشتەوە و دەست لە ناو گیرفاندا نیوەخەواڵوو ڕووەو ماڵەوە دەچوون. هەیکەل و سێبەری منارەی مزگەوتەکان شاریان کردبوو بە شاری مناڕە. بە سەدان و بگرە هەزاران بە ئاسماندا چوو بوون، هەندێک درێژ و هەندێک کورتتر. گومەزەکان لە نێوان منارە بەئەژمارەکاندا هەڵتۆقیبوون و لە ئەوە دەچوون لە ژێرەوە بنی منارەکانیان لە چنگدا بێت و نەهێڵن بکەون.

لەبەرئەوە شاری فەیزوڵا شاری "ئیمان" و شاری "منارە" و شاری "پرشنگی خودا" یشیان پێ دەگوت. شاری فەیزوڵا گەورەترین شاری ڕۆشنبیری و پێشکەوتنی وڵاتی "عەرشی پەروەردگار" بوو.

لە ڕووخساردا فەیزوڵا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هەر شارێکی تری ئەم بەشەی دونیادا نەبوو. شارێک لە باوەشی دۆڵێکدا کە چواردەوری بە چیای وشک و ڕەق دەورە درابوو. سەوزایی شارەکە زۆر کەمتر بوو لە خانووبەرەکان. ئاوی کانیاوەکان و ژێرزەوی وردەوردە پشتیان لە خەڵکەکە دەکرد و وەک منداڵی ترساو پشتاوپشت ڕووەو دوواوە هەنگاویان دەنا. تەپوتۆزی مێژوو بە کاوەخۆ لە چیاکان، لە دەشت و دەر و لە خانووەکان و لە داروددەخت و لە خەڵکی شارەکە دەنیشت.

ئەو تۆز و خۆڵە بووبوو بە سیما و بە بەشێک لە خەسڵەتی سەرەکیی شاری فەیزوڵا.

شارەکە لە وێنەیەکی کۆن دەچوو کە بە چاوی کامێرایەکی چڵکن و شکاو گیرا بێت. هەموو وڵاتەکە لە ئەوە دەچوو لە ئەو دیوی نایلۆنێکی تەڵخەوە لێی بڕووانرێت.
تێکەڵاوییەکی دیار سیمای شاری دەنەخشاند. لە لایەکەوە باڵەخانەی بە ئاسمانچوودا کە دەیانگوت کارەبا و ئاویان مستوەگرە و لەلایەکی ترەوە خانووی کۆنە و خانووی نوێی لە کۆنچوو تێکەڵ بە یەکتر بووبوون. کۆڵانی پێچاوپێچ لە شێوەی گوریسی ئاڵۆزکاو و بەرز و نزمیی بێ مەبەست و هەندێک جاریش بێ مانا، شاریان کردبوو بە مەتەڵێک کە هەڵ نەدەهات.
لە لایەکەوە دووکان و بازاڕی گرانبەها و لە لایەکی ترەوە دووکانی هەرزانبەها کە شتومەکەکانیان هێندە دەستاودەستیان پێ دەکرا کە کڕیار دەبووایە بێ پەلە بە دوای پێویستیەکانی خۆیدا بگەڕایە.

خەڵکەکە خۆیان دەیانگوت شاری فەیزوڵا سەرئەنجامی بەرەیککەوتنی دوو شارستانییە، هیچیان نەیاندەویست مل بە ئەوی تریان بدات و تەسلیم بە یەکێک لە قۆناخەکانی میژوو ببێت، لەبەرئەوە وەک درندەیەک خۆیان بە شانوملی شارەکەدا هەڵوواسیبوو. یەکێکیان نەریتیی بوو و هەر ئەوە بوو کە هەبوو. لە هەزارپاتبوونەوەی خۆی ماندوو نەدەبوو.

ئەوی تریان دووبارەبوونەوەی هەموو ئەوەبوو کە هەبوو، بەڵام لە بەرگێکدا کە پێیان وابوو شارستانییە. هەموو ئامێرێکیان نوێ بوو، بیناکان نوێ بوون، جلکوبەرگەکان شیک و پیک و نوێ و ئوتوکراوبوون و لە باشترین قوماشەکان بوون، ئوتومبێلەکان کەشخە

و تووندوتۆڵ و بەهێز و بێگومان زۆر گرانبەها بوون، سووراو و سپیاو و ماکیاج و جوانکاری ڕوومەت و لوت و چەناگە و لچ و لێو و سمت لە ئەو پەڕی ڕەواجی خۆیاندا بوون، بەڵام مرۆڤەکان هەمان مرۆڤ بوون، عاشقانی نەریتگەرایی و خەڕەکی مێژوو بوون.

لەگەڵ هاتنوچوونی خوێنیاندا ناخ و ڕووالەتیان دەستیان لە بینی یەکدا بوو و ئێخەی یەکیان دەگرت و پێکەوە نەدەسازان. لەگەڵ ئەوەیشدا کە خۆیان لە هەموو ئەو شتانە نوێیانە هەڵدەکێشا، بەڵام جوان پێیانەوە دیار بوو کە نەدەگۆڕان و خۆیشیان دەیانبینی کە نەگۆڕاون و لەبەرئەوە هەم لە خۆیان تووڕە بوون و هەم لە ئەوانەی تر تووڕە بوون و نەشیاندەزانی مەسەلە چییە.

هەرچەندە ئەم دوو شارستانییە خاڵە لەیەکچووەکانیان زیاتر بوون و بە ڕەگیش دەچوونەوە سەر هەمان خوێن، بەڵام ڕک و کینە و شەڕەقۆچێکی بێ مانا هەر دووکیانی لە یەک نزیک دەکردەوە.

هەردوو ئەم لایەنە کە پێیان وابوو جیاوازن چنگیان لە ڕەگ و ڕیشەی شار گیر کردبوو. شار نێچیرێک بوو بە زەویدا درابوو. شار خرابووە و ژێر و نە لە شارۆچکەیەکی دەکرد و نە لە دێیەک، بەڵکو لە لادێیەکی دەکرد کە هەزاران جار کۆپی لێهەڵگیرابووەوە و پێکەوە دانرابوونەوە و لە قەوارە و گەورەییدا لە شارێکی دەکرد.

نزیکەی هەموو خەڵکەکە، ئیماندار و ڕوو لە خودا بوون. ڕاستە هەموویان لە کڕین و فرۆشتن و ژنهێنان و شووکردن و جیابوونەوە و هاتن و چووندا درۆیان لەگەڵ یەکدا دەکرد، بەڵام ئەوەیان بە بەشی خودا دەزانی و دەیانزانی ئەوەی بە ڕاستیی هەیانە و بۆیان دەمێنێتەوە هەر خودایە. سوێندی ئیمانداریان وەک وشەی پێویستی تێهەڵکێش، تێکەڵ بە هەموو ڕستەیەکیان دەبوو. وشەکان بە سرێشی

سوێند یەک یەک پێکەوە دەلکێندران. هەریەکەیان ئەوی تر بوو لە جەستەیەکی تردا.

ئەو ڕستە ڕۆژانەییانەیان بەردەوام دووپات دەکردەوە و لێی ماندوو نەدەبوون. مانای ڕستەکان وەک تامی ئەو ماسیانە بوون کە بۆ وشکبوونەوە هەڵدەواسران، بەڵام لە بیر دەکران و وردەوردە چێژی هەموو شتێکی چواردەوریان لە خۆدەگرت.

بێگومان خەڵکەکە خۆیان وەک مرۆڤی دادپەروەر و بە ویژدان و بە ڕەووشت دەبینی و دەناساند. لە کاتی ناخۆشی و پرسەدا بە دەم یەکترەوە دەچوون و لە ڕووالەتیاندا نارەحەت دەردەکەوتن و "ئای مااڵی ڕماوم" و "ئای ماڵم برمێت" یان بە یەکتر دەگوت و لە ئەوە دەچوو بەزەییان بە یەکتردا بێتەوە. لە بچووکیی و لاوازیی ئەو لێقەوماوانەدا هێز و گەورەیی خۆیان دەبینیەوە، دەنا وەکو تر هەمیشە ناتەبا و دژ بە یەک بوون و لە سەر جامێک ماست و نۆرەبڕیی سەیارەئاژووژتنێکدا ئامادەبوون گەرووی یەکتر هەڵ بدڕن. تەنانەت لە دووبارەکردنەوەی سوێندەکانیشدا بە یەکدا هەڵدەشاخان و یەکتریان تاوانبار دەکرد بە ئەوەی گوایا سوێند لە یەکتر دەدزن. ڕاستە هەموویان هەر یەک ئەڵاڵیان هەبوو، بەڵام خۆ ئیتر نەدەکرا هەموو کەسێک بە ڕاستی بێت.

لە ناو ئەو بازارە نارێکخراو و پڕ هەراوهوریا و قەرەباڵخ و هەرکەس بۆخۆیی و ڕاکەڕاک و بگرەوبەردەیەدا کە شان و پێی هەموو کەسێک بەر یەک دەکەوت، یەکێک لە جادەکان کە وەک هەموو دەستەخوشکەکانی شاری نووربەخش، شاری فەیزوڵای ڕووناکئامێز، بە هەزار شەرەشەق جێگای دوو ئوتومبێلی لە تەنیشت یەکەوە تیا دەبووەوە، شۆستەکانی بە شتومەکی فرۆشیارەکان داگیر کرابوو و

خەڵکەکە بە ناو ڕێزی ئوتومبێل و بە سووکەبازدان و نەرمەلۆقە بە سەر شتومەکە دانراوەکانی دووکانەکاندا و لەگەڵ پێچ و دەورەی شۆستەی هەڵوەشاو و جادەکە دەڕۆیشتن.

لە سەر ئەو جادانە دووکاندارەکان گۆرانی دڵخۆشیی هەڵپەڕێ و سەمایان لێ دەدا کە گۆرانیبێژە ماکیاجکراو و ڕەتووشکراو و فیلتەر لە سەر دانراوەکان بە شادییەوە دەیانچڕین و کامێراکان هاوکات وێنەی ژنانی جلکوبەرگ ئاڵووآلا و دڵخۆش و بە کەیف و سەفایان نیشان دەدا کە خەریکی هەڵگرتنی گۆزە و دەمکردن و تێکردنی چایی و قاوە بوون و لووتیان بۆ بۆنکردنی برنجی لە سەر ئاگر لێنراو دەهێنایە پێشەوە.

ئەو جادەیە، وەک سەدان جادەی تری وەک خۆی، پێچاوپێچ و هەڵوەشاو و پڕ قۆرتە و بەین، بە شۆستەی داخوراو و هەڵتەکاوەوە، ناوەندی شاری بە ماڵی ئەمان دەگەیاند. ماڵی ئەمان، ماڵی ئافتاو، دەکەوتە لایەک لە نزیک ناوەندی شارەوە. ئافتاو ژنێک بوو لە ژنانی ئەو شارە کە بە شانازییەوە پێیان دەگوت ناوەندی ڕووناکیی و ڕووناکئامێزیی و ڕووناکپەروەریی و ڕووناکخوازیی.

بابوباپیرانی ئافتاو کاتێک خانووەکەیان دروست کردبوو شار هێشتا وەک نەونەمامێکی ناسک تازە بە تازە ڕەگ و ڕیشەی خۆیی دادەکوتا. وردەوردە شار لە ژێرەوە ڕیشەی خۆیی بە بنی زەویدا بڵاو دەکردەوە و لە سەرەوە زیاتر لک و پۆپی دەردەکرد.

شاری فەیزوڵا ئەو هەزاران دێیە پێکەوەلکێندراوە بوو کە هەموویان شانازییان پێوەی دەکرد. ئەو گوندانەی لە هەر یەکێکیاندا خەڵکانێک و مزگەوتێک و گۆڕستانێک هەن و کە خەڵکەکەی لە نێو خۆیاندا هاوسەرگیریی دەکەن و کاتی ناچاربوون هاوکاریی یەک دەکەن و

هەندێک جاریش دەبن بە نەیار و دوژمنی سەرسەختی یەک. شاری فەیزوڵا هەسارەی گوندە نایەکگرتووەکان بوو.

شارەکە ڕووخسارێکی بەتایبەتیی مۆدێرنی نەبوو، هەروەکو چۆن ڕووخسارێکی میژوویی نەبوو کە ڕەنگی تەمەنی بداتەوە، بەڵام ئیدی شارێک بوو. بە پێی یاسای وڵاتەکە شار بوو. پلەی شاری پێ بەخشرابوو هەر وەک چۆن چەندین لە خەڵکەکە پلەی جەنراڵ و زانا و دانا و سەرۆکیان پێ بەخشرابوو، بێ ئەوەی پێوەندییەکیان لەگەڵ ئەو پلەوپایانەی خۆیاندا هەبێت.
خەڵکەکە دڵیان باش بوو. هەرکار و پلەیەک پارە یان ڕەنج لە سەر خۆیان نەکەوتایە بە دڵەوە بە دەم دەیانکرد و دەیانبەخشی.
نازناوی مامۆستایان بە فەقێیەک دەدا و مەلایان دەکرد بە زانا و بەرپرسێکیان دەکرد بە دانا یان بە حاتەمی تەی و بە تیۆدۆسیسی قەیسەر و بە کەچەڵیان دەگوت زوڵفلی و بە هەژاریان دەگوت دەوڵەتخودا و ئیتر ئاوا.
شاری فەیزوڵا بە ئەو شێوەیە تەمەنێک ژیابوو و لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنییدا بووبوو بە خاوەنی چەندین گۆڕستانی گەورە.

گۆڕستان هەبوو بەتایبەتیی بۆ مەزهەبێک یان دینێک بوو. گۆڕستانێک بۆ ئەوانەش هەبوو کە بە "شەهید" ناویان دەبردن و گیانیان لە پێناوی ئازادیی خەڵکەکە و خاکەکەدا بەخت کردبوو و هەرچەندە ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەوانەی تیایدا نێژرابوون لە سەنگەری ئەوبەری ئەواندا بووبوون. گۆڕستانێکی تایبەتیشیان بۆ ئەو ژنانە ئاوا کردبوو کە بێ ناوونانونیشان بوون، ئەوانەی کە پێش ئەوەی بنێژرێن هەموو ناسنامەیەکیان لێ دامالڕابوو. کێڵی گۆڕەکانیان کێڵ

نەبوو، هەر بەردێک بوو. هیچ نیشانە و ناو و وشەیەکیان لە سەر نەبوو.
گرینگ بوو هیچ کەسێک نەتوانێت بیانناسێتەوە. خواستەکە ئەوەبوو ناویانیان لە سەر گەڵای داری گەردوون بسڕدرێتەوە. ئەوە سزایەک بوو کە هەردوو شارستانیەکەی فەیزوڵا لە سەری کۆک بوون. ئەو سزایە زۆر گرینگ بوو، چونکە ئەو ژنە بێ ناونیشانانە هێندە سەرپێچییان لە نەریت و بەها ڕەووشتیی و کولتوورییەکانی وڵات کردبوو کە سزایەکی وا، فێنکایی بە دڵی زەرەرلێکەوتووەکان دەگەیاند.

بێگومان چەند گۆڕستانێکیش بۆ خەڵکی تێکەڵاو لە خەڵکانی ئاسایی هەبوون. هەرچەندە لە ژیانیاندا زۆر نەبێنرابوون و نەبیسترابوون، بەڵام گۆڕستانێکی ئاساییان هەبوو. ناوی خودا و ناوی خۆیان و باوک و باپیریان و دێرە شیعرێک و شتی دیکە لە سەر کێلەکانیان دەنووسرا.

خەڵکی فەیزوڵا ڕۆژانە بە ڕووداوی مەرگی ئاسایی کە پێیان دەگوت "ئەجەل" کۆتایی بە ژیانیان دەهات، ئەو جۆرە مردنانەی کە مرۆڤەکان ناچار دەبن مل بدەن و بڕۆن، یاخود کردەی قەزاوقەدەر و ئەوەی خودا بۆی نوسیبوون. بە کارەساتی جەرگبڕ لە کوشتن و بڕینیش ڕوویان دەدا و کە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بوو. ئەم جۆرە مردنەش ئەگەرچی تاوانبارێک لە ئارادا بوو، بەڵام هەر لە چوارچێوەی ویستی خودادا دەبینرا.

جادە خواروخێچە ماندووە تۆزوخۆڵگرتووەکە تا نزیک بە دەرگای حەوشەی ئەو خانووە دەگەیشت کە ئافتاوی تیادا دەژیا.

دەرگای حەوشەی ماڵی ئافتاو وەک هی زۆر ماڵی تر چەندین دەیەی بە سەر بردبوو. جیاوازییەکی بەرچاوی ئەوەبوو ڕێک بەرامبەر بە

گۆڕستانی بێ ناونیشانەکانی شار بوو. گردێکی وشک و ڕەقهەڵانی خاک مردوو کە لە مێژووی بوونیدا بەیار بوو تا وردەوردە جەستەی نێژراوی ژنە بێناوونیشانەکانیانی لە خۆ گرت.

لە پێوەندیی لەگەڵ ئەو گردەدا بوو کە لە شێوەی وشک و برینگیی و زەردهەڵگەڕاوییدا لە هێمای مەرگ دەچوو یان نا، باوانی ئافتاو کردبوویان بە نەریت کە ساڵانە هەر جارەی بە ڕەنگێک دەرگای حەوشەیان ڕەنگ دەکردەوە. ڕەنگەکان یەک لە سەر یەک توێخیان بەستبوو، بەڵام سەرەڕای ئەو توێخەڕەنگەش ژەنگ لە ژێرەوە زەفەری بە دەرگاکە دەبرد و بە هەڕەشەوە بڵاو دەبووەوە. لە ئەو دەرگایەوە، وەک دەرگای هەموو خانوویەکی شاری فەیزوڵا، بە دەیان کەس لە بنەچەی ئافتاو دەهاتن و دەچوون و هەندێکیان کە بەرەو گۆڕستان بارگەیان تێک دەنا ئیتر نەدەگەڕانەوە.

یەکەم وێنەی ئافتاو خۆی لە بیری بێت لەبەر دەم ئەو دەرگایەدا باوکی چرکاندی.

لە ئەو دەمەدا بەهار لە هەڕەتی لاوییدا بوو، سەوزتر و تەڕتر لە ئێستا بوو. تا چاوەکانی بڕ بکات گوڵی هەمەجۆرەی بەهارە لە ناو وردەگیایەکی ناسکدا سەریان هەڵدەدا کە لە نیوەڕووانی ڕۆژانی گەرمدا، هەروەک خەڵکەکە، سەرخەویان دەشکاند و تا فێنکی نەکردایە، سەریان هەڵنەدەبڕیەوە.

ئەو کاتە دوو ڕۆژ بوو باوکی دەرگاکەی بە ڕەنگێکی پرتەقاڵیی ڕووناکی شاد بۆیە کردبووەوە، وەک پێستی پرتەقاڵ، بەڵام ڕووناکتر و بەبریسکەتر.

ئافتاو بە قژێکی پڕی دانەهێنراوی ڕەنگ خوورماییەوە کە تا سەرشانەکانی هاتبوو چاوەکانی بە ئاراستەی چاوی کامێراکە ڕێچ کردبوو و بە زەردەخەنەیەکی لالێوەوە لە دەست و پەنجەی باوکی دەڕووانی. وێنەکە ڕەش و سپی بوو، بەڵام جوان بە بیری دێت کە تەختی کراسەکەی بەری شینێکی کاڵ بوو، وردە گوڵی زەردی بچکۆلە بچکۆلەی پەڕە سپی بە سەریدا بڵاو بووبوونەوە. ئافتاو ئەو کاتە وا هەستی دەکرد ئەو گوڵانە سەر جەستەی ئەمیان داپۆشیووە، نەک تەختی کراسەکەی.

لە ناوەوە، ژوورێکی ئەو ماڵە مۆری خاوەندارییەتی ئافتاوی پێوە نرابوو. ئافتاو لە ئەو ژوورەدا دادەنیشت و پاڵ دەکەوت و ڕادەکشا و دەخەوت و دەیخوێندەوە و بیری لە جیهانی دەرەوە دەکردەوە.

ئەم بەیانییە وەک زۆر بەیانیی تر هەر بە دەنگی بانگدان خەبەری بووەوە.

دەیزانی خەوی لێ ناکەوێتەوە.

خەونێکی بینیبوو وەبیری نەدەهاتەوە.

کاتێک ئیتر لە کۆکردنەوەی ئەو تاڵە تارماییانەی خەونەکەی ماندوو بوو کە بە ئاستەم لە بیرەوەرگای مێشکیدا مابوونەوە، هاتەوە سەر ئەو بابەتەی هەمیشە بیووبستایە یان نا هەر بە شێوەیەک بیری لێ دەکردەوە. ئەویش پرسی ژن بوو.

ئافتاو بە شێوەیەک ڕاکشا بوو کە بێباکانە هەموو سەنگی جەستەیی خستبووە سەر دۆشەکەکەی. چاوەکانی هێشتا خەواڵوو و نوقاو. بیری دەکردەوە: چەند خۆش دەبوو ژنان هەموویان بیانتووانیایە ئاوا بێباکانە و بێپەروا قورسایی لەشی خۆیان لە سەر زەوی فڕێ بدەن و لە

کۆیلایەتیی جەستەی خۆیاندا بێنە دەرەوە. چ چێژێک دەتووانێت هێندەی فڕێدانی جەستە و ڕەهابوون لە قورسیی جەستە خۆش بێت؟

پاشان بیری لە ئەو وشانە دەکردەوە کە ئازاری ژنبوونیان بەرجەستە دەکرد و دەبوون بە ڕستەی مانابەخش. لە بەرخۆیەوە گوتی: ئەم ڕستانە دەبێت بگوترێن!

لە گەنجییەوە کە نەیدەزانی لە کوێی تەمەنیدا دەست پێ کردووە حەزی بە باسی سیاسەت و ژن بوو، بە باس لە سەر مافی ژن، مافی مرۆڤ، جیاوازییەکان و لێکچوونەکان لە نێوان مرۆڤەکاندا.

کاتێک لە پۆلی دووی ناوەندیی بوو، تەمەنی چواردە و پازدەسالان بوو، بۆ یەکەم جار ئەم باسەی کردەوە: "جیاوازییەکان و لێکچوونەکان لە نێوان مرۆڤەکاندا". مامۆستاکەی ژنێک بوو ناوی پەروین بوو، ژنێکی ڕێزدار و ئارام کە هەر وەک دایکێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکردن. مامۆستا پەروین سەرباسەکەی زۆر بە باش زانی و کاتێک کە چووە ناو قوولایی باسەکەوە ئافتاو تێبینیی کرد کە مامۆستا پەروین باسی جیاوازییەکان و لێکچوونەکانی لە نێوان پیاوەکاندا دەکرد.

ئافتاو ویستی باسەکە بە ئەو شێوەیە درێژە پێ بدات کە خۆی مەبەستی بوو، بەڵام مامۆستا پەروین هەر بە ئەو شێوەیەی خۆی درێژەی بە باسەکە دا.

ئیتر لە پاش ئەو ڕۆژەوە خولیای ئافتاو بۆ ئەو پرسانە بەرفراوانتر و قوونڵتر دەبووەوە.

بە لایەوە گرینگ بوو جەخت لە سەر وشەی "پیاو" و "ژن" بکات و لە سەر ئەو وشانە و ڕەهەندی وشەکان و پێوەندیی نێوانیان، لە سەر

زمان و چۆنیەتیی دەربڕینی ئەو وشانە، مانا کولتوریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئابووریییەکانیان تێ بگات.

ڕۆژان ڕۆیشت و لە ناو کۆمەڵگادا کەسێکی ناسراو بوو، یان لە بازنە سیاسیی و ڕووناکبیرییە تایبەتییەکەی شاری فەیزوڵادا ناسراو بوو. ناوی ئافتاو لەگەڵ وشەی "ژن" و "مافی ژن" دا دەهاتەوە. لە ئاستێکی شایانباسیشدا لە دەرەوەی شاری فەیزوڵا، لە شارە گەورەکانی تری وڵاتەکەی وەکو شاری نوورگا و نوورئاوا و بەخشندەئاوا دەناسرا و لە دەرەوەی وڵاتیش ناوی بیستراببووەوە و پێوەندیی هەبوو، بێگومان دەیبینی ئەو ناسراوییەی هەیەتی و ئەو ڕەنجەی دەیدات زیاتر ڕێی بەرەو هەوراز و نشێوی دەبات و لە سەر ئەو ئەو تووڵەڕێگایەدا ڕێبوارێکی تەنهایە.

ئەو پشتگیریەی هەیبوو لە مرۆڤی بە جەستە و ڕۆحدا کە بەرامبەری ڕابووەستن و لەگەڵیدا بن، نەدەبینی، بەڵکو لە ناو ژمارەیەک لە بوونەوەرانی سۆشیالمیدیادا دەیبینی کە تەنها وا دیاربوو مرۆڤێک لە پشتیانەوە بێت. پەیام و گوڵ و دڵەکانیان خەمیان نەدەڕەواندەوە و چەکەرەیان بە هیوای دڵی نەدەکرد. ئەوانەیش کە دژی بوون بەردەکانیان وەک ئەو بەردانەی ڕۆژی قوربان لە مەککە لە شەیتان دەگیرێن، بە سەر تەواوی هەبوونییدا دەباراند. لە ناو ئەو دونیای مەجازیەدا یاران و نەیارانی بەر یەک نەدەکەوتن و هەر یەکەی لە ناو حوجرەی پەیێنەبراوی خۆیدا بوو.

بەڵام ناپێوەست بە ئەو مرۆڤانەی جیهانی مەجازیی، بیر و هزری جۆرێک لە کرم بوون، بە ڕاستیی کرمێک بوون کە تا دەهات زیاتر ڕووەو قوواڵایی ئەندێشەی ڕۆدەچوون. لەگەڵ ئەو باس و بابەتەدا دووچاری وابەستەییەکی هزریی بوو.

گیرۆدەی بابەت و باسێک بوو، هەروەک ئەوە چیایانەی دەوروبەری کە لە ژێر لاپەڕە بێئەژماردەکانی مێژوودا تەپوتۆزاوپی و ڕەنگپەڕیو و قڵیشاو و دارزاو پەڕەی نوێ هەڵ دەدەنەوە، ڕوواوڕووی مەرگ و وردوخاشبوون دەیانبرد.

ڕوواوڕووی گۆڕستانی بێناوونیشان.

ئەو گۆڕستانەی ئەم ڕۆژانە دەیبینی.

ڕستەکان گوتران!

لە ڕاستییدا هەر ئەو ڕستانە نەبوون ئافتاو پێی وا بوو یان دەیزانی کە دەبێت بگوترێن، بەڵکو زۆر زیاتر بوون. ئەو بەیانییە هەر لە خۆیەوە و لە بەر خۆیەوە دەیگوت با ئەم جارە مایکریفۆنێک لە بەر دەمم دابنێن ئەوا ڕێک و ڕەوان، بێ هیچ دوودڵیی و سڵێک، دەیدەم بە گوێیاندا. با هەمووان ببیستن، با بزانن چی لە ناو زۆربەی ماڵەکاندایە، با بزانن لە زۆرینەی ماڵەکاندا چی دەگووزەرێت، با بزانن ڕۆژانە چۆن لە بەیانییەوە تا ئێوارە لە نێو ئەو ماڵانەدا لە ژێر لێوەوە دوعای شەڕ لە پیاوەکان دەکرێت.

کانیاوی سینگی تەق بوو. بەری وشەکانی پێ نەدەگیرا. دەم و سەرزاری بووبوون بە لێوی ئەو کانیاوە و وشەکان بە وردەشەپۆل لە بەهاری بیرکردنەوەدا سێڵاویان دروست دەکرد.

بە ناو ژووڕەکەیدا دەهات و دەچوو. هەموو ژیانی خوێندبوویەوە. خوێندنەوەی لە هەموو شتێک زیاتر پێ خۆش بوو. هاوکات هەموو ژیانی لە ناو ئەم ژووڕەدا کۆدەبووەوە. لە ناو چوارچێوەی ئەم ژووڕەدا.

ڕق لێی بێت یان خۆشی بووێت؟ ئەم قەفەسە دڵنیایە، ئەم قەفەسە بەئاساییشە، ئەم قەفەسەی هەم ماڵێک بوو هەم زیندان. لە ناو ئەم ژووڕەدا بێ لە کتێب هیچی تری نەبوو شایانی باس بێت. سووراو و سپیاو هەر پڕ بە مشتێک بوون. یەک دوو جووت گواڕە کە لە مێژ بوو دایکی بۆی کڕی بوو. نە ئەنگوستیلە و نە بازن و نە هیچ جۆرە خشڵێک. شتومەکی شەخسیی، بێ لە کتێبەکانی، لە جانتایەکدا کۆدەبووەوە و هەڵ دەگیران. تەنها چەند شتێک، ئەویش لە

سەرەتادا، بەر لافاوی گۆڕانکاریی دەکەوتن. ئەویش بەرگی پێخەفەکانی بوو.

لە سەرەتای کچێنیدا مانگی جارێک بەری پێخەفەکانی خۆیی دەگۆڕی.

بەری بەرگەسەرین و بەرگەلێفە و بەرگەدۆشەک و هەروەها سەردۆشەکەکەی. ڕەنگەکان ئاڵووالا بوون، کراوەبوون، دڵشاد بوون.

پاشان لەگەڵ تێپەڕبوونی ساڵاندا سێ مانگ جارێک و دوواتر شەش مانگ جارێک دەیگۆڕین.

وردەوردە گوێی بە ڕەنگەکان نەدەدا. ڕەنگە ئاڵووالاکان تاریکتر دادەهاتن، گوڵە وردە شادەکان گەورەتر و دوورتر و کەمتر شاد دەیاننووان.

ئەوە چەندین ساڵە هەر ساڵی جارێک بەرەکان دادەماڵێت و دەیانگۆڕێت. لەگەڵ شۆردنی ساڵانەی ناوەخنەکەیاندا دەیانگۆڕێت. هەر خاوێن بن!

هەر لە ئەوێشەوە گوێی بە هیچ جۆرە ڕەنگێک نەدەدا، مەگەر هەر ڕەنگانێک بن کە زۆر خراپ تێکەڵاو بن، ئەو جۆرە ڕەنگانەی ئیتر لە زەق زەقتر و لە دێز دێزترن. ڕەنگەکان با هەر ڕەنگ بن، ئیتر کامە ڕەنگن و چۆن تێکڵاو کراون با ئەوە بن. گوڵەکان با ئەوەندەی پێیان خۆشە گەورە بن، تەنانەت ئەگەر هەموو پانتایی لێفە و سەرچەف و سەردۆشەکەکەش بگرنەوە. یاخود هەر نەبن. گوڵ بۆ لە سەر پارچەی قوواشێک هەبێت؟ چ سوودێکی هەیە؟ چ کەڵکێک دەگەیەنێت؟ بە چ شێوەیەک کار لە سەر کوالیتی پارچەکە دەکات؟

دە ساڵ لە ئەمەوبەر بوو ئەو بڕیارەی دا کە ئیتر لە ئەوە بەدووا هەر ساڵی جارێک بەری پێخەفەکانی بگۆڕێت. ئەو ساڵە بوو کە تەمەنی بوو بە بیستوپێنج. ئەو ڕۆژەی دەبوو بە بیستوپێنج کتێبێکی کڕی بوو.

کتێبەکە ناوێکی سەرنجڕاکێشی هەبوو. لە ڕاستییدا لەبەر ناوەکەی کڕی:
"ئەو باڵندەیەی هێلکە ناکات".
ئەدی چۆن هەیە؟
ئەوە یەکەم پرسیاری ئافتاو بوو سەبارەت بە ناوی کتێبەکە.
کاتێک پارەکەی بە کتێبفرۆشەکە دەدا هەر پێکەنینی دەهات:
ئەدی ئەو باڵندەیە چۆن هەیە؟

لە بیستوپێنج ساڵی ژیانیدا ئەوەندە فێربووبوو کە مرۆڤ تاکە بوونەوەرێکە هەوڵی داوە سێکس لە کردیەکی غەریزەیی نەوەخستنەوە بکات بە کردەیەکی هەوەسیی و بە چێژلێوەرگرتن "یش". ئا، چێژلێوەرگرتنیش.

ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی تایبەتیی بوو. لەبەرئەوە نا کە ئەم دەبوو بە بیستوپێنج ساڵ، بەڵکو لەبەرئەوەی کاتێک کە بەیری ماڵەوەی هێنایەوە کە بە پێی کات و مێژوو، تەمەنی بووە بە بیستوپێنج، یەکسەر پیایدا هەڵشاخان. وشەکان لە چەندین دەمەوە دەهاتنە دەرەوە. هەر هەموویان یەک مانایان دەبەخشی. تەنیا لە بەرزیی و نزمیی لەرینەوەی دەنگەکاندا جیاوازییەک هەبوو. ئەو وشانەی وەک گوڵە ناجۆرەکانی سەر ئەم پارچەقووماشانە بوو کە ئێستا دەیانکڕێت. گەورە، خواروخێچ، بزرکاو و بێڕەنگ یان ڕەنگێکی نەناسراوەی تێکەڵ. هەروەک هەموویان پێشتر لەسەر ئەو وشانە ڕێککەوتبن پێکەوە ڕستەکانیان بۆ یەکتر تەواو دەکرد. جیاوازیی لە نێوان گەڕەلاوژە و

سەمفۆنیادا چییە؟ لە ژێر فشاری ئەو پرسیارەدا لە خۆی گوێی لە قسەکانی ئەوان بوو:

- تازە هەر ناتوانیت شوو بکەیت.
- دووای بیستوپێنج کێ شوو دەکات؟
- ئەگەر یەکێکیش مابێتەوە بە تەمای داواکردنت بوو بێت، ئیتر ئەویش لە ترسی وەڵامی نەخێرت نایەت بۆ داوات.
- جا خۆی شووی نەکرد، خەڵک بڵێن چی؟

فریا نەدەکەوت ڕستەکان لە خۆ بگرێت، چونکە وەک قاپ و کەوچک و دەوری و کورسی و تاکەپێڵاوی فڕێدراو بەر ڕووخسار و سەر و سینگ و جەستەی دەکەوتن. ئەگەرچی لە ئەوەبەریش هەمان ئەو وشانەیان تێگرتبوو بەڵام هەمیشە ئازاریان بە دڵی دەگەیاند. وشەکان تەنیا وشە بوون. لە وشە زیاتر نەبوون. دەنگ بوون، لەرینەوەی ژێیەکانی گەروو بوون کە بە هونەری پێشکەوتنی مرۆڤ دەبوون بە دەنگێکی ڕێکخراو و دەبوون بە وشەی زمانێک.

ئەو وشانە خۆیان لە مانایەکی تایبەتیی دەپێچا و دووایش پێش ئەوەی بێنە دەرەوە، هەروەک چۆن شیرینیەک لە خۆشاوێک هەڵدەکێشرێت، وشەکانیش ئاوا وەک دووا دەستپیداهێنان لە خۆشاوی مەبەست هەڵدەکێشران. ئەو وشانەی لە لەرینەوەی ژێیەکانی گەروو زیاتر نەبوون، بەڵام وەک تیر لە گۆشتی جەستەی هەڵ دەچەقین. گوللەئاسا جەستەیان دەسمی. هەندێکیان جەستەیان کوناودەر دەکرد و هەندێکیان هەڵی دەکۆڵی و هەندێکیان ڕاست لە ناو گۆشتی هەستی دەچەقین.

ئەو وشانەی دەبیستران بەڵام خۆ نەدەبینران، کەچی وەک تیشکی لەیزەر پەلوپۆیان لە یەک جیا دەکردەوە. گۆشتیان لە سەر ئێسک دادەماڵیی و ئێسکیان وەک تیغ دەبڕی.

ئەو ڕۆژە بووبوو بە بیستوپێنج و تێگەیشت کە ئیتر خوازیێنیکاری نایەت. بۆ خۆی کێشەیەکی نەبوو. خوازیێنیکاری نەدەویست.

بە ڕاستیی نەیدەویست.

هاوسەری نەدەویست و بیری لە هاوسەر و هاوسەرگیریی نەدەکردەوە.

بەڵام هەمیشە چواردەوری ئەو وشانە بوون. زەواج و زەواجکردن و مێرد و شوو و حەفلە و ئاهەنگ و دیاریی و پەیمان و پەشیمانوونەوە و یەکتر ئێشاندن و زوێربوون و شەڕ و ناخۆشیی و ئاشتبوونەوە و شکات و شکایەتکاریی و مەلا و تەڵاق و جیابوونەوە و کرێی مەلا و نەفەقەی تەڵاق و سوڵحی ڕێککەوتن و ناچاری دادگاچوون و گرتنی محامی و گلەیی و گازەندە لە محامی و لە دادگا و لە پۆلیسی بەر دادگاکان و ئیتر هەروەها.

ڕۆژ نەبوو لە ژێر بارانی ئەم وشانەدا نەکەوێتە خەیاڵەوە و لە خەیاڵەکانییدا لە خۆی و لە فلان و فلانی تر تووڕە نەبێت.

باسەکان کۆ نەدەکرانەوە.

مرۆڤەکان نەیاندەزانی چی دەڵێن و ئەگەر بیشیانزانیایە نەیاندەزانی چۆن بیڵێن. نەیاندەزانی چیان دەوێت و بۆچی دەیانەوێت. هەر لە خۆیانەوە داواکارییەکیان لە کەسی بەرامبەریان هەبوو. ئەوی بەرامبەریان بە نەخێر و بە سەر بادان وەڵامی دەدایەوە. ئیتر لە داخی

ئەو وەڵامە پێ لە سەر داواکارییەکە گیر دەکرا و سەدان سوێندی بە سەردا دەکرا کە هەر دەبێت بکرێت و ببێت و بشێت و ڕوو بدات. ئەوی بەرامبەریشی پێی لە زەوی گیر دەکرد و بە نەخێر و سەربادان و شانهەڵتەکاندن و پشتێکردن وەڵامی دەدایەوە.

ئەم لە باسەکاندا نەبوو. بەڵام ئەو باسانە هەمیشە دەبوون بە لێفەیەکی قورس و تێی دەئاڵان. لێفەیەکی وا قورس کە بە پێچەوانەی لێفەکەی دایکییەوە هەناسەی لە هەموو دایەلۆگێک دەبڕی.

لێفەکەی دایکی قورس بوو، بەڵام لێفەیەکی تەواو جیاواز بوو، لێفەی خنکاندنی دایەلۆگ نەبوو. لێفەیەک بوو دایکی بە دۆشەکّە بۆ خۆپی دروستی کردبوو، چونکە لە ژێر ئەو لێفەیەدا نەبووایە خەوی لێ نەدەکەوت. دایکی دەیگوت ئەو لێفەیە قورسییەکی هەیە وەکو دەست و مەچەکی دایکی خۆیەتی، لە شان و سینگ و ورگ و پەلوپۆی دەئاڵێت و لە سەر شوێنە هەستیارەکانی جەستەیدا وەکو پەنجە و لەپی دەست و باسک و باڵی دایکیەتیی. ئەو قورساییە، ئەو گرانییەی ئەو لێفە دۆشەکّەیە، گەرمییەکی تێدایە وەک گەرمیی ئەو خوێنەی لە دەست و باڵی دایکیدا دەهات و دەچوو.

ماوەیەک پاش ئەوەی نەنکی کۆچی دووایی کرد دایکی وردەوردە کەوتەوە ناو ژیانی ئاسایی، بەڵام تووشی نەخۆشی کەمخەوی یان بێخەوپی بوو. دایکی دەیگوت نزیکیەکم لێ ون بووە کە بێ ئەو هەڵ ناکەم. گەرمییەکم لە دەست داوە کە جەستەم بیری دەکات. کەس بڕووای پێ نەدەکرد و لە وشەکانی ماندوو بووبوون. بەڵام دەیانزانیی و دەیانبینی کە زۆر کەم دەخەوێت. تا ڕۆژێکیان بینیان خەریکی کۆکردنەوەی دۆشەکّە بچکۆلە قورسەکان بوو.

دۆشەکڵەکانی یەک یەک هەڵ دەگرتن و بە دەست و باڵ دەیکێشان و سەنگیانی لە مێشکیدا لێک دەدایەوە. هەروەک ئەوەی مریشکێکی زیندوو بکڕێت و بزانێت ئاخۆ بە مەزەنەی هەستی لە باڵ و ئەقڵیدا بەش دەکات یان نا.

یەک یەک بۆنی دەکردن و قەدەرێک بە نزیک لوتیەوە ڕایدەگرتن تا لە جۆری بۆنەکانیان دڵنیا بێت.

ئەو دۆشەکڵانەی مێژوویەکی شایانباس لە جلکوبەرگی هەموو خێزانەکە بوون. مۆزەخانەیەکی نەناسراو و ددانپیادانەنراوی ڕێزلێنەگیراو بوون. جلکوبەرگێک بوون کە ئیتر هیچ بایەخێکیان نەمابوو. ڕەنگیان پەڕی بوو. ڕەنگیان تا لێواری نەمان کاڵ بووبوونەوە و هیچ هێزێکی بەرگریان نەمابوو و هاکا لە پڕێکدا و لە شوێنێکدا کون دەبوون. هەموویان تا ئەو کاتەی دەست هێز و بەزەیی گوشینیانی هەبوو شۆردرابوون و وشک کرابوونەوە.

نەنکی و پاشان دایکی هەموو ئەو پارچانەیان هەڵ دەگرت و لە گوێنیەکدا کۆیان دەکردنەوە و لە پڕێکدا، هەر ڕۆژێکی ساڵ بووایە، دەریان دەهێنان و پێکەوە بە تەقەڵی بێباکانە و لە ئێرە و ئەوێ و ورد و درشت و پێچاوپێچ پێکەوەیان دەدووریین. لە پڕێکدا دەبوون بە شتێک کە پێیان دەگوترا دۆشەکڵە. دۆشەکڵە دەخرانە ژێر قن و هەندێک جاریش وەک پشتیی و هەندێک جار بۆ ژێر باڵیش بە کار دەهێنران. توند و تا ڕادەیەک سفتێکی ڕووەو ڕەق بوون.

ساڵەهایەک بوو باوی ئەم دۆشەکڵانە نەمابوو. دۆشەکی پیشەسازیی نوێ لە ئیسفنج پەیدا بووبوون، بەڵام دایکی هەر فڕێی نەدەدان و ئەم لا و ئەو لای پێ دەکرد.ن و دەیپاراستن.

تا ئەو ڕۆژە، ئاوا ساڵێک پاش مردنی نەنکی کە دایکی کەمخەوبی و بێخەوبی دەچێشت، هەروەک لە غەیبەوە پێیان گوتبێت، دایکی دەستی بە کۆکردنەوەی دۆشەکڵەکان کرد.

یەک یەک بە دەست دەیکێشان و بۆنی پێوە دەکردن و لێیان ورد دەبووەوە و سەیری ئاسمانی دەکرد و بیری دەکردەوە.

لە ماوەیەکی کەمدا هەموو دۆشەکڵەکانی لە چەند بەرگێکی ئەستوور گرت و لە نزیکەی پانتایی لێفەیەکی دووکەسییدا کۆی کردنەوە و کردنی بە لێفەیەکی قورس کە بە زەحمەت بە دوو کەس هەڵ دەگیرا. یان ڕاستتر هەر ئاوا بە سەر زەویەکەدا دەخشێنرا.

یەکەم شەو دایکی لە ژێریدا ڕاکشا هیچ کاریگەرییەکی لە سەر خەوتنی دانەنا، بەڵام دایکی هەر کۆڵی نەدا و لە ژێریدا ڕادەکشا. وردەوردە پاش چەند ڕۆژێک وەک منداڵێکی ساوای بە شیر تێربوو و سەرومل لە ناو سینگ و مەمکی دایکیدا، خەوێکی قوولی لێ دەکەوت.

ئەمیش هەروەکو دایکی کەمخەو و بێخەو بوو، بەڵام بیری بۆ هیچ جۆرە چارەسەرێک نەدەچوو. ئاوایش پێی ناڕەحەت نەبوو کە حەتمەن هەر دەبێت بە دوای چارەسەرێکدا بگەڕێت. خۆشبەختانە هێشتا دایکی زیندوو بوو. ئێستایش لە ئەم تەمەنەدا لە ژێر قورسایی دەست و مەچەک و باسک و باڵی دایکی و هەستی گەرمیی خوێنی لە سەر جەستەی باشتر خەوی لێ دەکەوت.

دایکی خۆش دەویست. زۆری خۆش دەویست. پێی خۆش بوو هەمیشە لە نزیکەوە ببینێت و لە بەردەمیدا بێت و بچێت.

بە زیندوویەتیی نەنکی خۆش دەویست و ئێستایش بیری دەکرد و دەیزانی دایکی لە ئەم زیاتر بیری دەکات.

ئەو بەیانییە ئەو ڕستەیەی لە بەر خۆیەوە دەگوتەوە کە لە مەلابانگدانەوە بیری لێ دەکردەوە و دایکیشی لە دوورەوە لێی دەڕووانیی و پێی وابوو کە ئیتر کچە جوانەکەی، ئەو کچە بە هەست و نەست و پڕ لە گەرمیی و گوڕیی و دەم بە زەردەخەنەیەی ڕۆژێک لە ڕۆژان جێی بەخیلیی و یار و نەیاران بوو ئێستا بەرەو جۆرێک شێتیی دەچێت و لە خەمی ئەوەدابوو ئاخۆ چارەنووسی بە کوێ دەگات.

ئەو جۆرە شێتییە، ئەو دۆخەی کە لەگەڵ هەڵسوکەوت و قسەوباسی عەوامدا نایەتەوە. دایکی مەبەستی ئەوە بوو. نەیدەزانی وا بڵێت، بەڵام ئەوە مەبەستەکەی بوو: ئەو قسەوباسانەی لەگەڵ عەوامدا نایەنەوە.
چارەنووسی کچێکی شوونەکردووی بێ مێرد کە لە ناو شاری فەیزوڵادا دەمی لێ کرابێتەوە و حەز لە ناوی نەکەن، چی دەبێت؟
ئافتاویش خەمی بۆ خەمخۆریی دایکی دەخوارد. چەند ڕۆق لە ئەو زنجیرە خەمە بوو کە خۆی و هەموو ژنانی دیکەی ئەم وڵاتە وەک ملوانکە لە ملیانی دەکەن. ئەو ملوانکە خەمەی گەر بیخەیتە سەر یەک بە سەدان کیلۆمەتر درێژ دەبێتەوە. شاری فەیزوڵا، شاری خەمەکان، شاری ملوانکەکانی خەم.
درێژیی ملوانکەخەمی دایکی کۆی بەرزیی باڵای سەدان بنەچەی بوو کە ئاسەواریان لە مێژوودا نەمابوو. ناو و ناونیشان و حەز و ئارەزوویان لە سەر لێوانیش سڕدرابوونەوە. هیچ ئاسەوارێکیان نەمابوو، ئێسکەکانیشیان تێکەڵ بە گڵ بووبوون و لە ناو دەمی ماروماڕوودا دەجووران و تەنها و تەنها لە ملوانکەخەمەکەی دایکیدا دەبینرانەوە.
ئەو بنەچانەی خۆیان لە ژێر باری ئازارەکاندا گرتبوو یان نەگرتبوو یان لە نیوەڕێگادا لە ژێریدا پسابوون. ژمارەیان بەئەژمارد بوو، وەلێ تووانای

هەڵگرتنی خەمیان، هەروەکو ڕووخسار و باڵا و جەستە و دەنگیان، جیاواز بوو.

دەیزانی دایکی بیر لە چی دەکاتەوە.

بێگومان دەیزانی.

ڕۆژێک دێت دایکی ئەمیش دەمرێت و ئەو ملوانکەخەمە بۆ ئەم بەجێ دەهێڵێت. ئەو میراتییە نەبینراوەی هەزاران ساڵە ژنانی ئەم خاکە پاش مردنی دایکیان لە ملی خۆیانی دەکەن. ئەو لەملکردنە لەملکردنێکی هێمایی نییە، چونکە هەست بە سەنگ و قورسایی ملوانکەکە دەکەن و بۆنی ئەو مێخەکەی دەکەن کە هەرگیز لێی نابێتەوە. ئەو بۆنەی کە ئێتر بۆنی کۆنیی و بۆنی بەسەرهات و بۆنی ئازار و گریانی هەڵگرتووە و کە لەگەڵ تەڕی فرمێسکدا بۆکەڕووی لێ دێت.

ڕۆژێک دێت ئەو میراتیەی دایکی لە مل دەکات و وەکو ژنانی تری چواردەوری دەست و پەنجەی پیادا دەهێنێت و کەس نایبینێت پەنجەی ناز و شانەیان لە سەر چییە، بەڵام هەموویان لە پەنجە و دەستی یەک دەڕووانن و دەیبینن و تەنانەت قورسی جۆری ئازارەکەیش هەست پێ دەکەن.

بە دەم ئەم بیرکردنەوەوە بۆ لای دایکی هات و کەمێک لە باوەشی خۆیی گرت. ئینجا بە هەردوو دەستی لە ژێر بنباڵی دایکیدا بە ئاستەم لە خۆیی دوور خستەوە و بە زەردەخەنەوە پێی گوت: کچی، دایە، خەمێ مەخۆ.

دایکی بە دەم پێکەنینێکی بە ئازارەوە وەڵامی دایەوە کە هەر ئەوە چارەنووسیەتیی، سەڵتیەتیی، کە ئیتر کەس نایهێنێت.

قسەیەکی نوێ نەبوو. لە دە ساڵ لە ئەوەبەرەوە ئەو قسەیەی بە بەردەوامیی بەر گوێ کەوتبوو.

ئێستا بە تەمەنی سیوپێنج ساڵی بە لەهجەی ئەم دەڤەرە قەیرەیەک بوو کەس ئاووڕی لێ نەدەدایەوە.

دایکی ئەوەی بە تەشەنە و توانج و جوێنەوە نەدەهاتە سەر زاری. هەر ئەوەبوو پێی وابوو ئەو ڕستەیە بە شێوەیەک خێرێکی پێ دەگەیەنێت یان بەشکم پێ بگەیەنێت.

پاش قاوەڵتی و جێبەجێکردنی هەندێک وردە کار، جانتاکەی شانی هەڵگرت و بەرەو دەرەوە ڕۆیشت. دایکی وەک هەموو جارێکی تر دەستەکانی لە ناو دەستی خۆیدا هێشتبووەوە و هێدی هێدی لێدەگەڕا لە ناو دەستی خۆیدا بخزێن و ئازاد بن و هاوکاتیش هەر لە کچەکەیی دەڕووانیی، ئەو کچەی کە هەرگیز دڵی دایکی خۆیی نەشکاندبوو. دڵی کەسی نەشکاندبوو. ئەوەی لە نزیکەوە بیناسیایە خۆشی دەویست و ڕێزی لێ دەگرت.

کاتێک بەرەو دەرگاکەی دەرەوە هەنگاوی دەنا دایکی لە دڵی خۆیدا دەیگوت "هەر باشە ئەو کارەی هەیە". فرمێسک کە ئیتر بچووک بوون و تەڕاییەکیان تێدا نەمابوو بەری چاوەکانی دایکی گرتبوو، بەڵام نەک هەر گەرم بوون بەڵکو داخ بوون. ماوەیەک بوو چەند دڵۆپێکی نەبینراو لە ئەو فرمێسکە داخانەی بۆ کچە جوانەکەی خۆی هەڵدەڕشت. ئەو کچەی کە لە هەموو ئەوانەی تری خۆشتر دەویست. دەیزانی ئافتاوی کچی دڵێکی میهرەبانی هەیە، دڵێک کە بۆ هەمووان دەسووتێت و بە دەگمەنیش بیر لە خۆی ناکاتەوە.

دایکی ڕوو لە ئاسمان، پرسیاری دەکرد: ئەم کچەی منت بۆ بە ئەم شێوەیە دروست کرد؟

ئافتاو کێلونی دەرگاکەی ڕاکێشا کە هەر لە ڕاکێشان و هێنانەوەی میلی تفەنگێکی کۆنی دەکرد. دەرگای حەوشەی کردەوە و ڕۆیشتە دەرەوە. ڕەنگی ئەم ساڵی دەرگاکەیان ڕەنگێکی شینی کاڵ بوو. ئەگەر وردە گوڵی زەردی پەڕەسپی لە سەر بووایە هەر بە ئەو کراسەی دەکرد کە یەکەم وێنەی خۆیی تیادا بینیی.

کوڕێکی نەبینراو و نەبیستراو

چەندین کیلۆمەتر دوور لە ماڵی ئافتاو ساڵەهایەک بوو گەڕەکەماڵ دروست بووبوون و ناوەندی شاریان ئابڵووقە دابوو. شارە کۆنەکەیان گرتبوو و لە دەستی خۆیاندا ئێخسیریان کردبوو. هەر یەکێک لە ئەو گەڕەکەماڵانە دێیەک بوو، یەکێک لە ئەو دێیانە بوو کە چواردەوری شاری فەیزوڵایان دابوو. خەڵکی گەڕەک هەموو خزم و کەسوکار بوون و لە دەردەسەرپی و ژیانمەرگیی دێیەکانیانەوە گواستبوویانەوە بۆ شار و لە دەوروبەری شاردا ئاوەدانییان دامەزراندبوو.

شاری فەیزوڵا لە ڕەنگی ناهاوئاهەنگی ئەو بەرگە دۆشەک و لێفانەی دەکرد کە ئیتر ئافتاو بێ ئەوەی تێبینیی لە سەریان هەبێت و بایەخیان پێ بدات لە بەر دۆشەک و لێفەکەی دەگرتن و وەک سەردۆشەک بەکاری دەبردن. ئەو ڕەنگانەی نەک پێکەوە نەدەگونجان و هەڵیان نەدەکرد، بەڵکو دەستیان لە گەرووی یەکتریش دەنا.

کوڕە نەبینراو و نەبیستراوەکە ناوی شێرە بوو. کوڕە لاوێک بوو و لە یەکێک لە ئەو گەڕەکانە دەژیا. گەنجێکی تازەپێگەیشتووی جوانکیلە بوو کە سەرنج و جووڵەی خۆی بە دەم پێکەنینێکی شیرینەوە دەڕەواندەوە.

شێرە، وەک زۆر مرۆڤی تری ئەم دەڤەرە کە لە سەر خاکەکە دەژیان و دەهاتن و دەچوون و نانیان دەخوارد و قسەیان دەکرد، بەرهەمی دونیای لە پیتکەدەرچوون و هەڵتۆقینی نەریتیی نەبوو، بەڵکو

سەرئەنجامی چاوەڕوانیی و داوا و تکا بوو بۆ هەبوونی کوڕێک کاتێک کە ئیتر لە کچ بێزار بوون.

شێرە هاتبووە سەر دونیای فانیی و دەژیا، بەڵام هەرگیز هەستی بە ژیان نەدەکرد. هەرگیز هەستی بە سەنگ و قورسایی جەستەی خۆی نەدەکرد. بە گشتییش پێی وابوو کە خەڵکی چواردەوری نایبینن. هەندێک جار خەڵکی پیادەڕۆی ڕێبوار وا شانیان لێ دەدا کە لە پێداگرتنی خۆی سەبارەت بە ئەوەی نەبینراوە دڵنیا دەبوو.

لە خۆیی دەپرسی و پرسیارەکان لە خۆی ناڕەحەتیان دەکرد.

ئایا ئەگەر هەیە، ئەگەر بە جەستەیەک هەیە و بۆشاییەک لە سەر زەمین پڕ دەکاتەوە بۆچی ئەو هەموو شانانەی لێ دەدرێت؟ ئایا بۆچی نابینرێت؟ ئایا بۆچی کەس سڵاوێکی لێ ناکات؟

ئایا بۆچی تا بە تەواوی دەنگی هەڵنەبڕێت و چاو لە چاویان نەبڕێت وەڵامی سەلامی نادرێتەوە؟

شێرە هەستی ونبوونیی دەچێشت. ئازاری ونبوونیی دەچێشت.

هەمیشە پێی وابوو شتێکی لێ ون بووە. هەندێک جار پێی وابوو تەنیا بە ڕۆح هەیە و لە جەستەیەکدا نییە. لەبەرئەوە کاتێک بە تەنیا دەبوو زۆر جار دەستە ناسکەکانی خۆیی بە سەر جەستەیدا دەهێنا تا دڵنیا بێت کە جەستەیەکی هەیە و کە لە ئەوێدا لە ئەو شوێنەی خۆی ڕاوەستاوە هەیە. نوقورچی لە خۆی دەگرت، لە ناسکترین شوێنی ڕانی خۆی، لە ڕوومەت و لاکەلەکەی. پەنجە باریکەکانی دەخستە سەر کونەلوتەکانی خۆی و هەستی دەکرد کە هەناسە دەدات. کونەکانی لوتی خۆی دەگرت و پاش کەمێک هەناسەی لێ دەبڕا.

بەڵێ، دەڕی.

ئەدی بۆچی هەمیشە نارەحەتە؟ بۆچی هەست بە ژیان ناکات؟ بۆچی لە هەموو شتێک تووڕەیە؟ بۆ بە هیچ ڕازی نییە؟ بۆ کەس لێی ڕازی نییە؟

دەیان جار وڕکی ماتۆڕی گرتبوو بەڵام باوکی بۆی نەدەکڕی. شێرە پێی وابوو ماتۆڕێک ژیانی دەگۆڕێت.

ماتۆڕێک لە بەر دیدی خەڵکی بینراوی دەکات و خەڵک گوێیان لە هارەوگوڕەی ماتۆڕەکە دەبێت و ئەم بە مۆتۆڕسوارێی دەبینن. نەخێر، کەس گوێی بە داواکەی نەدەدا.

چەند جارێکیش باسی ژنهێنانی کردبوو، بەڵام هەر گاڵتەیان بە ئەقڵی دەکرد و پێیان دەگوت ئەو هێشتا دوو دیناری پەیدا نەکردووە. دەیاندایەوە بە چاویدا کە پۆڵی دەیشی تەواو نەکردووە.

ڕاستیەکەی شێرە نەیدەزانی بۆ باسی ژن هێنان دەکات، چونکە هیچی لێ نەدەزانی، بەڵام بیستبووی کە فلانە کوڕ مانی بۆ ژنهێنان گرتووە و پاش هێنانوبردنی زۆر لە جیاتی ئەوە ماتۆڕێکیان بۆ کڕیوە یان وازیان لێ هێناوە شەوگەڕێی بکات. خۆ ئەگەر بیانووی خاریجی گرتبێت ئەوا ژنێکیان بۆ هێناوە.

کڕینی ماتۆڕێک یان ژنهێنان ئەو واتایەی دەبەخشی کە ئەم هەیە و کە پێداویستیی هەیە و کە دەبینرێت. سەرەڕای ئەوەی شێرە زۆر لە سەر ئەو داوایە پێی دانەدەگرت ئەمان هەر گاڵتەیان پێ دەکرد کە هەموو کارێکی بووە بە ئەوەی دابنیشێت و بە ئەو کۆمپیوتەرەی بە هەزار شەڕەشەق بۆیان کڕی بوو دەنگی باڵندە و ئاژەڵ و با و بۆران تێکەڵ بکات یان میاومیاوێنی پشیلەیەک یان وەڕینی سەگێک خاو

بکاتەوە، تیژ یان خێرا بکات و پێیان بکەنێت. پێیان دەگوت شێرە بووە بە کۆیلەی کۆمپیوتەر و منداڵکاریی دەکات. بە گاڵتەجارییەوە پێیان دەگوت دەبێت بە موهەندیسی دەنگ و ئینجا بە قاقای پێکەنینی خۆیان ڕاویان دەنا. تەنها دایکی دیفاعی لێ دەکرد.

بەڵام لە ئەو دەمەوە کە هات و چووی مزگەوتی دەکرد باری ڕۆحیی کەمێک باشتر بووبوو. ئەهلی مزگەوت لێی ڕازی بوون. لە سەرەتادا هەر بە سەر وەڵامی سڵاویان دەدایەوە و جاروباریش هەر بە سەر سڵاوێکیان لێ دەکرد. لە مزگەوتدا هەستی بە پێکەوەبوونێک دەکرد.

بەتایبەتیی کاتێک لە ڕیزی نوێژدا دەوەستا دەیبینی کە لە ئەملاوئەولایەوە کەسانێکی تر ڕادەوەستان و کەمێک جێی خۆیان خۆش دەکرد. بە پێی پێویست پێ و لاقی خۆیان دوور دەخستەوە، کەسی پێشەوەی ئاوورێکی دەدایەوە تا لە بەینی پێویست لە ڕیزەکەدا دڵنیبا بێت یان ئەوەی دوواوەی شتێک دەچووە دوواوە.

ئەم وردە جوڵانە لە چواردەوری، ئەم بەین دیاریکردنانە بۆ ئەم گەورەترین مانای هەبوو. ئەو مانایەی هەبوو کە ئەم جەستەیەکی هەیە، قەبارەیەکی هەیە و بۆشاییەک داگیر دەکات. کەواتە هەیە، کەواتە دەژی.

لە مزگەوتدا لە ڕیزی نوێژدا هەستی دەکرد هەیە و دەژی.

شێرە هەستی بە بینراویی و بە بوونی جەستەیی دەکرد.

ئیتر لە خۆشیاندا کاتێک لە سەر کۆمپیوتەرەکەی دادەنیشت وردەوردە لە ئەو پشیلە و سەگ و ئاژەڵانە دوور دەکەوتەوە کە کلک و گوێی زیادەی بۆ دروست دەکردن و دەنگیانی.دەگۆڕی

لە جیاتی ئەوانە ئایەتێکی دادەنا، دەستکاریی دەنگەکانی دەکرد و بە شێوەیەک دەیگۆڕین کە لای خۆی خۆش بوو. گوڵێک و موزیکێکی دەکرد بە پاشینەیان و زۆر دڵی خۆش دەبوو کە لایک دەکرا و دەستخۆشیی لێ دەکرا.

ئێستا هەر ئەوە نەبوو بە جەستە و بە دەنگ دەبینرا و دەبیسترا، بەڵکو ئەوەش هاتبووە سەری کە لە پشت هەزارەها دیواری ئەو خانووانەوە کە لە چواردەوریان بوو، لە دووری سەدان کیلۆمەتر یان زیاتریشەوە، لە شەوەزەنگ و کاتی زۆر ناوەختدا دەبینرا و دەبیسترا.

بەڵێ هەیە، چۆن نییە؟

پەنجە ناسکەکانی خۆیی بە سەر ڕوومەت و لامل و سەر سینگ و باسک و ڕانی خۆیدا دەهێنا و لەسەرخۆ پێستەکەی هەڵدەگووشی یان دەگرت و هەستی بە هەبوونێکی بەرجەستە دەکرد. ئەو هەستە زۆر لە ئەو هەستە هەوەسییەی دڵخۆشتری دەکرد کە بەرەو پیاوبوونچوونی دەسەلماند.

ئەگەر نەبێت، ئەگەر بە جەستە نەبێت، ئەگەر جەستە و تەنی نەبینرێت، هەوەسی پیاوبوون چییە؟

ئەو ڕۆژە کاتێک کە سەرگەرمیی ئەو جۆرە کارانە بوو و لە ناو دونیای کۆمپیوتەرەکەیدا کە وەکو لەپی دەستی پێی ئاشنابوو لە ئەم شوێنەوە بۆ شوێنێکی تر دەچوو و لە پڕێکدا سەرنجی لە سەر دەنگێک گیرسایەوە. دەنگی ژنێک بوو. دەنگێکی نەرم، دەنگێکی بە ئاستەم قوول و چڕ، دەنگێکی بەخۆباوەڕ، دەنگێکی گەرم و جیدیی.

ژنێک بوو. ژنێک بوو دەدوا.

ژنێک بوو بۆ ڕاگەیاندنەکانی وڵات دەدوا.

ژنەکە باسی نەهامەتیەکانی ژنانی وڵاتەکەی دەکرد. ئەو ناخۆشیانەی تەنها بە سەر ژناندا دێن و کە ئاسایی نیین، چونکە پیاوان تووشی هەمان کێشە نەبوون و نابن، ژنان ئەو کێشانەیان هەیە لەبەرئەوەی ژنن.

ئەو ژنەی ئێستا ئەم گوێی بۆ ڕادێرابوو داوای مافی یەکسانیی و بەرابەریی بۆ ژنان دەکرد.

ڕۆژنامەوانێکیان لێی پرسی:

- تۆ چەند جار شووت کردووە؟

ژنەکە بە نەرمیی وەڵامی دایەوە:

- چەند جار؟ بۆچی لە ئەم وڵاتەدا شووکردن هەر ئاوا ئاسانە؟ نا، من شووم نەکردووە.
- ئەها بۆیە ڕقت لە پیاوە.

یەکێکی تر کە هەر ڕۆژنامەوان بوو لێی پرسی:

- چۆن ڕقت لە پیاو نییە کە تا ئێستا کەس نەیهێناویت؟ حەتمەن ڕقت لێیانە، بە دەنگتدا دیارە. بۆچی قەیرە هەیە پیاوی خۆش بووێت؟

ژنەکە دەیویست وەڵام بداتەوە بەڵام ڕۆژنامەوان و هەواڵنێرەکان ڕێگایان پێ نەدەدا.

- باشە ئەگەر چوار پیاوت هەبووایە، وەک ئێستا بە گەڵێ دەبووویت؟ یان بە شانازییەوە ڕادەوەستایت و دەتگوت چوار پیاوت هەیە؟ هەواڵنێرێکی تر لێی پرسی هاوکات کە بە تووڕەییەوە چوار پەنجەی دەستی کردبوو بە ژمارە و نیشانی کامێراکەی دەدا.

دەنگی ژنە پرسیارلێکراوەکە لە پشت دەنگەکانی تردەوە بە کزیی دەهات کە بە گوێ نەدەگەیشت.
ڕۆژنامەوانێکی ژن بە پێکەنینەوە کە دیار بوو بە تەوس و گاڵتەجاڕییەوە پرسیاری لێ دەکات، لێی پرسی:

- ئەگەر ژنانی ئەم کۆمەڵگایە ئاوا وەک تۆ باسی دەکەیت ناڕەحەتن، ئەی بۆ خۆپیشاندان ناکەن، بۆ ماڵەکان بەجێناهێڵن؟

ژنەی پرسیارلێکراو بێدەنگ بوو. دیار بوو بیری دەکردەوە. ئەو پرسیارە ناڕەحەتی کرد.
لە پێش سپیدەوە کە خەبەری بووبووەوە و بیری لە دۆخی ناهەمواری ژنان دەکردەوە هەر لە بەر خۆیەوە دووپاتی دەکردەوە و دەیگوت "ئەم ڕستانە دەبێت بگوترێن!".

ئێستا لە ژێر فشاری هەموو ئەو پرسیارانەدا کە ڕۆژنامەوانەکان لێیان دەکرد دەیویست ئەو ڕستانە بڵێت کە ئەم دوو سێ ڕۆژە پانتایی خەیاڵیان داگیر کردبوو.

ئەو ڕستانەی لە سەرئەنجامی هاوارهاوار و قریشکە و شەڕەدەمی ڕۆژانەی دەرودەراوسێ و خزم و کەسوکار و ئەوانەی تر لە ژنان و پیاوان، ئەم پێی گەیشتبوو. ئەو ڕستانەی ڕۆژانە لە خزم و کەسوکاری دەبیستنەوە کاتێک کە ئیتر کێشە ناوخۆییە خێزانیەکانیان بە سەریدا دەڕژا و نهێنییەک نە دەما بیپارێزن. ئەو ڕستانەی ژنە هاوپیشەکانی بە چرپەچرپ باسیان دەکرد یان تەنانەت لە ناو ئوتوبوسێکیشدا گوێی لە ژنان دەبوو وەک بنێشتێکی خۆش دەیان جوویی و دەیان جووییەوە.

- بۆ خۆپیشاندان ناکەن؟ بۆ ناڕەزایی دەرنابڕن؟ دەتوانم وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە. ئەمانە پرسیاری ئاسانن، بەڵام ئایا ئێوە کات بە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەن؟ ....

ژنە هەواڵنێرێک بە دەم جوویینی بنێشتەوە قسەکەی پێ بڕی:

- دەی با ئەوە بۆ کاتی خۆی هەڵ بگرین، ئێستا دەتەوێت چیمان پێ بڵێیت؟

ئافتاو لە ئەو جۆرە دیدارانە ماندوو بووبوو کە هەواڵنێر و ڕۆژنامەوانی حیزبی و سەر بە لایەنێک دەبن بە تاژی و تەنانەت دەبن بە کەمتیار و هەر دەقوولێنن و ئامانجیان سوود گەیاندن بە کۆمەڵگا نییە، بەڵکو ئامانجیان سەرلێتێکدان و چەواشەکردنی ڕای گشتییە.
ئافتاو ئەمانەی دەزانی، بەڵام هەر خۆی خستە داوەکەوە. دەیزانی ئەوە ڕاوکەیە بۆیان ناوەتەوە، بەڵام هەر دەندووکی لێ گرت، دەیزانی نابێت بقاسپێنێت، بەڵام قاسپە بۆ ئەم لە قاودانی ڕاوچییەکان بوو.
دەیزانی هەموو کار و ئومێدێکی تاژییەکانی دەسەڵات ئەوەیە کە لە قەپاڵێکدا نێچیرێک دەهێننەوە و تا بەر پێی خاوەنەکەیان دەیگەینن و بە کلکەسووتێ لە بەردەم خاوەنەکانیاندا لە ناوەڕاستی هەناسەبڕکێی ڕەنجداندا سەما دەکەن و چاوەڕوانی پاداشتێکن تەنانەت ئەگەر شەقێک و لێتووڕەبوونێکیش بێت. ئیتر دووا:

- "ئەگەر هەر ئێستا ڕابگەیەنرێت کە ئازادیی بەرقەرارە و ژنان ئازادن و بۆیان هەیە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن، ئەوا زۆر نابن ئەو ژنانەی دڵخوازانە لە ناو ماڵەکانیاندا دەمێننەوە".

دەنگی ڕۆژنامەوان و هەواڵنێرەکان بە سەر دەنگی ئافتاودا زاڵ بوون. دەنگەکان تووڕە بوون، چاوەڕێی وەڵامێکی وایان نەدەکرد.

- مەبەستت چییە؟ مەبەستت ئەوەیە دەچوون بۆ بەرەڵایی؟ یەکێک دەیگوت.
- یانی ئێستا ژنانی ئەم خەڵکە لە ژیانی خۆیان رازی نیین؟ یەکێکی تر لێی دەپرسی.
- بە چ مافێک قسەی وا دەکەیت؟ چۆن ڕێگا بە خۆت دەدەیت قسە بە دەم ژنانی دیکەوە بکەیت؟ یەکێک لە دوواوە دەنگی لێ بەرز دەکردەوە.
- ئەی لە ماڵەوە نامێنن، بۆ کوێ دەچن؟ دەنگی کچە ڕۆژنامەوانێک لێی دەپرسی کە دیاربوو لێوی خۆڕی کۆکردبووەوە و هێنابووینە پێشەوە بۆ ئەوەی دەنگی ناسک بێت.

هەموویان بە شاڵاوی پرسیار دەنگی ئافتاویان کپ کرد.
ئەوە یەکەم جار بوو شێرە بکەوێتە ناو دۆخێکی ئاواوە.

لە چواردەوری خۆی بە دەیان جار لە پیاوانی بیستبوو کە ژنانی شار بە هیچ شتێک ڕازی نیین.

لە ئەم دەڤەرەی ئەماندا هێشتا مانگا و مەڕومااڵت هەبوون و دەدۆشران و ماست هەوێن دەکرا و دۆ دەژەنرا.

ژنەکانی ئەو دەڤەرەی شێرە گلەییان زیاتر دەکرد، شکات و شکاتکارییان زۆر زیاتر لە ژنانی ناوەندی شار بوو، بەاڵم ئیتر وردەوردە داواکارییەکانیان بەرجەستەتر و ڕوونتر دەخستە بەر دەست، بەاڵم پیاوەکان یان گوێیان لێ نەبوو یان هەر نەیاندەبیستن یاخود ژنەکان

بە شێوەیەک گازەندە و گلەییان دەکرد و لە بارەگای خودا شکایەتیان دەکرد کە لە حەمدوسەننا دەچوو. خۆ ئەگەر باسەکەیان زۆر قوڵ ببووایەتەوە پیاوەکان یان ژنێکی تریان دەهێنا یان بە هەڕەشەی هێنانی ژنێکی تر سەری ئەو مەنجەڵە بە کوڵ هاتووەیان دەنایەوە.

شێرە ناخودئاگا لە کاردانەوەی بیستنی ئەو پرسیارەدا دەستی نابوو بە دوگمەی تۆماردا و کە وردبووەوە ئەو وەڵامەی تۆمار کردبوو:

"ئەگەر هەر ئێستا ڕابگەیەنرێت کە ئازادیی بەرقەرارە و ژنان ئازادن و بۆیان هەیە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن، ئەوا زۆر نابن ئەو ژنانەی دڵخوازانە لە ناو ماڵەکانیاندا دەمێننەوە ...".

لە گەرمەی ئەم باسەدا کە تا قوڵایی جەستەیی دەسمی، شێرە گەرم داهاتبوو. وەڵامی ئەو ژنە خستیە ناو بیرکردنەوە لە دایکی خۆی. دایکی زۆر جەوانتر و جوانتر و بە دەستوبردتر و چالاکتر بوو لە باوکی. دەموزمانی شیرین بوو.

تەنانەت میوانە خزم و کەسوکارەکان زیاتر ڕوویان لە دایکی دەکرد وەک لە باوکی. دەیبینی دایکی چەند ماندوو دەبێت و چەند ڕەنج دەکێشێت، دەیبینی بە دەیان کار ئەنجام دەدات و پێش هەر کەسێک لە خەو هەڵدەستێت و دووای هەموو کەسێک دەخەوت. دەیبینی کە زۆر جار ڕووی دەکردە ئاسمان و دەمی دەجووڵا. دەیبینی کە بە ئاشکرا و بە دەنگی بەرز لەگەڵ ئاسمان نادوێت، بەڵکو بە گوێی ئاسماندا دەچرپێنێت.

لە پڕێکدا ترس شێرەی داپۆشی. باوکی نانپەیداکەری ماڵ بوو، باوکی سەرچاوەی بژێوی بوو. بەڵام باوکی هێمای شەرەفی خێزانەکەیش بوو. باوکیان بوو. ئەگەر دایکی بە جێیان بهێڵێت چی ڕوو دەدات؟

هەر بە ڕاستیی، ئەگەر دایکی بە جێیان بهێڵێت چی ڕوو دەدات؟

ئەم پرسیارە ڕایتەکاند.

ڕاستە شێرە لە گەڕەکەدێیەک دەژیا و گەورەبووبوو کە هەرگیز تێکەڵ بە شار نەدەبوو، هەروەک دوورگەیەک بوو لە ناو دەریایەکدا، بەڵام خەڵکی وڵاتەکەی گەورەوبچووک و ژن و پیاو هەموو عاشق بە دونیای ئینتەرنێت بوون و ئینتەرنێتیان تا ڕادەی پەرستن دەپەرست. هەر هەموویان پەیجی فەیسبووک و تویتەر و ئینستا و ئێکس و هەموو ئەوانەی تریان هەبوو. هەر هەموویان بە خەڵک و حکومەت و دەسەڵاتی پشتپەردەوە هەم بە ناوی خۆیان و هەم بە ناوی خوزراوەوە هەریەکە و چەندین پەیجیان هەبوو. هەر یەکەیان، لە هەرە نەخوێندەواریانەوە تا پرۆفیسۆرەکەیان، خودایەکی سورف بوو و لە هەڵدانەوە و ڕاگوزەری ناو ئینتەرنێت حەزیان نەدەشکا.

لە ڕێگای ئەو پەیجانەوە هەموویان، خزم و کەسوکار و ناحەزبەیەکان، بە ناوی خوازراو و نیوەخوازراوەوە هێرشیان بۆ سەر یەک دەکرد و قسەیان بۆ یەکتر هەڵ دەبەست و جوێنیان بە یەک دەدا. بەڵام هەروەها کردبوویان بە دووکان و بازاڕ و شتی خۆیان و ناوماڵ و هاوردەی دەوڵەتانی دەراوسێیان تیادا دەفرۆشتەوە. دەوڵەتەکانی دەراوسێ بەرهەمەکانی خۆیانیان بۆ دەخستنە ناو پاکەتی مارکەی بەناوبانگەوە و ئەمانیش بە سوێندخواردن بە ناوی بەرهەمی بەریتانیی و ئەڵمانیی و ئەمەریکیی بە یەکتریان دەیانفرۆشتەوە. سوێندیان بە ئەڵڵا و بە خودای گەورە و بە شەرەف و کەرامەتی خۆیان دەخوارد کە هەمووی ڕاستەقینەیە و خودا لە ئەو سەرەوە ئاگاداڕە.

هەموویان دەیانزانی درۆ لەگەڵ یەکدا دەکەن و لە ژێر لێو و لە ناو دڵی خۆیاندا یەکتریان ڕووڕەش دەکرد.

شێرە هاوواڵاتیەکی عەرشی پەروەردگار بوو. ئاسایی بوو بە بچووکترین کۆڵانی تەنگەبەری گەردوونی ئینتەرنێت شارەزا بێت.

ڕووبەڕووی کۆپیوتەرەکەی واقی وڕمابوو و سام دایگرتبوو. تا بە ناو کۆڵانە هەزاربەهەزارەکانی دونیای ئینتەرنێت و سۆشیالمیدیادا زیاتر تەی دەکرد پرسیارەکانی زۆرتر بوون:

ئەگەر دایکی بەجێیان بهێڵێت، چی ڕوو دەدات؟ باوکی چی بکات؟ ئەی خۆیان چی بکەن؟ کێ خۆراک لێ بنێت و جلوبەرگیان بۆ بشووات و ماڵەکەیان بۆ پاک بکاتەوە؟ کێ میوان بەڕێ بکات؟ کێ ئاگای لە هەموو وردەکارییەکانی ناو ماڵ بێت؟

دایکی گومەز و منارەی شەرەفی ماڵەکە بوو.

ئەگەر دایکی بەجێیان بهێڵێت خودا دەزانێت خەڵک چی لە سەر خوشکەکانیشی دەڵێن. خوشکەکانی کە هەموو شوویان کردبوو. ئەو کاتە زاواکانی چی دەکەن؟ بێگومان خوشەکانی تەڵاق دەدەن. ئەو هەموو ژنە چی لێ بکات؟ کێ هەشت دانە ژن بە خۆیان و منداڵیانەوە بەخێو بکات؟

شێرە تا ئەم چرکەیەش هەر بیری لە خۆی دەکردەوە، لە پڕێکدا بیری لە باوکی کردەوە. هەموو باوکێک کۆڵەکەی شەرەفی خێزان بوو. هەموو پیاوێک زامنی پاراستنی شەرەفی هەموو خێزانەکە بوو.

لە خێراییەکی چاوەڕوواننەکراودا پرسیارەکە هێندەی تر پشتی بە دیواری گومان و دوودڵیی و ترسەوە نووساند و دەستی لە بینەقاقای گیر کرد:

شێرە هەناسەی سوار بووبوو.

شەرەفی شێرە و باوکی و هەموو خوشکەکانی بە ئەستووریی یەک دانە موو لە تێکشکاندن و شکاندنەوە دوور بوو. دایکی دەیتووانی ئەو تاڵەموو بپسێنێت. دایکی لە شاشەی کۆمپیوتەرەکەیدا یاری بە تاڵەموو کە دەکرد و بە زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕییەوە لێی دەڕوانیی.

باشە، ئەگەر دایکی بە جێیان بهێڵێت چی دەکات و بە تەمای چی دەبێت؟ خۆ حەیا و ناموسیان دەچێت؟ دەبن بە پەندی خزم وکەسوکار و ئاواییەکەی خۆیان و شارەکە و تەنانەت وڵاتەکەیش.

شێرە خۆی ڕێبواری سەردەمی ناو شادەمارەکانی دونیای ئینتەرنێت بوو، دەیزانی بە چ خێراییەک هەواڵێک بڵاو دەبێتەوە.

شێرە بە قووڵیی بیری بۆ لای شەرەف و ناموسی دایکی و خوشکەکانی ڕۆیشتبوو. لە سەر شەقامی بازارە زیندووەکانی ناو دونیای سۆشیالمیدیادا لە ئێرە و لە ئەوێ ژنانی دەبینی سینگ و گەردنیان دیار بوون، هەندێکیان. نیوەی مەمکیان دیار بوو، لە ژێرەوە شۆرتەکانیان دیار بوو. سمتیان بە ڕاست و چەپدا بادەدا و سینگومەمکیان هەڵ دەتەکاند. بە ئاشکرا بنێشتیان دەجووڵی و بە دەست و لاق و سمت لەگەل یەک دەدووان و دەهاتن و دەچوون. جلکوبەرگیان بە ئاستەم داپۆشیبوون و هەر یەکە و ڕەنگ و مۆدێلێکیان پۆشی بوو. زۆرێکیان پیاویان هەر لەگەڵدا نەبوو، هەر ژنان بوون.

ئەمە ئازادیی بوو.
ئایا ئازادیی ئەمەیە؟

بە نیگەرانیی و تووڕەییەوە لە خۆی پرسی "ئەو دەڵەقۆڕە بێنرخە کێ بوو داوای ئازادیی بۆ ژنانی ئەم وڵاتە دەکات؟".

لە سەر شەقامەکانی دونیای ئینتەرنێتدا دایکی خۆی لە باوەشی پیاوی تردا دەبینی. دایکی لە جلکوبەرگی ئەوروپیانەدا، بە جانتای دەستیی و پێڵاوی پاژنەبڵند و دەمی پڕ بنێشتەوە، بە ڕۆینی نەرمەتەکان و پێچاوپێچی سەمائامێزەوە بە دەم پیاوەکانەوە پێدەکەنی. دایکی بە سینگی چەماوەوە ڕاوەستابوو ڕووی لە پیاوێک بوو، بەڵام دەستی خستبووە ناو دەستی یەکێکی تریانەوە و هاوکاتیش بە سەربزووادنی ڕاست و چەپ چاوچاوێنی لەگەڵ هەموو پیاوەکانی سەر جادەکە دەکرد. شێرە یەکێک لە پیاوەکانی دەناسییەوە. ئەو پیاوە بوو کە ئەم زۆر ڕقی لێی بوو. ئەو پیاوە دووکانداری دەراوسێیان کە هەمیشە لە ئەوە دەچوو بە دزی بزانێت، چونکە هەر کاتێک شێرە بۆ شت کڕینێک بچووایەتە ناو دووکانەکەیەوە چاوی لە دەستی شێرە هەڵ نەدەبڕی و پێی وابوو دزی لێ دەکات. ئێستا دایکی لە ناو ئاپۆرەی پیاوەکاندا وەکو سەما بکات دەهات و دەچوو و تۆزقاڵێکی مابوو سمتی بخاتە ناوگەڵی کابرای دووکاندارەوە و ئێستا نا ئێستا دەیکرد. ڕووبەڕووی پیاوەکان بە دەم بنێشتجووینەوە بڵقی بنێشتی لە سەر دەم و لێوی خۆی دروست دەکرد و بە زمانی دەیتەقاندنەوە. بڵقی پەمەیی گەورەگەورە.
شێرە، هەناسەبڕکێی پێکەوت.

وەک بۆ شتێک بگەڕێت کە لە مستییدا هەڵیبگرێت دەستی بە سەر مێزەکەدا دەگێڕا. لە پڕێکدا ڕاپەڕی.

بە هەڵەداوان ژووورەکەی جێهێشت و بەرەو ژووورەکانی تر هەنگاوی نا.

"بە خوا دەیکوژم، سوێند بە خوا گیان، بە ئەڵڵا دەیکوژم".

هەر ئەوەندەی لە سەردا بوو کە پێش هەر شتێک دایکی لە ناو باوەشی بازنەی پیاوەکان بهێنێتە دەرەوە و ڕزگاری بکات. ئینجا بیکوژێت. بیکوژێت پێش ئەوەی باوکی بەجێبهێڵێت و بیانکات بە سینەمای خزم و کەسوکار. پێش ئەوەی بیانکات بە باسی شاری فەیزوڵا.

بیکوژێت پێش ئەوەی ناوی دایکی و خێزانەکەی لە کوچە تەسک و تروسکەکانی گەردوونی ئینتەرنێتدا بێن و بچن و خەڵکی بێڕەووشت بیانبینن و پێیان پێبکەنن.

ئەمیش لە ئەو شتانەی دەڕوانی، بەڵام پێی وابوو ئەم وەکو خەڵکی تر بێڕەووشت نییە. هەموو ئەوانەی تر بێڕەووشت بوون و دەیانتووانی بە ئەو پەڕی بێویژدانییەوە ژنان بە کار بهێنن. ژنەکان گەوج و نەفام بوون و بە ئاسانترین شێوە فریو دەدران. هەر لە خۆڕا نیوەی زیاتری ئەهلی دۆزەخ نەبوون.

نا، نا، بێگومان ئەم بێڕەووشت نەبوو. ئەم ڕەووشتی بەرز بوو، لە خودا دەترسا و هەموو فەرزێکی دینەکەی جێبەجێ دەکرد. ئەم هەر بۆ خۆشیی و بە کونجکاوی لە ئەو هەزاران کلیپانەی ژنانی ئینتەرنێتی دەڕووانی.

نا، شێرە مەبەستی لە خۆی نەبوو. مەبەستی لە ئەو خەڵکانە بوو کە ناو کوچە و کۆڵانە تەنگەبەر و تاریک و ڕووناکەکانی ئینتەرنێتدا وەکو کەمتیار بە دووای کەلاکدا دەگەڕێن. ئەم بە دووای کەلاکدا نەدەگەڕا. ئەم کەلاکەکانی دەپاراست.

نا، نا، بێگومان مەبەستی لە خۆی نەبوو. مەبەستی لە بێخودا و لەخودانەترساوەکان بوو. ئەم هەم خودای هەبوو و هەم لێی دەترسا.

لە ڕاکەڕاکی نێوان ژوورەکاندا دایکی نەبینی.

دایکی لە هیچ ژوورێک نەبوو.

لە پڕێکدا کە چووە ناو هۆڵەکەوە دایکی بینی. دایکی جامۆلکەیەک کەفاوی ڕووبی گرتبووەوە و لە سەر چوارپەلی گیرسابووەوە و خەریکی سڕینی پەڵەی سەر فەرشەکەیان بوو. ئەو فەرشەی بەتایبەتیی بۆ میوان دایان نابوو. ئەو فەرشەی کاتێک لە خەڵکیان دەبیستەوە کە جوانە و چاکە و چیدی شتی ئاوا دەست ناکەوێت، شانازییان پێوە دەکرد.

دایکی سەری هەڵبڕی. پەشۆکاوی و ترسی ناخی شێرە گیانی کوڕی خوێندەوە، بەڵام فریا نەکەوت هیچ بڵێت، چونکە شێرە بە دیاریەوە نەوەستا و بە هەمان لۆقە بەرەو دەرەوە و هەیوانەکە چوو. هەیوان کەسی لێ نەبوو، چۆڵ و هۆڵ بوو. تازە بە تازە پاک کرابووەوە و شۆردراو بوو. شێرە بەرەو مەتبەخەکە ڕایکرد. هیچ پیاوێکی لێ نەبوو. بۆی دەرکەوت هیچ پیاوێک لە هیچ شوێنێک خۆی نەشاردووەتەوە. لە مەتبەخەکە خۆراک لە سەر ئاگر بوو. وەک هەموو ڕۆژێکی تر دایکی خۆراکی نابووە سەر ئاگر و خۆراکەکە لەسەرخۆ دەکوڵا.

دووبارە بە هەمان لۆقەهەنگاو ڕۆیشتەوە بۆ لای دایکی.

دایکی هێشتا دەستی نەکردبووەوە بە سڕینی فەرشەکە و هەر لە هەمان پۆزی پرسیارهەبووندا مابووەوە و پارچەپەڕۆ خاوێنە کەفاویەکە بەدەستییەوە بوو:

- کوڕم، شێرەکەم، چیتە؟

شێرە بە هەناسەسواریی و ددانەکیڕییەوە لە دایکی دەڕووانیی:

- خۆ بە تەما نییت باوکم بەجێ بهێڵیت؟

کەف لالێوی تەنیبوو.
دایکی نەیدەزانی چۆن وەڵام بداتەوە.

- من بەجێی بهێڵم؟ باوکت؟ ئێوە؟ کوڕەکەم، شێرەکەم، نازانم چی دەڵێیت.
- دەڵێم نەخەڵەتابیت باوکم بەجێ بهێڵیت. باوکم پیرە و بەرگەی شتی وا ناگرێت. حەیامان نەبەیت. خۆم بە دەستی خۆم دەتکوژم.
- ئەیەڕۆ شێرە گیان، من خواخوامە باوکت ژنی تر بە سەرمدا نەهێنێت، ماوەیەکە قسەی لێ دەکات. کوڕەکەم، شێرە گیان، جا من بۆ کوێ بڕۆم؟ کێم هەیە؟ کێم ماوە؟ کێ من هەڵ دەگرێتەوە؟ خوا دەکات ئێوە لێم ڕازی دەبن.....

شێرە نەوەستا دایکی قسەکانی تەواو بکات. دایکی لە بەر چاوی گۆڕابوو. جاران دایکی بۆنی ئەو شیرەی لێ دەهات کە ئەم بە منداڵیی دەست و دەمی لە سینگ و مەمکی هەڵ نەدەگرت و لێ تێر نەدەبوو. گوێی لە وەڵامەکانی تری دایکی نەگرت و ڕووەو ژوورەکەی خۆی هەنگاوی نا.
دایکی حەپەسابوو، بە پارچەپەڕۆکەفاوییەکەوە چەناگەی داکەوتبوو. دەیبینی شێرە هیچ وشەیەکی لێ نابیستێت و بایەخ بۆ قسەکانی دانانێت.

شێرە تووڕە بوو. تەنیا ویستی ئەو هەڕەشەیەی لێ بکات و تەواو.

ڕایکردەوە بۆ ژوورەکەی خۆی و دەستی بە گەڕان بە دوای چاوپێکەوتنەکەدا کرد. بەڵام ئەو چاوپێکەوتنە بێ سۆراخ بوو.

چاوپێکەوتنەکە لە ناو دونیای ئینتەرنێتدا نەمابوو. لە پڕێکدا چاوی بە تێبینییەکی بچووك کەوت کە یەکێک لە ڕاگەیەنادنەکان نووسی بووی: "بە هۆی کێشەی تەکنیکیەوە چاوپێکەوتنەکە لابراوە".

بیری کەوتەوە. خۆ ئەم بەشێکی تۆمار کردبوو.

قسەکانی پەیتاپەتا لێ دەدایەوە. هەمووی هەر بیست وشەیەک بوون، بەڵام بیست وشەی ترسناک و تێکدەر و وێرانکار بوون. لەگەڵ هەموو لێدانەوەیەکی ئەو قسانەدا زیاتر و زیاتر تووڕە دەبوو. ئەو ئازادییەی ئەو ژنە باسی دەکرد دەبوو بە مایەی جیابوونەوەی دایکی لە باوکی. دایکی شێرەیان هان دەدا و زەمینەیان بۆ خۆش دەکرد و ڕێنماییان دەکرد کە باوکی شێرە بەجێبهێڵێت.

شێرە زراوی چووبوو.

پێی وابوو هەر کاتێک دایکی گوێی لە ئەو بیست وشە ترسناکە ببێت بڕیار دەدات مێردە بەسااڵداچووەکەی بەجێبهێڵێت و ئەم بێ باوک بکات. زراوی چوو بوو شاری فەیزوڵا بە ئەو شێوەیە ببینێت کە ژنان پیاوەکانیان بەجێ بهێڵن. شاری فەیزوڵا ببێت بە شاری ژنە هەڵهاتووەکان، شاری پیاوە بەجێهێڵراوەکان، شاری بەرەڵایی و حەرەڵایی و هەوەسبازیی، شاری خۆڕووتکردنەوە و فڕێدانی شۆرت و دەرپێ. شاری قن بادان و مەمک هەڵتەکاندن، شاری پرچ و زوڵف بادان و شاری چاوشارکێی چاو و ئەگریجە و تیتک و میمک، شاری تەقاندنی بنێشتی ڕەنگ پەمەیی و ڕەنگ سوور و ڕەنگ سەوز. ئێستا بنێشتەکانیش ڕەنگی ژنانەیان لێ دەدرا. دونیا سەرتاپا بەرەو حیزبوون دەچوو. ئەو پەتایە، پەتای حیزیەتیی، بە جیهاندا باڵاو بووبووەوە.

بیری لە شاری فەیزوڵای بەدبەخت دەکردەوە.

لە سەر شاشەی تۆزگرتووی کۆمپیوتەرەی ژنانی سفوری لە بازاڕدا دەبینی، ئەو ژنانەی نە لەچک و نە پەچە و نە عەبایان بە سەرەوە بوو. هەموو سەر ڕووت و شانومل ڕووت بوون. ئەو ژنانەی هەر ئاوا بە ڕووتیی، بێ پەروا، بە قاچ و قول و سینگ و مەمک و گەڵ و قنی ڕووتەوە بازاڕیان دەکرد و پیاوە کاسبکارە فەقیرەکان ناچاربوون چاویان بنووقێنن کاتێک شتیان پێ دەفرۆشتن و پارەیان لێ وەردەگرتن. بە زەحمەت دەیانتووانی پارەکە وەربگرن و بیخەنە گیرفانیان چونکە دەستێکیان هەر فریای ئەوە دەکەوت چاوی خۆیانی پێ بگرن.

پیاوەکانی وڵاتەکەی هەموو دەستیان بە چاویانەوە بوو بۆ ئەوەی ئەو ژنە گوناهکارانە نەبینن، بەڵام سەرسمیان دەدا و خۆیان لە یەک دەدا و هەندێکیان دەکەوتن. ئەو ژنە تاوانبارانە پیاوانی فەقیری وڵاتەکەیان گەیاندبووە لێواری هەرەس.

بیری لە وڵاتە خۆشەویستەکەی دەکردەوە، لە عەرشی پەروەردگار، کە بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت ڤایرۆسی حیزیەتیی دەیتەنێت.

ئەم ئەو توانایەی هەبوو ئەو تەنینە ببینێت کە تەونئاسای جاڵجاڵۆکەیەک وڵاتی داگیر دەکرد.

ئەو ژنە ئازادانە بۆ کوێ دەچن و چییان بە سەر دێت؟ بێگومان دەچن بۆ لەشفرۆشتن، ئەی خۆ هەر لە ئەو دەشت و کێوە ناژین.

بە تووڕەبوونێکەوە کە هەموو جەستەیی ڕادەتەکاند کەوتە ئاڵوگۆڕ و جێگۆڕکێی ئەو ڕستانەی ژنەکە گوتبوونی. ئەو بیست وشەیەی لە ناو تورەکەیەکی بچکۆلەی مەجازییدا لە گەردوونی ئینتەرنێتدا تێکەڵ بە یەک دەکرد و ڕایدەوەشاندن.

لە سەرەتادا وشەکانی بە ئارەزووی دڵی خۆی ڕیز دەکردن و میاومیاوێنی پشیلە و وەڕەوەڕی سەگی دەخستە سەریان، لەگەڵ قاوەقاوی کەمتیار تێکەڵی دەکردن و جڕت و دەنگی ترِی لە پێش و پاشیان دادەنا و بە گاڵتەجارِیی و مەسخەرەوە پێیان پێدەکەنی.

لە پڕێکدا بیرۆکەیەکی بۆ هات.

بڕیاری دا جێگۆڕکێ بە وشەکان بکات و وشەی تری پێ زیاد بکات.

جێگۆڕکێیەک ماقوول بێت نەک بۆ پێکەنین و گاڵتەجارِیی بێت.

پاش ماوەیەک سەرنجی دا کە ڕستەی نوێی دروست کردووە.

ڕستە نوێیەکانی شێرە کە گوایا ژنەکە گوتبوونی، ئاوا بوون:

”هەر ژنانی شاری فەیزوڵا نا، بەڵکو ژنانی هەموو شارەکانی نوورگا و نوورئاوا و بەخشندەئاوا و ئەوانەی تر حەز دەکەین ئازاد ببین و ماڵ و منداڵمان بە سەر مێردەکانماندا بەجێبهێڵن. قەیرەکان بۆیە شوو ناکەن چونکە پیاوەکانی ئەم وڵاتە بە پیاو نازانن. حەزیان لە پیاوی بیانییە. حەز لە سەما و دیسکۆ دەکەن. دەمانەوێت چوار پیاومان هەبێت. حەز دەکەین هەر چیەکمان پێخۆش بێت بیکەن. ئازادیی لە پیاو، ئازادیی لە منداڵ، ئازادیی لە ماڵ و لە خۆراکلێنان و لە مێرد و برا و باوک. ئازادیی، ئازادیی“.

لە بەر خۆیەوە دەیگوت چیم بۆ زیاد کردووە، هەر بیست سی وشەیەکم بۆ زیاد کردووە. ژنە بەرەڵاکەش هەر مەبەستی ئەوەیە کە من دەیڵێم، سوێندم بە خودا دەستی بڕووا لە ئەوە خراپتریش دەڵێت و زۆر لە ئەوە خراپتریش دەکات. هەر خۆی بە ئەو سەرەوە دەزانێت تا ئێستا چەند گانی داوە. خۆ من خۆم تووشی گوناە ناکەم. ئەو ژنە

داوای بەرلّایی دەکات. ئەو، ئەو ژنە، ئەو قەحبەیە دەیەوێت ژنانی وەکو دایکم بڕۆن و باوکەکان بەجێبهێڵن.

کاتێک خەریک بوو ئەو ڕستەیە بڵاو بکاتەوە لە پڕ بە بیری هاتەوە کە ناوێکی نییە. ژنەکە ناوی چی بوو. ناوی ژنەکەی نەدەهاتەوە بیر. دەیزانی ناوێکە پێوەندیی بە خۆر و ئاسمان و تیشک و ئەو شتانەوە هەبوو، بەڵام چی بوو؟

دەستی بە ناو تورەکە قووڵەکەی دونیای ئینتەرنێتدا کرد و بە دووای ناوی ژن و ژنانەدا دەگەڕا : حەلاو، حەپسە، سۆزان، بەفراو، بەفرین، خەجێ، ناسکۆڵ، هێشوو، فرمێسک ... تاد تاد.

نەخێر وەبیری نەدەهاتەوە.

کاتێک لە ئەو وشانەی دەڕووانیی کە دروستی کردبوون و بە ڕیزێکی جوان دایناببوون و پێی وابوو هەر ئەو قسانەی نوسیووەتەوە کە ژنەکە مەبەستی بوو، لە پڕێکدا بە خۆیی گوت "پرشنگ" ژنەکە ناوی "پرشنگ" بوو.

کەفی تووڕەیی هەر بە لالێویەوە بوو. بیری لە قسەکانی دایکی دەکردەوە و پێی وابوو دایکی درۆی لەگەڵدا کردووە. ئامادە بوو هەموو شتێک بکات هەر ئەوەندەی نەهێڵێت خێزانەکەیان هەڵبووەشێتەوە و دایکی حەیایان ببات. هەموو شتێک لە پێناوی پاراستنی شەرەفی دایکی و خوشکەکانی. لە کۆڵانە دووڕەدەستە پێچاوپێچە قووڵەکانی مێشکیدا دەیبینی چۆن ڕۆژێک گەرووی دایکی هەڵدەدڕێت و نیشانی دونیای دەدات کە ژنی بێئابڕوو چی بە سەر دێت.

سەد جار دایکی بێت، با سەد جار دایکی بێت، با لە دامێنی ئەو کەوتبێتە خوارەوە، شەڕەف شەڕەفە. چەقۆیەک دەخاتە سەر ملی و سەری دەبڕێت. لە ئەوەبەر بینیبووی، سەربڕینی مرۆڤی بینیبوو.

هیچ مزگەوت و شێخ و سەید و مەلا و فەقێ و بەرپرسێکی باڵای نەبینیبوو کە بەتایبەتیی دژ بە سەربڕینی مرۆڤ بێت و لە سەری بدوێت و پێی ناڕەحەت بێت. هەر شتێک لە پێناوی شەڕەف و کەرامەتدا بکرێت و بە دڵی پاکەوە بێت خودا هیدایەتی دەکات.

کێ گوێ بە سەری برِدراوی دایکی ئەم دەدات؟
کێ دەتوانێت دژ بە پاراستنی شەڕەف دەم بکاتەوە؟
تووڕەیی ناو بیلبیلەکانی چاوی لاقیان بۆ پەیدابووبوو و بە ناو شاشەی کۆمپیوتەرەکەدا ڕووەو ناوەوە خۆیان دەکوتا. بە ناو بەینی دەست و لاقی ڕووتی ژنەکانەوە پێچاوپێچ دەڕۆیشتن و خۆیان لە سینگ و مەمکی ڕووت و نیوەڕووتیان دەخشاند.

هەر ئەوەندە بوو. پەنجەی لە سەر دوگمەی کۆمپیوتەرەکە دانابوو و دەیویست قسەکانی ئەو ژنە بێ حەیایە بە ناو دونیای ئینتەرنێتدا بڵاو بکاتەوە، قسەکانی پرشنگ، قسەی ئەو ژنە پیسەی دەیەوێت ژنانی شاری فەیزوڵا و وڵاتەکەی وەک خۆی فێری بەرەڵایی بکات.

لە ئەو کاتەدا ئەوەیشی بیر کەوتەوە کە وێنەیەک زۆر گرینگە. بە پەلە بە دوای وێنەدا گەڕا.

پاش سەرگەردانیەکی ئارەقڕێژ وێنەیەکی بینیەوە لە ژنانی شاری فەیزوڵا دەچوو. ژنێکی گەنمڕەنگی خوێنشیرینی چاوگەش کە ئەگەر لە نزیکترەوە لێت بڕوانایە خەمگین دیار بوو. ئەم زوو دەموچاوی

ژنەکەی ڕەش کردەوە. گوایا ژنەکە کە ناوی پرشنگە دەناسێت و بەڵام نایەوێت ڕووخساری نیشان بدات.

بە بیرۆکەکەی خۆی دڵخۆش بوو. پێی وابوو ئیتر وردەوردە زیرەک دەبێت و دەبێت بە مرۆڤێکی ژیر. ڕۆژێک دێت بە زیرەکی و زرینگی خۆی هەموو ئەو خەڵکە خافڵگیر دەکات کە نەیانبینیووە و نایانەوێت ببینن و کە بە کوڕێکی گەوج و کەریان داناوە.

دووبارە لە وێنەکەی ڕووانییەوە. هەڵبژاردنەکەی دروست بوو. وێنەکە زۆر باش بوو، چونکە ئەوەی ئەم بە دووایەوە بوو وێنەیەیەکی ئاوا بوو. گەردن و سینگێکی بە ئاستەم ڕووت، سەرکەناری خڕەی مەمکی ژنەکە لە ئێخەحەوتی بلووسێکی سەوزی کاڵەوە دەبینرا. تەنوورەیەکی ناسکی ڕەشباو کەمێک تا خوار ئەژنۆکانی هاتبوو. پووز و کوڵەپێی بە دەرەوە بوو.

شێرە مرۆڤێکی ژیری لێ دەرچووبوو.

شێرە دەیتووانی پاسەوانی شەرفی خێزانەکەی خۆی و خەڵکی شارەکە و وڵاتەکەش بێت.

ڕاستە وڵاتەکە سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیران و وەزیران و بینای پەرلەمان و پەرلەمێنتاران و بە هەزاران لە بەڕێوەبەران و چی و چی هەبوو کە هەموویان بە پەرۆشی پاراستنی شەرەفی ژنان بوون، بەڵام شێرەش شێرە بوو. کوڕی باوکی خۆی بوو. دەیزانی باوکی کێیە. لە زمانی خەڵکەکەی ئەمدا وەکو جوێن بە کەسێکیان دەگوت"نازانێت باوکی کێیە".

شێرە دەیزانی باوکی کێیە. مافی شێرە بوو شەرەفی دایکی و خوشکەکانی و ژنانی فەیزوڵا و وڵاتەکە بپارێزێت. ئەرکی سەرشانی بوو. ئەرکێکی

نیشتیمانیی بوو. ئەرکێکی دینیی بوو. جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە هەم دڵی خودا و هەم دڵی خەڵکی خۆش دەکرد.

لە گەرمەی ئەو هێرشی بیرکردنەوەیەدا سەری پەنجەی دۆشاومژەی بە دوگمەکەدا کێشا و لە بەر خۆیەوە بە دانەکێڕەوە گوتی: حەواڵەی دۆزەخت دەکەم.

لە چرکەساتێکدا ئەو ڕستانە و وێنەکە بە ناو وردەدەمار و شادەماری گەردوونی ئینتەرنێتدا، وەک شارەزەردەواڵەیەکی تووڕە کراو، بڵاو بووەوە. ئەو وشانە بە ئەو شوێنانەش دەگەیشتن کە بە دەیان هەزار کیلۆمەتر لە ژوورە تاریکە بە سەریەکدا کەوتووەکەی شێرەوە دوور بوون.

هەستی پیاوەتیی و لەخۆڕازیبوون و شەرەفپارێزیی لوتی شێرەی بەرەو ناوچاوانی بەرز کردبووەوە. بە لوت ڕووی کردبووە خودا و هەوای پڕی سیەکانی سینگیان دەرپەڕاندبوو. وردەوردە خوێنە داخە هەڵچووەکەی ناو مێشکی فێنکایی دەگرت.

دڵی شێرە ئارامتر لێی دەدا و سووکنایی پیادا دەهات.
لە شوێنێکەوە ئاوێکی سارد، لە بارستایی ڕووبارێکدا، بە خوڕ بە سەر دڵیدا تاقگەی دەکرد.
دڵە تووڕە و گەرمداهاتووەکەی وردەوردە لە ژێر ساردیی ئەو ئاوە بەخوڕەدا فێنکتر و فێنکتر دەبووەوە.
شێرە تا بڵێی لە خۆی و کارەکەی ڕازی بوو.

سەرئەنجامەکەیی زۆر پێ باش بوو.
سەرئەنجامەکەیی زۆر پێ خراپ بوو.

دیار نەبوو مرۆڤی ڕاستەقینەن یان هەڵبەستراو

ئافتاو گەیشتە ماڵەوە و ڕووەو ژوورەوە ملی نا. وەک هەموو جارێک باوەشی بە دایکیدا کرد و ماچی کرد. پێی خۆش بوو هەتاهەتایە بۆنی ئەو خۆراکانە بکات کە دایکی سازیان دەکات. ئەو بۆن و بەرامانە یەکێک بوون لە خەسڵەتەکانی کەسایەتیی دایکی.

لە بەرخۆیەوە دەدوا. بیری لە ئەو چاوپێکەوتنە دەکردەوە کە ئەو چەند وشەیەی تیادا گوت.

تا کەی ئەو ڕستانە بڵێت و بۆ کێیان بڵێت؟ جارس بووبوو.

خۆ ئەم نوێنەری ژنان نەبوو. خۆ کەس ڕاینەسپاردبوو. ئەندامی هیچ ڕێکخراوە و پارتێک نەبوو. لەبەرچی شان دەخاتە ژێر ئەو بەرپرسایەتییە؟ هەر لە ئێرە و ئەوێ کەسانێک پشتگیرییان دەکرد ئەوانیش کەسانی ناو ئینتەرنێت بوون. نەدەزانرا ئەو کەسانە هەن یان نا. دیار نەبوو مرۆڤی ڕاستەقینەن یان هەڵبەستراو. زۆربەیان پیاو بوون. ئیمۆژی دڵ و گوڵ و ئافەرینیان بۆ دادەنا و تەنانەت باقەگوڵیشیان بۆ دادەنا. هەندێک لە پیاوەکان خۆیان دەکرد بە ژن و وەک ژن پەیمیان بۆ دەنووسی..

ئەو پیاوانەش هەبوون کە خۆیان بۆ ناو پێوەندیی تایبەتیی دەهاویشت و ماچ و باوەشیان بۆ دەنارد و داوای پێوەندیی و هاوسەرگیریان لێ دەکرد.

ئەندامە ژنەکانی حیزبەکان ڕوو بە دەرەوە هەمیشە وایان نیشان دەدا کە قسەکانی ئەمیان پێ ناخۆشە و بە دژە پیاویان باس دەکرد، بەڵام

لە ژێرەوە بە شێوەی جیاواز پێوەندییان بە ئەمەوە دەکرد و هانیان دەدا زیاتر بنووسێت و دنەیان دەدا کە دژی فلان و فلانیش بنووسێت و ئاوا مشتێک زانیاریان لە سەر ئەحە و بلەی خۆیان وەک دیاری بۆ دەنارد کە دیارە ئافتاو هیچ نرخێکی بۆ دانەدانان و دژ بە کەس بەکاری نەدەهێنان. ئینجا بە وشەی "زیرەک" و "ئاقڵ" و "سەربەرز" و "ئازا" و چی و چی پەسنیان دەدا و گوڵ و دڵیان بۆ دادەنا. پیاوانێکی بەئەژماردیش کە سەر بە هەموو لایەنەکان بوون بە سەدان جوێنی ناشیرینیان پێ دەدا.

زۆرینەی ئەو پیاوانە شووتی و کاڵەک و گوندۆرە و تەماتەیان دەکرد بە زێ و بە مەمکی و ئینجا کالیار و خەیار و قەدی داریان تێ دەبڕی. پێیان دەگوت بێ ڕەووشت و بێ ئەدەب و بەرەڵایە و بیستوچوار سەعاتە ناوگەڵی وەک دەرگای گەڕاج کراوەیە.

دەیانگوت هیچ شتێک وەک ژنی زمان پیس ناشیرین نییە.

لە سەرەتادا ئەم جوێن و ئەو جۆرە هێرش و تۆمەتبارکردنانە زۆر ئازاری ئافتاویان دەدا، بەڵام ئیتر وای لێهاتبوو کە گوێی بە هیچ لە ئەو کاردانەوانە نەدەدا. هێرشەکان ڕێکخراو بوون و دەیزانی چۆن دەکرێت و بۆ دەکرێت.

بە دەم ئەو بیرکردنەوانەوە جلوبەرگی پشووی لەبەر کرد و لەگەڵ دایکی و ئەوانی تر خۆراکیان خوارد و بڵاوەیان لێ کرد.

پێش ئەوەی دەست بە خوێندنەوە بکات لە مۆبایلەکەی ڕووانی. بە سەری قامکەکانی چوو بۆ ناو دونیای سۆشیالمێدیا. هیچی سەبارەت بە چاوپێکەوتنەکە نەبینی. تەنانەت ئەو ڕستەیەش کە وەک

ڕوونکردنەوە نووسرابوو "بە هۆی خراپیی تەکنیکییەوە چاوپێکەوتنەکە لابراوە"، سڕرابووەوە و نەمابوو.

ئافتاو کەمێک کونجاو بوو. لەگەڵ ئەوەیشدا کە قامکەکانی زیاتر و زیاتر دەچوونە قوولایی ڕەگەکانی سۆشیالمێدیاوە، هەر هیچی نەدەبینی.

پێی ناخۆش نەبوو. هەر ئەوەندە بوو بە لایەوە سەیر بوو.

پێی ناخۆش نەبوو چونکە ئیتر لە ئەو باسانە ماندوو بووبوو.

پێی وابوو ئەو کۆمەڵگایە شتێکی بە سەر هاتووە. ڕەنگە بوونەوەرانی دەرزەمینیی جۆرێک قەڵخانیان بە سەردا دابێت، وەک ئەوەی ئیمانداران وەکو نوشتە و سیحر و جادوو باسی دەکەن. شتێک بە سەر ئەو کۆمەڵگایەدا هاتبوو کە هیچ شتێک کاریگەریی لە سەر دانەدەنا.

کۆمەڵگاکە کەوتبووە ناو دۆخی خۆهەڵوەشاندنەوەوە، دۆخی ونبوون، دۆخی خۆخراپکردن و خۆوێرانکردن.

خەڵکەکە خوداخودایان بوو دوو کەس شەڕ بکەن و بە دیاریانەوە بە سەعات و ڕۆژ دابنیشن و لێیان بڕووانن.

پێیان خۆش بوو هەمووان لەگەڵ یەک شەڕەجوێن بکەن و دەشیانکرد. جوێنەکان پاش و پێشوو و سەر و خواری خوشک و دایکی یەکتری دادەپۆشی. ناوگەڵی خوشک و دایکی یەکتریان وەک کێڵگە بە گاسنی نێرینەی خۆیان دەکێڵا و دەکێڵایەوە و هەڵدەکۆڵی و کەچی حەز و تووڕەییان هەر نەدەشکا.

لەبەرئەوە وەک شتێک پێی خۆش بوو کە هیچ ئاسەوارێکی ئەو چاوپێکەوتنە نەمابوو.

ئەو مشتە وشەیە چ گۆڕانکارییەک دروست دەکات؟

خۆ ناتوانێت فوویەک لە ئەو تەپوتۆزە بکات کە شاری خنکاندووە، خۆ ناتوانێت شۆستە و جادەیەکی هەڵتەکاو پینە بکات، خۆ ناتوانێت ناوبژی لە نێوان دوو دێهاتییدا بکات کە لە سەر چوار بست لەوەڕگا لە شەڕدان، خۆ ناتوانێت باوکی منداڵێکی هەژار قەناعەت پێ بکات کە ڕێگا بە منداڵەکەی بدات بچێت بۆ خوێندن، خۆ ناتوانێت ژنی شێڵتەرێک لە بوختان و قسەی هەڵبەستراو بپارێزێت، خۆ ناتوانێت بەر بە چاوی پیاوێک بگرێت کە سۆمای چاوەکانی لە سەر خڕەی سمتی ژنێک وشک هەڵدێن.

ئەو مشتە وشەیە چی پێ دەکرێت؟

پێش ئەوەی بگاتە ماڵەوە لە ئەو کارانەی خۆی دوودڵ بوو. دوودڵییەکە بەری نەدەدا. دوودڵ بوو لە ئەو هەڵوێست و شێواز و بیرۆکە و بیرکردنەوە و لێکدانەوە و لێکۆڵینەوانەی لە سەر کۆمەڵگا هەیبوو.

دەیزانی ڕێگایەکی دروستە، بەڵام نەیدەزانی بۆ پەیامەکان بە ئەو شێوەیە بە خەڵک دەگەن، بۆ خەڵک وەک خۆیان وشەکان نابیستن، بۆ کلک و گوێ و باڵ بۆ ئەو وشانە پەیدا دەکەن و چڕنووک و کەڵبەیان بۆ دادەنێن، بۆ لە ئەو باسانە دەردەچن، بۆچی پیاوەکان کە بە خۆیان دەڵێن باشن یەکسەر کاردانەوەیان دەبێت و هەڵدەستن و وەڵامێک هەر دەدەنەوە و بە تووڕەییەکی نەشاردراوەوە دەڵێن: ”من پیاوێکی باشم“، ”من لەگەڵ خوشک و دایکی خۆم باشم“، ”من

ژنەکەم دەخەمە سەر سەرم"، "من لە ماڵەوە هەموو یارمەتیەکی ژنەکەم دەدەم" و تاد تاد.

ئەو پیاوانە بە تووندیی جەخت لە سەر وشەی "من" دەکەن و ددان لە سەر پیتی "میم" گیر دەکەن لەگەڵ ئەوەیشدا کە دەزانن باسەکە لە سەر ئەوان نییە و سەبارەت بە تاوانبارکردنی پیاوان نییە. باشە، ئەم پیاوانە لە ئەو ڕێگایەوە کە یەکسەر ئاوا سەنگەر دەگرن دەیانەوێت چی بە خەڵک بڵێن؟

هیچ پیاوێک نەبوو، یەک دانەش نەبوو، بڵێت من هەڵەم و من داوای لێبووردن دەکەم و من خۆم دەگۆڕم و من پەشیمانم و ...

یەک پیاو نەبوو داوای لێبووردن بکات بۆ یەک تاکە هەڵە کە کردبیەتی. هەموو پیاوێک بێ خەوش و بێ هەڵە و بێ کەموکورتیی بوو. پیاوانی عەرشی پەروەردگار پیاوانی بێخەوش بوون.

ئافتاو سەری لە باسەکە دەرنەدەکرد.

لە خۆیی دەپرسی: بە من چی؟ جارِ بە دۆزەخ.

ئایا کەی کێشەی منە، بۆ کێشەی من بێت کە خەڵک چۆن دەستدرێژیی لە سەر ژنانی خۆیان دەکەن؟ چۆن ژنانی کوژراوی خۆیان دەنێژن و لە کوێ دەنێژن و چ ناوێک لە ئەو گۆڕستانە دەنێن و بە چ جۆرێک بێڕێزییان بەرامبەر دەکەن؟ بۆ دەبێت کێشەی من بێت کاتێک خەڵک ڕێز لە خۆیان و لە مافی مرۆڤی خۆیان و یەکتر ناگرن؟

ئێستا لە ماڵەوە ڕووی لە سووچێکی ژوورەکەی کردبوو. هەر ئاوا قەدەرێک مایەوە تا ئیتر بە ناچاری کتێبێکی کردەوە و دەستی بە خوێندنەوەی کرد.

هەر ئەو مابوو بە کەڵ بێت

کاتێک ئافتاو لە ژوورێکی بێدەنگ و لە دۆخێکی ئارامدا خەریکی خوێندەوە بوو و جار جار بە پشتیگوێی دەنگی دایکی دەبیست کە لەبەرخۆیەوە بە قوربانی دەبوو. لە ئەو دیو سنووری ماڵی ئەمانەوە ئەو ڕستانە و ئەو وێنەیەی شێرە بڵاوی کردبوونەوە تەواوی وڵاتی داگرتبوو.

بە سەدان پەیجی حکومیی و ناحکومیی و نزیک و وەفادار بە حوکمەت و حیزبیی و ناڕاستەوخۆ حیزبیی و بە هەزاران کەس و بە سەدان پەیجی کاسبی یان تاکەکەسی نەناسراو بە ناوەکانی وەکو "خۆشاوی ئەڤین" و "هێشووی تریێ" و "دەیڕووخێنین" و "بیگۆڕین" و "ئەڵای گەورە" و "خۆشەویستەکەی خۆت" و نازانم چی و نازانم چی ئەو ڕستانە و ئەو وێنەیەیان بڵاو دەکردەوە کە شێرە داینابوو. توانج و تەشەریان لێ دەدا و ڕای خۆیان لەسەر دەنووسی. هەندێکیان تەنیا چەند وشەیەکیان دەنووسی و خۆیان، بە ئارەزووی دڵ، وشەکانیان دەگۆڕی و ڕستەی نوێیان دروست دەکرد.

لە ماوەیەکی کەمدا ئەو بیست وشەیەی ئافتاو بووبوون بە سەدان جۆری جیاواز و بێشەرەفی ئەو ژنەیان دەسەلماند کە ناوی پرشنگ بوو. هەندێک جاریش دەبوون بە وتارێکی دوورودرێژ و دەچوو بۆ ناو قوواڵایی حەزی ژنان بۆ سێکسی دەستەیی و بۆ ڕاکردن لە مێرد و منداڵ.

لایەنەکان، بەتایبەتیی پەیجەکانی سەر بە وڵاتە دەراوسێ نەیارەکان کە خەڵک دەیزانی سەر بە ئەوانن و خۆیان لە جلکوبەرگی نەریتیی ئەو

خەڵکە هەڵکێشابوو، لە هەموو لایەک گەرمتر دژ بە پرشنگ بوون و پشتیوانیان لە خەڵکی عەرشی پەروەردگار دەردەبڕی و دەیانگوت "هەر هیچ نەبێت، هەر هیچ نەبێت، هاودینین و هاوئەخلاقین".

لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر وێنەکە بوو. هێندە کۆپیان لێ هەڵگرتبووەوە و دەستکاریان کردبوو کە بلووسە سەوزە کاڵەکە ڕەنگاوڕەنگ دەردەچوو. لەبەرئەوە زۆرێک لە ناونیشانی سەربابەتەکان ئەمە بوو:

"پرشنگ هەر ڕقی لە پیاو نییە، هاوڕەگەزبازیشە".

وشەیەک بە ناوی هاوڕەگەزخواز لە سەر زاری هاوواڵاتیانی عەرشی پەروەردگار نەبوو، هەمووان هەر بە "هاوڕەگەزباز" و هەندێک جار بە "حیز" و "کوونیی" و "دووەکیی" دەیاننووسی. وێنەکە تێکەڵ بە پەڕاد و ڕێپێوانەکانی ئێڵجیبیتیکیو و ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە دەکرا. ڕستەی وەکو "حەیامان چوو!"، "پرشنگ حەیای بردین!"، "پەلکەزێڕینەی حیز"، "پەلکەزێڕینەی حیزەکان".

وشەی ئێڵجیبیتیکیو یان بۆنەدەهات و دەیانگوت "ئێلوکوکوکو". هاواریان دەکرد " ئێلوکوکوکو بەرۆکی پێگرتووین"، "پیاوەکان کەی دیفاع لە خۆتان دەکەن؟" و تاد تاد پەیجی ڕاست و درۆزنە و نیوەساختە و کاسبی و سەر ریکلام و تەلەڤیزیۆنی ڕەسمیی حیزبەکانی داپۆشیبوو.

لە نیوەڕۆی ڕۆژی دووایینا کە هێشتا ئافتاو ئاگاداری هیچ نەبوو مزگەوتەکانیش هەڵوێستیان وەرگرت.

هەندێک لە مەلاکان هەر لە سەر ئەو کارەی خوداپەرستیی خۆیان مەشغوڵبوون کە منداڵانی دەڤەرەکەی خۆیان بۆ مزگەوت بانگ دەکرد و فێری نوێژ و ئەڵڵاپەرستیی و حەدیس و فێری شەرەف و ناموس و ئەخلاقیان دەکردن. پاشان مژمژە و نوقڵ و بسکیت و ساردیان پێ دەدان و جارجار لە پڕ، وەک سەرپرایز، یەکی بڕە پارەیەکیان بە منداڵەکان دەدا و منداڵەکانیش زۆریان پێ خۆش بوو، لەگەڵ یەکدا کێبەرکێیان لە سەر فێربوون و دووبارەکردنەوەی ئەو شتانە دەکرد.

باوک و دایکی منداڵەکان مەمنوون بوون و دەیانگوت بەشکم منداڵەکانمان تووشی بەکتریا و ڤایروسی پەلکەزێرینە نەبن. وەزارەتی تەندروستیی و ڕۆشنبیریی و هەندێکی تر بە بەڵگەوە سەلماندبوویان کە شتێک بە ناوی هاوڕەگەزخوازیی نییە و بە زمانی دایکیی بە هاوڕەگەزخوازیی دەڵێن "حیزیەتی". دەیانگوت حیزیەتییش درمە و لە ڕێگای برادەر و ناسیاوی خراپەوە بڵاو دەبێتەوە.

هەندێک مەلا و مزگەوتی تر هەر بە توانجێک و دووان لە ڕووداوەکە خۆیان ڕازی دەکرد و زیاتر لە سەری نەدەڕۆیشتن. هەندێکی تر، زیاتر تیایدا قووڵ دەبوونەوە و بە ئاماژە بە نیشانەی کۆتاییهاتنی ژیانی سەرزەمین و دەرکەوتنی ڕۆژی دووایی باسیان لە ڕووداوەکە دەکرد کە ناویان نا بوو "خەمی دونیای فانیی" و "خەمی قیامەتی ئەعزەم". هەندێکیش بە ئاماژە بە خودی ڕووداوەکە، بەڵام بێ ناوبردنی ناوی پرشنگ، باسەکەیان تاووتوێ دەکرد.

بێگومان مەلاش هەبوون هاواریان لە ناو جەرگەی زەویەوە دەهاتە دەر و کەف لالێغاوی دەگرتن و چاوەکانیان سوور دادەهاتن و لە

تووڕەییدا ڕەنگیان سەوز هەڵدەگەڕا و هانی خەڵکیان دەدا لە سەر زەوی فانی وەکیلی خوداگیان بن و پارچەیەک لە بەهەشت بۆ خۆیان دابین بکەن. دەیانگوت هەر ئێمە دەزانین ئەو ژنە بێئابڕووە چی کردووە، بەڵام لە بەر ناوی خودا باسی ناکەین. هەبوون کە زۆریش بوون بە ئەوە دەستیان پێ دەکرد کە دەیانگوت ژنێک تەلەفۆنی بۆ کردووم و گوتویەتی مامۆستا تو ئەو خودایە ناوم مەبە. جا ئەو ژنەئیماندارە بە چاوی خۆی بینیوویەتی کە ئەو ژنەبێئەدەبە بە یەک دەفعە لەگەڵ دە پیاو بووە.

هەیان بوو دەیانگوت خودی ژنەبێحەیاکە خۆی تەلەفۆنی بۆ کردووم و سوێندی داوم تەلەفۆنەکەی لە سەر دانەخەمەوە و گوتویەتی مامۆستا بەرگەی عەزابی قیامەت ناگرم، لە خۆتم مارە بکە، دێمە سەر خەتی ڕاست، لە داخی بێ پیاویەتیی پیاو بە سەر خۆمدا دەدەم.

بە گشتیی وشەی وەکو فاحیشە و ژنی دۆزەخ و ژنانی دۆزەخیی و چی و چی لە ناو باوەشی بڵندگۆکانەوە هەتا ژووری دانیشتن و ژووری نووستن و سەرمێزی نانخواردنی خەڵکەکە دەگەیشت. خەڵکەکە لە ترسی خەمی سەرزەوی و خەمی جیهانی قیامەت و خەمی بێشەرەفبوون و بێڕەووشتبووندا گیریان خواردبوو. دەمیان تەتەڵەی دەکرد و نەیاندەتووانی بیر بکەنەوە و نەیاندەزانی چی بڵێن و چۆنی بڵێن و بە کێی بڵێن.

شەرەف لە هەموو شتێک گرینگتر بوو. پیاوی بێ شەرەف چۆن دەتوانێت لە سەر پردی سیرات بپەڕێتەوە؟

لە دەمی پاشنیوەڕۆدا ئافتاو گوێی لە هاوکارەکانی بوو باسی ئەو ژنە خراپەیان دەکرد. ورتەورت و چپەچپ شوێنی کارەکەی داپۆشیبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا وا نیشان دەدرا دوو دوو و سێ سێ لە بازنەی داخراودا بدوێن، بەلام وەک پۆلێک سیسرک بن و لە گەرمای نیوەڕۆدا خۆیان فێنک بکەنەوە دەنگی سەمفۆنیای سیڕەسیڕیان بە تەوژم بڵند دەبووەوە.

ئافتاو پرسیاری سەبارەت بە ئەو ورتەورتە لە هاوکارێکی کرد:

- ئەیەڕۆ، چۆن نازانیت؟ چۆن تۆ نازانیت؟ کچێ وەڵا هەر ئەو مابوو بە کەڵ بێت.
- کێ؟
- نازانم کێ، خۆ من ناینناسم. (هاوکارەکەی وەڵامی دایەوە).
- دەڵێن ناوی پرشنگە. ئا پرشنگ. (یەکێکی تریان بە چرپەیەکەوە گوتی کە هاوکات چاوی بە ئەملاولادا دەگێڕا).
- چی گوتوە؟ لە کوێ؟
- کچێ لە سەد شوێن قسەی کردووە. باسی شووکردن بە چوار پیاو دەکات و دەڵێت شەق لە خێزانەکانتان هەڵ بدەن.
- لە کوێ ئەو قسانەی کردووە؟
- جا لە کوی نەیکردوون؟ ناشێت بڵێیت باوەڕ ناکەم ژنێک شتێکی وا بڵێت؟

ئافتاو بێ وەڵام بەرەو مێزەکەی خۆی ڕۆیشت. لە خۆیی دەپرسی ئایا لە سەرتاسەی ئەم دونیایەدا ژنێک هەیە داوای شووکردن بە چوار پیاو بکات و بشڵێت "خێزانەکانتان بەجێبهێڵن"؟ بۆچی و لە چ پێوەندیەکدا وشەی چواری بەکار هێناوە؟ ئاخۆ ئەو ژنە کێ بێت؟

ئافتاو ئیتر نەیتووانی بچێتەوە سەر وردەکاریی کارەکەی و هەر بیری لە ئەو ژنە دەکردەوە.

ئاخر شێرە کوڕە؟

لە ئەو پەڕی شارەوە شێرە لە کاری خۆی رازی بوو. دوێنێ هێشتا هەر چەند دەقیقەیەک بە سەر بڵاوکردنەوەکەدا چووبوو، بێ قەرار چاوەڕوانی کاردانەوە بوو. گەلێک لە خودا پاڕایەوە کە خۆی گوتەنی بۆی "بتەقێنێتەوە"، بەشکم ئەو باسە ببێت بە هەڕەشە و هەروەها بە پەند و ئامۆژگارییەک و دایکی بیر لە بەجێهێشتنی باوکی نەکاتەوە.

تا بنچەنەی شوکرانەبژێری خودا بوو کە بە سەدان و هەزاران پەیج و مزگەوت و تاکەکەس و گرووپ ئەو باسەیان دووپات دەکردەوە و خۆشبەختانەیش لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیی و ڕاهی خودادا هەندێک وشەی تریشیان دەخستە سەری.

کەمێک بە نەرمەلۆقە ڕووەو ژووری دانیشتن ڕۆیشت. ژووری دانیشتنیان سێ قەنەفەی لێ بوو.

یەکێکیان دووتاکیی بوو و دووانەکەی تر پێنج کەسێک لە سەریان دادەنیشت.

دانەیەکیان بەرامبەر بە دەرگای دەرەوە و ڕووەو تەلەڤیزیۆنەکە بوو. دایکی کاتێک ماندوو دەبوو لە سەر ئەو دانەیەیان کەروێشکەخەوێکی دەکرد. کە شێرە چووە ژوورەوە، دایکی یەکسەر سەری هەڵبڕی:

- کوڕە جوانەکەم چیت دەوێت؟

- هیچ.

شێرە "هیچ" ـەکەی بە نادڵنییایەوە گوت.

- چۆن هیچ کوڕەکەم؟ بۆ ناچیت بۆ دەرەوە و بای باڵی خۆت بدەیت؟ ئەو کامیوتەرە بێخەو و بێ ئیسراحەتی کردووویت.

شێرە وەڵامی دایکی نەدایەوە و لە جیاتی ئەوە پەلی بەرەو باسەکەی خۆی ڕاکێشا.

- دایە، ئاگاداریت چی قەوماوە؟
- نا، دڵەکەم. جا لە ئەم وڵاتەدا چی ناقەومێت؟
- باسی ئەو ژنەت نەبیستووە؟
- کامە ژن؟ لە دەورت بگەڕێم.
- دەڵێن داوا لە حوکمەت دەکات کە ژنان شوو بە چوار یان پێنج پیاو بکەن و پیاوەکانیان بەجێبهێڵن و شەق لە خێزانەکانیان هەڵ بدەن.
- ئا، ئا، ڕۆڵەکەم، خۆ هەنار و هەرمێ و گێلاس لە دەرەوە سەوزەیان لە ئەو سەوزەفرۆشەی خۆمان دەکڕی کە پیکابەکەیەوە لە بەر دەرگاکەمان ڕایدەگرێت، دەیانگوت ئەو ژنە داوای دە پیاوی کردووە و گوتویەتی بە دە دانە کەمتر ڕازی نابم. کابرای سەوزەفرۆش زۆر تووڕە بوو. بە دڵی پڕەوە بە ئێمەی دەیگوت "خوشکەکانم لە مەلابانگدانەوە تا ئێوارە بە ئەم پیکابەوە هاوارهاوارمە و ڕەنج دەدەم، ئینجا منی فەقیر چۆن ژنێک لەگەڵ نۆ پیاوی تر بەش بکەم، ئەمە

ویژدان نییە. شەرەفیان شکاندووین. فەیزوڵا بە ئازادیی وێران دەبێت".

- ئێ
- ئیتر ئامۆژگاریی کردین و پێیگوتین "تو ئەو ئەڵلایە خوشکەکانمان گوێ لە پیاوەکانتان بگرن". ئینجا هەر یەکە و دەستکێک کەوری بە خۆڕایی دایێ.
- گوناە!
- کوڕم، نۆ پیاوی چی، پێمگوت براکەم ژنی ئاسایی چۆن قسەی وا دەکات، دەبێت فەقیرە شێت بووبێت، ڕەنگە زۆر ناڕەحەت بێت، چووزانم بە قوربان، شێرە گیان.
- هەر ئەوەندەت گوت؟ خۆ تۆ لەگەڵ ئازادیدا نییت؟
- کورە کوڕەکەم، خوا دەکات پیاوەکان ڕۆژانی جومعە لە شەق و جوێن ئازادیان دەکردین، وەڵا من پیاوێکیشم لێ زۆرە.
- یانی چی لێت زۆرە؟ حەزت لە باوکم نەماوە؟

شێرە دووبارە کەف لالێغاوی گرت و پەنجەکانی گرژ داهاتن و بووبوون بە مشت.

- شێرە گیان، دەڵێم یەک پیاو بەسە، سەروزیادە. بەڕەوڵا باوکتم خۆش دەوێت. جوێن و لێدانی زۆرە، بەڵام نان و ئاوەکەمان دەداتێ. من لە چیم کەمە، شێرە گیان؟
- نازانم لە چیت کەمە، بەڵام لە ئەوە دەچێت لە هەموو شتێکت کەم بێت، ئەی ناشوکر.

شێرە ئەو وشانەی لە دەم کەوتنە خوارەوە و ڕووەو ژوورەکەی خۆی ڕۆیشت. وەک جاران دەرگاکەی بە نەرمیی لە سەر دایکی پێوە نەدا و هەر ئاوا بە کراوەیی بە جێیهێشت.

دایکی کە لە ئەوە دەچوو ئازاری هەبێت.

بە ناڕەحەت دەیتووانی لە سەر قەنەفەکە ببزووێت و لەگەڵ هەموو باخواردنێک بە لەشی، کە بە ئاستەمیش دەیکرد، توند دەمی گرژ دەکرد و چاوەکانی توند دەنووقاند و چەناگەی هەتا سەر سینگی بە کێش دەکرد.

بیری لە شێرکۆکەی دەکردەوە. تاقانە جوانەکەی. پاش هەشت کچ ئینجا شێرکۆی بوو. باوکی شێرکۆ پێرێ شەو پێیگوت تازە ناتوانم پەشیمان ببمەوە، وەعدم بە خەڵک داوە و هەر دەبێت ژنەکە بهێنم. ئەمیش پێیگوت ئاخر خۆ من هەموو شتێکت بۆ دەکەم، ماڵم پاکە، خۆراکم هەمیشە گەرم وگوڕە، دە میوانت هێنابێتەوە هەر هەموویانم خستووەتە سەر چاوەکانم، قەت نەتبیستووە بڵێم ئازارم هەیە، وازم لە کەسوکارم هێنا لە بەر تۆ، دەتگوت کوڕ، ئەوە شێرەیە. ئیتر نازانم بۆ بە ئەم ئاخری ژیانەم ماڵم لێ تێک دەدەیت؟ تەمەنم چواردە ساڵ بوو، تۆ سی ساڵ بووێت، نۆ دانە سکم بۆ کێشاویت.... تەمەنت شکور بە ٦٦ ساڵ گەیشتووە، پیاوەکە ... کچەکانت هەموو بە منداڵیی دا بەشوو نەتهێشت دوو جار بۆنیان پێوە بکەم ...

باوکی شێرکۆ یەکسەر کێشای بە دەمیدا و نەیهێشت زیاتر بڵێت و ئینجا بە لەقە تێی بەر بوو. گوێی نەدەدایە لەقەکانی بەر کوێی دەکەون. کاتێک ماندوو بوو لە سەر جەستەی وەستا و سینگی پێی لە سەر لاکەلەکەی دانابوو و پێیگوت:

- گوێ بگرە بەدفەسآڵ، خۆت دەزانیت سیان لە کچەکانم بە ژن بۆ خۆم داوە، دەبێت لە ئەم ساآڵدا هەر سێکیان بهێنم.

جەستەی دایکی شێرە لە ناو دۆزەخی ئازاردا ئاگری تێبەربووبوو و ئەندامەکانی جەستەی خۆیی دەبینی پارچە پارچە دەبرژان و دەکەوتنە خوارەوە. منداآڵەکانی تێکەڵ بە پارچەکان بووبوون، ئەوان بوون، پارچەی جەرگی بوون یاخود ئەندامەکانی جەستەی خۆی کە وا دەبرژان و لە تینی ئاگرەکەدا دەتووانەوە و دەکەوتنە خوارەوە.

باوکی شێرە لە بەر خۆیەوە لاسایی دەکردەوە و دەیگوت: "کوڕم پێت داوە. ئاخر شێرە کوڕە؟ شێرەشت لێ کردووم بە کوڕ؟"

دەبێت دادگا بڕیاری لە سەر بدات!

یەک هەفتە ڕابوورد ئەو دەنگوباسە نەک هەر نەدەڕەویەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕۆژ بە ڕۆژ گەرمتر دادەهات. سکاڵای پیاوان بە بارەگای پەرلەمان و وەزارەتگا و سەرۆکی دەوڵەت گەیشت. نوێنەری مزگەوتەکان و ڕێبازە مەزهەبیەکان بە تایبەتیی دیداری لەگەڵ بەرپرسان ئەنجام دا و لە پشت دەرگای داخراوەوە داوای سزای تووندیان دەکرد و ڕوو بە دەرەوەیش داوایان لە خەڵک دەکرد ئارام بگرن و دڵنیایان دەکردن کە خودا چارەسەری بۆ هەموو کێشەیەک داناوە. بەڵێ، چارەسەر هەیە، بێگومان هەیە، بەڵام مەرج نییە بە دڵی عەبدی بچکۆلە بێت. عەبدی بچکۆلە دەبێت گوێڕایەڵ و سوپاسمەندی فەرمایشتەکانی خودا و دەسەڵات بێت.

سەرۆکی حکومەت، بە ڕێنمایی لەگەڵ سەرۆککۆمار و جێگری سەرۆککۆمار و بە پشتبەستن بە هەموو ئەو فاکتانەی لە پەیج و لە کەناڵەتەلەڤیزیۆنەکان و لە ڕاپۆرتەکان و لێکۆڵینەوەکان و فتواکاندا، بڕیاری دەستگیرکردنی ئەو ژنەی دا. سەرۆکی حکومەت لە بەر ڕێزی سکاڵاکاران کە هەرە زۆرینەی گەل بوون و کە ژمارەیان میلیۆنان بوو، هەر بە "ئەو ژنە" ناوی پرشنگی دەبرد.

هەر پاش بڕیاری حکومەت هێندەی بڵێیت یەک و دوو دایان بە سەر ماڵی پرشنگ دا. سەرتاپای ئەو گەلە لە دەستوبرد و لە زیرەکیی و توانای زانیاریی "دەستگای پاراستن و ئاساییشی باڵای نەتەوە" سەرسام بووبوون. چۆن ئاوا بە ئاسانیی، هەر بە چەقەنەیەک، تووانیان ماڵی پرشنگ بدۆزنەوە؟ چۆن بە ئەو خێراییە ئەو کارەیان

کرد؟ ئەی ئایا بۆچی پرشنگ خۆی نەشاردبووەوە کاتێک دەیزانی هەموو نەتەوەکەی لە سەر پرسی بێشەرەفیی لێی تووڕەیە و بە ناپاکی دادەنێن؟

"کامە پرشنگ؟" هەندێکیان دەیانپرسی.

- کورە بابە خۆ سەد هەزار پرشنگیشمان هەبێت هەر یەک دانەیان داوای دە پیاو دەکات، خۆ عەیب و شوورەیی هەموومان بە لەشفرۆش لە دایک نەبووین. (دەنگێک بە تووڕەیی وەڵامی دەدایەوە).

تازە بە تازە شەڕی پاکستان و هیندوستان دەستی پێکرد بوو. هەڕەشەی بەکاربردنی چەکی ئەتۆمیی دەکرا. ڕووسیا و ئۆکرانیا، یان ڕاستتر زیلینسکی کە بە هەڵەدا نەچم بە ناڕەسمیی پادشای ئوروپایە و پوتینی سەرۆککۆماری هەمیشەیی ڕووس، هەر دووکیان بانگیان لە ئاشتی دەکرد و هاوکات یەکتریشیان بە ئەوە تاوانبار دەکرد کە کەسیان ئاگربەست ڕاناگەیەنێت. سەرۆک ترامپ هەر ساتە و قسەیەکی جیاوازیی دەکرد و ئەگەری ئەوە هەبوو لە پڕێکدا شوێنێک وێران ببێت، ئیسرائیل لەگەڵ لانی کەم دوو دەوڵەتی عەرەبیی و سێ دەوڵەتی ئیسلامیی لە شەڕدا بوو. فرۆکە جەنگیەکانی ئەمەریکا ئاسمانی یەمەنیان چۆڵ نەدەکرد و یەمەن سەد ساڵ بەرەو دوواوە گەڕابووەوە. بە هەر حاڵ، فیلەکان هەم سەمایان دەکرد و هەم لە شەڕدا بوون. تەپوتۆز و گرمەگرم و زرموهورێک بوو مەپرسن.

سەرەڕای ئەو دۆخە ئاڵۆز و ناسکە جیهانیی و ناوچەییە سەرتاپای ڕاگەیاندنەکانی عەرشی پەروەردگار، ئیتر بە تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ و جۆرەکانی سۆشیالمیدیاوە، داوای لێبووردنیان لە گەل دەکرد کە پەخشەکانی ڕاگەیاندن تەنها و تەنها بە ڕووماڵی ناوخۆییەوە خەریک

دەبن، چونکە پاسەکە پێوەندیی بە ئاساییشی نەتەوەیی وڵاتی عەرشی پەروەدگارەوە هەیە، باسەکە سەبارەت بە گەل و نیشتیمانە خۆشەویستەکەیانە کە لە مەترسیی گەورەدایە، بەتایبەتیی مەترسیی بێشەرەفبوون و بێڕەووشتبوون.

خەڵکە وەک گورگێکی هەژار و بەدبەختی برسیی دەیانلووراند و فرمێسکیان بە سەر شەرەفی شکاویاندا دەباراند. وەک منداڵێکی بووکەشووشە لێ فڕێندراو لە بەر خۆیانەوە هەر پرتەپرت و فینگەفینگ و تەتەتە و پەتەتەیان بوو. وشەکان وەک نانی گەرمی تازە لە تەندووردەرهێنراو ئەم دەست و ئەو دەستیان پێ دەکرا و بۆ یەکتر فڕێ دەدران. هەموو وشەیەک دەبوو بە دووپشکەوشەیەک و دەزا و کۆمەڵێک وردەوشە لە قاوخەخوراوەکەیەوە دەهاتنە دەرەوە و بە خێرایی بڵاو دەبوونەوە و پاش ماوەیەکی کورت ئەوانیش دەزان و دووپشکەوشەی نوێ بە خێرایی بە دەم باوە بڵاو دەبوونەوە.

باسەکە بە کورتیی ئەوە بوو کە شکۆ و شەرەف و شانازییان کەوتبووە بەر پێی ژنانێکی بێ حەیا و بێ ڕەچەڵەک. لەبەرئەوە سەرۆککۆمار ناچار بوو فەرمایش بکات کە بێڕەحمانە وەڵام بە دۆخەکە بدەنەوە.

ئیتر هەر ئەوەندە بوو.

وێنەی پەلاماردانی "هێزە تایبەتییە هەرە تایبەتییەکان" کە هەروەها "کۆماندۆی کۆماندۆکان"یشیان پێ دەگوتن، بۆ سەر ماڵی پرشنگ خولەک دووای خولەک نیشان دەدرا.

ئەو کۆماندۆی کۆماندۆانە وەک ئاسک بازیان دەدا. هەموو تا بنهەنگڵیان گوللە و تفەنگ و جلکوبەرگی زرێپۆش بوو و سەریان داپۆشرا بوو و هەر چاوەکانیان بە دەرەوە بوو. چواردەوری ماڵی

پرشنگ کۆماندۆی قەناس بەدەست دەورە درابوو. چەندین لۆری ئاگرکۆژێنەوە و ئەمبولانس و دوو ئوتومبێلی گەورەی خۆڵو خاشاک هەموو لە ئێرەوئەوێ وەستابوون.

هەندێک لە ڕۆژنامەوان و هەواڵنێرەکان ڕوونیان دەکردەوە کە ئوتومبێلی خۆڵەکە وەک هێمای پیس و پۆخڵی هێنرابوون. حکومەت دەیویست بەهایەکی هونەرییش بە دیوێکی ئەو ڕووداوە ناخۆشە بدات.

و پەیجە سێبەرەکان و ئەکاونتە هەزاربەهەزارەکان هەر هەموویان سوێندیان دەخوارد کە سەربەخۆن و فەرمان لە هیچ شوێنێک و لە هیچ کەسێک وەرناگرن و هەمووی لە سەر حیسابی خۆیانە.

دەیانگوت ڕێزی بێ پایان لە پرینسیپەکانی ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی ئازاد و ئازادیی ڕاگەیاندن و ئازادیی بەیان و ئازادیی دەربڕین و ئازادیی ڕەخنەگرتن و ئازادیی ڕوونکردنەوە و ئازادیی خۆپێشاندان و ئازادیی مانگرتن و ئازادیی داواکردن لە حکومەت نەتەوەکە، خاکەکە، سرووشتی خاکەکە، هەوای نیشتیمانەکەیان بە بەکتریای بێحەیایی و بێڕەووشتیی پیس بووبوون. ئەو بەکتریایە لە ئەو کاتەدا پرشنگ بوو.

کاتێک پرشنگیان هێنایە دەر هەر هێندەی گیسکێک دەبوو. ڕەنگە هۆی ئەوە بێت کە کۆماندۆکان زل و کەتە بوون. بە دووانیان پرشنگیان وەکو گۆزەیەکی ئاو بەرز کردبووەوە و ئەویش لە حەیبەت و لە ترسان هەر دوو لاقی خۆپی بۆ سەرەوە بۆ لای خۆی کۆکردبووەوە بە شێوەیەک کە بەر زەوی نەدەکەوت. یەک بەرماڵیش بە سەریا درابوو بۆ ئەوەی ڕووخساری دەرنەکەوێت.

بە پێی زۆرێک لە بڕگەکانی دەستوور بۆ مافی مرۆڤ گرینگ بوو کەسایەتیی پرشنگ، هەرچەندە بێ حەیا و بێ ڕەووشت و بێ ئەدەبیش بوو، بپارێزرێت. بە تایبەتیی بۆ ئەوەی لە ئەو جۆرە کەسانە بپارێزرێت کە عادەتەن ڕێز لە سەروەریی یاسا ناگرن.

ئافتاو وەکو هەموو تاکەکەسێکی ئەو گەلە لە ماڵەوە دانیشتبوو و لە دەنگوباسەکانی دەڕووانیی و گوێی لێیان دەگرت.

لە ئەم کەناڵەوە بازی دەدایە سەر ئەو کەناڵ. سەری لێ تێکچوو بوو. کێ دەڵێت باری تەندروستیی فیزکیی ئەو خانمە باشە یان لە ڕووی دەروونیی و مێشکییەوە تەندروست بێت؟

سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیران و هەموو وەزیرەکان و هەموو ئەندامانی پارلەمان و هەموو ئەهلی سیاسەت و پۆلیس و نوێنەرانی دەستگای پاراستن و ئاساییشی باڵای نەتەوە و تەنانەت شۆفێرەکانی ئەمبولانس و ئاگرکۆژێنەوە و ئەوانەی تر کە قسەیان لەگەڵ دەکرا، لە سەرەتادا دەیانگوت کاتیان نییە و نەیاندەویست وەڵام بدەنەوە، بەڵام کە ڕۆژنامەوانەکان تکایان لێ دەکردن ئیتر ئەوان، لە بەر ڕێزی دەستگاکانی ڕاگەیاندن و لەبەر خاتری خەڵک و لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتیی و خوێنی شەهیداندا، بە سەعات قسەیان دەکرد و خودا هەڵناگرێت هەتا نەوەستێندرانایە وازیان نەدەهێنا و هەر لە سەر باسەکە دەدووان.

هەر هەموویان یەک شتیان دەگوت: ژنەکە خراپ بوو. ژنەکە لە ڕووی ئاساییشی نەتەوەییەوە خراپ بوو.

خەڵکەکە دەیانگوت بە ڕاستیی گوێمان پێ نەدەدا ئەگەر گەورەترین زەرەری مادّیی لە هەموومان بدایە، چونکە پارە ئەوە ناهێنێت

هاوواڵاتییەکی بۆ نارەحەتیت بکەیت، بەڵام شەرەف شەرەفە، نەتەوەیەک بێ شەرەف بێت هیچ نرخێکی نییە، جا با ژێر زەمینی خاکەکەی هەمووی نەوت و گاز و ئاو و کانزای بە سوود بێت.

هەموو دەستگاکانی ڕاگەیاندن و پەیجەکان کە ناڕاستەوخۆ سەر بە کەس و لایەنێک بوون و ئازادیی پاراستنی ڕازی پەنهان دەگرن.

دەیانگوت کەی ئەوە پرسیارە سەرچاوەی پارەی تەلەڤیزیۆن و ئەو پەیجانەی ئەمانی پێ دەگەڕێت کوێیە. گاڵتەیان بە ئەو کەسانە دەهات کە ئەوەندە بێ ئەقڵن پرسیاری ئاوا سووک و گێلانە دەکەن. دەیانگوت ئەوەی گرینگە ئەوەیە ئەو پارانە لە بەرژەوەندی باڵای خەڵکدا خەرج دەکرێن. هەر خێرەومەندێک، جا با دەوڵەتە دەراوسێیەکیش بێت، دەیدات با بیدات کە بۆ پاراستنی شەرەف و ناموسە، جا تاکەکەسێکی لە خودابەترسی هاوواڵاتیی بێت یان دەوڵەتێکی دەراوسێ، کە یارمەتیی ئەمان دەدات، چ جیاوازیەکی هەیە؟

دەیانگوت هەی داد و بێداد، ئاخر ئازادیی لە سەر سەر و سەر چاومان، بەڵام ژنێک بۆ دە پیاو؟ دە دانە پیاو؟

ئاخر ئیتر ئەمە ئازادیی نییە. ئەمە زەرەری گەورە لە ئاسایشی نەتەوەیی دەدات. دەیانگوت تازە بە دە ساڵ و بە بیستیش قەرەبووی شەرەفی نیشتیمانییمان ناکەنەوە. ئیمکانی نییە. تازە گۆزە بووە بە سەد پارچەوە. ئەو ژنە دەبێت سزا بدرێت، سزای قورس بدرێت.

لە سەر ئەمە هەر یەکەی سزایەکی پێ باش بوو. یەکێک دەیگوت "شاربەدەر"، یەکێک دەیگوت "وڵاتبەدەر"، یەکێک دەیگوت "زیندانی هەتاهەتایی"، یەکێک دەیگوت" کورە با سەرەوخوار لە

ناوەڕاستی شاردا هەڵیبوواسین و وەکو مەڕ سەری ببڕین"، یەکێک دەیگوت "بە دە ساڵ زیندانییکردن دەبێت بە ژن، بەڵام بە پۆلیسەکان بڵێن چی لێ بکەن" و ئینجا قاقایەکی پێکەنینیشیان بۆ لێدەدا. یەکێک دەیگوت "کورە بابە خۆ کافرستان نییە، حەوت ساڵ سەروزیادیشە، بەڵام قەدەخەی شووکردنیشی لە سەر دابنرێت با ئەو خۆشیە نەچێژێت. با بزانێت چی لە کیس چووە". سزاکان هەمەجۆر و بەردەوام بوون.

یەکێک وەڵامی دەدایەوە "جا ئەگەر لە پێشدا بە سەد پیاو وای لێ نەکەن، چوازانێ چی لە کیس چووە؟ ها، حەوت برا.

بە ئەو نوکتەیە کابرا قریوە و پێکەنینی بە قاقای حەشاماتەکەی بۆ خۆی دەبردەوە.

بەڵام، خودا هەڵناگرێت، هەر هەموویان، جا ئیتر هەر کەس بووایە، هاوکات دەیانگوت "با دادگا بڕیاری لە سەر بدات". ئێمە هەر ڕای خۆمان دەڵێین. "کاکە خۆ نایخەنە بەر دەستی ئێمە تا بڕیاری لە سەر بدەین". یەکێک بە داخی گران و هەناسەی سارەوە دەیگوت: "کاتێک یاساسەروەر بێت گەل تاکێک پێڵاوە".

ئافتاو سەری لە باسەکە دەرنەدەچوو.

ئەم ڕووداوە هەر سوریالیست نەبوو، بەڵکو ڕەهەندەکانی سوریالیزمی تێپەڕاندبوو. مەرزی خەوەکانی تێکشکاندبوو، هەموو شتێک بووبوو بە خەون لە ناو خەوندا، هەموو شتێک لە نائەقڵیەتدا بە خەیاڵە ئەگەرییەکان ڕوون دەکرایەوە. ئافتاو دەیزانی شتێک هەڵەیە، بەڵام نەیدەزانی چییە. ئاخر کام ژن دەتووانێت و ڕێگا بە خۆی دەدات ئاوا بدوێت؟

ئافتاو لە پڕێکدا کەوتە ناو بەهۆشهاتنەوەیەکی بەرزتر و لە خۆیی پرسی: گریمان ژنێک بە ئەو شێوەیەش بدوێت چۆن دەبێت ئاوا وەڵام بدرێتەوە؟ ئایا ئەو ژنە یان هەر ژنێکی تر تووانای سەپاندنی خەیاڵەکانی خۆیی بە سەر کۆمەڵگادا هەیە؟

دۆخەکە شێوا بوو.

غەدرێکی گەورە لە کۆمەڵگا کرابوو. غەدری شەرەفشکێنی.

لەبەرئەوە کۆمەڵگا هەموو هەستابووە سەرپێ. کۆمەڵگا داوای دادی دەکرد و داوای دادی دادوەرانەی دەکرد و داوای تۆڵەی شەرەفشکێنیی و بێڕێزیی بە هەست و نەستی کۆمەڵگا دەکرد. داوای سزایەکی دەکرد کە جەستە بچووزێنێتەوە و هۆش لە یاد بکات و ملکەچبوونی هەتاهەتایی بسەپێنێت. بێگومان خەڵکەکە باوەڕیان بە یاساسەروەریی بوو. بێگومان یاسا دەبێت سەروەر بێت.

یەکێکیان هاواری کرد: "با یاسا سەروەر بێت، بەڵام گوی خواردووە لە چوارچێوەی شەریعەت دەردەچێت".

هەموو خەڵکەکە چەپڵەیان بۆ لێ دا و بە فیکەی ئافەرین و بە چەپڵەی براڤۆ ڕووبان تێکرد و دووپاتیان دەکردەوە:

"ئەو یاسایە گوی خواردووە کە لە چوارچێوەی شەریعەت دەردەچێت".

تەنانەت سەرۆککۆمار ئەو ڕستەیەی لە سەر لافیتەیەک نووسیەوە، بەڵام لە جیاتی وشەی گو تەنها سێ چوار خاڵی دانابوو، چونکە سەرۆککۆمار پیاوێکی ڕێزدار و بەتەربیەت و بەئەدەبی عەرشی پەروەردگار بوو و نەیدەویست وشەی وا دووپات بکاتەوە.

خەڵکی شاری فەیزوڵا و هەموو شارەکانی تر لە سەر ئاگری لە کیسدانی شەرەف بوون. لە سەر لێواری تیژی مەترسی کەوتن بۆ ناو بێشەرەفیی و بێکەرامەتیی چزە لە جەرگیان دەهات. شەرەف جەرگیان بوو. ئەمان جەرگیان سووتابوو. پرشنگ بوو جەرگی سووتاندبوون. فێنکییان پێویست بوو. فێنکایی بۆ سەر جەستە و بۆ سەر ڕۆحیان. ئەو قسەیەی کابرا بای وەشتی وشکەسانێک بوو، شەمانێکی بەختوولکە بوو.

هەموو بە یەک دەنگ لە دوای کابراوە هاواریان کرد: "با یاسا سەروەر بێت، بەڵام گوی خواردووە لە چوارچێوەی شەریعەت دەردەچێت".

حکومەت دیاری لە سەر دیاری بە خەڵک دەدا، بەڵام دادی زۆربەیانی نەدەدا و هەندێک کەس هەر داوایان لە سەرۆککۆمار دەکرد حوکمەتەکەیان بڕووخێنێت. هەندێک دەیانگوت ئەگەر یاسا لاببرێت و هەموو شتێک بە پێی شەریعەت بێت ئەمە هەر ڕووی نەدەدا و نەدەکەوتین بۆ ناو ئەم یاری مشک و پشیلەیە.

هەندێکی تر دەیانگوت کە کاتێک حەیا نەبوو، هەزار شەریعەت هیچی پێ ناکرێت. پرشنگ بێ حەیا بوو. حەیا قەترەیەکە کە تکا دەتکێت. قەترەکەی پرشنگ تکا بوو. ئیتر ئەم قسەوباسە ناپێویستانە چین.

هەندێک بە تەواوی تووڕە بوون و دەیانگوت دوو ڕۆژی تر منداڵەکانی هەموومان دەبن بە هاوجنسباز و بە بەر چاوی خۆمانەوە سوار یەک دەبن و نێرەکەرێک سوار خۆیان دەکەن و ناتوانین هیچ بڵێین.

نموونەیان دەهێنایەوە کە لە فلانە شوێن و فیسار شوێن کوڕان و کچانیان بینیووە نێرەکەر و گەماڵ و بەرانیان بە سەر خۆیاندا داوە.

لە ئەو ڕۆژەوە منداڵان گوێیان لە دایکوباوکی خۆیان نەگرتووە و بەلەسە بوون.

هەندێک خۆیان ئامادە دەکرد وڵات بەجێبهێڵن، دەیانگوت لە وڵاتی کافرەکان باشتر شەرەفیان دەپارێزرێت. هاوکات دەیانگوت یاساسەروەریی و سیکولاریزم و تەڕەماشی ئەوروپایی لە دەرەوەهێنراو بە کەڵکی ئەم کولتور و نەریتە نایەت کە لە خاوێن خاوێنترە و خاوێنستانی سەرزەمینە. خەڵک هەبوون باسی خێری چوون بۆ ئەوروپایان دەکرد و دەیانگوت برا هەر ژەمێک لە سەر ورگیان بلەوەڕێین خێری سەد لەیلەتولقەدری تیایە چونکە ئەوانە کافرن. هەم خۆمان ڕزگار دەکەین و هەم زەرەر لە ئەو بێدینانە دەدەین و هەم خێر بۆ خۆشمان دەبەینەوە. ئینجا پرسیاریان دەکرد: جا چی لە ئەوە باشترە؟

ئافتاو بە نارەحەتییەوە هەر بە دوای هەواڵی تازەدا دەگەڕا. دەپارایەوە، خودایە خەون بێت. خودایە بیکە بە خەونێک. خودایە بۆ تۆ چەقەنە لێدانێکیش نییە. خودایە هەڵمبستێنە و نیشانم بدە کە خەون بووە.

دایکی ئافتاو دەیزانی وڵات لە ناو دۆزەخێکدا دەسووتێت. لە تەنیشتی ئافتاو دانیشتبوو و هەر دەستی بە ڕان و بە کەلەکە و شانوملییدا دەهێنا. نازی کچەکەیی دەکێشا و لە دڵی خۆیدا بە قوربان و بە حەیران و بە میوانی دەبوو. زۆر نارەحەتی ئەو کچە شیرینەی بوو. خودایە هیچی بە سەردا نەهێنیت، هیچ حاڵی نەدەبوو بۆ ئەو خەڵکە وا ورژابوون.

لە پڕێکدا ئافتاو دەرگای حەوشەی ماڵی پرشنگی بینی کە هەواڵنێرەکان زوزوو نیشانیان دەدا و دەیانگوت نابێت کەس یاسا بشکێنێت و گرینگە کەرامەت و ئابڕووی خانەوادەی پرشنگ بپارێزرێت.

دەرگا و چواردەوری ماڵەکەیان نیشان دەدا و ژمارەی خانووەکەیشیان. چەند هەواڵنێرێک بە دەنگیش ژمارەکانی دەخوێندەوە.

لە ئەویادا بوو کە ئافتاو ڕەنگی دەرگاکەی بینی. ڕەنگێکی شینی کاڵ کە پڕ بوو لە وردە گوڵی زەردی پەڕە سپی، دروست هەروەک کراسەکەی ئەم کاتێک کە تەمەنی حەوت ساڵان بوو، ئەو کاتەی باوکی خستیە بەردەم کامێراکە و پەنجەی لە سەر دوگمەکە داگرت و وێنەیەکی چرکاند.

"بیکوژن" و "بیبڕن" و ....

هەروەک چۆن پرشنگیان لە ماڵەوە بۆ زیندان یان بەشی هێشتنەوە برد، کە وەکو گۆزەیەکیان بە قوڵفەکانی هەڵگرتبێت، هەڵیانگرتبوو، ئێستایش بە هەمان شێوە ئەملاولای باڵیان گرتبوو و ڕووەو بارەگای دادگا دەیان برد. تورەکەیەکیان کردبوو بە سەریدا کە هێندە گەورەبوو لە سەر شانی کۆبووبووەوە.

حکومەت دەترسا پرشنگ پێشینەیەکی تیرۆریستی هەبێت و ڕوونیان کردەوە کە گرینگە تورەکە لە سەر تیرۆریست بکرێت بە تایبەتیی بۆ ئەوەی شانە تیرۆریستەکانی تر فریای پلاندانان بۆ کاری تیرۆریستی نەکەون یان ئەم نەتوانێت بە چاو و دەم و لووت و دەست ئیشارەتیان پێ بکات و شتیان پێ بڵێت.

لە ژێر تووڕەکەکەوە ڕووخسارێکی بە پرسیار، ڕووخسارێکی بە گومان و نادڵنییا و ترساو، ڕووخسارێکی بێ مکیاج و بێ سووروسپیاوی ژاکاو، دوو چاوی ماندوو و لێو و لچی وشک هەڵهاتوو و لە بینایی دونیا پەنهان بوون.

دەریایەک لە خەڵک کە ڕەشی دەکردەوە لە بەر دەم دادگادا وێستابوون. بە دەیان و بیستان ئوتومبێلی پۆلیس و کۆماندۆ و ئاگرکوژێنەوە و ئەمبولانس و تاد وێستابوون.

هەموو وتافیان دەکێشا و هاواریان دەکرد کە "بیکوژن" و "بیبڕن" و "لە زیندانداا دایبڕێنن" و "هەتاهەتایە بیهێڵنەوە" و نەهێڵن ڕووناکیی خۆر ببینێت. هەندێکی تر هاواریان دەکرد کە "سەد پیاوی تێ بەر

بدەن" و هەندێک دەیانگوت"قوربانیی بێ پیاوییە" و لە ئێرەوئەوێش هەبوون کە هەر بە فیکە و جرت و هاوار و هوهاو و قریواندن خۆیان ڕازیی دەکرد.

پرشنگ هەر جار و بار دەیقریشکاند. ئەوە تەنها کاردانەوەیەکی بوو. خۆی قورس نەدەکرد وا کە ناچار بن پەلکێشی بکەن، خۆی ڕانەدەپسکاند، لە دەستیان هەڵ نەدەهات، جوێنی بە کەس نەدەدا، لە کەس تووڕە نەدەبوو، هاواری بە سەر کەسدا نەدەکرد، لە بەر تووڕەکەکە دیار نەبوو بەزەیی بە خۆیدا دێتەوە یان نا یان ڕووخساری شتێکی تری لێ بەیان بکات. هەر ئەوە بوو لە پڕێکدا دەیقریشکاند.

کاتێک لە سەر سەکۆی دادگا ڕایان گرت لە دەرەوە هاوار هاوارەکە یەک دەنگ و گەورە و گران بوو. دوو کۆماندۆ لە ئەملاوئەولایەوە وەستابوون چونکە نەیاندەزانی کاردانەوەی چۆن دەبێت. کابرای دادوەر ڕووخسارێکی گشتیی هەبوو. ڕووخساری هەر ئەوەی هەڵگرتبوو کە هەموو کەسێکی تر پێوەیەتی. ناوچاوان و دوو چاو و لوتێک و لێو و لچ و چەناگە و دوو گوێ و سەرێکی بێ موو. بە گشتیی لە کوندەپەپوویەکی بەپرسیار دەچوو.

لە پشتی کابرای دادوەرەوە نووسراوەیەکی گەورە وەکو تابلۆیەک لە سەر دیوارەکە نووسرابوو یان ڕاستتر کێشرا بوو. دیار بوو بە مانای ئەوە دەهات کە دادگا دادوەرانە داد بدات و دادپەروەر بێت. تابلۆکە زۆر جوان کێشرابوو، دیار بوو کە دەوڵەت بە دڵەوە بیری لە دادوەرپی کردبووەوە.

سکرتێری دادوەر کچێکی گەنجی جوانکیلە بوو. هێندەی سووراوسپیاو لە خۆی هەڵسیوبوو و ماکیاجی کردبوو کە ڕووخساری خۆی دیار نەمابوو. لێوی لە چاو ڕووخساریدا زۆر ئەستوور بوو و زۆریش ڕووی

لە پێشەوە کردبوو. برژانگەکانی چاوی لە کۆمەڵێک ڕمیان دەکرد کە سەرەبەرەوخوار هەڵپەسێردرابن و بە ئاستەم بۆی بەرز دەکرانەوە. نینۆکەکانی پەنجەی درێژ و ساف و ڕەنگاوڕەنگ بوون، دیاربوون پلاستیکی عادیی نەبوون. سێ چوار ملوانکەی لە مووری گەورە و قورس و مێخەکی تێکەڵاو بە زەنگیانە بە ملیادا شۆڕبووبوونەوە.

بە ئەو تلیلەوبیلیلانەوە لە فرۆشیارێکی وردەواڵەفرۆشی گەڕیدەی نەکردە دەچوو، بەڵام کچێکی ئاقڵ بوو، دەیزانی کەیسەکە گەورەیە و دەیزانی لە شوێنێکدا دەردەکەوێت و دەیویست بیکات بە هەڵێک کە پیاوێک نەزەری لە سەری دابکوتێت و داوای هاوسەرگیریی لێ بکات.

سکرتێرخانم هەمیشە خەیاڵی دەکردەوە کە ماڵی خەزووران و خەسووی کێشەیان زۆر دەبێت و ئەم لای دادوەرەکان سەردانەکانیان بۆ پێش دەخات و بە ئەو شێوەیە دەبێت بە بووکی شیرین و خۆشەویستیان. حەزی دەکرد یەکێک لە ناو ئەو هەموو پیاوە باشانەدا کە وتافیان دەکێشا و جوێنیان بە پرشنگ دەدات ببێت بە نسیبی. ئەم هەرگیز نەیدەویست لە پرشنگ بچێت. پرشنگ بێ حەیا بوو. ئەم بە حەیا بوو. ئێستا لە ناو ئەو هۆڵەی دادگادا یاسا کەوتبووە بەینیانەوە. ئەو یاسا بەئەژماردانەی بۆ ئەوە دانرابوون دادوەرێی لە ناو کۆمەڵگادا ڕێک بخەن. تەنانەت ئەو یاسایانەی نەبینراوبوون، بەڵام هەبوون و کاریان پێ دەکرا.

ئێستا ئەو یاسایانە وەکو کورسی و مێزی هۆڵەکە بەرجەستە بوون و لە نێوان کچێکی بێ حەیا و کچێکی بە حەیای شاری فەیزوڵادا بووبوون بە پەرژین.

پرشنگ ڕاوەستابوو و بێدەنگ لە کابرای دادوەری دەڕووانی.

- کچەکەم، دەزانی بۆچی لە ئێرەدا وەستاویت؟

پرشنگ لە ژێر تورەکەکەوە هەر دەیڕوانیی و بەس. هۆڵەکە و دادوەری لە شێوەی سێبەرێکدا دەبینی و بێگومان نەیدەزانی کچێکی شارەکەی بەرامبەریەتی کە بیر لە بێحەیایی ئەم و بەحەیایی خۆی دەکاتەوە. وەڵامی دادوەری نەدایەوە. لە ناو تورەکەکەدا لە سەرخۆ چاوەکانی دەگێڕا.

پارێزەرێک، پیاوێکی کورتەباڵای خڕیلە کە مێزێکی چەرخداریی پێش خۆی دابوو، لە دەرگای هۆڵەکەوە هاتە ژوورەوە.

سەروبنی مێزەکە کە سێ قات بوو کە بە پڕیی دۆسیەیان لە سەر هەڵچنرابوو. هەموو جوان فایل کرابوون و لە سەر یەک دانرابوون. پارێزەر بە نێوان دادوەر و سکرتێرەکەی گەیشت و ڕاوەستا.

دادەور لێی پرسی:

- ئەمە چییە؟
- قوربان ئەو سکاڵا و شکایەتانەن کە لە ئەم خان.... ویستی بڵێ "خانم" گەڕاندیەوە. سەیرێکی پرشنگی کرد و ڕستەکەی تەواو کرد: کە لە ئەم بەرێزە کراون.

پارێزەرەکە دڵی خۆش بوو تورەکەکە ڕووخساری پرشنگی شاردبووە و لە دڵی خۆیدا دەیگوت دەبێت چ ژنێکی ناشیرین بێت، ڕەنگە شاخی لێ ڕووابێت، ڕەنگە لوتی بە قەدەر مۆزێک ببێت...
کابرای دادوەر لە مێزەکەی ڕووانی. باری پیکئابێک فایلی لە سەر بوو. دانغەی پارێزەری هەڵووەشاندەوە:

- ئەمە، هەمووی؟ هەر بە ئەم چەند ڕۆژە؟
- بەڵێ قوربان، پێم وایە هەزار و چەند سەدێک پارێزەر لە سەر کەیسەکە کار دەکەن. لە یەک دوو وڵاتی دەراوسێیەوە هەم وەکو خێر و هەم بە پارە، پارێزەری تر هاتوون تا هاوکاریی کەیسەکە بکەن.

خانمەسکرتێری دادوەر هەستایە سەرپێ و بە ئاستەم خۆی چەماندەوە و دەستی بۆ فایلێک درێژ کرد کە لە سەری سەرەوە بوو. لە ئەو بارەدا کە وەستابوو، هەروەک دەرزی لە سمتی بدرێت، کەمێک پشووی بە لەشی دا. سمتی ڕووەو کابرای دادوەر و ڕووخساری ڕووەو پارێزەرەکە، هەروەکو وێنەیەک بێت، لە چەند چرکەساتێکدا لە ناو دونیای فانییدا ڕاگرت. دادوەر و پارێزەر هەردووکیان ناچار بوون وەکو چاوشارکێ بکەن کەللەی سەریان بە ئەم دیوی سکرتێرەکەدا لار بکەنەوە تا بتووانن یەکتر ببینن.

- باشە، کێ پارێزەری ....

دادوەر ناوی پرشنگی نەدەزانی. لە بەردەمی خۆیدا یەک دوو پارچە کاخەزی ئەم دیواوئەودیو کرد، بەڵێ، ناوی سیانی پرشنگی خوێندەوە. باشە، کێ پارێزەری پرشنگ پیرخزر زیندەیە؟ کوا، بۆ نەهاتووە؟

- قوربان پارێزەری نییە، کەس نایەوێت ببێت بە پارێزەری.
- چۆن شتی وا دەبێت؟ کابرای دادوەر ئاوورێکی بۆ سەر نووسراوەی سەر دیوارەکەی پشتی دایەوە. ئەو نووسراوەیەی بە هەزاران جار خودنائاگا خوێندبوویەوە. ئەو نووسراوەیەی لە یەکەم ڕۆژانی دادوەرییدا لەگەڵیدا بۆ هەموو شوێنێک دەڕۆیشت و قورساییەکی خۆشی دەخستە سەر شانی.

- وەڵا بووە قوربان. کەس نایەوێت پارێزگاریی لێ بکات و ببێت بە پارێزەری. وامزانی زانیووتە، قوربان. سەندیکای پارێزەرانیش بە کۆی دەنگ بڕیاریان داوە.

کابرای دادوەر سەیرێکی یەکەم فایلی کرد کە سکرتێرەکەی بە مەچەکی پڕ بازینگ و نینۆکە درێژە ڕەنگاوڕەنگەکانییەوە هەر ئاوا لە نێوان دوو سێ پەنجەی دا گرتبووی و دابوویە دەستی. دادوەر بە سینگی پەنجەی دۆشاومژەی بە سەر پەڕەکاندا لە سەرەوە ڕووەو خوارەوە و دەڕۆیشت و ئینجا بە زمان سینگی پەنجەیی تەڕ کرد و پەڕەی یەکەمی هەڵ دایەوە.
ئەو فایلە ژمارەی کەیسەکانی تێدا بوو. لەبەر خۆیەوە هەر شکایەتەکانی دەژمارد.

پرشنگ شەرەفی هەموو عەرشی پەروەردگاری شکاندبوو.

ئاوا چەند پەڕەیەکی هەڵ دایەوە و سەیرێکی شاخە فایلەکەی کرد:

- من ناتوانم لە ئەم کەیسەدا بڕیار بدەم.

هەر ئەوەندەی گوت و هەستایە سەرپێ، ڕووی لە کۆماندۆکان کرد و هەر بە ئاماژەی سەر پێی گوتن کە لە دادگا دووری بخەنەوە. نە ناوی پرشنگی هێنا و نە ئاماژەی بۆ کرد. زیاتر لە تووڕەکەیەکی سەربەرەوخوار هیچی تری نەدەبینی. ئینجا هەر لە شوێنی خۆیدا کەمێک وەرچەرخا و هۆڵی دادگای بەجێهێشت.

کۆماندۆکان پەلی پرشنگیان گرت و دیسانەوە وەکو گۆزەیەک بێت هەڵیان گرت و بردیان.

خەڵکەکە لە دەرەوە بێ ئۆقرە چاوەڕوانی بڕیارێکی دادوەرانەیان دەکرد. لە پڕێکدا هاواریان لێ هەستا و کردیان بە هووهووهوویەک هەموو شارەکە دەنگی دەدایەوە. هووهووهووی خەڵکەکە بە سەر هەموو دەنگێکی شاردا زاڵ بوو، تەنانەت تەپوتۆز وخۆڵبارینەکەیشی وەژێر خۆی نابوو.

حەشاماتەکە بیستبوویانەوە کە دادوەر گوتبووی "پرشنگ بێ گوناهە و من بڕیاری سزا نادەم".

ئەوەیشیان بیستبووەوە کە بە کچی خۆی ناوی بردبوو و کە پێی گوتبوو نەترسێت و کە دڵنیای کردبووەوە یاسا لە هەموو شتێک سەروەرترە.

حەشاماتەکە دەیانگوت ئەگەر دادوەر بێقیمەت نەبێت بە کچی خۆی ناوی نابات، ئەو کێیە کە پێی بڵێت نەترسێت؟ دەیانگوت با بترسێت، با زیرە بکات.

هەندێک کەس حەشاماتەکەیان دەکرد بە جەماوەری خۆیان و پرسیاریان لێدەکردن و دەیانگوت: یانی چی یاسا لە هەموو شتێک سەروەرترە، یانی لە خوا گیانیش؟

سکرتێری دادوەر یەک دوو فایلی بە سینگیەوە گرتبوو و لە بەر دەم کامێراکانەوە بەرەو چەپ و ڕاست دەڕۆیشت و لە پڕێکدا لە ناوەڕاستیاندا دەوەستا و بەشێک لە قژی بە ئەملا یان بە ئەولادا هەڵ دەدا و سەری بە لای فایلەکاندا کە بە دەست لە سەر سینگی خۆی ڕایگرتبوون، خوار دەکردەوە.

هەڕەشە و گوڕەشەی وا لێکردن و وا پێکردن دڕ بە کابرای دادوەر لە ناو حەشاماتەکەوە بەرز بووەوە. دەیانگوت دادوەریان بینیووە کە

شەوانە لە خانەی لەشفرۆشان هاتووەتە دەرەوە. هەندێک دەیانگوت کە تا ئێستا دەیان هاوجنسبازی ئازاد کردووە چونکە کورێکی خۆی هاوجنسبازە. یەکێکی تر دەیگوت "من یەک جاریش ئەم سەگبابەم لە مزگەوت نەبینیووە". وێنەیەکی کورێ و کچەکەیان بە فۆتۆشۆپ لە یەک نزیککردبووە و ئینجا دەیانگوت "جا تو شەرەف چ برایەک ئاوا دەستلەملانی خوشکی خۆی دەبێت؟ ها".

حکومەت ناچار بوو بە مەبەستی پاراستنی خەڵکەکە و پاراستنی بینای دادگا دوو ئەوەندەی تر کۆماندۆ و پۆلیس و هێزێکی زۆر زۆر لە هێزە تایبەتە نهێنییە سڤیلەکان ڕەوانەی دادگا بکات. لە چواردەوری دادگا دەریایەک لە مرۆڤ شەپۆلی دەدا. هاتوهاوارەکە زێدەتر دەبوو. هەڕەشەکان لە دادوەر و لە حکومەت و لە دامودەستگاکانی حکومەت پەرەیان دەستاند.

هەر ئاوا دوو سەعاتێکی برد کە وەفدێکی باڵای حکومەت کە بە هەلیکۆپتەر هاتبوون لە ناو دادگادا نیشتنەوە. هەموو چاکەت و پانتۆڵ لەبەر و پاک و تەمیز و پۆشتە و پەرداخ ڕووەو ژووری دادوەر بە ڕێ کەوتن.

لە ژێر هەراوهوریا و نارەزایی خەڵکدا کە سەرتاپای وڵاتی تەنیبووەوە سەرۆککۆمار ناچار بوو پەخشێکی تایبەتیی پێشکەش بە گەلەکەی بکات. لە جلوبەرگێکی چاکەت و پانتۆڵی تا بڵێی شیک و نوێدا، بە ڕووخسار و جەستەی تازە شۆردراو و تازە مەساژکراوەوە وەدەرکەوت.

لە چاوپێکەوتنێکی پێنج دەقیقەییدا هەموو گەلە بە شەرەف و بە کەرامەتەکەی خۆیی دڵنیا کردەوە کە شەرەفی گەل شەرەفی خۆیەتیی و کە ترسی گەل ترسی ئەمیشە و کە ئەم پێش گەل تووڕە بووە و پێش گەل داوای لێپێچینەوە و سزای کردووە، بەڵام ... (ئا لە ئێرەدا سەری

هەڵبڕی و جوان جوان لە ناو چاوی کامێراکەی ڕووانیی و ئینجا بە ددان کرۆشتنەوە کە چاوەکانی لەگەڵدا کز دەکردن و گوێی قوتتر دەکرد، بە شێوەیەک کە لە وێنەی پڵنگی سەر بەتانی دەکرد، بەردەوام بوو)، بەڵام ... بەڵام هەموو شتێک دەبێت لە چوارچێوەی یاسا دا بکرێت و یاسا سەروەر بێت. پێی گوتن خەڵکینە تۆزێک لە ئەوەپێش لەگەڵ جەنابی دادوەر قسەم کرد. جەنابی دادوەر دڵنیای کردمەوە کە هەموو شتێک هەم بە دڵی ئێوە و هەم بە دڵی یاسا و هەم بە دڵی تاوانبارەکە و هەم بە پێی ویستی خودا دەبێت. هەیئەتێکیشم ناردووە، هەر ئێستا کە من ئەم قسانە دەکەم، ئەوان لەگەڵ جەنابی دادوەر دانیشتوون و نیگەرانیی من و ئێوەیشی تێ دەگەیەنن.

سەرۆککۆمار ئەوەندی گوت و هەموو میللەتی بە خودای گەورە سپارد و کامێراکان کوژانەوە.

هاوار و هووهووهووی دڵخۆشانەی خەڵک دانەدەمرکایەوە. هەموو بە یەک دەنگ هاواریان دەکرد: خۆشمژدە بێت سەرۆک!

پاش دیدارێکی کورت لە ژووری داخراودا کابرای دادوەر و هەر پێنج نوێنەرەکەی حکومەت پێکەوە هاتنە دەرەوە و لە سەر بانی دادگاوە ڕووبەڕووی خەڵکەکە وەستان. پێشتر ڕێگایان بە ڕاگەیاندنەکان دابوو کە لە ئەوێ کۆببنەوە و چاوەڕوریان بە کۆماندۆی مەشقپێکراو پارێزرابوو.

کابرای دادوەر ئحەیەکی بە گەرووی کرد و ویستی بدوێت، بەڵام هووهووهوو و فیکەفیکی خەڵکەکە لە دەنگی بڵندگۆکان بەرزتر بوون.

یەکێک لە پیاوەکانی وەفدەکە هاتە پێشەوە و سەری بۆ لای مایکرفۆنی دادوەر نزیک کردەوە و بانگی خەڵکەکەی کرد کە واز لە جەنابی ڕێزدار دادوەر بهێنن با بدوێت. خەڵکەکە بێ دەنگ بوون.

کابرای دادوەر لە دەریای حەشاماتەکەی دەڕووانی، ڕەشاوەیەک بوو وا چووبوون بە ناو یەکدا کە مرۆڤ دەیتووانی لە سەر سەریان سەما بکات.

- بەڕێزان، خوشک و برایانم

هەموو هاواریان لێ هەستا. خوشکی تیا نییە، خوشکمان نەهێناوە، نەمانهێشت خوشکەکانمان بێن. هەر پیاوانین. واز لە ژنەکانمان بهێنن. مەیانکەن بە پرشنگ، ژنەکانمان تێ بەرمەدەن!

دادوەر شێوەی دەنگ و وشەکانی گۆڕی:

- بەڕێزان، پیاوماقوولانی وڵات. دەزانم بۆ گەلی خۆتان بە پەرۆشن و داوای داد دەکەن....

هووهووهوو و فیکەلێدانی تووڕەی خەڵکەکە دووبارە قسەکەیان پێ بڕی: داوای داد ناکەین، داوای سزا دەکەین! داوای سزا دەکەین! سزا دادە، داد سزایە!

بە سەدان هەزار کەس هاواریان دەکرد: داوای سزا دەکەین. سزا دادە، داد سزایە!

- بەڕێزان، پیاوماقوولانی وڵات، بێچووەشێرەکانی عەرشی پەروەردگار، ئەی ئەو پیاوانەی لە هەموو پیاوەکانی ئەم دونیایە پیاوترن، ئەی هەرە مەردەکانی سەر زەمین، ئەگەر بڵێم شکایەت و سکاڵاکان لە سەر ئەو ژنە بە هەزارانن ڕەنگە

کەمم گوتبێت. ئەگەر بێت و من تەنیا بە دە ساڵ بڕیاری سزا بدەم یانی چی؟ یانی ئەوەی کە من بە سەدان و بگرە بە هەزاران سکاڵا و شکایەتی ئێوەم لە ژێر پێم ناوە. لەبەرئەوە ڕێگام بدەم لە هەفتەیەکدا هەموو ئەو فایلانە بخوێنمەوە تا بتووانم بەکۆی سزادانەکان بگەم. وا بزانم ئێوەیش هەر ئەوە مەبەستتانە، بەڵام بیرتان لێ نەکردووەتەوە.

حەشاماتەکە پڕ بە گەرووی خۆیان وەڵامیان دایەوە:

- بژی دادوەر، بژی دادوەر، ئاقڵە دادوەر، لە خۆمانە دادوەر.

یەکێک هاواری دەکرد:

نەوەڵا بیرمان لێ نەکردووەتەوە. بیانخەرە سەر یەک. بە سەد ساڵ ڕازین!

سەدای خەڵکەکە شاری فەیزوڵای لە بنەوە ڕادەتەکاند. دەنگەکە هێندە باڵادەست بوو هیچ مەلێک نەیدەتووانی بە ئاسماندا باڵ لێ بدات.

حەشاماتەکە بە چەپڵەڕێزان و فیکەی ئافەرین دادوەر و وەفدەکەیان بەڕێ کرد.

دادوەر بە هەیئەتەکەی گوت لە ماوەی هەفتەیەکدا هەموو شکایەتەکان دەخوێنێتەوە و پشت بە خودا دادێکی ماقووڵ دەدات کە هەم خودای گەورە و هەم خەڵکەکە و هەم حکومەت پێی ڕازی بن و هەم جەنابی سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیران و ئەوانی تریش و هەم پرشنگیش پێی ڕازی بێت و مەغدور نەکرێت.

ئافتاو و شێرە و باقی دانیشتووانی وڵات هەر یەکەی لە شوێنی خۆیەوە ئاگایان لە ڕووداوەکان بوو.

پرشنگ زۆری پێ خۆش بوو لە زیندانیشدا ئەو تورەکەیەی هەر لە سەردا بێت.

زۆر پێی خۆش بوو دونیا و چوارەدەوری تەنها وەک تارماییەکی تەنک دەبینی، بەڵام پۆلیسەکانی زیندان تورەکەکەیان پێ نە دەدا تا لە سەری بکات.

خۆ زۆریان حەز دەکرد سەر و ڕووخساری پرشنگ نەبینن، بەڵام لە ناو خۆیاندا کۆبوونەوەیەکیان لە سەر کرد و سەرئەنجام گوتیان "مادام دەڵەقۆڕە خۆی پێی خۆشە با نەهێڵین لە سەری بکات".

ئەو ڕۆژە دوو مەل دوور فڕین

ئافتاو لە ماڵەوە بوو. لە کەناڵە بێئەژمارەدەکانی تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆکانەوە بینەر و گوێبیستی هەواڵەکان بوو. دەنگی حەشامات‌کە وەک بوومەلەرزە زەویەکەی ڕادەتەکاند. پرسی شەرەفی هاوبەش وەک دەستکە کەوەرێک هەموویانی پێکەوە پێچابووەوە. خەڵکەکە هێندە بە ناو یەکدا چووبوون و خۆیان لەیەکتر هەڵسیوویبوو بووبوون بە یەک ڕووخسار و یەک جەستە. شەرەف و ئابڕوو بەرگێکی گەورە بوو هەموویان چووبوونە ناوی. پێکەوە یەک پارچە شەرەف و ئابڕوو بوون.

ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی ڕووناکی سەرەتای بەهار بوو، بەڵام لێڵ و تۆزاوی و گەرم بوو، وشەی "قەحبە" و "بەرەڵا" و "دە پیاوی تێ بەردەن" و شتی تر بەرەو کەشکەڵانی فەلەک بەرز دەبوونەوە و چنگیان لە عەرشی خودا گیر دەکرد و داوای دادیان دەکرد. داوای تۆڵەیان بۆ بریندارباوونی شەرەفیان دەکرد، داوای تۆڵەیان بۆ ئەو ناڕەحەتکردنەی هەست و ویژدانیان دەکرد. داوایان دەکرد خودا تۆڵەیەکی وایان بۆ بستێنێت تۆفانی نوح دووبارە هەڵبستێتەوە. داوای سزایان دەکرد، سزایەک کە لە مێژوودا بگێڕدرێتەوە.

ئافتاو بیری دەکردەوە: ئەو ڕۆژە چیم گوت؟ ئایا شتێکی زۆر خراپم گوت؟

ئافتاو بیری تێژ بوو، شتی لە بیر نەدەچووەوە. یەک بە یەک وشەکانی لە بیر بوون. نا، وشەکان خراپ نەبوون، ڕستەکان خراپ نەبوون. هەمووی لە بەرژەوەندیی گشتییدا بوون، لە بەرژەوەندیی تاکەکەس و

خێزان و خەڵکەکەدا بوون، مەگەر کەسێک هەر زۆر خراپ دواکەوتووبێت بە ئەو جۆرە وشانە ناڕەحەت بێت.

پرسیارەکانی زۆر بوون: پرشنگ کێیە؟

بۆ لە ئەوە پێش نەیناسیووە؟

تۆ بڵێیت ئەو پرشنگە ئەو قسانەی کردبێت؟ بێگومان قسەی وای نەکردووە، کامە ژن قسەیەکی وا دەکات؟

لە خۆی دەپرسی ئەی ئایا بۆچی ئەو چاوپێکەوتنە لەگەڵ ئەمدا لابرا، بۆ دانەنرا؟ سەرچاوەی ئەو قسانەی پرشنگ کردوونی کوێیە؟ ئایا پرشنگ بۆ چەند دەستگای ڕاگەیاندن دوواوە؟

دایکی ئافتاو بە ناو ماڵەکەدا دەهات و دەچوو. ئەو ماڵەی بە زیندوویەتیی هاتبووە ناوی و بە مردووی لێی دەچێتە دەرەوە. لە ناو هێمنیی و لەسەرخۆییەکەیدا یەک دەریا لە هەستی ترس و نیگەرانیی شەپۆلیان دەدا کە بەرەو ڕِشانەوە و ڕۆخی کەوتن دەیانبرد. ڕەنگی زەرد دادەهات و بە هەر شێوەیەک بیتووانیایە و فریا بکەوتایە زوو ڕووی ڕووەو دیوارێک وەردەگێڕا بۆ ئەوەی ڕووخساری دەردەدارەکەی پەردە لە سەر ڕووی هەڵنەماڵێت.

یەکێک لە ئەو ژنانەی وڵات بوو کە ناوی "خەرمان" بوو. خەرمان، ژنێکی ڕووخۆشی ئارام و هێمن بوو، وەک سەرەتای پارچە سیمفۆنیایەک کە خۆشەویستیی دەربڕێت، دەبزووا. فۆرمێکی سۆنات بوو، گورج و خۆشڕەو و ڕوون بوو کە پاشان وەک بەشی دووی سەمفۆنیاکە هێمن و ئارامڕەو دەبوو. پەلەی نەبوو، لە هەنگاوەکانیدا دیار بوو دەیزانی بە ئەوە دەگات کە دەیەوێت.

هەموو ژیانی خەرمان هەر خەفەت بوو، هەر ترس بوو، هەر دڵەڕاوکێ و خەم بوو، هەر نیگەرانیی هات و نەهاتی لە پڕ بوو، هەر چاوەچاوی کەوتن و نەهەستانەوەیەک بوو. هەموو ژیانی، دڵی کە هێندەی مشتی دەبوو، لە مستییدا بوو. هەموو ژیانی چاو لە ئاسۆیەکی نادیار و ڕوو لە تراویلکەیەک ڕۆژی بەرەو قوواڵایی شەو درێژ دەکردەوە.

خەرمان دەیزانی ئافتاوی کچی شتێکی لێ بە سەر دێت. ئافتاوە خۆشەویستەکەی. دەیزانی کچەکەی دەکوژن. دەیزانی خراپی دەکوژن. دەیزانی وای دەکوژن پارچەی گەورەی لە دەستێکدا هەڵبگیرێت.

دەیزانی بە دەم ئازارەوە دەیکوژن. دەیزانی پێش ئەوەی بیکوژن شتی خراپی بە سەر دەهێنن.

ترسەکە لە سەر دڵی هێندە زۆر دەبوو و شەپۆلی دەدا کە بە دەم ڕۆیشتنەوە هێڵنجی دەهاتێ. ئیتر فریا نەدەکەوت ڕوو لە دیوارێک بکات. ترس بوو بوو بە وشکەستانێک و لە گەرووییەوە ئاڵا بوو.

دەیزانی شتێک بە سەر ئافتاودا دێت، بەڵام چی؟

لە هەموو ژیانیدا یەک جار، یەک دانە جار باوکی ئافتاو گوێی لێ گرتبوو. لە هەموو ژیانیدا یەک جار، یەک دانە جار باوکی ئافتاو بە قسەی کردوو. ئەویش ئەو کاتە بوو کە بە هەمان نەرم و نیانی خۆی، بە هەمان گەرمیی و سۆزی دڵییەوە و کە تازە لە هەڕەتی جوانیی خۆیدا بوو و وەک کێوێک بەهێز و وەک ئەو گوریسانە جێڕ بوو کە باوکی دەیهۆنینەوە و ڕایدەکێشان و هەڵیدەخستن، دەستی خستنە ناو لەپی دەستی باوکی ئافتاو، کە تازە مێردی بوو و دەیزانی دووا مێردیشی دەبێت و پێیگوت "حەز دەکەم ناوی بنێین ئافتاو".

ئافتاو ناوی دایکی دایکی بوو. ناوی نەنکی خەرمان. ئافتاو ئەو ژنە بوو کە خەرمان هەمیشە باسی دەکرد، هەروەک دایکی و ڕەنگە لە ئەویش خۆشەویستر. هەروەک خۆی دەیگوت تەنیا سێ مرۆڤ لە ژیانیدا هەن، نەنە ئافتاو و دایکی و بێگومان ئافتاوی کچیشی. ئەرێ، ئەوانەی تریش. ئینجا دەستی بە پێکەنین دەکرد و دەیزانی سەر لە خۆی تێک دەدات و بە دەنگێکی هۆشیارەوە دەیگوت "کچێ ڕەزیلی لە خۆشەویستییدا ناکرێت، هەتا دەتوانی هەر بیدەی باشە".

ئافتاوی کچی ئەو خۆرە بوو کە لە ئاسمانە بەرینەکەیدا دەدرەوشایەوە. ئەو خۆرەی کە لە شێوەی نەنکی و کچەکەیدا، لە شێوەی دروستکار و پارچەیەک لە جگەرییدا، بە ئاسمانی ژیانییەوە دەدرەوشایەوە. ئەو کچەی باوەشی بە مێژووی بەشێک لە ئەو ژنایەتییەی خێزانەکەدا دەکرد کە ئەم بەلایەوە گرینگ بوو. ئێستا ئێسکەکانی ئافتاوی نەنکی لە ژێر خاکدا تووابوونەوە و لەگەڵ خاک ئاوێتە بووبوون، لە ئەوە تێ دەگەیشت، بەڵام ئەی ئافتاوی جگەرگۆشەی.

ئەو ئافتاوە ڕووخۆشە نەرم ونیانە ئارامە، ئەو ئافتاوە گەرم و گوڕە بە بەزەییە بەهەستە کە هەرچی خەسڵەتی باشی ژنانی بڕبڕەکەی تیادا ژیابووەوە، ئەو چی؟ ئەو بۆچی ئازار دەدرێت؟ لە سەر چی دەکوژرێت؟

خەرمان ئیتر نەیدەتووانی خۆی بە پێوە ڕابگرێت. هات و لە سەر ئەو تاکە قەنەفەیە دانیشت کە ڕوواو ڕووی دەرگای حەوشە بوو. ئەوە شێوەی ناو مااڵنی ئەو مەملەکەتە بوو. ژوورێکی میوان کە ڕوو بە دەرگای حەوشە بوو. پەنجەرە و دەرگا ڕوو لە حەوشە. لە ناوەوەدا تەلەڤیزیۆنێک، مێزێکی تەلەڤیزیۆن، دەستێک یان دوو سێ تاک

قەنەفە، ئەگەر زستان بووایە زۆپایەک و هاوینانیش کونەبۆریەکی گەورەی موبەریدە، فەرشی سەر ئەرز و یەک دوو وێنەی هەڵواسراو و یەک دوو تەپڵەک بۆ دانانی چایی و سووکە شیرینییەک.

وەک ئەوەی هەمان وەستا دروستی کردبن کە قەفەسی باڵندە دروست دەکات، شوڵکەکانی بۆ هەتاهەتایە چەماونەتەوە. ئەو شوڵکانەی بۆ هەتاهەتایە چوون بە ناو یەکدا و زیکزاک و بە ناویەکدا چوو هۆنراونەتەوە، هەمان گومەز هەر ئەوەک ئەوەی بزانن و دڵنیا بن کە باڵندەیەک پێی جوانە یان پێی دڵخۆش دەبێت، هەمان بەین کە ئیتر باڵندەیەک بزانێت و دڵنیا بێت کە تەنها بە مردووپی دەتوانێت بە ناو ئەو میلەشوڵکانەدا بچێتە دەرەوە. هەمان جۆلانە، تەلێکی باریکی ڕەق، هەروەک بزانرێت کە جۆلانە بۆ باڵندە لە خۆراک و ئاو پێویستترە.

خەرمان کە باری خەفەت و ترس لە سەر دڵی نیشتبوو، لە سەر قەنەفەکە دانیشت. قەنەفەکە پاک و تەمیز، پارچەیەکی خاوێنی بە سەردا درابوو. پارچەیەکی ڕەنگ شینی کاڵ، پڕ پڕ لە وردەگوڵی ڕەنگ زەردی پەڕە سپی. لە ئەو شوێنەی خۆیەوە لە دەرگای حەوشەی دەڕووانی. بیری دەکردەوە. ڕۆژێک لە ئەو دەرگایەوە دێنە ژوورەوە و ئافتاوەکەی دەکوژن. لە شوێنی خۆیدا کە دانیشتبوو ترسەکەی دەیهەژاند. ترسەکە دەستی لە گەرووی نابوو. نەیدەتووانی لە شوێنی خۆیدا ببزووێت.

حەزی دەکرد ئەو دەرگای حەوشەیە سواخ بدات و بیگرێت، قەیناکات با مەیتەکەی ئەم لە سەر دیوارەکەوە بۆ ئەو دیو فڕێ بدەن. هەر ئەو دەرگایە دابخرێت، هەر ڕێگای هاتنەژوورەوە بۆ ناو

ئەم ماڵە زەحمەتتر بکرێت. ئەو دەرگایەی گوایا دەبێت بە سنوور و هەموو ماڵێک لە جیهانی دەرەوە دادەبڕێت.

هەر ئاوا ڕووەو دەرگای حەوشە دەیڕووانی.

خەرمان لە بێدادیی دونیای دەڕووانیی هەر وەک ئەوەی بێدادیی ڕەنگ و ڕووخسارێکی هەبێت. هەر وەک ئەوەی بێدادیی بۆنێکی هەبێت و ئەم بۆنی بکات. هەروەک ئەوەی بێدادیی بە دەست بگیرێت و ڕابووەستێنرێت.

نەیدەزانی کات چییە، نەیدەزانی شوێن چییە. لە ئەوەتەی گواستبوویانەوە لە سەر ئەو جۆلانەیەی کە تەنیا ژنان دەیانبینیی خۆیی ڕادەژەند و لە بەینی نێوان میلەشوڵکەکانی دەڕووانی.

ئافتاو کە سەری لە سەر کتێبەکەی بەرز کردەوە یەکسەر بیری لە دایکی کردەوە، چونکە قەدەرێک بوو چاوی لە سەر نەبوو. کتێبەکەی دانا و ڕووەو هۆڵی میوان ڕۆیشت. دایکی بینی.

- دایە، نەخۆشیت؟

دایکی هیچی نەگوت، وەڵامی نەدایەوە. هەر بە میهرەبانییەوە لە کچە خۆشەویستەکەی دەڕووانی.

- دایە، مەمترسێنە. خۆ تۆ هیچت نەبوو.

دەستی خستە سەر ناوچاوانی دایکی. ناوچاوانی گەرم بوو. لە سەرخۆ پاڵی خست و دەستی بە سەر شانومل و کەلەکەیدا هێنا و چوو بۆ ژووری دایکی و لێفە قورسەکەی هێنا.

ئەو لێفەیەی یەک پارچە دۆشەکلەبوو، ئەو لێفەیەی هونەری دایکی و نەنکی بوو. لە سەرخۆ بەشێکی بە سەر جەستەی دایکیدا دا.

- چیت خواردووە؟ یان ڕەنگە هیچت نەخواردبێت؟ دایە گیان، دایە، چیتە؟ ئازارت هەیە؟ کەمێک پشوو بدە. دایە، بتبەم بۆ خەستەخانە؟

- نا، نا، کچم، هیچم نییە، هەر لام دابنیشە.

بە دەم نازکردن و بە هێمنی شێلانەوە دایکی لە ژێر دەستیدا پێڵووی چاوەکانی لێک نا و خەوی لێکەوت. هۆڵێکی کەمێک تاریک کە ئیتر ڕووناکیی خۆر نەیدەگرتەوە. سێبەرێکی تاریکباو. هەورەگرمەیەکی بە هەیبەت کە ئاسمانی ڕادەتەکاند و ڕێژنەبارانێکی بە خورِ کە دڵۆپە گەورەکانی بە توندی بەر زەویەکە دەکەوتن.

ئافتاو بڕیاریدا ئیتر هیچ کەنالێکی تەلەڤیزیۆن نەکاتەوە و گوێ لە هیچ جۆرە ڕادیۆیەک نەگرێت. ئەو باسانە کوژەر بوون، تێکدەر و ڕووخێنەر و ماڵوێرانکار بوون. پیاوان ماڵەکانیان بەجێهێشتبوو و چووبوون بۆ ڕاو. بۆ ڕاوی ئەو دەعبایەی شەرەفی لێ فڕاندبووون. بۆ ڕاوی ئەو دەعبایەی شەرەفی شکاندبووون. بۆ ڕاوی ئەو دەعبایەی شەرەفیانی بۆ ناو قووڵایی جەنگەڵەکان بردبوو و تا ئەتکی بکات.

پیاوان بە ناو جەنگەڵستانی مێژوودا بڵاوبووبوونەوە و بە دەستی بە مەشخەڵ و خەنجەرەوە بە دوای ئەو دەعبایەدا دەگەڕان. ژنەکانیش لە ناو ئەشکەوتەکانیاندا مابوونەوە و دەست لە سەر دڵیان و دەست لە سەر سەری منداڵەکانیان چاوەڕوانی ساتی بیستنی هاواری خۆشمژدەی پیاوەکانیان بوون کە بە شەرەفی ڕزگارکراوەوە لە

ئەشکەوتەکانیان نزیک دەکەونەوە. هەموویان ماندووی ڕاوە دەعبای شەرەف بوون.

هەموو پیاوێکیان باوەش بە ئەشکەوت و بە ژن و بە منداڵی خۆیدا دەکاتەوە. باوەش بە پیرۆزترین سامان و موڵکی شەخسیی خۆیاندا دەکەن و هەناسەی شەرەفمەندیی و کەرامەتداریی هەڵدەمژن.

ئەو شەرەف و کەرامەتەی بە تەنها دووخوێنێک یان بەندیخوێنێک ناتووانێت بیپارێزێت، بەڵکو بە کۆدەنگیی و هاوهەستییەکی پێکەوەیی باڵاتر لە هەر شتێک دەپارێزرێت. دووخوێنێک کە گەڵ و قنی هەر هەموویان پێکەوە شەکەت بدات و بیانپارێزێت. دووخوێنی شەرەفی گەل.

ئەم وشانە لە ناو مێشکی ئافتاودا بە ناو جەنگەڵستانی مێژوودا دەڕۆیشتنە خوارەوە.

ئافتاو لای دایکی هەستا و خۆی بە ڕێکخستنەوەی هەندێک شتەوە خەریک دەکرد. بەڵام دایکی هەموو شتێکی کردبوو. جلەکان شۆردرابوون و لە مەکینەی شووشتنەکە هێنرابوونەوە دەرەوە و هەڵخرابوون. تەنافەکەی دەبینی لە ژێر باری گرانی خاوێنیی جلکوبەرگەکاندا شۆڕبووبوونەوە. گسکە دەستکدارەکە و خۆڵڕێژەکە بە خاوێنی هەڵپەسێردرابوون. هیچی وا نەمابوو بیکات.

لەبەرئەوە چوو بۆ مەتبەخەکە و دەستی بە لێنانی ئەو شۆرباوە کرد کە دەیزانی دایکی پێی خۆشە. ئەو شۆرباوەی کە نەنکیشی پێی خۆش بوو و کە بە نەریت لە ناویاندا مابووەوە.

بە دەم وردەکاری ناپێویستەوە شۆرباوەکە پێگەیشت. دوو قاپی قوواڵی بۆ خۆی و دایکی هێنا و شۆرباوی تێکردن و بەرەو لای دایکی ڕۆیشت و لە سەر دوو تەپڵەک دانیان.

چوو بۆ لای دایکی و لە تەنیشتیەوە دانیشت و دەستی بە سەر شان و مل و کەلەکەیدا دەهێنا و دەبرد و لە دایکی دەڕووانیی. تەزووی هەستێکی بێبەزەیی کە لە نێوان لەپی دەستی و جەستەی دایکیدا بە پەلە ڕووەو ڕەگە نەرمە ناسکە قووڵەکانی مێشکی خێرتر لە تەزووی کارەبا دەڕۆیشت، پێی ڕاگەیاند کە گەرمیی خوێن لە جەستەی دایکیدا نەماوە.

- دایە، دایە!
- دایە، دایە گیان!

خەرمانی دایکی لە سەرەتای بەهارێکی ئەو دەڤەرەدا لە نێوان میلی شوڵکەکانی قەفەسەکەوە ڕۆیشتبووە دەرەوە و جۆلانەکەی بەجێهێشتبوو. خەرمان و هەموو ژنەکانی تر لە ئاسمانییەوە دەیانزانی کە هەر کاتێک جەستەی وا باریک ببێتەوە کە بتوانێت بە ناو میلی شوڵکەکانەوە بڕوواتە دەر، بۆی هەیە قەفەسەکە جێبهێڵێت. ئافتاو بە دەم پڕمەی گریانەوە هەر "دایە، دایە" ی بوو.

دەرودەراوسێ گوێیان لە هاوار و گریەی ئافتاو بوو لە ماڵەکانی خۆیانەوە بەرەو لایان هاتن و خۆیان بە ژووردا کرد.

خۆتم لێ نەکەیت بە مردوو!

هەمان ڕۆژ، لە ئەو سەری شارەوە، سێ ڕۆژ بوو شێرە لە ژووری‌کەی خۆی نەدەهاتە دەرەوە مەگەر بۆ کارێکی پێویست نەبێت. دادەنیشت و چاوی لە سەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەی هەڵ نەدەگرت.

لە شاشەی کۆمپیوتەرەکەیەوە دەرگای هەموو کەناڵێکی تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ و پەیجێکی دەکردەوە. دڵی بە هەواڵەکان خۆش بوو. تا دەهات هەواڵەکان گەرمتر و چڕتر دەبوون. ئەوەی پێ خۆش بوو کە بەزەیی و سۆز لە دەنگەکاندا کەمتر و کەمتر دەبوون. هەموو کەس توێکڵ و بەرگی لە داواکارییەکانی خۆی دادەماڵی و بە ڕووتی داوای "سزای" دەکرد.

سزا!

جەستەی شێرە بووبوو بە تەنکیەک و پڕپڕ بووبوو لە خوێن، لە خوێنی گەرم، لە خوێنێک کە قوڵپی دەدا. لوتی ڕووەو میچەکە هەڵدەبڕی و هەستێکی شانازیی بێنموونە لە بنی پێیەکانییەوە ڕووەو تەوقی سەری بەرز دەبووەوە. هەستی دەکرد لە فۆرمی مرۆڤدا نەماوە و بووە بە خودایەک. خودایەکی کە دەستی بە ناو کوچە تاریک و باریکە پێچاوپێچەکانی دونیای مەجازیدا دەگەیشت. خودایەک کە ملکەچەکانی گوێیان بۆ ڕادێرا بوو، کە بە قسەیان کردبوو و بە پێی ئەو ڕستانەی ئەم بڕیاریان لە سەر ژیانی خۆیان دابوو.

لە خۆیی دەپرسی ئایا دەبێت خودا خۆی چەند گەورە بێت؟ بیری دەکردەوە کە گەورەیی خودا ئەسڵییەکە بێهاوتا بوو.

جۆرێک پێوەندیی وەکو گەورەیی فیرعەون و گەورەیی خودا لە نێوان ئەم و خودادا بوو. ئەو خودایەی لە مانای وشەدا بێهاوتا بوو.

ئەو خودایەی هەموو ئەم گەردوونە و هەموو شتێکی ناو ئەم گەردوونەی دروست کردووە و دەیانبزووێنێت و دەیانهێنێت و دەیانبات و هەر چۆنیەک پێی خۆش بێت هەڵیاندەسووڕێنێت و ئەگەر بیەوێت بە هەر گاشەبەردێکیاندا دەدات کە بە خەیاڵیدا بێت.

دەبێت ئەو خودایە چەندە گەورە بێت؟

لە خۆیی دەپرسیی و هێندەی تر خۆی پێ گەورە دەهاتە پێش چاو. ئەو خودایەی کە ئەم گەورەییەی ئێستای بە ئەم بەخشی بوو، کە بەشێک لە گەورەیی خۆیی پێ دابوو، کردبووی بە پارێزەری شەرەف، بە شەرەفوان، پارێزوانی شەرەفی دایکی و خوشکەکانی و ژنانی گەرەک و شاری فەیزوڵا و وڵاتی عەرشی پەروەردگار. سوپاسمەندی ئەو خودایە بوو کە ئاگای لە عەرشی پەروەردگار بوو. ئەوە سێ ڕۆژ بوو هەر زیاتر و زیاتر دەپاڕایەوە و تکای لە خودا بۆ هێزی زیاتر دەکرد و دەیبینی کە خودا وەلامی دەدایەوە. دەیبینی کە چۆن سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیران و هەموو وەزیران و پارلەمان و هەموو سەندیکاکان و هەرچی گرووپی حکومیی و ناحکومیی و تاکەکەسە وەدووی کەوتبوون و شانیان خستبووە ژێر پەیامەکەیەوە. ئەو پەیامەی لە کێشی هەموو چیاکان قورستر بوو. ئەو پەیامەی ئەمی لە شێرەی گوندەگەرێکێکی فەیزوڵاوە کردبوو بە پەیامێری شەرەفپارێزیی هەموو عەرشی پەروەردگار.

ئەو گەورەییە، ئەو هەیبەتە، ئەو شانوشکۆ و وزەیە ئەگەر خودایی نەبێت، ئەی چییە؟

بێگومان خودایییە، بە خۆی دەگوت.

هەموو ئەوەی ڕووی دەدا یەک شت بوو. یەک دانە شت، نە دووان بوو نە سیان، یەک دانە شت بوو. ئەگەرچی سەرتاپای وڵاتی گرتبووەوە و هەمووانی تا ڕادەی نەخەوتن مەشغوڵ کردبوو، بەڵام زیانی هیچ کەسێکی تیادا نەبوو.

هەمووی تەنها یەک دانە شت بوو کە کەس نەیدەزانی. ئەویش ئەوەبوو کە ئیتر دایکی ناتوانێت باوکی بەجێبهێڵێت.

ئیتر باوکی بە ئەو کۆتایی تەمەنەی دووچاری سووکایەتیی نابێت. بێگومان، بیری دەکردەوە کە قازانج بە خەڵکانی تریش کە وەکو ئەمن هەر دەگەیەنێت.

خودا هێزێکی دابوویە کە دەیتووانی شەرەفی باوکی بپارێزێت، کە دایکی لە لاوازیی ویستەیی و هەوەسی ئازادیی ڕزگار بکات، کە نەهێڵێت دایکی سوار باڵی هەوەسی ئازادیی ببێت و باوکی بەجێبهێڵێت. شێرە نەیدەزانی قەفەسێک هەیە، ئەو قەفەسەی دایکی لە ناویدا دانیشتبوو و جار جار لە سەر جۆلانەکەی ناوی جۆلانەی دەکرد و هەرگیز بیری لە بەجێهێشتنی ئەو جۆلانەیە نەدەکردەوە.

شێرە نەیدەزانی جەستەی دایکی تەنها پاش مردن وا باریک دەبێتەوە کە بە ناو میلی ئەو قەفەسەدا بڕوواتە دەرەوە.

شێرە لە دەنگەدەنگ و هاوارهاوار و وتافکێشان و تووڕەیی و بگرەوبەردەیی خەڵکەکەدا کە داوای سزای قورسیان بۆ پرشنگ

دەکرد، هەناسەی سوار دەبوو. خەڵک وازیان لە نان و ئاو و کار هێنابوو. مەترسیی کەوتنی شەڕەف شاخی لێ ڕووابدبوون.

چینگی لە میزی کۆمپیوتەرەکەی گیر دەکرد و هەموو ماسولکەکانی جەستەی دەبوون بە یەک و جەستەیان دەکرد بە یەک پارچە ئاسن. شەویلگەکانی وەکو گیرەیەکی ئاسن چووبوون بە ناو یەکدا.

بە هەمان ئەو قورساییەی جەستەیەوە ڕووەو هۆڵەکە ڕۆیشت. دایکی لە سەر هەمان قەنەفە ڕووابڕووی دەرگای حەوشە دانیشتبوو. هەمیشە بە بینینی شێرە لە خۆشییدا ڕادەچڵەکا، بەڵام ئەم جارە هیچ نەبزووا. کاردانەوەیەکی نەبوو. نیگای زۆر دوور بوو.

شێرە هەستی کرد شتێک ڕووی داوە.

ئەوە سێ ڕۆژ بوو دایکی بۆ کاری پێویست نەبووایە نەدەجوولا. خۆراکی بۆ شێرە ئامادە دەکرد و لە ئێرە و لە ئەوێ شتێکی هەڵ دەگرتەوە.

وەکو جاران داوای لە شێرە نە دەکرد بڕووات بۆ دەرەوە و هەوایەکی پاک هەڵبمژێت، سوعبەتی لەگەڵ نەدەکرد و نەیدەدووانند.

ئەوە سێ ڕۆژ بوو باوکی شێرە لە ماڵ نەمابوو. سۆراخی نەبوو. شێرە لە داخان و لە حیرسی دڵی لە دایکی نەدەپرسی، لێی نەدەپرسی باوکی لە کوێیە، دەیویست دایکی وردەوردە خۆی بدوێت، خۆی ئیعتیراف بکات و ڕاستییەکەی پێ بڵێت. دەیزانی هەروەک پرشنگ دەکەوێتە بەر دەم دادی خوداکان. بە ئەو چەند ڕۆژە فێربووبوو کە هیچ ژنێک نییە لە بەر دەم پێی خودادا داوای بەخشین و لێبووردن نەکات.

ئەوە سێ ڕۆژ بوو دایکی لە ناخییدا بە کوڵ، بەڵام بە بێدەنگی، بۆ بەختی خۆی و بەختی شێرە دەگریا. نەیدەویست بە شێرە بڵێت. نەیدەویست ناڕەحەتی بکات، نەیدەویست دڵی تاقانەکەی بشکێنێت، نەیدەویست لە ژێر باری ئەو کێشەیەی کە هی خۆیەتی شێرەی کوڕی بپسێنێت. بە خۆی دەگوت جارێ گەنجە، منداڵە، هەر بە ناز بەخێو کراوە و خێرا بیر ناکاتەوە، بەڵام ڕۆژێک تێ دەگات.

- باوکم لە کوێیە؟

شێرە بە گرژییەوە لە دایکی پرسی. شەویلگەکانی بە ئاستەم پێ دەبزووا.

- نازانم، شێرەکەم، نازانم.
- چۆن نازانیت؟ تۆ بیت و نەزانیت؟

دایکی دەیزانی.
بێگومان دەیزانی. باوکی لە مانگی هەنگوینی بوو. لەگەڵ ژنی دووەمیدا لە سەفەری حەز بوو. پلانی دانابوو کە دوای ئەمە دوو ژنەکەی تریش بهێنێت. لە ماوەی دوو سێ مانگێکدا هەر سێکیان بگوێزێتەوە. بەڵام چۆن ئەم قسانە بە شێرە گیان بڵێت، چۆن تێیبگەیەنێت، چۆن ڕێگا بە خۆی بدات بە ئەو شێوەیە و تا ئەو ئاستە ناڕەحەتی بکات.

- ئاخریەکەی لە ماڵ دەرت کرد!
- نا، نا، کوڕەکەم، جا من چۆن باوکت دەر دەکەم.
- ئەی ئەوە سێ ڕۆژە لە کوێیە؟ چۆن نازانیت؟ بێگومان دەزانیت!
- خۆ یەکەم جاری نییە شێرە گیان، خەریکی کاسبیە، سبەی دێتەوە.

- ئەی چۆن دەزانی سبەی دێتەوە؟

کەف لالێغاوی شێرەی گرتبوو. دەمارەکانی دەست و باڵی هەڵئاوسابوون و لێیان دەدا. چاوەکانی گەرم داهاتبوون. جەستەی پارچە ئاسنێک بوو. تەنها شتێک هەستی پێ دەکرد قورسایی ئەو چەقۆیە بوو کە لە گیرفانی شەڕوالّەکەیدا هەڵیگرتبوو. ئەو چەقۆیەی هەزاران جار دایکی بە دەستیەوە گرتبوو. ئەو چەقۆیەی ڕۆژانە دایکی خۆراکی بۆ ئەم و بۆ باوکی ئەم پێ لەتوپەت دەکرد و دەجنی. ئەو چەقۆیەی هەمیشە دەستکەکەی بە گەرمیی دەستی دایکی گەرم بوو. ئەو چەقۆیەی بێ دەست و مەچەکی دایکی چەقۆیەک نەبوو، هیچ نەبوو، هەر پارچە قەیدێک بوو.

- دەزانم، شێرە گیان، باوانەکەم.

- ئاخریەکەی هەر دەستی خۆتت لێ وەشاند. ئاخریەکەی هەر فڕێت دایە دەرەوە. ئاخریەکەی هەر تۆڵەت لێ کردەوە، تۆڵەی ژیانت لێ کردەوە وەکو خۆت بە دەڵەقۆڕەکانی کچت دەگوت. وا دەزانی لە بیرم نەماون، وا دەزانی کەرم. تۆش هەر وەک ئەو خەڵکەی دەرەوە وا دەزانی هیچ نییم و بێ ئەقڵم. وا دەزانی هیچم لە دەست نایەت.

شێرە چەپە بوو. دەستی چەپی لە ناو گیرفانی شەڕوالّەکەیەوە و دەستکی چەقۆکەی توند لە لەپی دەستی خۆیدا گرتبوو. چاوەکانی سوور بووبوون. کەفی لالێغاوی زیاتر بووبوو و خوێنی لە ناوەوە بەجۆش هاتبوو و ڕایدەتەکاند.

- شێرە گیان، گوڵەکەم، نازانم باسی چی دەکەیت. باوکت لە سەفەرێکی کورتە. سەفەری خۆشیەتی. دەبینیت سبەی دەگەڕێتەوە و خۆت لەگەڵی قسە بکە، خۆت هەموو شتێکت بۆ دەردەکەوێت. ئەوە باشترە، باوکەکەم، کوڕەکەم، کوڕە شیرینەکەم.

دایکی بێهێز بوو. لە پڕ ئەو گڕ و تینەی جارانی نەمابوو. لە سەر قەنەفەکە ڕوو بە شێرە دەیڕووانی. ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو. دیار بوو تینووی بوو، لێوی وشک و چاوەکانی بێڕەنگ و کز و مات داهاتبوون. هەر بمردایە و شێرەی بە نارەحەتیی نەبینیایە، هەر بمردایە و ئینجا ژنی بە سەردا بهێنرایە، هەر شێرە ببووایە بە خاوەنی ژن و منداڵی خۆی و ئیتر هەرچۆنیەک بمردایە و باوکی شێرە هەرچی دەکرد با بیکردایە.... شێرەی زۆر خۆش دەویست. خودایە تۆبە کە لە هەموو شتێکی زیاتر خۆش دەویست ....

ڕستەکان بە بێدەنگیی لە ناو کەللەی سەرپێ دایکیدا دووای یەک کەوتبوون. بە خوێنی جەستەی دەبزووان و سووڕیان بە خۆیان دەدا. وشەکان نەیاندەتووانی دەنگ بە خۆیان بدەن و هەر لە ناخیدا بە بێدەنگیی دەهاتن و دەچوون و لە گوێیەکانی شێرەوە دوور بوون.

- سبەی دێتەوە، ها؟
- ئا، گوڵەکەم، نەخۆشم، نازانم بۆ ئاوا بێهێزم شێرە گیان. بە قوربانت بم، دڵەکەم ...
- سبەی دێتەوە، ها، سبەی؟

بە نەڕەوە بە سەر دایکیدا قیژاندی.
دایکی لە جێی خۆی نەبزووا.

یەکەم جاری نەبوو کەسێک ئاوا لە ئەو جۆرە تووڕەییەدا بە سەرییدا بقیژێنێت.

شێرەی نەدەبینی.

باوکی شێرەی دەبینی. باوکی شێرە بەرامبەری ڕاوەستابوو، کەف لە لالێغاوەکانییەوە سەرچاوەی دەگرت، بیلبیلەکانی چاوی سوور هەڵگەڕابوون، دەنگی زبر و ڕەق وەک چۆن دوو پارچە ئاسنی گەورە لە ژێر فشاردا بە سەر یەکدا دەخلیسکێن.

لە ئەو دۆخی تووڕەییەدا شێرە بە چاوەکانی خۆی بینی کە وەکو سویچی مەکینەیەکی بچکۆلە بۆ کوژاندنەوە با بدرێت، تەنی دایکی یەک دوو تەکانی بچووکی دا و بە ئاستەم جەستەیی لەرانەوە. هەر ئەوەندە بوو.

شێرە بینی، ئەو ڕاتەکاندنە نەرمەی بینیی. جەستەیی دایکی بینیی چۆن لە جێگای خۆیدا کوژایەوە. تەنی دایکی بینی کە هەروەکو فەردە کایەکی نە پەستراوە بێت بە ئاستەم بە لادا هات.

شێرە لە گەرمەی هەڵچوونی ڕق ناخیدا بوو. هەڵیکووتایە سەر دایکی و لە ئەملاوئەولاوە هەر دوو شانی گرت و بە هەمان تووڕەییەوە ڕایوەشاند و ویستی شتێک بڵێت، بەڵام هەستی کرد دایکی شل و شێواو، بەرەو پشتەوە، ڕووەو پشتی قەنەفەکە بە نەرمیی ڕۆچوو.

- خۆتم لێ نەکەیت بە مردووا!

شێرە دایکی ڕادەوەشاند و بە سەرییدا دەیقیژاند، بەڵام وردە هەستەکانی قوولایی مێشکی پێیان ڕادەگەیاند کە دایکی تەواو بووبوو.

دایکی ڕۆحی خۆیی کێشابوو.

لە سەدای قیژاندنیدا دەروەدەراوسێ خۆیان بە ژووردا کرد.

شێرەیان بینیی لە پۆزی گرتنی ئەم لاو ئەو لای شانەکانی دایکییدا، ئەژنۆ لە سەر زەوی، بە نیوەچەماوەیی بە سەر دایکییدا نووشتابووەوە. لە دەستیان دەرهێنا و لێی ورد بوونەوە. دایکی نەمابوو.

کاتێک خەڵکەکە و شێرە بە سەریەوە بوون و ئەم دەست و ئەو دەستیان پێ دەکرد و هەر یەکەی شتێکی دەگوت، دایکی شێرە لە میلی شوڵکەکانی قەفەسەکەوە تازە بە تازە جەستەی خۆیی باریک دەکردەوە کە بە نێوان میلەکاندا بڕوواتە دەرەوە و قەفەسەکە بەجێ بهێڵێت. لە ئەو لایەوە جۆلانەکە بێ ئەوەی کەسی لە سەر بێت جۆلانێی دەکرد و بۆ پێشەودوواوە بە نەرمیی دەهات و دەچوو.

دەنگی گریە و "کچێ بۆ وا زوو" و "خۆ هێشتا لە کوێتە" ی دەروەدەراوسێ بە سەر هەموو بیر و خەیاڵێکی شێرەدا زاڵ بوون.

دایکەیان لە سەر زەویەکە ڕاکێشا و بەتانیەکیان پیادا.

ئەو بەتانیەیان پیادا کە ڕەنگی تەختەکەی زەردێکی زێڕین بوو و بە گوڵی پرتەقاڵی گەورە گەورە داپۆشرابوو، ئەو بەتانیەی باوکی شێرە حەزی لێ دەکرد و هەمیشە دەیدا بە خۆیدا، ئەو بەتانییەی دایکی شێرە لە ناخی دڵییەوە ڕقی لێی بوو و هەمیشە لە ژێریدا خۆی دەدزیەوە.

جەستەی بە ئەو بەتانییە داپۆشرا.
جەستەی سارد و سڕی.
ئەو جەستەیەی هێندە باریک بووبووەوە کە بە ناو میلی قەفەسەکەدا هاتبووە دەرەوە.

شێرە نەیدەزانی قەفەسێکی وا هەیە.
چۆن بزانێت؟

لە خودایەکەوە بەرەو بەندەیەکی تاساو

لەگەڵ هەموو ئەو هاوارهاوار و بیهێنە و بیبە و پێیان بڵێن و خۆتان بڕۆن و چی و چیەدا شێرە پڕ بوو لە ڕق و کینە. وەکو شیری بە کۆڵ تووڕەیی لە جەستەی هەڵ دەچوو. لە خۆی دەپرسی "دایکم بە چی مرد؟ هیواداربوو، پڕ بە دڵ هیوای دەخواست کە خۆی کوشتبیەتی.

دڵنەکرۆژەی لە خۆی دەکرد کە ئەوەندە بێغیرەت بوو نەیتووانی بە دەستی خۆی بیکوژێت.

نەیدەزانی خۆی کوشتوویەتی یان خۆی مردووە.

چۆن مرۆڤ دەتوانێت ئاوا ڕاستەوڕاست بمرێت؟

گەورەییەکی بێ هاوتای بۆ خۆی تۆمار دەکرد ئەگەر بیتووانیایە بە شێوەیەک بەڵگەی کوشتنی پێ بووایە و نیشانی دونیای بدایە خوێنی شەرەف چەند سوور و تۆخە. ئەو چەقۆ پیسە فریا نەکەوت بە ئاستەمیش، تەنانەت دەمەکەیشی، دوو قەترە خوێنی پیادا بێتە خوارەوە.

نەفرەتی لە دەستی خۆی و ئەو چەقۆ کولە دەکرد.

شێرە خەفەتبار بوو. خەفەتبار بوو کە لە ناوەڕاستی ئەو هەموو بردنەوەیەدا نەتوانێت تاجی دووا سەرکەوتن لە سەری بکات، تاجی شەرەف و پارێزوانی شەرەف.

پرسەکەی دایکی تا ڕادەیەکی زۆر قەرەباڵخ بوو. هاتن و چوونی خەڵک بەردەوام بوو. کات لە سەرخۆ دەڕۆیشت و هەموو دەنگ و

جوولّەیەک دەگۆڕا. خوشکەکانی و زاواکانی، کەسوکاری دایکی و خزم و کەسوکاری تر پەیدا بوون. هەموویان بە تاک و کۆ و بۆ خۆیان و بۆ یەکتر دەدووان. وشەی دەمی خەڵکەکە بە گوێی دەگەیشتن و وەک پارچۆکەی مەتەڵێک لە شوێنی خۆیان دادەنیشتن.

وشەکان هەر وشە بوون. لە وشە زیاتر هیچی تر نەبوون. ئەو وشانەی دەنگێکیان هەیە و بە شێوەی جیاواز دەگوترێن. زیاتر لە ٢٤ کاژێر بوو ئەو وشانەی دەبیست. لە سەرەتادا پێیان نامۆ بوو. کاتێکی برد تا لە بەر گوێیەوە بەرەو ناوەوەی گوێی دەگەیشتن. بۆ هەڤدە و هەژدە کاژێرێک بوو دایکی تەسلیم بە خاک کرابوو. دایکی بوو بە مێژوو. بە کەمتر لە ٢٤ کاژێر ناوی دایکی لە ناو ناوادا سڕدرایەوە. هەروەک شەربەیەک ئاوی ڕژاو بێت، لە سەرەتادا بە خورِ و پاش چەند خولەکێک تەڕاییەک دیار نەما. ئاوێک بێ هیچ نیشانەیەک نەما. هەبوون و مردنی دایکی وەک ئاوێکی ڕژاو بوو.

ئەو وشانەش هەمووان دەیانگوتن لە مێشکیدا شوێنی خۆیان دەگرت و وەڵامی ئەو پرسیارانەیان دەدایەوە کە هەناویان هەڵ دەکۆڵی. ڕاست بوو. دایکی ڕاستی دەکرد. دایکی لەگەڵیدا ڕاستگۆ بوو. باوکی ژنی هێنابووەوە. بێسەروشوێنیی باوکی بە چوونی بۆ مانگی هەنگوینیی ڕوون دەبووەوە.

تێگەیشت کە دایکی دڵی نەهاتووە بە وردیی باسی باوکی بۆ بکات، باسی لێدانەکانی، باسی بیانووپێگرتن و ڕەنجاندنی بەردەوام. باسی ژن هێنان و تەڵاقدانی ئەگەر بە بەشی خۆی ڕازی نەبێت. پارچۆکەی مەتەڵەکە وەک کولوی بەفر شانبەشانی یەک بە یەکدا دەچوون و ئاوێتەی یەک دەبوون. باوکی پلانی بۆ هێنانی سێ ژن داناوە. سێ ژن بە سەر دایکیدا بهێنێت. سێ ژن لە ماوەیەکی کەمدا. ئەمەی ئێستا

یەکەمیانە. کە چەند ساڵ لە باوکی منداڵترە بۆ ئەم کێشەیەک نەبوو. ئەوە زیاتر باسێک بوو کە خوشکەکانی خەفەتیان پێ دەخوارد و باسیان دەکرد.

دەم و زاری خوشکەکانی کرابوونەوە و وشەیان لێ دەباری.

ئەو وشانەی مەتەڵەکەیان بۆ ئەم پڕ دەکردەوە.

باوکی بە تەنها وشەیەکیش لای ئەم باسی هیچی نەکردبوو. نە باسی ژن هێنان و نە باسی ئەگەری تەڵاقدانی دایکی و نە باسی ئەگەری سێ ژن لە سەر یەک و هیچ شتێک. باوکی ئەمی بە پیاو دانەدەنا، یان بە کورێکی کە شایانی هەندێک قسەوباس بێت و کە بەتایبەتیی سەبارەت بە دایکی بێت، بە کەسێک کە شایانی دوو وشە بێت سەبارەت بە هەموو ئەو شتانەی کە بێگومان پێوەندیی بە ئەمیشەوە هەیە.

ڕای کرد بۆ ژوورەکەی خۆی و دەرگاکەی لە سەر خۆی داخست. خوشکەگەورەکەی لە دووڕەوە چاوی لێ بوو. بە هەڵەداوان چوو بۆ لای و لە بەر دەرگاکەی زۆری لێ پاڕایەوە دەرگاکە بکاتەوە. بە ناچاریی دایە پڕمەی گریان و هاواری لێهەستا. شێرە دەرگاکەی لێ کردەوە. هەردووکیان هەر وا لە سەر زەویەکە دانیشتن. خوشکەکەی بە بەردەوامیی دەگریا. شێرە نە دەگریا. چاوەکانی تەنانەت تەڕیش نەدەبوون. چاوەکانی لە تونێکی بێ بن دەچوون، هەتا بچووایەتە سەریان دەیانگرت.

شێرە لە ناو خۆیدا پەنگی دەخواردەوە و هەر خۆی لوول دەدا و بە کاوەخۆ وشەکانی قوت دەدا. ئەو وشانەی لە ناخیدا گاڵتەیان پێ

دەکرد کە ئەقڵی بچووکە. خوشکەکەی بە دەم گریانەوە باسی خراپەکارییەکانی باوکی دەکرد. ئەو بەدکاریانەی کۆتاییان نەبوو.

بەڵێ، شێرە تێگەیشت، دایکی نەیدەویست باری خەم لە شێرەی تاقانەی بنێت، نەیدەویست بیکات بە کۆڵەکەیەکی هەڵگری خەمی خێزانەکە. لەبەرئەوە بوو زووزوو داوای لێ دەکرد بڕووات بۆ دەرەوە و هەوایەکی ساف هەڵبمژێت.

ئەو شەوە خەوی لێ نەکەوت. خەوی نەدەهات، ماندوو نەبوو. بیری لە هیچ نەدەکردەوە. بیری لە دایکیشی نەدەکردەوە. دایکی مردبوو، کۆتایی پێ هاتبوو.

هەر ئەوەیە کە ئیتر خۆراکیان بۆ ساز ناکات، چاییان بۆ لێ نانێت، ماڵیان بۆ پاک ناکاتەوە و جلکوبەرگیان بۆ ناشوات و ماڵەکە ڕێکوپێک ناکات و بە ساقە و بە قوربانیان نابێت.

خوشکەکانی شەو دەرەنگانێک ڕۆیشتن بۆ ئەوەی پرسەکە لە ماڵی خوشکەگەورەیان دربژێە پێ بدەن. ئیتر بۆ ئەمان ئەو ماڵە ماڵ نەبوو، تەنها خانوویەک بوو، خانوویەک، دیوار و سەقف و میچ و ئەو شتانە.

لە ئەمەولا هەر باوکیان لە ئەو خانووەدا دەژی و تەواو. شێرەیش هەر چەند ساڵێکی تر لای باوکی دەمێنێتەوە.

سەرەڕای پارانەوە و تکا و داوا لێکردن شێرە لەگەڵیان نەڕۆیشت. بە تەنیا مایەوە.

خەواڵوو و هاوکات دوور لە خەو، برسی بەڵام هێڵنجی دەهات کاتێک بیری لە خۆراک دەکردەوە. ماندوو بوو وەلێ نەیدەتووانی بۆ

چرکەیەکیش لە هەمان شوێندا ئۆقرە بگرێت. بێ قەرارێک بوو مەپرسە.

لە پڕێکدا بە بیری هاتەوە کە ئایا چارەنووسی پرشنگ چی دەبێت.

بە هەڵەداوان کۆمپیوتەرەکەی داگیرساند. خودا نزاکانی قبووڵ کردبوو، خودا پارانەوەکانی بەجێگەیاندبوو کە داوای لێ دەکرد بۆی "بتەقێنێتەوە". خودا بۆی تەقاندبووەوە.

هێرشەکان لە سەر پرشنگ سەد قات زیادی کردبوو. سەندیکاکان هەر بە ئەوەوە نەوەستابوون کە سەربەخۆ دژ بە پرشنگ بەیاننامە دەربکەن بەڵکو پێکەوە، لە "پێناوی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و شانازیی نەتەوەیی" دا، بەیاننامەیەکیان بڵاو کردبووە کە داوای دەستبەجێ سزای یاسایان دژ بە پرشنگ دەکرد. لە بەیاننامەکەدا جەختیان لە سەر ئەو دێڕە کردبوو کە دەبێت "سزایەکی وا شایانباس بێت کە بۆ هەموو ئەوانەی وەک پرشنگ بیر دەکەنەوە ببێت بە وانەیەک لە مێژوودا دەنگ بداتەوە".

کۆمەڵێک تاکەکەس "بڕیاری تۆڵەسەندنەوەیان لە دەرەوەی باوەشی یاسا دابوو". یەکێک لە ئەو کەسانە لە بەردەمی ناوەندی شاردا کە کۆمەڵێک جادە بە ناو یەکدا تێدەپەڕن و کە هیچ پرد و چرایەکی ترافیک و فولکەیەک یان شتێک نییە بەرجەستەیان بکات، دەستبەجێ ژنێکی کوشتبوو. کابرا سەر بە ئەو گرووپە بوو کە تازە بە تازە بە ناوی "پارێزوانی شەرەف" دروست بووبوو.

کابرای سەر بە ڕێکخراوەی "پارێزوانی شەرەف" وای زانیبوو ئەو ژنە پرشنگە و لە دەست پۆلیس ڕایکردووە.

ژنەکە هەمان ئەو جلکوبەرگەی لەبەردا بوو کە پەیتاپەیتا لە دەنگوباس و لە پەیج و لە ریکلام و لە بەیاننامە حیزبیەکان و لە بەیاننامە فەرمیەکاندا دووپات و دەپات دەبوونەوە.

کابرا بە دادوەری دەگوت "خەجالەت خۆم، بە خوا هەمان جلی لەبەردا بوو. هەمان بلووسی ڕەش و تەنوورەیەکی ئەستووری سەوز".

کابرا لە داخ و حیرسی دڵی خۆی و دڵسۆزیی بۆ پاراستنی شەرفی گشتیی لێی تێکەڵ بوو بوو کە لە ڕاستییدا ئەو جلکوبەرگەی کە دەگوترا هی پرشنگە بە پێچەوانەوە بوو، بلووسەکە سەوز و تەنوورەکە ڕەش بوو.

دادوەر لە لای خۆی و یاساوە لە کابرا خۆش بوو، چونکە ڕەنگ و شێوەی جلکوبەرگ هاوکاری کوشتنەکە بوو، فاکتەرە سەرەکیەکە ڕەنگ و جلکوبەرگ بوون. کوشتنێکی بە ئەنقەست نەبوو.

وەفدێکی باڵای حکومەت و دەستەیەک چەکداری حکومەت کابرایان بەرەو ماڵی ژنە برد کە بە قەزاوقەدەر لانی کەم دە گوللەی پێوە نرابوو. سوڵحی عەشایەری باشترین شێوزی چارەسەری ئەو کێشانە بوو.

لە وڵاتی عەرشی پەروەردگار بڕیاری دادوەر بە تەنها بەس نەبوو، هەروەها دەبووایە سوڵحی ناوخۆییش بکرێت.

خزم و کەسوکاری ژنە دڵیان زۆر باش بوو. هەر دەیانگوت قەزاوقەدەرە و لەگەڵ کاری خوا هیچ ناکرێت. بەڵام دەشیانگوت بڕیا دوو سێ گوللەی بەر بکەوتایە نەک مەخزەنێک. لە ناوەڕاستی بازاڕیشدا باش نەبوو، شوێنەکەی خراپ بووە چونکە خەڵکی غەیرە و غەریبە پا و پێی کچەکەیانی بێ گۆڕەوی بینیبوو، بڕیا هەر لە نزیکی ماڵی خۆیان بکوژرایە.

خوداوەرِاسان زوو ڕێک کەوتن. کابرا خوشکێکی پێشکەش کردن، بەڵام جارێ نۆ ساڵ بوو، بۆیان نەبوو بیگوێزنەوە تا باڵغ نەبێت.

دە هەزار دۆلاریش پارەیان لێستاند چونکە خەڵکی غەیرە و باش و خراپ پێ و پای کچەیان بە مردووبی بینیبوو. دایکی کابرا بکوژ بە زۆری دەزانی و دەیگوت لە شیربایی و مارەیی زیاترە، بەڵام ئاخریەکەی هەر ڕازیی بوون.

ئیتر هەموو دەستیان لە ملی یەکر کرد، شیرینیان خوارد و چاییان بە سەردا کرد و بە دەم هەڵمژینی چایەکەوە کابرا بەڵێنی دا تا چاوەکانی عەمەلیات نەکات دەمانچە هەڵنەگرێت.

سەدان کەناڵی تەلەڤیزیۆنی حیزبیی و ڕادیۆ و هەروەها دەنگی ئیمانداران و پەیجەکان زووزوو ئەو نەریتە جوانە خۆماڵییەیان نیشان دەدایەوە. لە فیلمی کارتۆنیشدا پێکەوەبوون لە لە ئەوە زیاتر و جوانتر بەرجەستە نەدەکرا.

سەرۆکی وڵات دەیگوت دەتووانن ئەو نەریتە خۆماڵییەی پێ دەگوترێت "سوڵحی عەشایەریی" پەرە پێ بدەن و بیکەن بە مۆدێلێکی جیهانیی. پلانی دانا بوو لە نەتەوەیەکگرتووەکان باسی تەکنیک و میتۆدەکانی سوڵحی عەشایەریی بکات، بەڵام بە داخەوە بوو بۆ ئەو نەتەوانەی کە قۆناخی عەشایەریان تیپەڕاندووە چونکە بێ عەشایەر ناتووانن ئەو سوڵحە بەکار ببەن و ناچارن ڕوو لە پرۆسەی زۆر ئاڵۆز و پێچیدە و دژوار بکەن و بە ڕۆژان و هەفتان و مانگان و ساڵان پارەی مولکی گشتیی لە کەیسی بچووک بچووکدا خەرج بکەن.

بەڵام هەر هەموویان، خێوی ژنە کوژراوەکە و کەسوکاری کابرای بکوژ، سەرۆککۆمار و جێگرەکەیی و خەڵکە عەوامەکە، هەر

هەموویان لە قاقای پێکەنینیان دەدا کاتێک کە دەیانگوت کابرا ڕەنگی تەنووڕە و بلوسەکەی تێکەڵ کردووە.

پێدەکەنین و دەیانگوت خەتای ژنە خۆی بووە. ئەگەر ئەو دەڵەقۆڕە بە ڕاستیی ڕەنگی جلکوبەرگەکەی وەک پرشنگ بووایە ئەوا کاکی پارێزوانی شەرەف نەیدەکوشت، چونکە ڕوون دیار بوو ئەو پیاوە گوناهە سەری لە ڕەنگ دەر نەدەکرد. ئەو بەستەزمانە کوێرەڕەنگ بوو. کاری خودا بوو.

هەموو ڕاگەیاندنێک بە سەدان جار ئەمەی لێ دەدایەوە.

هونەرمەندانی عەرشی پەروەردگار فیلمێکی کارتۆنیان لە ڕووداوەکە دروست کردبوو.

فیلمەکە ئاوا دەستی پێ دەکرد کە دوو ژن، یەکێکیان بە بلووسی ڕەش و تەنووڕەیەکی ئەستووری سەوزەوە و ئەوی تریان بە بلووسی سەوز و تەنووڕەیەکی ئەستووری ڕەشەوە، ڕووبەڕووی یەک دەڕۆن. کابرایەک بە دەمانچەیەکەوە دێتە سەر ڕێگایان و دەشڵەژێت و سەری لێ تێک دەچێت. لە شوێنەکەی خۆیدا دەست بە چەناگە و ڕیشی خۆی دا دەهێنێت و بیر دەکاتەوە کە تەقە لە کامیان بکات. ئینجا تەقە لە بلوس ڕەشەکە دەکات و ژنەکە دەکەوێت بە زەویدا. ژنەکە دەیەوێت هەڵبستێتەوە و بە دەست ئاماژە دەکات کە ئەوەی ئەو بەر ژنە ڕاستەقینەکەیە، ئەو پرشنگە. بەڵام کابرا گوێی لێ ناگرێت و گوللە لە سەر گوللە پێوەی دەنێت. ژنەکەی تریان، بلوس سەوزەکە دێتە پێشەوە و ئێخەی دەگرێت و بە ئاماژە پێی دەڵێت ئەوە منم بە دووایدا دەگەڕێیت، گوللەکان بە منەوە بنێ. کابرا سەری ڕادەوەشێنێت و بە ئاماژە وەڵامی دەداتەوە کە ئەم بە قسەی قۆڕ فریو ناخوات و بلوس ڕەشەکەیان خۆیەتی.

سەرتاپای عەرشی پەروەردگار پێدەکەنی. داوایان لە سەرۆککۆمار کرد کە فەرمان بکات بۆ ئەوەی لە هەموو کەنالێکی تەلەڤیزیۆن و لە بەینی هەموو پێشکەشکردنێکدا وەکو ڕیکلام نیشان بدرێت. کورتەفیلمەکە دوو جار خەڵاتی زێڕینی هونەری عەرشی پەروەردگاری پێ بەخشرا.

خۆی لە ڕاستییدا ئەو خەڵاتە هەر یەک جار دەبەخشرا، بەڵام لە یەکەم جاردا خانمی یەکەمی وڵات بەشدار نەبوو، چونکە ئەو جووتە قاپقاپەی بۆیان هێنابوو یەک سایز گەورەتر لە پێی بوو. بە تووڕەبوونەوە دەیگوت "خۆ ئیشەڵا شڵپ شڵپ جووتێک قاپقاپ دووای خۆم ناخەم".

خەڵکەکە خانمی یەکەمیان خۆشدەویست، گوتیان جا قەیچیەکا، خەڵاتێکی حیز چییە و ئەو فیلمەیش باشترین فیلمی دونیایە، با دوو جار خەڵات بکرێت، خۆ کفر نییە. دوو شەق زیاتر لە پرشنگ هەڵ بدەن، بایی پارەکەیەتی.

گەلەکە گەلێکی سوعبەتچی و شۆخیباز بوو. پێکەنینیان بە هەموو شتێک دەهات. هیچ شتێک لە عەرشی پەروەردگار جیدی نەبوو و یان بە جیدی وەرنەدەگیرا. وشکەساڵ بووایە دەیانگوت خودا غەزەبی لێگرتووین، باران زۆر ببارایە دەیانگوت مووڵکی خۆیەتی با تێی بکات، هەوری بێ باران بهاتایە و بچووایە دەیانگوت هێشتا ئەمری پێ نەکراوە. ئاگر ببارییایە دەیانگوت هەر خۆی دەزانێت بۆ وا دەکات و پارەیان پێ نەدەما پێدەکەنین و دەیانگوت جا قەیچی دەکات خۆ سەرۆکمان هەیەتی.

لە باسەکە لانەدەین، بۆ هەموو شتێک هەر وا بوون. دوو هەفتەیەک پێش ئەوە تانکێکی ئەو وڵاتەی داگیری کردوون بە سەر هاووڵاتیەکیاندا ڕۆیشتبوو. هەموو بە دیار تەرمەکەوە ڕاوەستابوون

و بە بێباکییەوە دەیانگوت تانک تانک نییە سەری ئەو هەتیوەی پلیقاندووەتەوە.

هەفتەیەک پێش ئەو ڕووداوە کەسێک لە سەر پرسی تێکۆشانی نەتەوەیی تیرۆر کرابوو، خەڵکەکە زۆر لە کوژراوەکە تووڕە بوون، دەیانگوت چ کەرێکە خۆ زانیویەتی وڵاتەکە پڕە لە جاسوس بۆچی بە باشیی خۆی نەشاردووەتەوە.

لە نەخۆشخانەیەک دکتۆرێک لاقی کابرایەکی لە بەر شکاوی لە گەچ دەگرێت و پێی دەڵێت قوربان تا دوو هەفتەی تر بە هیچ شێوەیەک هەوڵ نەدەیت ئەم گەچەی لێ بکەیتەوە. کابرای لاق شکاو بە کونجکاوییەوە لە دکتۆر دەپرسێت "لەبەر چی؟". دکتۆر هەر بە پێوە هەتا هێزی تیادایە شەقێک لە لاقە لەگەچگیراوەکەی کابرا هەڵ دەدات و گەچ دەکەوێتە خوارەوە و ئێسکەکەی دەشکێنێتەوە. کابرا لە ئازاردا هاواری لێ هەڵدەستێت. دکتۆر بە تووڕەیی ژووڕەکە بە جێدەهێڵێت و لەبەر خۆیەوە دەڵێت "سەگباب، لەبەر ئەوە".

هاووڵاتیانی عەرشی پەروەردگار بە هەموو ئەو ڕووداوانە پێدەکەنین و بە قاقای پێکەنینەوە خۆیان دەگەوزاند و لە سەر پشت ڕادەکشان و هەردوو لاقیان بۆ سەرەوە وەک پایەر لێ دەدا.

دەیانگوت سەرۆککۆمار هەموو هەفتەیەک کابرا ناچار دەکات بڕوواتەوە بۆ لای هەمان دکتۆر. دکتۆر گەچی بۆ تێ دەگرێتەوە و دووایی شەقێکی تێ هەڵ دەدات و بۆی دەشکێنێتەوە و پێی دەڵێت "سەگباب، لەبەر ئەوە".

خەڵکەکە دووبارە لە قاقای پێکنینیان دەدایەوە.

هاوولاتیەکیان کە لە نێوان عاشقبوون بە فەلسەفە و پارەدا گیری خواردبوو، دیفاعی لە پرشنگ دەکرد، بەڵام ڕووبی دەکردەوە کە حکومەت و سەرۆککۆمار و خەڵکەکە حەقیانە و دەیگوت: "ئەمە قاقایەکی نیشتیمانییە، نیشتیمان پێکەوە پێ دەکەنێت. نیشتیمان یەک لێو و یەک دەمە. ئەمە جوانییەکی تایبەتییە".

بەڵام جیدیەتیش هەبوو. حکومەت تەکلیفی لە خەڵک کرد کە ئیتر یاسا نەخەنە ژێر دەستی خۆیان. کۆرسێکی خۆڕاپی سەبارەت بە ناسینەوەی ڕەنگەکان و جیاکردنەوەیان لە یەکتر لە سەر تەلەڤیزیۆن پەخش دەکرد. مەلایەکیشیان دانابوو و زوو زوو وەبیر بینەرانی دەهێنایەوە خۆ ئەگەر قەزاوقەدەر هەر ڕووی دا ئەوە مەیلی خودایە. خودا دەتووانێت بۆ چرکەیەک ڕەنگی جلکوبەرگی کەسێک بگۆڕێت و یەکێک بێ مەبەستی خراپ بیداتە بەر گوللە. ئەجەل ئەجەلە. کەس نازانێت خودا بۆ وا دەکات، بەڵام خودا خۆی دەزانێت. ئەوەی بێگوناهیش بێت بەهەشتیە. کەس ناتووانێت زەرەر لە بڕیاری خودای گەورە بدات.

ئەو ژنە کێیە کە لە سێدارەم داوە؟

شێرە کەوتبووە ناو شاڵاوی ئەو سێڵاوە کە بێ ئامان لەگەڵ خۆیدا دەیبرد. ئامادە بوو هەناسەی خۆی بۆ هەتاهەتایی بووەستێنێت بە مەرجێک یەک جاری دیکە لە دایکی ببیستێت بڵێت "کۆمیوتەرەکەت".

بەڵام ئیتر هەرگیزاوهەرگیز ئەو وشەیە نابیستێتەوە.

بەرامبەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەی بووبوو بە بتێک.

ڕۆحی لە قووڕاوی سێڵاوەکەدا بەر داروبەرد دەکەوت و لەگەڵ هەڵبەز و دابەزی شەپۆلی سێڵاوەکەدا بن و سەر دەکەوت.

شێرە لە هیچ حاڵێی نەدەبوو. بێ ئەوەی بزانێت چی دەکات دەروازەی دۆزەخی خستبووە سەر گازەرای پشت. ئەو حەشاماتە پان و بەرینەی هێنابووە خرۆش و دانەدەمرکانەوە. خودا بە زیادەوە نزا و پاڕانەوەکانی گیرا کردبوو. ڕاستە، ئەم پاڕایەوە بیتەقێنێتەوە، بەڵام ئەم تەقینەوەیە زۆر گەورە بوو. دیاربوو وشەی تەقینەوە لە ئاسمانی دوور مانایەکی گەورەتری هەبوو.

دەستوبرد ئەو کلیپەی دەنگیەی لابرد کە بە درۆ دروستی کردبوو، بەڵام نەیدەتووانی کاریگەریی لە سەر هیچی تر دابنێت. لابردنی کلیپەکەی ئەم هیچی بارودۆخەکە نەگۆڕی. درمێک بڵاو بووبووە کەس گوێی بە سەرچاوەکەی نەدەدا.

سەدان پەیجی حکومیی و ناحکومیی خەڵاتی زێڕینیان پێ دەدرا چونکە دەیانسەلماند کە ئەوان یەکەمین کەس بوون ئەو مەترسیەیان لە

سەر شەرەفی نیشتیمان کەشف کردووە و کە خۆیان سەرچاوەی یەکەمن.

وردەوردە باری خەم لە سەر دڵی شێرە نیشت. تەپوتۆزێک لە سەر دڵی دەنیشت کە پێوەی دەنووسا، هەمان تەپوتۆزی وڵات لە سەر خۆیان.

بە داخێکی گرانەوە هاواری لێ هەستابوو: ڕوو لە کوێ بکەم؟ ئەو ژنە بەدبەختە کێیە؟ ئەو ژنە کێیە کە لە سێدارەم داوە؟ ئەو ژنە کێیە کە لە خاچم داوە؟

دەنگێک لە غەیبەوە بە گوێی شێرەدا دەیچرپاند: سێدارە و خاچی چی؟ تۆ بە سەنگبارانکردنت دا. تۆ بەردبارانت کرد. تۆ هەموو خەڵکی ئەم وڵاتەت لێ هانداء، بەردت خستە دەستیانەوە و ناچارت کردن بەردبارانی بکەن. تۆ دەستی خەڵکەکەت گرت و پێتگوتن کەوڵی بکەن.

چرپەی دڵنەوای دایکی ڕایچڵەکاند. دەترسا. سەیری ئەملاوئەولای ژووورەکەی خۆی دەکرد. هیچ دیار نەبوو. کەسی لێ نەبوو. بە تەنیا بوو.

کامە پرشنگ؟ لە مانی پرشنگی ڕووانیی کە بە سەدان جار وێنەی بەردەرگاکەیان بڵاو کرابووەوە.

دەرگایەکی کۆن کە سنووری خانوویەکی دیاری دەکرد. ڕەنگێک لە شینێکی کاڵ و پڕ لە وردەگوڵی زەردۆکەی پەڕە سپی.

نەیدەزانی ئەمەی لە کوێ بینیووە.

ئا، بیری کەوتەوە. ڕەنگی کراسێکی دایکی خۆی بوو. کاتێک بە بەری باڵای خوشکەکانی دەبوو ئەوانیش لەبەریان دەکرد. هەموویان فریا کەوتن لەبەری بکەن و پێوەی بێن و بڕۆن. بەڵێ، بەڵێ، شینێکی کاڵ، گوڵەزەردی بچکۆلەی پەڕەسپی.

پێڵووی چاوەکانی لێک نا. بیری دایکی دەکرد. پێی خۆش بوو ئیتر بمرێت و چاوەکانی نەکاتەوە.

بۆچی بژی؟

باشە، چۆن بتوانێت ئەم زەرەرە گەورەیە بووەستێنێت؟

چۆن بتوانێت لە ژێر باری ئەم زەرەرە گەورەیەدا بەرامبەر بە خودا ڕابووەستێت.

مەلای مزگەوتەکەی گەڕەکی خۆیان چەندین جار باسی کردبوو کە کاتێک دەمرێت و ئەو خەڵکەی ناشتوویانە بەجێیدەهێڵن، ئەمیش هەڵدەستێت و دەیەوێت لەگەڵیاندا بڕووات، بەڵام لوتی بەر ئەو بەردانە دەکەوێت کە لە جیاتی پێخەف پێی دادەپۆشن. لوتی بەر ئەو بەردانە دەکەوێت و ئینجا دەزانێت کە مردووە. ناتوانێت لەگەڵ زیندووەکاندا بڕواتەوە. ئیتر سەر بە جیهانی مردووان دەبێت.

خودا چۆن لە ئەو گوناهە خۆش دەبێت؟ بە چەند لەیلەتوقەدر؟ بە چەند ڕۆژووگرتن؟ خۆ ڕۆژووەکانیشی بە دزی باوکییەوە دەشکاند، چونکە هەرگیز نەیدەتوانی خۆی بەرامبەر بە ئەو شیرینیانە ڕابگرێت کە لە منداڵییەوە حەزی لێ کردوون و هەمیشە بە ناوی بەربانگەوە دەیکڕین، بەڵام زۆر پێش بەربانگ دەیکردن بە ئەو دیوی گەرووید‌ا.

ویژدانی نائاسوودە دەبوو. نە عەمرەیەکی کردووە و نە حەج. خودا بە چی لێی خۆش دەبێت؟ هەموو ژیانی پارچەیەک نائاسوودەیی ویژدان بوو.

چاوەکانی لێک نابوو. پێڵووی چاوەکانی قورس و ماسولکەکانی دەموچاوی بە سەرینەکدا کەوتوو. بیری دایکی دەکرد. باش بوو ئەم نەیکوشت. ئەم کوشتی یان خۆی مرد؟ خودا کوشتی، خودا بردیەوە بۆ لای خۆی. زۆری پێ خۆش بوو کە ئەم نەیکوشتبوو.

خودا بردبوویەوە بۆ لای خۆی.

خەڵکەکەش هەموو وایان دەگوت، بەڵام خوشکەکانی دەیانگوت باوکمان کوشتوویەتیی. خۆ باوکی لە ئەوێ نەبوو، بریابا ئەو بیکوشتایە و ژنی بە سەردا نەهێنایە. باوکی لە شەهرولعەسەل بوو.

نەیدەزانی مانای چی، یانی مانگی هەنگوینیی، بەڵام مانگێکیش نابات، ئەوە سێیەم ڕۆژە و بەرەو چوار دەچێت و دێتەوە؟

لە هیچ حاڵێی نەدەبوو.

خودا کوشتی. خودا بردیەوە بۆ لای خۆی، چونکە ئیتر ئەجەلی هاتبوو. پێش ئەوەی ئەم بیکوژێت، خودا بردیەوە بۆ لای خۆی. خودا هەم دایکی خۆش دەوێت و هەم شێرە. بۆیە نەیهێشت ببێت بە بکوژی دایکە جوانەکەی. لە جیاتی شێرە، خودا خۆی گیانی لێ ستاند و بردیەوە بۆ لای خۆی.

ئەی ئەو هەموو لێدان و هەڕەشە و جوێنەی کە خوشکەکانی باسیان دەکرد. تەنانەت باسی لێدان و کوتان لە خۆیشیان. هەمووی

کۆبووبووەوە. هەمووی بووبوو بە زووخاو و ڕۆژبەڕۆژ بە گەرووی دایکیاندا چووبووە خوارەوە و تێکەڵ بە خوێنی بووبوو. ئەوە کوشتی.

خوشکەکانی ڕاستیان دەکرد: خودا نەیکوشتبوو، باوکیان کوشتبووی.

دایکە جوانەکەی، دایکە میهرەبانەکەی، دایکە ئیشکەرەکەی. ئیتر هەرگیزاوهەرگیز خۆراکیان بۆ ناخاتە سەر ئاگر.

ئەدی باوکی چی دەخوات؟ ئا، وەبیری هاتەوە ژنە تازەکەی بۆی ساز دەکات. لە ئێستا بەدوواوە خۆراکی دەستی ژنەتازەکەی دەخوات.

پێڵووی چاوەکانی شێرە قورس بوون و بینایان تاریک داهێنابوو.

دەیبینی چۆن پەپوولەکان دەبارێن. وەک چۆن باران بە نمەنم دەبارێت ئاوا پەپوولە لە ژوورەکەیدا دەباری. پەپوولەکان ڕووخساری دایکیان هەڵگرتبوو، وەکو دایکی دەهاتن و دەچوون، بەڵام باڵدار بوون.

لە ناو ئەو هەموو پەپوولەیەدا بوو. پێڵووی چاوی بە ئاستەم هەڵدەبڕی و پەپوولەکان وردەوردە نەدەمان و پێڵووی چاوی دادەخستەوە پەپوولەکان دەهاتنەوە و زۆرتر دەبوون.

دایکی دەیەوێت بیخەوێنێت.

تۆ بڵێی شتی وا هەبێت؟

ئەو دایکە جوانەی کە باوکی هەمیشە لێی داوە و جوێنی پێ داوە و هەڕەشەی لێ کردووە و ئینجا ژنی بە سەردا هێناوە. لە پڕێکدا پێڵووی چاوی هەڵبڕی. پەپوولەکان نەمان. ژوورەکەی هەمان ژوور بوو.

خوێن بەر چاوی گرتبوو. بێگومان دەیکوژم، لەبەر خۆیەوە دەیگوت. سوێند بێت بیکوژم. ئەوە باوکی من نییە. تەنها جارێکیش قسەیەکی لەگەڵ منداا نەکرد کە بە تەمایە ژن بهێنێت. کە بە تەمایە سێ ژنی تر بهێنێت. شتی وا چۆن دەبێت؟

باوکی چوار ژنی بۆ چییە؟

نا، سێ ژن.

خەڵک لە ئەمەولا پێی نالێن بێوەپیاو، پێی دەڵێن پیاوە سێ ژنەکە. ناوی دایکی شێرە لە ئەوێشدا دەسڕدرێتەوە. دایکی فانی فانی بوو. هەر نەبووبوو.

ئازار بە قوولایی سینگیدا برووسکەی کرد کە کاتێک زانی ئیتر دایکی بە ژنێکی تر ناژمێردرێت. بە هیچ ناژمێردرێت. گەڵایەکی وەریوی بابردوو بوو.

لە ئەو پەڕی شارەوە، پاشنیوەڕۆ بوو کە ئافتاو هەر بە میوان بەڕێکردنی خەمخۆرییەوە خەریک بوو. هەموو سەردانێک دووبارە مەرگی دایکیان دەهێنایەوە پێش چاوی.

مردنی ئەو دوو دایکە زیاتر لە دوو دڵۆپە ئاو نەبوون کە لە بنی مەرکانەیەکەوە ڕووەو ناوەوەی گەرووی زەوی تینوو دەتکێنە خوار. باسی پرشنگیش وەک شیرینی خێر دەگەڕا و دەگێڕدرا و هەر ڕەواجی پەیدا دەکرد.

بۆچی بە نهێنیی بیکوژێت؟

باوکی شێرە و ژنەکەی هەر بە ڕێگاوە چوون بۆ سەر گۆڕی دایکی شێرە و قەدەرێک مانەوە و هاتنەوە بۆ ماڵەوە.

باوکی هەر بە سەر سڵاوێکی لە شێرە کرد و هیچی تر. ژنەکەی کە دیار نەبوو تەمەنی چەند بێت لە ئەوە دەچوو کەوتبێت و سەری چوو بێت بە ناو دەفرێک لە سووراوسپیاودا. لە ژێر لێوەوە و بە کزی سڵاوی لە شێرە کرد و نەیدەزانی ڕووەو کوێوە بڕووات. شەرمن و دوورلەئەوێ و بێدەربەست دیار بوو. باوکی شێرە دەستی ژنەکەیی گرت و ڕووەو ژووری نووستن بردی. ژووری نووستن و ژوورەکانی تر و هۆڵەکە و حەمام و حەوشەی نیشان دا. باسی ئاو و تەنکی و بەلوعەی کوێ و کوێی بۆ کرد و بردی بۆ مەتبەخەکە و خەریکی باسی مەنجەڵ و ئاگر و پەرەمێز و تەباخ و ئەو شتانە بوو.

ژنەکەی باوکی هەر بە هەمان جلکوبەرگەوە قۆڵی هەڵکرد و لە مەتبەخەکەوە دەستی بە کار کرد، بەڵام دیار بوو نەیدەزانی لە کوێوە دەست پێ بکات. مرۆڤێک لە جیهانێکەوە بۆ ناو جیهانێکی تر بەربووبووەوە و بە سەر پرسەیەکیشدا کەوتبوو. هەستی بە هیچ نەدەکرد. کەمێک خۆشحاڵ بوو کە ژنەی یەکەمی باوکی شێرە مردبوو یان لە ئەوێ نەبوو بەرۆکی بگرێت و هاوکاتیش نەیدەزانی چۆن دەبوو.

سەری لێتێکچووبوو. هاوکات دەیزانی باوکی شێرە دوو ژنی تر دەهێنێت و هەموو شتێک تەواو بووە. چوار ژن، نا سێ ژن لە ئەو ماڵەدا.

ژنەکەی باوکی و شێرە، بێ ئەوەی ئاگایان لە یەکتر بێت، هەر دووکیان بیریان لە سێ ژن دەکردەوە.

دایکی شێرە چەند بۆ شێرە گرینگ بوو ئەوەندەش بۆ ئەم ناگرینگ بوو. بیری دەکردەوە، تۆ بڵێی لە قەرەبووکردنەوەی دایکی شێرەدا یەکێکی تریش بهێنێت؟ نەیدەزانی. جا سێ و چوار چ جیاوازییەکیان هەیە؟ وەڵامی ئەوەیشی نەدەزانی.

شێرە بۆ ژووڕەکەی خۆی چوو بوو. پلانی دادەنا چۆن باوکی بکوژێت. چۆن وا بیکوژێت کە کەس نەزانێت، کە حوکمەت نەزانێت و کە تەنانەت ژنە تازەکەیشی نەزانێت. بیکوژێت و بیکات بە خۆشترین شیرینی ناو هەناوی، کە هەموو چرکەیەک چێژ لە کوشتنەکەیی و لە نهێنییەپارێزیەکەی وەربگرێت، بەڵام ئەوە ئاسان نەبوو. شتی وا چۆن دەکرێت؟

لە پڕێکدا بیری کەوتەوە، نا، بۆچی بە نهێنیی بیکوژێت؟ خۆ ئەم لە کەس ناترسێت. کەسی بە پیاو دانەدەنا. ئەم دەیەوێت تۆڵەی دایکی بستێنێت، تۆڵەی خوشکەکانی. تۆڵەی بێڕێزییکردنی بە خۆی. جا بۆ خەڵک نەزانن، بۆ حوکمەت نەزانێت؟ ئا، چونکە ئەو قازانجەیشی هەیە کە ئیتر دەخرێتە ناو زیندان و سزای خۆی بۆ تێکدانی ژیانی پرشنگ و بۆ ئەو زەرەرانە وەردەگرێت کە لە ئەم ڕۆژانەدا کردوونی.

کوشتنی باوکی دەرگای لە سەر سزایەک دەکردەوە کە ئەم شایستەی چێشتنی بوو.

ژنەتازەکەی باوکی بە دەستی پڕ بازینگ و هەندێک ملوانکەی زێڕینەوە کە زەردزەرد دەبرسیکانەوە دەهات و دەچوو. بە لایەوە سەیر بوو کە ئەوە شووکردن بوو. لە تەمەنی باڵقبوونییەوە خەیاڵی بە شووکردنەوە

لێ دەدا. خەیاڵی خۆش خۆش. زەردەخەنە و پێکەنین و چاوچاوێن و دەستبازیی و پێکەوە ڕاکشان و سێکسکردن و خواردنی خۆش و پێکەوە کات بە سەر بردن و ئیتر ئاوا. وا ئەو شووەی کرد، ئەو شووکردنەی بینی.

ئەمە شوکردن بوو.

لە ئەو هۆڵەدا کە هێشتا تیایدا دانەنیشتبوو، قەفەسێکی دەبینی جۆلانەیەکی تیادا هەڵواسرابوو. جۆلانەکە دەهات و دەچوو. ئەو قەفەسەی شوڵکەکانی هێندە لە یەکترەوە نزیکبوون و وا تێکچڕاو هۆنرابوونەوە لەشولارێکیان پیادا دەچوو وەک کەنارێی باریک بێت. ڕۆژێک ئەمیش دەبێت بە کەنارییەکی بەژن باریک.

لە ئەو شوێنەوە کە وەستابوو هەستی دەکرد لە سەر جۆلانەکە دانیشتووە و هەستی بە قورسیی جەستەی خۆی دەکرد کە بە دەم جۆلانەکردنێکی هێواشەوە دەبزووا.

بیری ماڵی خۆیانی دەکرد. بیری دایکی. بیری پووری و بیری دوو خوشکە بچووکەکەی. بەشکم باوکی شێرە پیاوێکی باش بێت. باوک و براکانی بەس لە تووڕەبووندا ئەم و خوشکەکانیان دەبینی. خواردنەکەیانیان دەخوارد، چایەکانیانیان دەخواردەوە، لە ماڵە پاکوخاوێنکراوەکەدا دادەنیشتن و پیسیان دەکردەوە و جلکوبەرگی چڵکنیان بە پاکیی لە بەر دەکردەوە، بەڵام ئەمانیان نەدەبینی. بەشکم پیاوێکی چاک بێت و بە دیاریەوە سەری خۆی سپی بکات. قەیدی چی دەکات کە دوو ژنی تریش دەهێنێت. کێ ڕزقی کێی بڕیوە و کێ نانی کێ دەخوات و کێ دەزانێت پێش کێ دەڕووات. هەزاران جار ئەم قسانەی لە نەنکی و دایکی بیستبوو. پێیان دەگوت هەر شان لە ژێری دەنێیت و ڕۆژان بە ڕێ دەکەیت و تەواو. هیچ هونەرێکی تیادا نییە، کچەکەم، نەنکی بۆی

باس دەکرد. بەڵام ئەم زۆر حەزی لە ئەو کوڕەی دێیەکەی خۆیان دەکرد کە لە بەر خاتری ئەم ماتۆڕێکی کڕیبوو و کەمێک دوور لە ماڵی ئەمان بە ڤینگەڤینگی ماتۆڕەکەی سڵاوی بۆ ئەم دەنارد یان بانگی دەکرد بێت بۆ دەرەوە یان شەوخۆشیی لێ دەکرد. لە سەرەتادا باوک و براکانی نەیاندەزانی ئەو ڤینگەڤینگە چییە. بەڵام ئیتر فێری دەنگی ڤینگەڤینگە بووبوون و لەگەڵ هەموو ڤینگەڤینگێکدا ڕووخسار و جەستەی ئەمیان دەبینی کە چۆن هەموو ماسوولکەیەکی بچووک و گەورەی دەبزووێن و لاقەکانی ڕوواوڕووی دەرگای حەوشە هەڵی دەگرن.

ئیتر چوونەدەرەوەیان لێ قەدەخە کرد و زووبەزوو دایان بە شوو، دایان بە باوکی شێرە.

هەر هەمووی لە ماوەی یەک دوو هەفتەدا ڕووی دا.

ئێستا لە سەر جۆلانەکە لە سەرخۆ جەستەی بۆ پێشەوە و بۆ دوواوە دەهات و دەچوو. ڤینگەڤینگی نەدەبیست، بەڵام گوێی دەزرنگایەوە.

ئەو میلەشوڵکانەی وا بە جوانی هۆنرابوونەوە و تێهەڵکێش کرابوون و ئاوا بە ستوونیی لە سەرەوە لە شێوەی گومەزێکدا و پاشان ڕووەو خوارەوە هاتبوون. ئەو قەفەسەی بە دڵی باڵندەکان دروست کرابوون، کە باڵندەکان وەک کۆشکێک ببینن، تیایدا هەڵبسوورێن و بچریکێنن و دڵیان خۆش بێت.

باوکی شێرە چوو بۆ هۆڵەکە و لە هەمان ئەو شوێنە دانیشت کە دایکی شێرە لێی دادەنیشت و سەیری دەرگای حەوشەی دەکرد. باوکی سەری هەڵبڕیبوو دیار نەبوو بیر لە چی دەکاتەوە. کێ دەیگوت لە مانگی هەنگوینیەکەیدا دایکی شێرە بەجێی دەهێڵێت. ئیتر ژیان وایە. خودا

بڕیار دەدات. هەستی بە هیچی تایبەتیی نەدەکرد، بەڵام جۆرێک لە چۆڵیی لە ناخییدا بوو. لە ماوەیەکی کەمدا ئەم ماڵە ئاوەدان دەبێتەوە. لە جیاتی ژنێک سیان دێن و دەڕۆن و کار دەکەن و پێکەوە ژیان بە سەر دەبەن.

خۆشیی و ناخۆشیی هەر بە دەست خودا خۆیەتی.

ئەگەر منداڵیان بوو ئەوا باشتر، ئەگەر نەیانبوو ئەوا خودا بە نسیبی نەکردووە. تازە ئەم منداڵی خۆی هەبوو. ژنەکانیشی ئینشائەڵلا خودا جەزایان دەداتەوە.

شێرە هاتە ناو هۆڵەکە و بەرامبەر بە باوکی ڕاوەستا. هەر وەک چۆن بەرامبەر بە دایکی ڕاوەستابوو. دەستی چەپی لە ناو گیرفانییدا بوو. دەستکی چەقۆکە لە ناو لەپی دەستییدا ڕاکشابوو. لە باوکی ڕووانی.

سیمای ڕووخساری باوکی هیچ نارەحەتییەکی پێوە دیار نەبوو. نەیدەزانی باوکی بیر لە چی دەکاتەوە. لە ئەوە نەدەچوو باوکی بینیبیەتی کە هاتووەتە ژوورەوە یان بە خەیاڵییدا نەدەهات. شێرە دەیزانی، ئێوارە پاش نوێژ و نانخواردن خەڵکی گەڕەک و دەروەدەراوسێ و مەلای مزگەوت و کەسوکاران دێن بۆ ماڵیان بۆ سەرەخۆشیی لە باوکی. کەس سەرەخۆشیی لە ئەم نەکردبوو. ڕەنگە زانیبێتیان کە دایکی لە ژێر دەستی ئەمدا مردووە.

یەک دوو هەنگاوی بچووک لە باوکی چووە پێشەوە، بەڵام باوکی هەر لە سەر دووڕەنیگای خۆی بەردەوام بوو و بایەخێکی بە هەنگاوەکانی شێرە نەدەدا. شێرەی نەدەبینی.

هەر ئەوەندەی بڵێیت یەک و دوو شێرە لە بەردەمییدا ڕاوەستا و چەقۆکەی دەرهێنا و بەرزی کردەوە. ئا لە ئەو کاتەدا کە لەشی شێرە

نزیکەی بەر لەشی باوکی دەکەوت، باوکی جووڵا و شێرەی بە ئاوێزانیی بە سەر سەری خۆیەوە بینیی. باوکی لە دۆخی داچڵەکیندا نیواونیو بەرزبووەوە. سێبەری شێرەی بە چەقۆیەکەوە بینی و لە شڵەژاوییدا بە هەر دوو دەستی دەیویست بە شێوەیەک چەقۆکە لە شێرە بسەنێت یان ڕابگرێت، بەڵام شێرە بە پێوە بوو. تووڕە بوو، داخ لە دڵ بوو، پلانی دانابوو.

لە جێی خۆیدا پێیەکانی لە زەوی گیر کرد و هەموو هێزی لاویەتیی خۆی خستە کار. بە ئەو تووڕەییەوە بە دەستی چەپی بە چەقۆکە سەر و سینگ و شانی باوکی داگرتەوە. چەقۆکە بە تووڕەیی شێرە تیژتر بووبوو.

باوکی شێرە لە بەر خۆیەوە هاواری لێ هەستا و هاوکات دەیویست لە ژێر ڕێژنەی چەقۆلێدانەکەدا هەڵبێت، بەڵام نەیدەتوانی. دەستی چەپی شێرە وەک بەرزبوونەوە و داچوونی دەرزی مەکینەی دووروومان لە چوونەسەرەوە و هاتنەخوارەوەدا بوو. ژنەکەی باوکی بە هەڵەداوان متبەخەکەی بەجێهێشت و ڕووەو هۆڵەکە ڕای کرد.

باوکی شێرە هێشتا هەر لە ئەوەدا بوو بە هەر دوو دەست و بە باڵەکانی خۆی لە چەقۆوەشاندنەکانی شێرە بپارێزێت.

هێرشەکە کورتخایان بوو، چونکە باوکی شێرە لە ژێر پەلاماری چەقۆکەدا وردەوردە بە چۆکدا هات، بەڵام شێرە وازی نەدەهێنا.

لەگەڵ دابەزینەکەی جەستەی باوکییدا خۆی زیاتر دەچەماندەوە و دەستی دەهێنایە خوارەوە و لە سەر چەقۆلێدان لە شان و مل و سەری باوکی بەردەوام بوو.

باوکی شێرە لە سەر زەویە کە بە خواروخێچی بەلادا کەوت. شێرەش بە هەناسەبڕ کێوە کە وردەوردە لە وزە چۆڕەبڕ دەبوو لە سەر قەنەفەکە دانیشت. ژنەکەی باوکی لە سەرەتادا خوێنگرتبوویی و هەناسەی لێ بڕابوو. لە شوێنەکەی خۆیدا بە نیوەچەماوەیی وەک کەوانێکی هێنراوە دەق گرتبوو. نەدەجوولا و چاوەکانی خەریکبوون لە قوونکەی خۆیان دەردەپەڕین کە لە پڕێکدا دەرگای گەرووی کرایەوە و قیژەکەی ناخی کە قەدەرێک بوو پەنگی دەخواردەوە هاتە دەرەوە. قیژە لە سەر قیژە. پڕ بە گەروو و بە سینگیی دەیقیژاند و دەیقریشکاند.

هەر تەنها و تەنها ئەو کاتەی لە دامێنی دایکی کەوتبووە خوارەوە بە دڵی خۆی قیژاندبووی. دەنا هەرگیز ڕێگایان نە بە ئەم و نە بە ژنەکانی تر نەدابوو قریشکەیەک بکەن. ئەم قیژاندنەی ئێستا کۆی هەموو ئەو قریشکانە بوو کە لە سنگییدا پەنگیان خواردبووەوە.

دەنگی وا بڵند بوو سنووری گەڕەکی تێپەڕاند.

خەڵکی گەڕەک بە هەڵەداوان خۆیان کرد بە ماڵیاندا.

هەموویان پیاوێکی بە تەمەنیان دەبینی لە پۆزی ئاولەمەیەکدا لە ناو خوێناوی خۆیدا بەرەو وشکەهڵگەڕان دەچوو. شێرەیان دەبینی کە بە خۆیی و چەقۆکەی دەستییەوە لە پشوودانداِ بوو.

لە ئەوە نەدەچوو کەس بیبینێت. بێ باک و ڕازیی دانیشتبوو. بووکێکی چەند ڕۆژەیشیان دەبینی، بە مەچەکی پڕ بازینگ و زەردوئاڵەی زێڕ و خشڵ و جلکوبەرگێکی شادەوە خوێنگرتبووی. لە ماڵێکدا کە بە هەموو مانایەک نەیدەناسین و لە ئەوپەڕی دۆخی خۆونکردندا بوو، خۆیی تەسلیم بە قەدەر کردبوو.

ئاخ یاسا کە دەبێت سەروەر بیت!

شێرە تەنها دوو ڕۆژ لە زیندانداا یان ڕاستتر لە هێشتنەوەدا مایەوە. خۆی هەموو شتێکی گوت و باس کرد. پێویستی نەکرد کەس هیچی لێ بپێچێتەوە و پرسیاری لێ بکات. هەموو شتێک بێ کەم و زیاد، بێ ئەوەی هیچی بخاتە سەر یان پێی کەم بکات. نا، شێرە پێی وابوو ئەو ڕووداوە دەبێت وەک خۆی باس بکرێت. شتێک نەبوو شەرمی لێ بکات. شانازیی بە کوشتنی باوکییەوە دەکرد و دەیگوت دەتووانێت سەد جاری تریش بیکوژێتەوە.

شێرە دەیویست بۆ جارێک لە ناو ژیانی ئەمدا ڕووداوێک وەک خۆی بگێڕدرێتەوە. هیچی بۆ زیاد نەکرێت یان لێ کەم نەکرێت. لە پڕێکدا بە بیری هاتەوە کە لە ئەوە پێشیش دەیزانی. دەیزانی کە لە وڵاتی عەرشی پەروەردگارا هیچ وشەیەک وەکو خۆی ناگوێزرێتەوە و حەتمەن هەر بە شێوەیەک دەیگۆڕن. دەیزانی ڕستەیەک بە سەدان جۆر دەگۆڕن و دەیزانی شیعر و پەخشان لە یەک و لە خەڵکی بیانیی دەدزن و بە ناوی خۆیانەوە بڵاوی دەکەنەوە. سەرۆککۆمار سوێندی دەخوارد و دەیگوت من نەمگوتوە، حوکمەت دەیانگوت دەزانین کێ گوتویەتی بەڵام پێمان عەیبە بیڵێین، سەرۆکوەزیر لە فڵانە باسدا دەیگوت خۆ لە دایکمم نەبیستووە، بەڵام وەزیرێک زوو بە تەوسەوە وەڵامی دەدایەوە و دەیگوت من لە دایکمم بیستووە و ئیتر ئاوا.

شەڕەجوێنێک کە نەڕە و هاڕە و گرمەی هەوری بەهار بوو.

بەڕێوەبەرێکی وەفادار بە سەرۆککۆمار لە پەیجێکی ساختەوە دەینووسی کە سەرۆکوەزیران بارمتەی وێنەی گەڵوقنیەتی. یەکێکی تر

بۆی دەنووسی "دەزانم کێی، مەگەر خۆت چەند جار خۆت و ژنەکەتت بە گان داوە". بەڕێوەبەر وەڵامی دەدایەوە و دەینووسی "دەبینووسە، ئەگەر پیاوی".

دانیشتووان دەیانزانی لە سەرۆککۆمارەوە بەرەو خوار هەر یەکەی دە و بیست پەیجی ساختەی هەیە. ئەوە ئاسایی بوو چونکە خۆیشیان هەیان بوو. زۆرینەی هاونیشتیمانیانی عەرشی پەروەردگار هاوکات لەگەڵ خوداپەرستیەکەدا ئەکاونتێک یان پەیجێکی ساختەیان بە ناوی خوازراوەوە هەبوو. کەس هیچی بە سەر خۆی نەدەهێنا و وایان نیشان دەدا کە نازانن ئەو شتانە چین.

شێرە تەنانەت دەیزانی کە خەڵکانێکی بەئەژمارد هەبوون دەچوون بۆ وڵاتێک بۆ کەیف و سەفا و دووایی بە فۆتۆشۆپ وێنەی خۆیان لە حەج و عەمرە دادەنا. زۆر هەبوون ژنی دووەم و سێیەمیان لە شاری تر دەشاردەوە، نەک لە بەرئەوەی لە ژنەکانیان دەترسان بەڵکو لەبەرئەوەی لە دەمی خەڵک دەترسان و بێگومان هەندێکیان چێژیان لێ دەبینی. شێرە زۆر باش دەیزانی لە وڵاتەکەیدا بوختان و درۆ وەک باران دەبارێن. دەیزانی لە یەکترشکاندن و یەکتربچووککردنەوەدا خەڵکەکە چەند بێ ویژدانن. خۆی بە یەکێک لە خوێرپەکانی ئەو وڵاتە دادەنا.

ڕووداوەکان کە تا دەهات گەورەتر دەبوون شێرەیان بە تەواوی گۆڕی.

شێرە هەر خۆی بە خوێڕی نەدەبینی، بەڵکو خۆی بە تاوانباریش دادەنا.

شێرە خۆی بە تاوانبارێکی خوێڕی دادەنا.

شێرە کەوتبووە سەر چۆکان و داوای لە خودا دەکرد سەرقاپێک بخاتە سەر مەنجەڵی ئەو ڕووداوانە. تکای لە خودا دەکرد ئەو گرکانە دابمرکێنێتەوە. تۆبەی مەرگی دەکرد و دەیگوت خودایە من بە باوکمەوە گووم خواردووە و تۆ حیسابی ئەو دەمپیسیەمان لەگەڵدا مەکە.

بەڵام خودا بە نزا و تکا و داوای خەڵکی تردوە مەشغوڵ بوو و کاری گەورەتری لە ئەوە هەبوو بە دیار داوا و تکا و نزای شێرەوە دابنیشێت.

لە گەرمەی دۆخی پەشیمانبوونەوەی شێرەدا شتی باشیش هەبوون. لە ناخییدا هەستی بە شانازیی دەکرد کە توانیوویەتی باوکی خۆی بکوژێت. ڕەچەشکێنی بۆ وڵاتەکە پێویست بوو. ئەم وڵاتە ڕەچەشکێنیی و سەرکێشیی پێویست بوو. ئەم گۆمە دەبا بشەڵەقێندرایە و ئەم بە کوشتنی باوکی شڵەقاندی و چاکیشی شڵەقاند.

بەس خودا یارمەتیی بدایە و هەندێک شتی بە حەزی ئەم بگۆڕیایە.

لێکۆڵینەوەی پێویست کرا و شێرەیان بۆ دادگا برد. لەگەڵ ئەوەشدا کە دادگاکان زۆر مەشغوڵ بوون، مەشغوڵی گەورەترین کەیسی سەردەم بوون بە ناوی "کەیسی پرشنگ، کەیسی شەرەف و کولتوری ڕەسەن"، دادوەرێک ئاخریەکەی هەر کەیسەکەی وەرگرت. کەیسەکەی شێرە ئاسان بوو. قسەوباسی نەدەویست. پارێزەرێک پێویست نەبوو. تۆمەتبار تۆمەتبار نەبوو، تاوانبار بوو. هەر ئەوەندە پێویست بوو کە دادوەر بە ماددەی ئەوەندە سزای پێویستی بدات و تەواو.

لە بەر دەم دادوەردا شێرە بە کورتیی پوختەی باسەکەی پێشکەش کرد. کۆمەڵێک خەڵک دانیشتبوون. چەندین هەواڵنێر لە ڕۆژنامە و تەلەفیزیۆنەکانەوە هەر وەک بوو بوو بە باو، بە مەبەستی چاودێریکردنی یاسا و ڕێسا و دادوەریی و یاساسەروەریی، لە ئەوێ بوون.

جوان دیار بوو کە دادوەر تووڕە بوو. تووڕەییەکەی نەدەشاردرایەوە. دەمێک بوو چاوەکانی سوور بووبوون، کونەکانی لوتی کرابوونەوە و مەچەک و باسکی گرژبووبوون. یەک دوو قرخەی بە گەرووی کرد و دادەکەی خوێندەوە:

"تۆمەتبار خۆ بە تاوانبار دەزانێت. وردەکارِیی باسەکەی ڕاستن. کەیسەکە خوێڕشتنێکی بێوێنەیە. کوڕێک ئاوا بێ سڵەمینەوە و بێ هیچ هەستێکی پەشیمانیی باوکی خۆی کوشتووە و ئێستایش بێ هیچ هەستێک بۆ داوای لێبووردن ڕاوەستاوە و چاوەڕووانی سزایە. دادگا بڕیاری دا سزای هەتاهەتایی بە سەردا بسەپێنێت" ...

ئامادەبوون دەستیان بە چەپڵەلێدان کرد و قسەکەیان بە دادوەر بڕی.
دادوەر چاوەڕێ بوو تا چەپڵەڕێزانەکە کۆتایی پێ هات:

"لە ئەگەری پەیدابوونی هەستی پەشیمانیی و گومان و نادڵنیاییدا تەنها پاش ماوەی سێ ساڵ بتووانێت سەردانی پزیشکی دەروونیی بکات".
دادوەر چەکوشەکەی بە تووندی بە مێزەکەیدا کێشا و ئامادەبووان و خەڵکی دەرەوە هاواری براڤۆ و ئافەرینکردنیان لێ بڵندبووەوە.

شێرە باکی بە ئەو سزایە نەبوو. بە پێچەوانەوە، شێرە خۆی ئامادە کردبوو لە سەر ئەو تاوانە گەورەیە بدوێت کە دەرهەق پرشنگ کردبووی، کە دەرهەق بە هەموو خەڵکەکە کردبووی. دڵی بە دادگا بۆ ئەوە خۆش بوو کە دەیویست باسی ئەو تاوانەی بکات، ئەو تاوانە گەورەیە. دەنا کوشتنی باوکی وەکو تێهەڵدانی شەق لە تەنەکەیەکی خۆڵی بە تاڵ بوو. زیاتر نەبوو.

شێرە بێ ئەوەی بچووکترین ماسولکەی سەبارەت بە سزادانەکە ڕووخساری ببزووێت، داوای کرد ڕێگای بدەن یەک دوو وشە بڵێت و دادوەر ڕێگای پێ دا.

- گەورەم، لە ڕاستییدا ئەو وشانەی دەمەوێت بیانڵێم سەبارەت بە کوشتنی ئەو پیاوە نییە کە گویا باوکمە، بەڵکو سەبارەت بە ئەو دۆخەیە کە من دروستم کردووە و کە ئێستا حەشاماتی ئەم خاکەی ورووژاندووە، ئەویش کەیسی پرشنگە. من تاوانبارم، گەورەم. ژنێک بە ناوی پرشنگ بوونی نییە. هەمووی منم.... من خولقێنەری ئەم دۆخەم، من خودای ....

دادوەر تووڕە بوو:

- بەسیکە کافر. تۆ خودای؟ ... نازانم مەبەستت چییە. دەزانم شێت نییت. دیارە نەخۆشی خۆدەرختستنت هەیە و ئامادەیت خوێنساردانە و بێبەزەییانە هەموو شتێک لە پێناوی ئەوەدا بکەیت کە ناوت بچێتە سەر زاران و کە ببینرێیت و ببیسترێیت. ئاخر کەیسێک کە سەرتاپا ئەم نەتەوەیەی مەشغوڵ کردووە، کە چەندین دادوەر و بە هەزاران پارێزەر سەرقاڵین، کە جەنابی سەرۆک و

سەرۆکوەزیران و هەموو وەزیران و حکومەت و گەورەوبچووکی ئەم خەڵکە خاوەن میژووە شەرەفمەندە بێهاوتایەی بە خۆیەوە گرێ داوە، کە پارەیەکی یەکجار زۆری تێ دەچێت، تۆ دێیت و دەتەوێت لە دەستمانی دەربهێنیت. ئەی بێ ناموووس.

- قوربان، من کافر نییم، من خودای ئەو دۆخەم، لە مانای دروستکردندا خودام ...

دادوەر ئاگری لێ دەباری .

ئامادەبووان و حەشاماتەکەی دەرەوە دەیانبینی کە دادوەر ئاگری گرتووە و کە شێرە بەدڕەفتارێکی سەرسەریی کافرە.

دادوەر بە سەر ئاماژەی بە پۆلیسەکاندا کە شێرە ببەن و تێشیهەڵدەن و بە پەلە ئاماژەیەکی تری بۆ کردن کە چاکی تێهەڵدەن. باوکوشتن لەلایەک و کفر لەلایەک. ئینجا مرخی خۆی خۆش کردووە گەورەترین کەیسی سەردەمیش بۆ خۆی بدزێت. پاسەوانەکان لە چاوترووکاندنێکدا پەلی شێرەیان گرت و بردیان.

بە دەم رۆیشتنەوە شێرە هەر پێی لە زەوی گیر دەکرد و ئاووڕی دەدایەوە بۆ دوواوە و دەیگوت: من خودای ئەم دۆخەم، من خولقێنەری ئەم ئاشووبەم، من تاوانبارەکەم گەورەم، بیکەن بە ڕاهی خودا، با لە ئەو دونیا لە دۆزەخدا نەڕزێم ....

ئەوانیش بە دەم بردنەوە بە شەپ و زلله و پیاداکێشان دایانگرتبووەوە.

دەنگی شێرە و زرم و کوت و تەپەی لێدان لەگەڵ دووركەوتنەوەی خۆی و پۆلیسەکاندا وردەوردە نەدەما.

دادوەر بە مەبەستی بەرژەوەندیی گشتیی بڕیاری دابوو تۆماری دادگاییکردنەکە پەخش بکرێت.

قسەکانی شێرە خۆیان بە هەموو ژوورێکی مالاندا کرد کە تەلەڤیزیۆن یان کۆمپیوتەر یاخود ڕادیۆیەکی لێ بێت.

هێرشی گەل بۆ سەر شێرە دەستی پێ کرد.

"ئەو سەگبابەی باوکی خۆیی کوشتبوو کافریش دەرچوو".

بە دەیان و بگرە سەدان پەیج و کەناڵی تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ ئەم ڕووداوەیان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە هەڵدەسەنگاند و ئەنالیزیان دەکرد و لێیان دەتوێژییەوە. لە زۆرێک لە مزگەوتەکانەوە بانگی ڕۆژی حەشر و ئاخری زەمان بڵند بووەوە. سەرۆکی وڵات سەفەرەکانی خۆیی بۆ دەرەوەی وڵات هەڵوەشاندەوە. بڕیاری داخستنی خوێندنگاکان درا چونکە پێیان وابوو تا ئەم پەتا سەرتاسەرییە بێڕەووشتییە چارەسەر نەکرێت، منداڵان لە بەر مەترسی شووشتنەوەی مێشکییدان.

پرشنگ ئاوی بێڕەووشتیی ڕشتبوو. کورێکی هان دابوو باوکی خۆی بکوژێت. باوکی خۆی!

دەیانگوت ئەو هەتیوە عەلمانییە. یەکێکی تر دەیگوت کافرە. دەیانگوت لە ژیانیدا پێی نەخستووەتە ناو مزگەوتەوە. دەیانگوت سەگبابێکی لە خودانەترسە. دەیانگوت بەچکەی شەیتانە و خودا دەزانێت دایکی گانی بە چ کافرێک داوە کە شێرەی لە دامێن کەوتووەتە خوار. دەیانگوت هەر کتێبی ئەوروپایی خوێندووەتەوە.

بە فۆتۆشۆپ وێنەیەکی شێرەیان دروست کردبوو کە خەریک بوو قەپاڵ لە مۆزێک بگرێت. لە هەزاران کۆمێنتدا بۆیان دەنووسی "هەمووی هەڵبگرە"، بە هەزارانی تر دەیانووسی "مەیخۆ، بیکە بە خۆتدا" و "زمانی پیادابهێنە" و هەندێک دەیانووسی "لەگەڵ مۆزی وا و گەورەتردا گەورەیان کردووە". زۆرێک لە ئەوانەی دوورونزیك خزم و کەسوکار بوون لە ژێر ناوی خوازراودا بۆیان دەنووسی کە بیکات بە قوزی دایکە مردووەکەیدا.

ئەکاونتێک کە ناوی خاوەنەکەی لە ژن دەچوو و نووسیبوی "نۆشی گیانی بێت".حەشاماتەکە هێرشیان بۆ سەر ئەویش دەستپێکرد. هەموو مۆزی دونیایان کۆ کردبووەوە و دەیانکرد بە زێ و بە قن و بە پشت و بە دەم و بە کونەگوێ و بە کونەلوتیدا و بە جوێن دایانگرتبووەوە.

ئافتاو لە ڕووماڵەکانی دەڕووانیی و سەری لە ئەو باسانە دەرنەدەکرد. چی ڕووی داوە؟ پێوەندیی نێوان ئەم دوو ڕووداوە چییە؟ چی شێرە و پرشنگ پێکەوە دەبەستێتەوە؟ شێرە بۆ هاوار دەکات "من خولقێنەری ئەم دۆخەم".

ئافتاو لە ئەو ماوەیەدا هەوڵی دابوو بدوێت، نەیاندەهێشت.

هیچ کەناڵێکی تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ و پەیجێک ڕێگایان بە ئافتاو نەدەدا بدوێت. دەیانگوت ئافتاو دەیەوێت خۆی دەربخات و لە سەر کەیسی پرشنگ ناو و ناوبانگ پەیدا بکات. دەیانگوت خۆی یەکێک لە ژنە بێشەرمە بێحەیاکانە و دەیەوێت تاوانەکانی پرشنگ پەردەپۆش بکات. ئافتاو ڕووی لە یەک دوو مزگەوتیش کرد کە بهێڵن لە بڵندگۆکانەوە بۆ خەڵک بدوێت، بەڵام نەیانهێشت. پێیان گوت شتی وا لە مێژووی دینەکەدا ڕووی نەداوە و پاشان بە داخەوە ناووبانگی ئەم وا باش نییە

کە حەرەمی مزگەوت باوەشی بگرێت و تازە پرشنگ و شێرە ددانیان بە تاوانی خۆیاندا ناوە و زەرەرێکی گەورەیان بە ئەم خاک و خەڵک و دینە گەیاندووە و با کەس لە بارەگای خودا بۆیان نەپارێتەوە. خودا خۆی ئاگای لە هەموو شتێکە، خۆی بڕیار دەدات دەیانبەخشێت یان نا.

خەڵک داوایان دەکرد حکومەت سەیری کامێرا شاراوەکان بکات تا بزانێت چ پێوەندییەک لە نێوان شێرە و پرشنگدا هەیە.

دەنگۆ هەبوو کە پرشنگ سەدان جار شێرەی بە سەر خۆیدا داوە.

هەندێک هەر بە چاوی خۆیان بینیبوویان کە چۆن پرشنگ شێرەی بە سەر خۆیدا دابوو. دەیانگوت شێرە لە جاشولکەیەک زیاتر نییە، پرشنگە کە خراپی کردووە. هەندێک دەیانگوت با کەس سەیری تەمەنی نەکات، ئەو هەتیوە سواری سەدان قەیرە بووە. یەکێکیان دڵنیابوو کە ئەو هەتیوە بە تایبەتیی مارەبەجاشیان پێ کردووە و بە خەفەتەوە دەیگوت ئای چیم بە خۆم کردووە، ئەو دایکحیزە یەک مانگ ژنەکەی نەدامەوە.

ئافتاو دەیزانی پێوەندییەک لە نێوان شێرە و ئەو ڕووداوەی پرشنگدا هەیە، بەڵام چیرۆکەکەی بۆ ڕێک نەدەخرا.

بە هەر حاڵ کەس گوێی لێ نەدەگرت.

ژنیان بۆ شێرە نەهێنابوو!

دەستگاکانی ڕاگەیاندن بۆ دیداری خوشکەکانی شێرە لە ماڵی خوشکەگەورەکەیان کۆبووبوونەوە. هەموویان بە چاکەت و پانتۆڵی تازە و بۆینباخ و سەعاتی مەچەکی گرانبەها و سەروڕیشی چاککراوەوە لە پۆزی جیاوازدا ڕادەوەستان. خەڵکی وڵاتی عەرشی پەروەردگار عاشق بە گەورەوبچووکی ستافی هەموو ڕاگەیاندنەکان بوون. دەیانگوت هەر بە قەدوباڵا و سەروچاو نایهێنن ئەگینا ماشەڵا هەر لە ئەکتەرەکانی هۆڵییود و بۆڵییود دەچن. ژنچاک و پیاوچاکن، پرسیاری قورس ناکەن و هەروەک خەڵکی لاجادە مامەڵە دەکەن و لە ئەوەش سڵ ناکەنەوە کە بە ئاشکرا بەرگری لە حیزب و ڕێکخراوەکانی خۆیان دەکەن.

ژن و پیاو دەیان عەمەلیاتی جوانییان کردبوو و ئیتر هەڵتەک هەڵتەک بە زێڕ و خشڵ و قژی پف کراوەوە دەهاتن و دەچوون. خەڵکەکە حەزیان دەکرد وەک ئەوان پارەی ئەو شتە جوانانە و ئەو هەموو عەمەلیاتکردن و زێڕوزیوەیان هەبووایە، بەڵام هەر بە بەشی خوداگیان ڕازیبوون و ناشکوریان نەدەکرد. دەیانگوت ئیشەڵا منداڵەکانی ئێمەیش بە ئەو پلەوپایەیە دەگەن.

هەرچەندە تازە دایکیان مردبوو و باوکیان کۆژرابوو و تاکەبراکەیان بۆ هەتاهەتایە لە زیندان خزێنرابوو و وەک ڕێژنەبارانیش جوێنیان پێ دەدرا، بەڵام هەر بۆ خوشکەکان و زاواکانی شێرە شەرەفێکی گەورەبوو کە ئەو هەموو پیاو و ژنە ماقوولانەی ڕاگەیاندن عەزیەتیان کێشابوو و بووبوون بە میوانیان.

حەشاماتەکەی دەرەوە هەموو بەخیلیان بە ئەو ماڵە خۆشبەختە دەبرد و سەد برایایان دەخواست بەختیان ئاوا بیهێنایە تا لە تەلەڤیزیۆن و پەیج و تیکتۆک و فەیسبووک و هەموو سۆشیالمیدیادا دەربکەوتنایە. سەرتاپای نەتەوەی عەرشی پەروەردگار بە دیار تەلەڤیزیۆن و مۆبایل و شاشەی کۆمپیوتەرەکانیانەوە دادەنیشتن و ڕادەوەستان و بەخیلییان بە خوشکەکانی شێرە و بە ستافی دەستگاکانی ڕاگەیاندن دەهات و چاوەڕوانی هۆیەک بوون سزای بە جەزرەبەتر و ئازاردەرتری شێرەی پێ بدرێت.

چاوپێکەوتنەکە دەستی پێ کردبوو. هەناسەکان ڕاوەستابوون، چاوەکان بە تامەزرۆییەوە لە دونیای جوانی ناو ڕاگەیاندنیان دەڕووانی:

- باوکتان بێ نان و ئاوی کردوون؟

تکایە، تکایە، تکایە، تکایە هەر بە بەڵێ یان نەخێر وەڵام بدەنەوە، تکایە، تکایە، تکایە چونکە هەر چەند سەعاتێک کاتی پەخشمان هەیە.

ئەوانیش بە گوێڕایەڵیی بە کۆرس وەڵامیان دەدانەوە:

- نەخێر.
- جلکوبەرگی بۆ نەدەکڕین؟
- بەرەوەلا.
- فێری نوێژ و ڕۆژووگرتن و خوداپەرستیی نەکردوون؟
- بەرەوەڵا
- هەرگیز ڕێی مزگەوت و خێرکردن و یارمەتیدانی دەراوسێیەکی لێگرتوون؟
- نەوەڵا.

- شێرەی براتان قەت بەخێوی کردوون؟
- نەوەڵا
- قەت کاری کردووە؟
- نەوەڵا
- لە مەکتەب زیرەک بوو، بە گوێی باوکی ئەلمەرحومتانی دەکرد؟
- نەوەلا
- پێی لە کەوش دەکرد و داوای ژنی لە باوکتان دەکرد؟
- ئەرەوەڵا
- ژنی بهێنایە پێی بەخێو دەکرا؟
- نەوەلا
- هەڕەشەی دەکرد؟
- ئەرەوەڵا
- لە ئێوەی نەدەدا؟
- بەرەوەڵا
- پارەی لە ئێوە زیاتر خەرج دەکرد؟
- ئەرەوەڵا
- پێتان خۆش بوو؟
- ناوەڵا

گفتوگۆکان، هەروەک هەواڵنێرەکان باسیان دەکرد، لە کەشوهەوای دیموکراسیانە و ڕێزدارانەدا کرابوون. زۆر گرینگ بوو کەسایەتیی ئەم ژنە مێردارانە، بپارێزرێت. ڕاگەیاندنەکان ڕێگایان بە مێردەکانیشیان دابوو لە کاتی دیدارەکەدا دابنیشن. ئەوانیش خۆیان قۆز کردبوو، بە

جلکوبەرگی تازە و کڵاش و تەسبیح و سەعاتی تازەوە بەشدار بوون. هەموویان دەیانگوت "وەڵا شێرە لە هیچی کەم نەبووە. کورە بابە، شەق لە خۆشیی هەڵ داوە. ئاخر، کێ لە پرسەی دایکیدا باوکی خۆی دەکوژێت؟ جا چۆن وەڵامی پرسیاری وا دەدرێتەوە؟ کێ دەتوانێت وەڵامی پرسیاری وا بداتەوە؟
حکومەت بە سەدان توێژەری دەروونیی ڕاسپاردبوو لە سەر وەڵامی خوشکەکانی شێرە کار بکەن و لێیان بتوێژنەوە و بکۆڵنەوە.

پەیجەکان دەیاننووسی:

ئەو کوڕەی باوکی خۆی پارچەپارچە کردووە.
ئەو هەتیوەی باوکی خۆیی بۆ پارە و بۆ هەوەس کوشتووە.
ئەو پیاوەی داوای ژنی لە باوکی کردووە و باوکی بۆی نەهێناوە و لە سەر ئەوە کوشتوویەتی.
چەندین دانەی تر ئەو هەڵانەیان ڕاست دەکردەوە و دەیاننووسی:
"باوکی نەیگوتووە ژنت بۆ ناهێنم، هەر گوتویەتی چاوەڕووان بە با هەفتەیەک بە سەر مردنی دایکتدا تێبپەڕێت".
"ئەو سەخیفە نەیتوانیووە هەفتەیەک چاوەڕووان بێت".
هەواڵنێرێک خەریکی چاککردنی بۆینباخەکەی بوو و تووڕەبووبوو دەیگوت "وەڵا بەڵێنی وا بە من بدرێت مانگێکیش چاوەڕێ دەکەم".

سەدان پەیج، وتنەی ژنەتازەکەی باوکیان بە پەچەوە بڵاو کردبووەوە:

" ئەو بێناموسەی حەزی چووە بۆ سەر ئەو خانمە بەڕێزە کە ژنی باوکی خۆیەتی".
"ئەو هەتیوەی هەوەسی چووەتە سەر زرێدایکە ئیماندارەکەی".

نەتەوەی عەرشێ پەروەردگار دەگریان و بە خورِ فرمێسک لە چاوانیان دەهاتە خوار:
"ئەو ژنە بەستەزمانە ڕۆژی سەدان ڕکاعەت نوێژی زیادەی کردووە و دەڵێن بۆ مارەییەکەی داوای حەجێکی کردووە".
"ئاخر کەسێک کەس بێت ژنێکی ئاوا گەنج بێ مێرد دەکات؟ ئاخر بۆ ژن مێردی دەست دەکەوێت تا بێناموسێکی ئاوا مێردیان بکوژێت؟".
"خۆی گوتویەتی کە پرشنگ هانی داوە وا بکات".
"جێی خۆیەتی لەگەڵ پرشنگدا پێکەوە لە سێدارە بدرێن".
"ناوی شێردڵە. شێردڵ!؟ توخودا ئەوە ناوە؟ شێرگوو".

سەردێڕەکان بە سەدان و بگرە زیاتر بوون.

حکومەت هەروەها پارەیەکی زۆری لە بودجەی ئەو ساڵە بۆ پرسی پاراستنی شەرەف، بۆ شەرەفپارێزیی و ڕەووشت بەرزیی تەرخان کرد. بۆ ئەوەی تەرخان کرد کە هەمووان بە دووای کەسی تری وەکو شێرەدا بگەڕێن، چونکە دەیانزانی هەر بە پرشنگ و شێرە شەرەفی "ئەو نەتەوەیە" ناشکێندرێت. خەڵکی تر هەبوون، ڕەنگە بەرپرسی ئەمان بن، نەێنی بن.
خەڵک لە ڕێگای پێوەندییەکانی خۆیانەوە دەمیان بە پۆلیسە پاسەوانەکانی زیندان گەیشتبوو کە "تۆڵەی گەل بستێنن".

شێرە بە سەروچاوی شینومۆر هەڵگەڕاو و هەڵئاوساوەوە، بە دەستی لەجێچوو و شکاو و بریندارەوە، بە ئازاری پشت و ملیەوە، لە زیندانداِ بە ناو هەواڵەکاندا دەڕۆیشت و لە ناو کۆڵانە تاریک و باریکەکانی

دەنگوباسەکانەوە بە سەرسم لێدانەوە بەردەوام بوو. باسەکانی نەدەناسییەوە. بێگومان دەیزانی لە سەر ئەمن، بەڵام تەواو گۆڕدرا بوون. بە وشەی "شێردڵ" زۆر ناڕەحەت دەبوو چونکە ناوی شێردڵ نەبوو، ناوی شێرە بوو. هێشتا "شێرگوو"ـەکەی پێ باشتر بوو.
چەند داوای دەکرد با حکومەت لە دەمی ئەمەوە شتەکان بزانێت، وەڵامیان نەدەدایەوە.

دەیانگوت ئەو دایکحیزە دەیەوێت گەورەترین کەیسی سەردەم لە دەست سەرۆککۆمار و حکومەتەکەی و دین و خەڵکەکەیان دەربهێنێت. ئەو کارە تەنها بە دوژمنانی عەرشی پەروەردگار ئەنجام دەدرا، دەنا شێرە کێیە.

حکومەت لە دەمی سەرۆککۆمارەوە بە گەلیان ڕادەگەیاند کە هەر وەڵامیشی نەدەنەوە و ئیهمالی بکەن.

شێرە بە ئەو مامەڵەیە زۆر تووڕە دەبوو، چونکە هەستی دەکرد نایبینن. هەستی بە نەبیناوپی دەکرد. هەستی بە نەبوونیی و بێنرخیی دەکرد.

هەمان ئەو هەستەی کە هەمیشە هەیبوو، بەرۆکی بەر نەدەدا.

هەمان ئەو هەستەی لە هەموو پێوەندیەکدا هەست پێ دەکرد و لەگەڵیدا دەژیا، تەنها لە مامەڵەی دایکی و خوشکەکانییدا نەبێت.

ئێستا دایکی لە ژێر زەویدا بووبوو بە خۆراکی مار و مێروو.

خوشکەکانیشی لەگەڵ ڕاگەیاندنەکاندا لە پێوەندیدا بوون و زنجیرەیان لە سەر ژیانی ئەم دروست دەکرد. زنجیرە بە پەخشی ڕاستەوخۆ. تەنانەت تاکسی شۆفێرەکانیش تەلەڤیزیۆنی گەرۆکیان لە

ناو ئوتومبێلەکاندا دانا. سەرنشینەکان و شۆفێرەکان لە کاتی نیشاندانی وێنەی شێرەدا پڕ بە دەمیان تف لە شاشەکە دەکەن و پاشان لێی دەگەڕێن تا تفاوەکە بە ئارەزووی خۆی بە سەر شاشەکاندا بێتە خوارەوە. ئینجا ڕووبەڕووی یەک دەمیان دادەچەقێنن و لە قاقای پێکەنین دەدەن.

شێرە دەیبینی خوشکەکانی ناڕەحەت دیار دەبن کاتێک شێرەی برایان بە دایکحیز و دایکسووک ناو دەبەن، بەڵام خوشکەکانی زوو لە بیریان دەچێتەوە کاتێک کامێرامان و دەرهێنەرەکان و ئەکتەرەکانی ڕاگەیاندن بە پشی پشی و پێکەنینەوە بانگیان دەکەنەوە بۆ ناو درامای شەرەف.

لە ئەو سەری شارەوە، ئافتاو لە هۆڵەکەی ماڵی خۆیاندا کە ئیتر هەستی دەکرد کونجێکە، لە ژێر ئەو لێفەیەی دایکیدا کە بە دۆشەکّلە دروستی کردبوو، لە سەر قەنەفەکەی دایکی نیوە پاڵکەوتوو بیری لە ئەو ڕووداوانە دەکردەوە. قورسیی لێفەکە لە سەر شان و مل و سینگ و قەبرخەپی و ورگ و سمت و ڕان و پێیەکانی وەکو دەستی دایکی و نەنکی بوون کە نازیان دەکێشا.

دایکی ڕاستی دەکرد: ئەمیش هەستی بە دەستەکانی خەرمانی دایکی دەکرد.
خەرمانی دایکی ئاگادار نەبوو: ئەم هەستی بە دەستەکانی نەنکیشی دەکرد.

دادوبێداد لە دەست یاساسەروەریی!

بە ئەو شێوەیەی بڕیار درابوو پرشنگیان بۆ دادگا هێنا. هەمان دادوەر و هەمان هۆڵ. کۆماندۆکان پرشنگیان بەرزکردبووە و تا بەر دەم مێزی دادگا هێنایان و لە بەر دەم دادوەردا هەروەک گۆزەیەک بێت، دایاننا. حەشاماتە بێئەژمارەکە لە دەرەوە کۆبووبوونەوە و هەر وتافیان دەکێشا و هاواریان دەکرد: دادگا بەرپرسیارە، دادگا لە شەرەف و ڕەووشتمان بەرپرسیارە. داد! داد! داد!

دادوەر لە پرشنگی ڕووانی. بانگی کرد بۆ بەردەمی خۆی و کۆماندۆکان بردیانە پێشەوە بۆ لای دادوەر. بە پرشنگی گوت کە تورەکەکەی سەری کەمێک بەرز بکاتەوە. گرینگ بوو کە هەر خۆی وەک دادوەرێک بیبینێت و هیچ ڕاگەیاندن و کەس و پۆلیس و کۆماندۆیەک نەیبینن. بۆ یەکەم جار ڕووخساری پرشنگی بینی. جاری پێشوو ئاوا نەیبینیبوو. ژنێک کە بە پێی دەفتەری دەڤەرەکە بە قەیرە دەناسرا، بە قەیرەیەکی تووڕە.

دادوەر وەک جاری پێشوو پێستێکی گەنمڕەنگ و ڕووخسارێکی هێمن و جەستەیەکی تا ڕادەیەک ورد و ڕووخسارێکی نەرمی نەبینی. دادوەر سەرنجیدا کە گوێیەکانیشیان ئاخنی بوو و لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر لێغاویشیان لە دەمی کردبوو.

دادوەر هەرگیز کەیسی وای نەبینی بوو. تازە بە تازە لە کۆرسێکی حکومەتی لە دەرەوەی وڵات گەڕابووەوە و لە ئەوێدا فێر کرابوو مافی مرۆڤ چیە و چۆن دەبێت لە تۆمەت و تۆمەتبار بڕوانرێت و داد دەبێت لە چ ژینگە و چوارچێوەیەکدا بدرێت و ئیتر هەموو ئەو

شتانەی پێوەندییان بە دادگا و داد و دادوەریی و یاسا و یاساسەروەریی و بێلایەنیی دادگا و میهری دادوە هەیە.

حکومەت بەڵێنێکی زۆری بە ئەو دەوڵەتانە دابوو کە بەڵێ یاساسەروەیی لە هەموو شتێک گرینگترە.

تەنانەت ڕۆژێک پێش ئەم کەیسەی پرشنگ سەرۆکی وڵات لە چاوپێکەوتنێکدا گوتی "یاساسەروەریی خوێی چێشتە". ئیتر هەندێک لە وەزیران ئەوەیشیان بۆ زیادکرد کە بابە نە هەر خوێی چێشتە بەڵکو شەکری هەموو چایەکیشە.

پرشنگ لە دادوەر دوورخرابووەوە و دووبارە لە سەر سەکۆی دادگا وەستابوو. دادوەر بە کەمێک نیگەرانییەوە پرسی:

- ئەمە چییە؟

کابرای بەرپرسی ژیانی پرشنگ کە هەر جلی کۆماندۆی لەبەردا بوو، بەڵام وەکو ئەوانەی تر دەستکێشی لە دەستدا نەبوو، وەڵامی دادوەری دایەوە و بۆ ڕاست کردەوە:

- قوربان نەک ئەمە چییە، بەڵکو ئەمە کێیە، قوربان ئەمە پرشنگە.

دادوەر بە دەنگێکەوە کە تووڕەیی بە سەریدا زاڵ بوو، خۆی دووبارە کردەوە:

- دەڵێم ئەمە چییە؟ مەبەستم ئەوەیە بۆ چاوەکانی بەستراون؟
- قوربان، پاش ڕاوێژ و ڕاوێژکاریی و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لەگەڵ سەندیکای پارێزەران و پێوەندییەکانمان بە دونیای دەرەوە،

بڕیاریان دا کە لە بەر خاتری ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ، شتێکی باش نییە پرشنگ ئەو حەشاماتە گەورەیە ببینێت کە لێی تووڕەن، بەتایبەتیی بۆ ئەوەی نەترسێت و کاریگەریی خراپ لە سەر دادوەریەکە دانەنێت. ئەمە بڕیارە قوربان، پێویست ناکات تۆ عەزیەتی پێوە بکێشیت.

- ئەی چیتان ئاخنیووەتە گوێیەکانی؟
- قوربان، هەر لە بەر خاتری ڕێزگرتن لە پرشنگ و هەروەها پاراستنی مافە مرۆڤییەکانیشی گرینگە کە پرشنگ گوێی لە هەموو ئەو شتانە نەبێت کە ئەم نەتەوە تووڕە ئازاردراوە شەڕەفشکێنراوە ئەتککراوە پێی دەڵێن.
- ئەها، ئەی لێغاوەکە بۆ؟
- قوربان، ئەمە لێغاو نییە، لێغاو بۆ ئەسپە، هێما و ئامرازی جڵەوکردنە. جوان نییە تۆ ئەو وشەیە بڵێیت. ئەمە دەمبەستێکی ئاسایییە. بیرۆکەکە کۆنە، چەندین سەدە کۆنە. هەمان شت لە دەمی سەگ دەخەن کاتێک لێی بترسن قەپاڵ لە خەڵکی چواردەوری بگرێت. پرشنگ جڵەو نەکراوە، پرشنگ لە وڵاتێکی ئازاد دەژی و لە وڵاتێکی ئازاد دادگا دەکرێت و دەتوانێت و بۆی هەیە بە ئارەزووی خۆی دیفاع لە خۆی بکات.
- ئەم لێغاوە بە بڕیاری کێ؟
- قوربان، ئەمە لە سەر داوای خێزانەکەی. خێزانەکەی دەڵێن با هەر هیچ نەڵێت. هیچ نەڵێت بۆ خۆی و بۆ ئێمەیش باشترە. ئەم ژنە یان ئەم کچە، قوربان شووی نەکردووە قەیرەیە، قسەی خراپی بە ئەندازەی کافی گوتوە. خێزانەکەی

شەرمی لێ دەکەن. گلەیی دەکەن و دەڵێن ئەگەر پیاوێک بیهێنایە ئێستا کچەکەمان خۆی تووشی ئەمە نەدەکرد. بەڵام، دادوەری بەڕێز، ئەم باسە هی ئێرە نییە.

بە سەدان هەواڵنێر لە هۆڵی دادگادا ئامادە بوون.
پەیتا بە پەیتا ئەم هەنگاوانەیان تۆمار دەکرد و وێنە و کلیپیان دەگرت و بە سێڵفی خۆیان و کۆمپانیاکانیانەوە بۆ دەرەوەیان دەنارد.
حەشاماتەکە دە ئەوەندەی تر تووڕە بوون. تووڕەبوون لە حکومەت و ڕێزگرتنی حکومەت لە مافی مرۆڤ، تووڕەبوون لە ڕێزگرتنی کەسێک کە خۆی ڕێز لە خۆی ناگرێت.

تووڕەبوون لە ئەوەی قەیرەیەک لە داخی ئەوەی پیاوێک نایهێنێت شەرەفی هەموویانی شکاندووە و دەیەوێت ژنەکانیان بە گان بدات. هەموویان قەیرەیەک و دووان و سیانیان لە ماڵدا هەبوو. زۆر دەترسان ئەم پەتایە، ئەم تاعونە ڕەشە، ئەم درمە پیسە، هەموو ماڵ و کوچە و کۆڵانێکی شار بگرێتەوە. ئەی هاوار، ئەی هاوار داد. ئەی هاوار لە یاساسەروەریی، دادوبێداد لە دەست یاساسەروەریی!

حکومەت کاتێک زانی خەڵک بە تەواوی تووڕە بوون هەر یەکسەر بڕیاریدا هەرچی دامودەستگایەک لە وڵاتدا هەیە کە بە جۆرێک ناوی ژن و مافی مرۆڤ و ڕێز و چالاکیی لە سەرە، جا بە تاک یان دوودوو یان پێکەوە بن، دەبێت یەکسەر بگۆڕدرێن، بگۆڕدرێن بۆ ناوێک کە ناوی ژنان هەڵنەگرێت. ئەگەر ناوی ژن هات حەتمەن دەبێت پاشگرێکی بۆ زیاد بکرێت، جا بە لێکدراو بێت یان وەک ئاوەڵناو. وەکو شێرەژن، کەڵەژن، شەرەژن، شیرەژن و ئاوا بە ئەو شێوەیە. حکومەت

دەیگوت تەنانەت لە وشەکەیشدا کاتێک ژن بە تەنیا بوو دەبێت بە کێشە.

لە وڵاتی عەرشی پەروەردگار بە کولتورێکەوە دەیاننازی کە منداڵێکی کوڕ، جا با چوار ساڵانیش بێت، چەمکی عەباکەی دایکی بۆ هەموو شوێنێک لە دوواوە دەگرت و لەگەڵیدا دەڕۆیشت. ئێستا سیستەمی سەرمایەداریی لێی تێک دابوون. ڕاستە، حەزیان لە پارە و ئینتەرنێت و ئوتومبێلی جوان و شتومەکی کارەبایی و هەموو ئەو ئامرازانە دەکرد کە ژیانی بۆ ئاسان کردبوون، بەڵام دەیانگوت لە دین و ڕەووشت دوورمان دەخەنەوە.

هەموو هەوڵێکی سەرۆککۆمار و حکومەتەکەی بۆ ئەوە بوو ئەو سیستەمە و شەریعەتی دینەکەیی و کولتورە چەند هەزار ساڵییەکەی نەتەوەکەی و بەرژەوەندیی دەراوسێکان و ئەوانی تر پێکەوە بسازێنێت، بەڵام دەیانگوت کاکە خۆ ژنان ناهێڵن بیر بکەینەوە.

پیاوەکان وشەی شەریعەت و شەرعیەت و عەلمانیی و عیلمانیی و سیکولار و فێمێنیست و جێندەر و هی تریان وەک دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکرد و هەر لە خۆیانەوە پێیاندا دەدا و بێ ئەوەی لێیان تێ بگەن بە ئارەزووی خۆیان لێکیان دەدانەوە و دەیانگوتنەوە. هەندێکیان کاتێک لە ژنان تووڕە دەبوون پێیان دەگوتن فێمێنیست و یەک دوو جار ژنانی سەر تەلەڤیزیۆن دابوویانە پرمەی گریان و گوتبویان بە مەرقەدی غەوس فێمێنیست نیین. ئیتر لە مەیدانی زانیندا بەران و گاوگوێلکان قۆچیان لە یەک گیر دەکرد. تەپوتۆز و خۆڵەپەتانییەکی عەنتیکەی لێ بەرز دەبووەوە.

بەڵام زۆرینەی ڕێکخراوەکانی ژنان بە هەمان پەلە تەئیدی قسەکانی حکومەتیان کرد و داوایان لە حکومەت کرد بڕیاری سولفەیەک بۆ

ئەو پیاوانە بدات کە یەک قەیرە یان چەند ژنێکی قەیرە مارە دەکەن. دەستەی فەتوا ڕایانگەیاند کە لە حاڵەتی وا نادردا پیاو دەتوانێت سولفەی پێنج و شەش قەیرەکچ وەربگرێت، چونکە لە ئەسڵدا میچی چوارەکە بۆ حاڵەتی ئاوا نادر نییە کە هەم دین دەپارێزێت و هەم شەرەف. ئەهلی دۆزەخ بە هەر شێوەیەک جلّەو بکرێن باشە.

سەرۆککۆمار داوای لە حکومەت کرد ئەو بڕیارەی پەسەند بکەن و ئاماژەی بە ڕاسپاردە و پێشنیاری پیاوانی ئایین و پیاوانی ڕووناکبیر و ڕاوێژکارانی بواری جیاواز کرد کە سولفەی ژنهێنان بۆ هەتا هێنانی دە قەیرەش دەبێت، بە ئەو مەرجەی ئەو قەیرانە لە هەمان ساڵدا مارەییان ببڕدرێت، بەڵام ئەگەر پاش بیست ساڵیش بیانگوێزنەوە، دەبێت و کێشە نییە.

سەرۆککۆمار هەروەها بە دەستی خۆی نامەیەکی داخراوی سەبارەت بە بڕیارەکەی بۆ سەرۆکی پارلەمان نارد. نوسیبووی بڕیارێکی وا دراوە و بە زووترین کات کۆبوونەوەیەکی تایبەتیی بۆ بڕیار لە سەر ئەو یاسایە بکەن و ئەو یاسایە هەموار بکەن.

لە ماوەی کەمتر لە سەعاتێکدا پارلەمێنتاران کە بەدەربەستهاتوو و دڵسۆزی خەڵک و نیشتیمان بوون و ڕۆژانە چواردە سەعاتێک کاریان دەکرد و هەموو جوگرافیا و مێژوو و کون و کەلەبەری وڵاتەکەیان دەزانی و دڵخوازانە و عاشقانە کاریان دەکرد، ئەو کارەیان ئەنجام دا.

هەموویان، بە سەرۆکەکەیانەوە لە خوداترس و ئیمانداربوون و تەنانەت گوێیان لە گۆرانی و موزیک نەدەگرت، ڕقیان لە شانۆ و سینەما بوو، گوێڕایەڵی جەنابی سەرۆککۆمار و سەرۆکحکومەت و هەموو سەرۆکایەتییەکانی تر بوون. باوەڕی تەواویان بە شەریعەت و بە سوڵحی عەشایەریی و بە سەروەریی یاسا هەبوو.

دەیانگوت مووچەکەیان نەک دە ئەوەندە، بەڵکو ئەگەر پێنج ئەوەندەی مووچەی مامۆستایەکیش بێت ئەوا هەر لە بەر خاتری خوداگیان و گەل گیان ئامادەن هەزار ساڵیش پارلەمینتاریی بکەن.

سەرۆککۆمار لە کۆبوونەوەیەکدا ئامۆژگاریی خەڵکەکەی دەکرد کە ناشکور نەبن، چونکە هیچ کەسێک نازانێت کەی لە پڕێکدا خودا دەروازەی بەخت دەخاتە سەر پشت. پێی دەگوتن کاتێک خودا مەیلی لە سەر دانی پلەوپایە بە کەسێک بێت ئەوا هیچ گرینگ نییە ئەو کەسە چەندە ناکەسبەچە و نەخوێندەوار و بێئاگا و گێل و گەوج و نەفام بێت.

- بە ناوی خۆی قەسەم لە گەورێشدا بێت بە گوێ بەرزی دەکاتەوە و لە سەر ئەو کورسیە دایدەنێت کە خۆی دەیەوێت.

خەڵکەکە چەپڵەیان بۆ جەنابی سەرۆک لێ دەدا و بە قوربانی ئەقڵ و دینی دەبوون و لە شوێنی خۆیاندا هەڵدەستانە سەرپێ و بە دەم چەپڵەڕیزانی ئافەرینکردنەوە لە دەوری باڵای دەگەڕان.

دادگا لە چاوەڕوانی ئەو بڕیارە نیشتیمانییەدا لە پشووی ناوبڕدا بوو. بەڵام خەڵکەکە پشوویان نەدەدا، بە پێوە وەستابوون و چاوەڕوانی بەڕاتی خودا بوون.

لە پڕێکدا بڕیار گەیشت و دووبارە داوا لە دادوەر کرا کە بەردەوام بێت.

دادوەریش لە ماوەی ئەو کاتژمێرەدا بە ئۆنلاین خەریکی کڕینی جلکوبەرگی ژێرەوەبوو بۆ ژنەدۆستێکی کە ئەوە ساڵێک دەبوو لە پێوەندییدا بوون. دادوەر زەوقی زۆر بە ئەوە هەڵدەستا ئەو

جلکوبەرگانەی ژێرەوە لە بەری ئەم ژنەدۆستەیدا ببینێت کە ژنەکەی خۆی حەزی لێ دەکردن و بەڵام ئەم بۆی نەدەکڕی.

هاوارهاواری خۆشیی، تێکڵ بە فیکە و چەپڵە و پێ بە زەویدا کوتان، لە ناو حەشاماتەکەوە بەرز بووەوە کاتێک کە ئەو مژدە خۆشەی سەرۆککۆمار و حکومەتیان سەبارەت بە ژنهێنان بیست. دەیانگوت ئەو بڕیارە بڕیاری سەردەمە، بڕیاری سەدەیە، چونکە لە ئەم کەیسەدا حکومەت و خودا و پیاوانی ئایینیی و جەماوەر هەموو براوەبوون. تەنها پرشنگ و ئەو ژنانە دۆڕابوون کە پلانیان بۆ بێشەرەفکردنی نەتەوەکە دانابوو.

سەرکەوتن کوڕەتاقانەی هەموو پیاوانی دونیایە و دۆڕانیش زۆڵێکە کەس توخنی ناکەوێت. هەر کەس هەڵدەستا و مۆری ئەو سەرکەوتنەی گەل و نیشتیمانی لە گیرفانی خۆی دەردەهێنا و خۆپی پێوە ڕادەوەشاند.

ئەو ڕێکخراوانەی ژنان بە شانازییەوە ڕایانگەیاند کە حکومەت گوێی لە پێشنیاری ئەوان گرتووە و سەرەڕای لچ لە یەک هەڵقورچان و نوقرچی لابەلایی و تانە و تەشەر یەکتر، لە بەر خاتری خودا و سەرۆککۆمار و خەڵک وەک دەستەخوشک سەرکەوتنەکەیان بە سەر یەکدا دابەش دەکرد. بە پێی حیسابی ورد هەموویان خەڵکیان دڵنیا کردەوە کە لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا قەیرە لە ولاتدا نامێنێت.

خەڵك سەرتاپا هاواریان دەکرد:
عەرشی پەروەردگار، عەرشی بێ قەیرە! عەرشی پەروەردگار، عەرشی شەرەف!

عەرشی پەروەردگار، عەرشی بێ قەیرە! عەرشی پەروەردگار، عەرشی ژنی باش!

دووبارە وتافی کەیفخۆشانەی جەماوەر لە دەرەوە دەنگی دەدایەوە. چەپڵەڕێزانێک بوو پەردەی ئاسمانەکانی درێ بوو. هەموو باوەشیان بە یەکتردا دەکرد و پێدەکەنین و سوپاسی خودای گەورە و دلۆڤان و میهرەبانیان دەکرد کە چۆن پێچی خێر بە کارەساتی ئاوا جەرگبڕ دەکاتەوە، کە چۆن گوێی کەسێکی خائین و خۆفرۆش دەگرێت و بای پێ دەداتەوە، هەم حەیای ئەو دەبات و هەم پاداشتی خەڵکەکە دەداتەوە.

تا ئەو خودا گیانە گەورە دلۆڤانە پشتوپەنا و هاوپشتی ئەمان بێت، پرشنگ کێیە؟

شێرە و مێرەی تەڕەماش کێن؟

ژنان لە ئێرە و ئەوێ بە دەستە لە لای یەکتر کۆدەبوونەوە، جلکوبەرگی جۆراوجۆری تازەیان دەپۆشی و هەرچی ڕەنگی زەرد بکردایەتەوە، جا زێڕ بووایە یان لە زێڕ بچووایە ڕاست و چەپ بە خۆیاندا هەڵدەواسی و بە لچ و لێوی هەڵئاوساو و دەموچاوی تۆخ بۆیەکراوەوە سێڵفیان دەگرت. دەم و لێویان ڕوو بە یەکتر گرمۆڵە دەکرد و لە چاوی کامێراکەیان دەهێنایە پێش و لە بینەریان دەڕووانی. دەیانگوت ژنانی عەرشی پەروەردگار کێشەیان نییە و عەیب و شوورەیی سی پیاویان بۆ چیە.

زۆر لە پرشنگ تووڕە بوون کە بە ناوی ژنانەوە داوای سی پیاوی کردووە و دەیانگوت جا خۆ پیاو فریای هیچ کارێک ناکەوێت. مەبەستیان ئەوە بوو ژن فریای هیچی تر ناکەوێت. ژنانی عەرشی

پەروەردگار زۆر جار لە جیاتی وشەی ژن هەر وشەی پیاوبیان بە کار دەبرد. ئیتر ئەو وێنە ئاڵووڵایانەی خۆیان لە پەیجەکانی فەیسبووک و تیکتۆک و ئەوانەی تردا بڵاو دەکردەوە و وەکو چالاکیی ژنانە دەیانناساند و لێوی سوور و گوڵ و دڵیان بۆ یەکتر دەنارد و بە قوربان و بە ساقەی جوانیی یەکتر دەبوون و لە دەوری باڵای یەکتر دەگەڕان.

جار جاریش بۆ گاڵتەکردن بە پرشنگ لە کۆمێنتەکاندا دەیانووسی:

"ئەیەڕۆ سی دانە پیاو!"

ئینجا بە یاع یاعەوە ئیمۆژی بێزکردنەوە و ڕشانەوەیان دادەنا و دەستخۆشیی ئەو هەموو چالاکیەیان لە یەکتر دەکرد.

ئەم هەم جوان بوو و هەم بە شەرەف بوو

شێرە و ئافتاو، هەر یەکەی لە سووچێکی جیاوازی جیهانەوە هەموو ئەم ڕووداوانەیان دەبینی و دەبیست.

لە کونجی زیندانداا بە سووکایەتییەوە خۆراکەکەیان بۆ شێرە دادەنا. یەک دوو پاسەوانیان تا تۆزێک میزیان بە سەر خواردنەکەیدا نەکردایە، نەیاندەدایە.

لە سەرەتادا شێرە پێی نەدەخورا، بەڵام برسیەتیی وردەوردە ناچاری کرد بیخوات و بیری لێ نەکاتەوە. پاسەوانەکان هەروەها ئەوەیشیان بڵاو کردبووەوە کە ئەم کەسە بێرەووشتە باوکی خۆی کوشتووە، چونکە تەماعی لە زۆرایکی خۆی کردووە. بۆ سەلماندن و پشتڕاستکردنەوەی قسەکانیان ئاماژەیان بە دەیان پەیج دەکرد، پەیجە نیشتیمانییەکان کە ئاڵای عەرشی پەروەردگاریان لە تەنیشت خۆیانەوە دادەنا یان دەیانکرد بە پێشینەی پەیجەکانیان. لە ئەو پەیجانەدا خانمانێک یان کوڕانێک بە دەنگی جیاواز، هەندێک جار تووڕە و هەندێک جار گاڵتەجاڕ و هەندێک جار بە بەزەیی و تکای دادخواستنەوە باسی ئەو تراژیدیەیان دەکرد کە بە سەر باوکەکە و زۆرایکەکەدا هێنراوە. بە سەرهاتەکان جەرگبڕ و تراژیدیی بوون. شێرە بێ دین بوو.

زۆرایکێک کە وەک کوڕێکی خۆی شێرەی بە خێو کردووە، بەڵام پیاوەتی شێرە بۆ باوکی ئەوەبووە کە پەلاماری زۆرایکی خۆی بدات.

هەتیوێک هەر ئەوەندەی باوکی بۆ دەرەوە چووبێت ئەم پەلاماری زڕدایکی داوە و بە ئارەزووی خۆی دەستدرێژیی بۆ سەر کردووە و لە ئەگەری درکاندنیدا هەڕەشەی کوشتنی لێ کردووە.

بەتایبەتیی کچێکی هەواڵخوێنەرەوەی پەیجێک، بە سووراوسپیاوێکی جوان و بە لەچکێکەوە کە هەر سینیی ڕووخساری دیاربوو، زۆر کاریگەریی لە سەر خەڵک دادەنا کاتێک کە لە گەرمەی خوێندنەوەکەدا لە پڕمەی گریانی دا و بە دەم هەنسکی گریانەوە لەچکەکەی خۆی چاک کرد و لە سەر خوێندنەوەی هەواڵەکە بەردەوام بوو: ئینجا شێرە، ئەمە کە ناوی شێرەیە و کە ڕێویش نییە (بە دەم هەنسکی گریانەوە دەیگوت ئەمە هی خۆمە بۆم زیاد کردوە و ئەگەر شێفەکەم پێی ناخۆشە با دەرم بکات) چەندین جار دەستدرێژیی سێکسیی لە سەر زڕدایکی خۆی کردووە.

پەرداخێک ئاویان بۆ هێنا و ئەمیش بە ناز و بە یاری چاوبزووواندنەوە قوم قوم لێی دەخواردەوە و دووبارەی دەکردەوە: چەندین جار دەستدرێژیی کردووتە سەری! چەندین جار. تو ئەو خودا گیانە ئەمە وێژدانە؟

هاوکات کە ئەوەی دەخوێندەوە سەدان پیاو لە سەر شاشەکە ماچ و باوەشی خۆشەویستییان بۆ دەنارد و داوایان لێ دەکرد شوویان پێ بکات. شەرەف بۆ ژن لە هەموو جوانییەک جوانترە!

ئەم هەم جوان بوو و هەم بە شەرەف بوو.

خەڵکەکە هاواریان دەکرد:

- ڕاست دەکەیت، شێر نییە، ڕێویە، ئەمە قسەی سەردەمە!
- شێفەکەت گووی خوارد دەرت دەکات، وەڵا دەیکوژین.

- به قوربانی ئەو سەرولەچک و دەموچاوە نورانییەت بین.

ئەویش بە دەم لچ هەڵقورتاندن لە وێنەی شێرە و هاوکات ناردنی ماچی بچووک بچووکەوە بۆ بینەران، بە سەری قامکی دۆشاومژەی هەر دوو دەستی بە نەرمیی فرمێسکەکانی سەر گۆنای ڕاست و چەپی خۆی دەسڕی و هەنسکی لە شێوەی نزگەرەدا دەدا.

"مشەی عەرشی پەروەردگار"

سەرەڕای بەئەژماربوونی شکایەتەکان دادگاییکردنی پرشنگ زۆری نەخایاند.
سەرۆککۆمار و حکومەت و هەموو دامەزراوەکان و حیزبەکان و خەڵک عەزیەتیان کێشابوو، کارئاسانییەکی زۆریان بۆ جەنابی دادوەر کردبوو. پرشنگیش لە دادگاییکردنەکەدا هیچ کاردانەوەیەکی تایبەتیی نەبوو.

هەمووان دەیانزانی کە کەڕ و نابینا و لاڵیان کردووە.

ئەگەر ڕێگایشیان بدایە بدوێت نەیدەزانی چی بڵێت.

لە ناخی خۆیدا دەیزانی شتێک لە شوێنێکدا پێویستی بە ڕوونکردنەوەیە، بەڵام پێی وابوو لە دەرەوەی ئەمدا دەبێت بکرێت.

ئەم هەڵبژێردراو بوو، هەڵبژێردراو بوو بۆ شتێک کە لێڕ تێنەدەگەیشت. چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە هەر ساتێک بێت، هەر چرکەیەک بێت، لە هەر ئان و ساتێکدا بێت، هەموو خەڵکەکە هاواریان لێ هەڵبستێت و بە یەک دەنگ بڵێن: ئەمە بۆ تاقیکردنەوەی پرشنگ بوو، ئەو قەیرەیەی لە چل ساڵی ژیانیدا بە میلیمیش پێی خوار دانەناوە. ئەمە تاقیکردنەوە بوو، تاقیکردنەوەی ژنێکی شەرەفمەند و ڕووسووری عەرشی پەروەردگار بوو.

پرشنگ حەق بوو ئەو چاوەڕوانییەی هەبوو.

لە وڵاتی عەرشی پەروەردگار سەرپرایز زۆر بوون. نمایشی شاجوانی ژن و شاجوانی پیاو و یەکەم دەرچووی مەکتەب و چی و چی هەبوون.

شاجوان بە پشیلە و مشک و سەگەوە وێنەی دەگرت و بە هەزاران وێنەیان بڵاو دەکردەوە. خەڵات بۆ یەکەم سمتی گەورە هەبوو کە بە سلیکۆنیشەوە بووایە قبوڵ دەکرا. خەڵاتی لێوی ئەستوورکراو و خەڵاتی پیرترین پیاو و فرەژنترین پیاو و تەمەڵترین خوێندکار و باشترین ماستئاو و خۆشترین کەباب هەبوون. ئەمە هەر بۆ خەڵک نەبوو بەڵکو بۆ ئاژەڵانیش بوو.

بۆ نموونە، مشکێک خەڵاتی پشیلەیەکی زێڕینی پێ درا چونکە خەڵک بینیبوویان بە کۆمەڵێک پشیلەی ڕابووارد بوو. هەفتەیەک خەڵک بە قوربانی ئەو مشکە دەبوون و وێنەکەیان لە باخەڵی خۆیان هەڵ دەگرت و ناویان نابوو "مشەی عەرشی پەروەردگار" و ماچیان دەکرد. مشە کوێر وا لە خۆی بایی بووبوو بە پۆزەوە بۆ وێنەگرتن ڕادەوەستا و خەڵکەکە هەتا دوونزەی شەو بە دیاریەوە دەوەستان و بە قوربانی دەبوون و بە یەکتریان دەگوت ئەمە مشک نییە، عالیمە.

خەڵکەکە خوداخودایان بوو ئەمانیش لە پڕ سەرپرایز بکرێن یان بکرێن و ببن بە شتێک. هەر شتێک بن بەس خۆیانی ئێستا نەبن. پرشنگ لە دڵی خۆیدا دەیگوت هەر ئێستا ئاسمانی عەرشی پەروەردگار دەکرێت بە فیشەکەشێتە و بە ئاگر و تەقەی خۆشی و جارِ دەدرێت کە گەورەترین خەڵاتی مێژوو بە میهرەبانترین و بە سەبرترین قەیرەی عەرشی پەروەردگار دەدرێت. بە بەردەوامیی بیستبووی کە سەرۆککۆمار ڕقی دونیای لە سیاسەتە و زووزوو دەیگوت هەر بە لای سیاسەتی سەگبابدا مەڕۆن، هەر چییەک دەکەن بیکەن. ئەمیش هەرگیز بە لای سیاسەتدا نەچووبوو.

بەڵام خەڵکەکە بە جیدی ڕقیان لە پرشنگ بوو. دیار بوو ڕووداوەکە مەتەڵی سوعبەت نییە. ڕووداوەکە ڕاست بوو چونکە تا دەهات زیاتر

ئازاریان بە پرشنگ دەگەیاند. زیاتر و زیاتر هەستی بە ئازار و سووکایەتیی دەکرد.

سەدان جار لە سەر چارەنووس قسەی جۆراوجۆری بیستبوو. چارەنووس چارەنووسە. پێش ئەوەی لە دایک بێت، پێش ئەوەی نەنکیشی لە دایک بێت چارەنووسی ئەم دیاری کرابوو. نووسرابوو کە ئەمەی بە سەردا دێت. ئیتر چ سەیریەکی تیادایە؟ بۆچی پرسێکی سەیرە؟ بۆچی پرسێکی ناڕوونە؟ بۆچی خەڵک بەزەییان پیایدا بێتەوە؟

ئەو خەڵکە لە چارەنووسیان نووسرابوو کە لە ئەم ڕۆژانەدا، ئا لەم ڕۆژگار و کاتەدا، ئازاری ئەم بدەن، کاتێک لە چارەنووسی ئەم نووسراوە کە ڕۆژانێک دێت ئاوای بە سەردا دێت؟

خودای گەورە مێردێکی لە چارەنووس نەنوسیبوو. خودا نەشینووسیوە کە لە ماڵی باوکییدا بێ مێرد پیر ببێت و بمرێت. ڕاستییەکەی لە ئەوەتەی باوکی مردبوو براکانی خوداخودایان بوو شوو بکات. دەیان مێردیان بۆ دۆزیبووەوە. ئەم پێیان ڕازی نەبوو. زۆربەی پیاوەکانیان ژندار بوون و ئەمیان دەکرد بە ژنی سێیەم و چوارەمیان یاخود کۆشێک منداڵیان هەبوو و دەیانویست ئەم بۆیان بەخێو بکات، یاخود بە ئاشکرا پیاوی شێت و وێت بوون و نەیدەوێرا خۆی بخاتە باوەش و ناو ماڵیان.

ئیتر چارەنووسی ئاوابوو.

لە ژێر تووڕەکەکەوە لە دادوەر و هەموو خەڵکانی ناو دادگاکەی دەڕووانیی، لە شاشەی تەلەڤیزیۆنەکانی دەڕووانیی. ڕووخساری ئاگرگرتووی خەڵکی دەیبینی.

تەنانەت هێندە بە بێزەوە لێی نزیک دەبوونەوە کە گوێیان بە باشیی نە ئاخنی بوو. پرشنگ گوێی لە هەموو وشەیەک بوو و لە ناو تووڕەکەکەوە هەموو شتێکی دەبینی.

هەر کەسە و چارەنووسی خۆی.

پرشنگ گلەیی لە کەس نەدەکرد و ڕقی لە کەس نەدەبووەوە. شوکرانەبژێری قەدەر و بەشی خودا بوو. کێ دەڵێت ڕۆژێک کەسانێکی میهرەبان بە لای ئەو بیرە قوواڵەدا نارۆن کە ئەمیان تێ هاویشتووە، کێ دەڵێت دەریناهێننەوە و بە ڕێزەوە پێش خۆیانی نادەن؟

کێ دەڵێت خودا سەرپۆشێکی شینی کاڵی بە سەردا نادات و تەنانەت ئەگەر تەمەنی حەفتا ساڵیش بێت، هەر بە کچێی، بێ ئەوەی شوو بکات، نایکات بە دایکی منداڵێک کە ببێت بە گەورەترین کەسایەتی دونیا یان سەرۆکی وڵاتێک، یان بە کەسێکی پایەبڵند؟

چ کارێک بۆ خوداگیان زەحمەتە؟

خودا عەسای بە موسا دا و عیسای کرد بە ئەو کەسەی بەرگەی ئازاری لە خاچدانی گرت.

پرشنگ لە ئەم دیوی تووڕەکەکەوە بە چاوی بەزەییەوە لە بوونەوەرەکانی دەرەوەی تووڕەکەکەی دەڕوانی. خەتای خۆیان نەبوو، چارەنووس بوو.

دادوەر قسەوباسێکی زۆری کرد و گەلێک پرسیاری کرد کە بەرپرسەکۆماندۆکە لە جیاتی پرشنگ وەڵامی دەدایەوە. پرشنگ هیچی نەدەبینی و هیچی نەدەبیست. پێیان وا بوو پرشنگ هیچ نابینێت و هیچ نابیستێت. پێیان وابوو نابینا و کەڕ و لاڵیان کردووە.

ڕاستەوخۆ لە لایەن سەرۆککۆمارەوە فەرمان بە هەموو ئەو داموددەستگایانە کرابوو کە ڕووماڵی دادگاکردنەکەیان دەکرد کە لە بەر خاتری مافی مرۆڤ بە هیچ شێوەیەک وێنەی پرشنگ، بە ئەو شێوەیەی لە ژێر تورەکەکەدایە، بە چاوی بەستراو و گوێی ئاخێندراو و لێغاوەوە پەخش نەکەن. ئەوانیش ڕێزێکی زۆریان بۆ فەرمانی سەرۆککۆمار و بڕیاری حکومەت هەبوو. کارەکە ئاسان جێبەجێ دەکرا و بەتایبەتییش لە پێناوی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەکەدا دەکرا لەبەرئەوە گوێڕایەڵیی زەحمەت نەبوو. هەموویان بە پێکەنین و سوپاس و ستایشکردنی یەکترەوە بڕیاریان دا لە جیاتی لێغاوەکە زەردەخەنەیەکی گەورە و لە جیاتی چاوبەستەکە چاویلکەیەکی ڕەشی گەورە و لە جیاتی ئاخێنراوەکەی گوێیەکانی دوو جووت گواڕەی گەورەیان بە فۆتۆشۆپ بۆ دروست کرد.

ئەو وێنەیە خەڵکەکەی ئەوەندەی تر تووڕە کرد، چونکە پرشنگ بە زەردەخەنەیەکی گەورەوە کە لە گاڵتەپێهاتن دەچوو و بە ئەو چاویلکە ڕەشەوە کە بێدەربەستیی و بێباکیی نیشان دەدا و بە ئەو جووتە گواڕە شۆڕەوەبووە کە هێمای بەخۆڕازیبوون و خودگەراییەکی بێ هاوتای دەسەلماند، زمانی لە هەموو گەلی عەرشی پەروەردگار دەرهێنابوو.

کۆی ڕووخساری پرشنگ ئەو زمانی گاڵتەجاڕییە بوو کە لێ دەرهێنا بوون و بێ باک و بێ پەروا و بێ منەت، بەرامبەریان تۆزی لە کەوشەکانی دەتەکاند.

خەڵکەکە هاواریان دەکرد: سێدارە، سێدارە، سێدارە!

هەندێک هاواریان دەکرد: بیدەن بە ئێمە با هەزارکونی تێ بکەین، با لە قەیرەبی رزگاریی بکەین.

هەندێک هەبوون تکایان لە حکومەت دەکرد بیکات بە خاتری خودا و ئەم بێحەیایەیان لە کۆڵ بکاتەوە، بیخەنە ناو تەیارەیەک و لە ئاسمانەوە فڕێی بدەنە خوارەوە.

ڕێکخراوەکانی ژنانی سەر بە حیزبەکان بڕیاریان دابوو لە سەرەوەی بەرژەوەندیی حیزبەکانیان و لە سەر ئاستی نەتەوەیی داوای سزادانێکی بە جەزرەبە بۆ پرشنگ بکەن کە ئاوا بووبوو بە ئاگری بن کای نیشتیمانەکەیان و هاوکاتیش داوای مووچە و بودجەی زیاتریان دەکرد بۆ ئەوەی پێشوەخت، پێش ئەوەی ئەوانەی لە پرشنگ دەچن لە سەر خەڵک ببن بە مەترسیی، ئەمان بتووانن ڕێگایان لێبگرن. بە توانجەوە دەیانگوت یاع یاع و ئیمۆژی ڕشانەوە و بێزلێکردنەوە قازانجیان نییە.

بمرێ قەیرەی داخ لە دڵ، بمرێ ژنی دژە پیاو!

بە ئاماژە بە هەموو ئەو قسەوباس و ڕێنمایی و پێشنیار و داوایانە کە لە سەر ئاستی باڵای نەتەوەیی لە بەر دەستی دادوەردا دانرابوون، دادوەر بڕیاری دا کە پرشنگ بە زیندانی هەتاهەتایی سزا بدات و ئینجا بە توندیی چەکوشی بڕیاری بە مێزەکەدا دا .

دەنگی چەکوشەکە لە دەرەوە بە سەر دەنگ و غەڵبەغەڵبی حەشاماتەکەدا وەک هەورەگرمەیەک زاڵ بوو.

ئەم جارە، بە پێچەوانەی هەموو جارەکانی تر، پرشنگ بە جۆرێک لە شوێنی خۆی وەرچەرخا کە کۆماندۆکان سڵەمینەوە و لێی نزیک نەکەوتنەوە. وەک ئەوەی هێزێکی هەناوی تێکەڵ بە بروسکەیەک لە ئاسمانی ساماڵدا پێگەیشتبێت بە هەنگاوی سووک و لەشێکی ئازاد و تووڕەکەیەکی بڵندوەستاو سەکۆی دادگای بەجێهێشت.

بە پێی خۆی لەگەڵ کۆماندۆکاندا بە ڕێ کەوت و ئەوانیش هیچیان نەگوت. دەستیان نەخستە ژێر باڵی و زۆریش لێی نزیک نەبوونەوە. هەروەک ڕێزی لێبگرن لە ئەملاوئەولایەوە ڕووەو زیندانی هەتاهەتایی لەگەڵیدا بە ڕێ کەوتن.

خەڵکەکە بە ئەو دیمەنە ئەوەندەی تر کەللەپی بوون و هاواریان دەکرد:

هەتا هەتا هەتایی هەتایی، هەتا هەتا هەتایی!
بمرێ قەیرەی داخ لە دڵ، بمرێ ژنی دژە پیاو!

خەڵکەکە تووڕەبوون، بەڵام دەیانزانی دادگاییکردنەکە سەرکەوتوو بوو. دادگاییەک بوو کە تیایدا پرشنگێکی تاوانبار، شەرەفشکێنێکی بێ منەت، سزا درابوو. هاوکاتیش کۆمەڵێک دەستکەوت بردرابووەوە.
لە سەرۆککۆمارەوە بۆ بچووکترین پیاو، هەموو دڵخۆش بوون. ژنانێکی بێ ئەژماردیش هەر دڵخۆش بوون، چونکە ئەم جارەیش لە ڕەنگی ئەو مۆرە ڕزگاریان بووبوو کە خەریک بوو، هەر یەک تۆزی مابوو وەک گۆشتێکی پەسەندکراو بۆ خواردن، مۆری بێحەیایی لە جەستەیان بدرێت. خەڵکەکە و حکومەت براوە بوون.
پرشنگیش براوە بوو. هەستی دەکرد ڕزگاری بووە. پێی وابوو دادگاییەکە سزادان نەبوو، ڕزگارکار بوو.

دادوەر سزادەر نەبوو. دادوەر ئەو فریادڕەسە بوو کە پرشنگ بە خەونیش نەیدەتووانی وێنای بکات.

دادوەر ئەو فریادڕەسە بوو کە لە ناوەڕاستی دۆزەخدا پەلی پرشنگی گرت و فڕێی دایە ناو نێوان دۆزەخ و بەهەشتەوە. لە ئەوێدا دەیتووانی بژی. زوونێکی بۆر بوو، نە ڕەش بوو و نە سپی، نە سەوز بوو و نە سوور و نە تەڕ بوو و نە وشک و نە خودایەکی لێ بوو هەزار و یەک داواکارێی هەبێت و نە شەیتانێک هەزارویەک فێڵ و تەڵەکەی هەڵبەستبێت.

کاتێک دەرگای زیندانیان لە سەر پرشنگ کردەوە و یەکەم هەنگاو چووە ناو کونجی زیندان، هەستی دەکرد بارێکی گەورەی لە سەر شان و مل لە کۆڵ بووەتەوە. جەستەی وەکو ڕۆحی سووک و خۆشدەست بوو.

خۆیی دەبینی کە دەچووە ناو قەفەسەکەوە. قەفەسێک لە ئەوە دەچوو لە لۆکە دروست کرابێت. لە نێوان شوڵکەکانی قەفەسەکەوە

چووە ناو قەفەسەکە. هەستی دەکرد قەفەسەکە گەورەتر و فراوانترە وەک لە دەرەوە. جۆلانەکەی ناوی وەک تەختی پادشایەک بوو. گەورە بوو، نەرم بوو و بە هێمنی دەبزووا. کەمێک بە ناو قەفەسەکەدا گەڕا و سینگی پەنجەکانی و لەپی دەستی بە سەر شۆڵکەمیلەکاندا دەهێنا و خۆشحاڵ بوو، بۆ یەکەم جار خۆشحاڵ بوو کە ئیتر قەفەسێکی خۆی هەیە و کەس لە ئەوە زیاتر بێزاری ناکات.

بەڵێ، بە ئەو ئازار دان و سووکایەتیی پێکردنە بوو بە خاوەن ماڵەقەفەسێکی خۆی کە تیایدا دەژی و تیایدا هەناسە دەدات و بە خۆشییشەوە تیادا دەمرێت.

پرشنگ بووبوو بە خاوەن پاوانی خۆی، بە خاوەنی قەفەسێک.

ئەو قەفەسەی هەموو ژنێک بە تاسەوە چاوەڕوانیەتی.

لە سەر جۆلانەکە دانیشت و بە هێمنی تەکانێکی بە جەستەی خۆی دا و جۆلانەکە جووڵا.

پرشنگ بە دەم جۆلانەکردنەوە و لە پاڵدانەوەیەکی ئیسراحەتدا، لە ژێر دوو پێڵووی داخراوەوە لە ئاسۆیەکی گەشی دەڕوانی و لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

قەفەسێکی هەورین، قەفەسی ژیان، قەفەسی مەرگی ئارام!

ئەو وڵاتە کوا؟ کوا عەرشی پەروەردگار؟

لە دەرەوەی شار، کە دادگا کە تازە لە گەورترین کەیسی نەتەوە تەواو بوو، ئەو کەیسە گەورەیە کە خودا ئاخریەکەی بە قازانجی ئەمان شکاندییەوە، بە سەدان تۆریست لە بەر دەم دادگادا کۆبووبوونەوە و داوای قەرەبوویان دەکرد.

بە پێی نەریتی بیروکراسی دەبا بچوونایە بۆ لای عەریزەنووس و بە عەریزەیەک داواکەیان بخەنە بەردەست.

قەرەبوو بۆ چی؟

عەریزەنووسەکان هەرگیز شتی وایان نەبیستبوو.

تۆریستەکان دەیانپرسی ئایا ئێرە وڵاتی عەرشی پەروەردگارە؟ بێگومان، ئێرە ئەوێیە. ئەوانیش دەیانگوت ئێمە وێنەی چیای هەزار بە هەزاری پڕ جەنگەڵستانمان بینیووە، چیای لوتکە بە بەفر داپۆشراو، ئەو چیایانەی کە لە ئەمدیو و ئەودیویانەوە تاقگەی گەورە لە بەینی گاشەبەردی ناو نهێنیی مێژووەوە دێنە خوارەوە، بە سەدان نا بەڵکو بە هەزاران تاقگەی گەورە، بە هەزاران کانیاو، بە هەزاران کارێزی بە خورِ و بە هەزاران بەنداوی ئاو کە پڕ بوون لە باڵندە و لە ماسی، کە وڵات پاک و تەمیز و پڕە لە کافیشۆپ و ڕێستەورانی گەورە و دڵگیر و پڕ لە خۆراکی ئاویە، بەتایبەتیی ماسیی و قرژانگ، بەرازی بچکۆلە بچکۆلەی ناسک کە بە ساخی دەخرێنە تەندوورەوە و هەر ئاوا بە دەست چنگ بە گۆشتەکەیاندا دەکرێت و لەگەڵ شەرابی خۆماڵیی عەرشی پەروەردگاردا نۆشی گیان دەکرێت. وڵاتەکە پڕە لە گوڵستان

کە هەموو هاونیشتیمانییانی عەرشی پەروەردگار تیایدا دێن و دەچن و وەرزش و سەیران دەکەن.

پیاوەکانیان چاوتێر و بەڕێزن و ژنەکانیان ڕووخۆش و دڵخۆش و دەم بە پێکەنینن کە زوو زوو چاوی کامێراکە ماچ دەکەن و ئاسەواری لێوێک کە لە دڵێکی خوێنیی و جێ ماچێک دەچێت، بەجێدەهێڵن.

تۆریستەکان دەیانپرسی: ئەو وڵاتە کوا؟ کوا عەرشی پەروەردگار؟

عەریزەنووسەکان وەڵامیان دەدانەوە، ئێ ئەمە وڵاتی عەرشی پەروەرگارە، بەڵام بە ئەو شێوەیە نییە ئێوە وێنای دەکەن. بە دەست بە ئاماژەی نیشاندانەوە دەیانگوت ئەمەیە. تۆریستەکان هەر یەکە و لە وڵاتێکەوە هاتبوون و ئەو وێنانەی عەرشی پەروەردگاریان وەک بەڵگە نیشانی پۆلیسەکان دەدا کە پێیان گەیشتبوو و بۆیان ناردبوون، و دەیانگوت دەبێت دادوەر ببینین. هەڕەشەی شکاتی لای یوئێنیان لە حکومەت و لە خەڵک دەکرد.

سەرۆککۆمار و حکومەت و دادگاکان تێگەیشتن کە وەزارەتی گەشتوگوزار سوودی لە تەکنیکی نوێ وەرگرتووە و بە فۆتۆشۆپ دەستکاریی دیمەنی سروشتی عەرشی پەروەردگاری کردووە. وەزارەت بە نیەتی خراپ ئەو کارەی نەکردبوو.

وەزیری گەشتوگوزار دەیگوت:

- جا کاکە خۆ من بە زۆر نەمهێناون، خۆیان کەرن، نەدەبووایە دوو پرسیاریان بکردایە. ئاخر خۆ سویسراش وا نییە. ئەوان بە دووای قنی ڕووتی ژنەکانمان دەگەڕێن وا دەزانن کافرین، دەنا خۆشترین کەباب و قاورمەی نۆک و نۆکاو و گەس و گەز و مازوو و مێووژ و گوێژمان هەیە.

خەڵکەکەی بە خوداگیان سوێند دەدا و لێی دەپرسین:

- ئایا کەس هەیە بڕووا بە ئەو وێنانە بکات ئەگەر کەری کوڕی کەر نەبێت؟ خۆ کاکە بەهەشتیش وا نییە. ئاخر تۆو شەرەفتان، پیاو هەیە نەزانێت ئەم دەڤەرە وشکە و بێ دارودرەختە؟ ئاخر پیاو هەیە بە دوو ڕەسم بخەڵەتێت؟

تۆریستەکان لە دوو ڕەسم زیاتریان پێ بوو، بە هەزاران وێنە و ڤیدیۆیان لابوو. ئەوە بوو بە شەڕەشەق حکومەت بە دانەوەی نیوەی پارەکەیان ڕازیی کردن.

وەزارەتی گەشتوگوزار کۆمەڵێک ریکلامچی هێنابوو کە لە بەردەم تۆریستەکاندا ریکلامی برنج و چا و دۆشاو و دایی منداڵ و ئەو شتانەیان دەکرد و بە ئاماژەی جۆراوجۆر کە پێیان وابوو پێکەنیناوین بەرامبەر بە تۆریستەکان دەجوڵانەوە و دەست و لاقی خۆیان بە ئەملاولادا فرێ دەدا و دەمیان دادەچەقاند و بە ئینگلیزیەکی خراپ دەیانگوت "ئەمانە زۆر باشن، تورکین".

تۆریستەکان لە داخاندا پێکەنین دەهات و بەلایانەوە سەیر بوو کە لە عەرشی پەروەردگاردا بە ریکلامچی دەڵێن "ئەکتەر".

وەزیری گەشتوگوزار زۆر تووڕە بوو. لە جیاتی خۆی وەزیری کشتوکاڵی نارد کە ئاموژایەکی خۆی بوو. ئەویش کۆمەڵێک خەیار و مزرەسێو و هەناری ئێرانی و ئەو شتانەی لەگەڵ خۆیدا بە دیاری بۆ تۆریستەکان هێنابوو کە خەریک بوون بە سواری مینیبوسی بچکۆلەبچکۆلە لە سەر حیسابی دەستگای خێرخوازی باوکی سەرۆککۆمار بیانبەن بۆ وڵاتە دەراوسێکەی سەروو خۆیانەوە. پێیان دەگوتن ئەوان خاوەنی ئیمپراتۆریی بوون، ئەوەندە خۆشە کە تۆریست هەر فریای ئەوە

دەکەوێت سەردانی گۆڕەکانی گەورەپیاوەکانیان بکات، کەباب و گۆشت و برنج و ئەو خۆراکانەی تریان هەموو هەیە کە تۆریستەکان هەواڵیان دەپرسی.

تۆریستەکانیش داخ لە دڵ و تووڕە، بەڵام بە بیستنی هەواڵی خۆراکی خۆشی وڵاتەدراوسێ ئاو لە دەمیان دەزا و بە دەموپلی لیک کردووەوە چاویان پڕ دەبوو لە ڕووناکیی و خۆیان فڕی دەدایە ناو مینیبوسەکانەوە.

دەیانویست بە زووترین کات بۆ ئەو وڵاتە بکەونە ڕێ.

پێیان خۆش بوو، زۆر دڵیان خۆش بوو کە نیوەی پارەکەیان وەرگرتووەتەوە. هەروەها زۆریان پێخۆش بوو کە وڵاتی عەرشی پەروەردگار، بەهەشتەکەی سەرزەمین، بەجێدەهێڵن.

هەموویان سەیری ئەو وێنانەیان دەکرد کە فریویان پێ خواردبوو. هەروەک پێکەوە لە یەک جەستەدا بن لە شێوەی کۆرسێکدا سەریان با دەدا و بە گاڵتەجاڕییەوە بە وێنەکان پێدەکەنین.

دەستەکان لە ئاسمانەوە دەگەن!

ئافتاو لە سەر ئاگرێک دەبرژا کە بە هیچ شتێک ئازاری نەدەشکا. لێفە قورسەکەی دایک و نەنکیشی دادیان نەدەدا و لە بێخەوی ڕزگاریان نەدەکرد.

ئافتاو ساڵەهایەک بوو پێوەندیی بە کۆمەڵێک ڕێکخراوەی ئەوروپایی بۆ مافی ژنان و مرۆڤ هەبوو. چەند جارێک پێیان گوتبوو کە ئەگەر بیەوێت لە وڵاتێکی ئەوروپا داوای پەنابەریی بکات ئەوا کارئاسانیی بۆ دەکەن، بەڵام ئەم دڵنیای کردبوونەوە کە وڵاتی خۆی بەجێناهێڵێت. شەکرەکەی ئەم لە هەموو شەکرێک شیرینتر بوو. ئەم باوەڕی بە گۆڕانکاریی و پێشکەوتن هەبوو. ئەم باوەڕی بە ئەوەبوو کە لە ئەو شوێنەدا بکۆڵێتەوە و بکێڵێت و شین بکات و ئاوەدانبکاتەوە کە لێی وەستاوە.

بەڵام ئێستا ئەو دڵنییایەی نەمابوو.

ئەو ڕێکخراوانە ڕێزی ئافتاویان دەگرت، چونکە ئافتاو هەرگیز بە خراپە باسی نیشتیمانەکەی لای ئەوان نەدەکرد. هەمیشە هەر بە شێوەیەکی بابەتیی باسی دۆخی ژنانی دەکرد و ئاماژەی بە ئەو هۆکارە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریانە دەکرد کە دۆخێکی تایبەتییان بۆ نەتەوەکەی دروست کردووە. ئەو هۆکارانەبوون کە بووبوون بە مایەی چەرمەسەریی بۆ ژنان. هەرچەندە جار جار بە سوعبەت و نیوەسوعبەتەوە دەیگوت "بەڵام پیاوان تازە هێندە خوار ڕوواون کە ڕاست نابنەوە".

بەڵێ ژنان لە ژێر پەردە و لە پشت پەردەی کولتور و نەریتدا دەچەوسانەوە. ژنان بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی بەکاردەبران. دۆلار و ژن دوو چارەسەری بە تووانا بوون. لە ڕاستییدا تەنها چارەسەری بە هێز و کاریگەر بوون.

ڕووداوێک چەندیش تاڵ بووایە ئەگەر بە دۆلار چارەسەر نەکرایە ئەوا بە ژن چارەسەر دەکرا و بە پێچەوانەوە. خۆ کاتێک دۆلار و ژن دەبوون بە یەک ئەوا هەموو جۆرە کێشەیەکیان چارەسەر دەکرد، هەموو جۆرە کێشەیەک.

ئافتاو هەرگیز نە لە ڕێکخراوە ئەوروپاییەکان و نە لە هیچ لایەنێکی تر داوای پارە و یارمەتیی ماڵی نەدەکرد. باوەڕی بە کاری خۆبەخشانە هەبوو. لەبەر ئەوە ڕێکخراوەکانی دەرەوەی عەرشی پەروەردگار باوەڕیان بە ئەو زانیاریانە هەبوو کە ئافتاو هەیبوون. دەیانزانی ئافتاو درۆ ناکات و خۆی بە ئەو پرسەوە ناژیەنێت. هیچ بەرژەوەندییەکی شەخسیی نەبوو. عاشقی بینراوویی و بیستراویی و سەرنج نەبوو.

کاتێک ددانی بە جەرگی خۆیدا نا و پێوەندی بە ئەو ڕێکخراوانەوە گرت تا باسی ئەو ژنەیان بۆ بکات کە ناوی پرشنگە، بێ سێودوو هەموویان ئامادەی هاوکاریی بوون.

هەر دەستبەجێ نوێنەریان هات بۆ وڵات. حکومەت کە ڕێزێکی بێ ئەندازەی بۆ ڕێکخراوە بیانییەکان هەبوو بە تایبەتیی هوتێلی پێنج ئەستێرەونیوی بۆ گرتن، بەڵام ئەوان سوپاسی حوکمەتیان کرد کە نایانەوێت لە هوتێل بن و لای کەسێک دەمێننەوە.

حکومەت زۆری پێ ناخۆش بوو. زۆر زۆر، بەڵام بە ڕووی خۆی نەهێنا و نەیدەویست پەڕەیەکی ڕەشی تر بخاتە سەر ئەو کارانەی لە

دونیای شارستانییدا بۆیان کۆ دەکردەوە. سەرۆککۆمار لە ژێرەوە زۆر لە ئەو ڕێکخراوانە تووڕە بوو کە هەر هەموویان، جا سەگپارێز بوونایە، ژنپارێزبوونایە، مافپارێزبوونایە (ویستی بڵێت هاوڕەگەزخواز بوونایە، بەڵام وشەکە نە دەهاتە سەرزمانی و لەبەرئەوە بەردەوام بوو) و حیزپارێزبوونایە یان هەر جۆرە پارێزوانێکی تر بوونایە، هەر ڕێزێکی زۆر زۆری لێ دەنان.

هەرچەندە ڕق لێیان بوو بەڵام دەیگوت "خەڵکانی ئەو بەشەی دونیا"، نەیدەگوت شارستانیی، شیری حەڵاڵیان خواردووە و زۆڵ و سووک و سەلیم نیین. سەرۆککۆمار شتێک، کەم و زیاد، لە خودا دەترسا، بەڵام لە بەشی خۆی ڕازی نەبوو.

خودا ئەوەی لە چارەنووسی ئەم نووسیبوو کە خەڵکێکی حەرامزادەی درۆزن و ساختەچی و دووڕوو و ترسنۆک بخاتە ژێر دەستی کە بە کەڵکی هیچ نەدەهاتن. هەموویان لە کەمتیار دەچوون. بە ق ق قوو و قالوقیل قەپاڵیان لە یەکتر دەگرت. تەنانەت ئەو کاتانەیش هەر چەپڵەیان بۆ سەرۆککۆمارەکەیان لێ دەدا و لە بەری هەڵدەستان کە لە تەوالێت دەهاتە دەرەوە. سەرۆککۆمار لە ناخی خۆیدا ئازاری دەچێشت. حەزی دەکرد بازی بەختی بەڕێوەبردنی جۆرێک لە خەڵک بە سەریەوە بنیشتایەتەوە کە وەکو ئەوروپایی ئازا و دلێر و دەستپاک و سەرڕاست و ئیشکەر و بەبەرهەم و پاکوخاوێن بوونایە. سەرۆککۆمار سوپاسمەندی خودا بوو، بەڵام لە بەشەکەی خۆی ناڕازیی بوو.

لەبەر ئەوە بە وەڵامەکە تەواو عاجز بوو. بۆ خۆی و بۆ ستافی حکومەتەکەی بووبوو مەراق: "باشە ئەدی لە کوێ دەمێننەوە؟"

ستافی ئاسایشی حکومەت لەوەبەر بۆ ژنانی وەفدەکەیان باس کردبوو کە ئاساییشی ژیانیان زۆر زۆر گرینگە و هیچ شتێک هێندەی ژیانی ئەوان بۆ حکومەت گرینگ نییە و لەبەرئەوە دەبێت بزانن. ئەوانیش ئەدرێسی مالّی ئافتاویان بە حکومەت دا و پێیان راگەیاندن کە ئەو مالّەیان بە کرێ گرتووە. ئافتاو ئەدرێسەکەی بە جوانیی بۆ نووسین و بۆ ناردن کە لە پیتی وڵاتەکەی خۆیەوە کردبووی بە ئینگلیزیی. لە نێوان سیستەمی ووّرد و مەسینجەر و واتسئاپ و ئەم دەستوئەودەست پێکردندا ئەدرێسەکە بە هەڵگەڕاوەیی بە دەستی بەرپرسان گەیشت. ١٧ لە سەر ١٤٥ بووبوو بە ١٤٥ لە سەر ١٧و دووایی بوو بە ٤٥ لە سەر ١٧١. وشەکانیش پاش و پێش کەوتبوون.

کابرای بەرپرس کە گاڵتەی بە مێشک و کەسایەتیی ئەوروپایی دەهات. پێی سەیر بوو مێردەکانی ئەو ژنانە ڕێگایان بە ژنەکانیان داوە کە بێ مێرد و بێ پاسەوان بچن بۆ شوێنێکی دوور و غەریب. دووسێ جار وشەی گەوادی بە سەر زاردا هات، بەڵام دووایی بۆیان ڕوون کردەوە کە لە ئەوروپا شەرەف و شتی وا نییە.

یەکێکیان بە پێکەنینەوە گوتی "کورە قوربان، ئەوروپاییەکان لە بەیانییەوە هەڵدەستن لە خەو تا نیوەی شەوێ کە ڕادەکشێن هەر دەیکەن بە یەکتردا. شەرەفی چی؟"، "دوای ئەوە هەر نازانن خۆشەویستی چییە، بۆ ئەوان هەرگان هەیە. بۆیە هەموویان دەیکەن بە یەکتردا و لەبەرئەوەیش هەر نازانن سۆز و هەست چییە، لە کاتی گاندا بمرن یان کار، بۆ ئەوان جیاوازییەکی نییە". بەرپرسەکە دایە قاقای پێکەنین و پێی وابوو ئەوروپاییەکان لە دونیایەکی تەواو جیاوازدا دەژین.

- جا خۆ لە دوای نیوەی شەوەوە گان خۆشە.

- وەڵا قوربان ئەوان ئیتر لێی دەخەون. من ئەوروپام زۆر بینیووە. خەو بۆ ئەوان زۆر گرینگە.

کاتێک بەرپرسەکە ئەدرێسەکەی بۆ کۆماندۆ تایبەتەکان و هێزی بەتایبەتیی نهێنیی تایبەتیی نارد، وشەی ئەدرێسەکە کە نوێنەرە ئەوروپاییەکان بە هەڵە پاشەوپێشیان خستبوون، ئەمان جارێکی تر کردیانەوە بە زمانەکەی خۆیان و جارێکی تریش هەڵیان گێڕایەوە و تێر تێر بە ئەقڵی ئەوروپاییەکان پێکەنین کە ناتوانن ئەدرێسێکیش بنووسن.

- ئەوروپای چی و تەڕەماشی چی. خودای گەورە لە ئەم دونیا دوو تەیارە و دوو سەتالایتی پێ داون، خۆ ئەقڵی خۆیان نییە، کاتی خۆی ئەو زانستە هی دینی خۆمان بووە. بەڵام لە ئەو دونیا بزانە چۆن شەقشەقێنیان پێ دەکات. تۆڵەی هەموو فەساد و بێشەرەفیەکیان لێ دەکاتەوە و ئێمەیش دەخاتە بەهەشتی بەرینی خۆی. ئینجا لێ دە، چاک تامی تامیان پێ دەکەین. کاکە من سوێندم خواردووە دەبێت حۆریەکانم لە ئوروپایی بن.

کابرای بەرپرس قۆڵی هەڵکرد و بە دەم سمێڵ داهێنانی خۆیەوە کە بۆیەیەکی ڕەشی قەترانی کردبوو پیتەکانی ئەدرێسەکەی بۆ ڕێکخستن.

ئەو ئەدرێسەی لە بەردەستیاندا بوو لە ئەو پەڕی شار بوو، ڕێک بە پێچەوانەی ماڵی ئافتاوەوە. جادەکە لە پشت ناوەڕاستی بازاڕێکەوە بوو. بە ڕای ئەم ئەوروپاییەکان بە ئەنقەست ئەدرێسەکەیان وا

نووسیبوو. ویستوویانە سەر لە حکومەت بشێوێنن. بەرپرسەکە بڕیاری دا هێزی کۆماندۆ تایبەتەکان و هێزی بەتایبەتیی نهێنیی تایبەتیی لە چواردەوری ئەو گەڕەکە بڵاو بکاتەوە. خۆراک و خواردنەوە بە شێوەی تایبەتیی بە دەستیان بگات بێ ئەوەی یەک دانە چۆلەکە هەستیان پێ بکات.

وەفدەکە پێنج ژن بوون. سویدیەک و فینلەندیەک و نەرویجیەک و فەڕەنسییەک و ئیتاڵییەک. هەر وا بە سادەیی بە جلکوبەرگی سادەی ژنانەوە بە پانتۆڵ و کراس و تەنورە کە کەمێک تا خوار ئەژنۆیان دەهات و بێ ماکیاج و بازینگ و گوارە و نازانم چی گەیشتن و دابەزین. ئافتاو چاوەڕوانیان بوو.

هەموویان سوار ئوتومبێل بوون و هاتن بۆ ماڵی ئافتاو.

کاتیان نەبوو، نەیاندەتوانی لە ٣ ڕۆژ زیاتر بمێننەوە.

بەرپرسی پاراستنی ئاسایش و زانیاریی باڵا بە تەنها یەک کەسی ناردبوو بۆ ئەوەی لە فڕۆکەخانەوە دووایان بکەوێت تا سەرنجی کەس بۆ لای خۆی و حکومەت ڕانەکێشێت.

کابرا ئەو شەوە ئەوەندەی خوراندبووەوە و ئاوی بە سەردا کردبوو، دروست لە ئەو کاتەدا کە خەڵکەکە لە فڕۆکە دەهاتنە دەر، ئەم میزی هات و تا لە تەوالێت هاتە دەرەوە هیچ سەرنشینێک لە ئەو ناوەدا نەمابوو.

کابرای بەرپرسی ئاسایش بێ ئەوەی خۆی تێک بدات قسەی لەگەڵ بەرپرسەکەی خۆیدا کرد و پێی گوت "قوربان، لە هەمان شوێن، شوێنەکەی خۆتان".

نوێنەرە ژنەکان بە سەرهاتەکەیان لە نزیکەوە لە دەمی ئافتاوەوە بیست. ڕێزیان بۆ کولتور و ئایین و نەریت و خووی عەرشی پەروەردگار دەربڕی، بەڵام جەختیان لە سەر ئازادکردنی پرشنگ کردەوە. کەس نەیدەزانی شێرە کێیە و کەسیش دڵنیا نەبوو کە سەرچاوەی کێشەکە ئەو کورتە دیدارە بوو لەگەڵ ئافتاو. لە ڕاستییدا ئەو بابەتانەش تازە گرینگ نەبوون و شتێکیان لە باسەکە نەدەگۆڕی، کرۆکی مەسەلەکە ئەو ژنە بوو کە ناوی پرشنگە و کە بێ گوناھ و بێ تاوان ئازاری درابوو.

شێرە لە ناو کونجی زیندانەکەی خۆیدا جار بە جار لێی دەدرا و سووکە تێهەڵدانێک یان کوتککارییەکی وەخت و ناوەختی دەخوارد، خۆراکی بە میز و تفەوە دەخوارد و لەگەڵ تامەکەیان ڕاھاتبوو. گوێی بە ئەو وشانە ڕاھاتبوو کە سەبارەت بە قوز و قنی دایکە حیزەکەی و باوکە پیاوچاکە بێگوناھەکەی بوون. ئەو وشانەی کە تاجی ڕەووشت و شەرەفیان لە سەر باوەژنێک دەنا و ئەمیان دەکرد بە حیزێکی لاکۆڵانی کەسنەناسی بێ ڕەچەڵەکی دایک ئاوای ئاوا.

لە کونجێکی دیکەی زیندانەکەدا و لە ھەمان شاری فەیزوڵادا پرشنگ ئازارەکانی لە بیر چووبووەوە و ھەستی نەدەکرد لە زیندانەکە. خۆیی لە ناو قەفەسێکی دارینەی جواندا دەبینی.

لە سەر جۆلانەکەی جۆلانێی دەکرد و بە چاوی داخراوەوە لە ئاسۆی گەش و لە کێڵگەی سەوزی دەڕووانیی کە تا چاو بڕ بکات کەرووێشکەی دەکرد.

ئەوەی بیری لێ نەدەکردەوە دونیای دەرەوە بوو.

لە قوولایی دڵییدا باوەڕی بە داد و یاساسەروەریی بوو. دەیزانی ڕۆژێک بە چیرۆکەکەی ژیانی دەزانرێت و خەلات دەکرێت. دڵی خەبەری پێ دابوو.

ڕەنگە ئەو ڕۆژە دووای مردنیشی بێت، کە تازە لە نێوان میلەشوڵکی قەفەسەکەوە هاتبێتە دەرەوە، بەڵام دادی ڕەوا هەر دادی ڕەوا بوو. دادە ڕەواکە بۆ ئەم گرینگ بوو نەک ئازادکردنی ڕۆحە بەدبەختەکەی خۆی. لە ناو قەفەسەکەیدا دڵنیابوو لە ئەوەی دەستەکان لە ئاسمانەوە دەگەن.

نوێنەرەکان لەگەڵ ئافتاودا پلانی خۆیان دانا. ئەویش بینینی سەرۆککۆمار بوو.

ڕۆژی دووای ئەوە سەرۆککۆمار هەزارویەک جاری بە خێر هێنان. ئۆفیسەکەی بە ژنەکانیان ڕاگەیاند کە سەرۆککۆمار هەر زۆر زۆر مەشغوڵە، بەڵام بێگومان کاتی بۆ دیدەنی ژنانی پێشکەوتنخواز و ئازا و دلێر هەیە کە مافەکانی مرۆڤ و بەتایبەتیی مافەکانی ژنان دەپارێزن.

هەر بە دەم قاوە خواردنەوەیەکەوە مۆڵەتی نووسراوی پێیان دا کە بتووانن پرشنگ لە زیندانداا ببین، چونکە بە بێ فەرمانی سەرۆککۆمار کەس بۆی نەبوو پرشنگ ببینێت و پرشنگیش بۆی نەبوو کەس ببینێت.

ڕاستە پرشنگ مۆڵکی گشتیی بوو، هەموو نەتەوەکە و هەروەها سەرتاپای حکومەت و تەواوی دامەزراوەکان بەرپرسی پرشنگ و شەرەف و ڕەووشت و ئاکاری پرشنگ بوون، بەڵام کلیلی ئەو کەیسە بێوێنەیە لای سەرۆککۆمار بوو. سەرۆککۆمار خۆشەویستی هەمووان بوو.

بەڵگەی ئەو خۆشەویستییە ئەوەبوو کە وێنەی سەرۆککۆمار و جارجاریش هەموو منداڵەکانی و خانمی یەکەم لە هەموو شوێنێکی وڵات هەبوو. وێنە بە دانیشتنەوە و بە پێوە و بە پێکەنینەوە و بە ددانی جیرِبووەوەی ڕووخساری پڵنگییەوە و بە سواری ئەسپ و لە ناو فرۆکە و لە هۆڵی تیاتەر و ئیتر بە ئەو شێوەیە.

خەڵکەکە و حکومەتەکەی خۆشیان دەویست. حەزیان دەکرد موڵکی گشتیی هی سەرۆککۆمارەکەیان بێت، هەر وەک چۆن لە ئەوەبەر هی باوکی سەرۆککۆمار بووە.

حەزیان دەکرد هەر ڕۆژە و چاکەت و پانتۆڵێکی شیک لە بەری سەرۆککۆمارەکەیاندا ببینن، حەزیان دەکرد پێڵاوەکانی بریسکەیان بێت و لە پێستی مار و تیمساح و و شتی وا بێت، حەزیان دەکرد پێش ئەوەی لە دیدارێکدا ببینن حەمام و مەساژی کردبێت و ڕووخساریان شێلا بێت و بە دەقێکی ئوتوکراوەوە دەربکەوێت، لە ناخی دڵی خۆیاندا حەزیان دەکرد هەر بە ناو باوکیان نەبێت، بەڵکو بە خوێنیش. دایکی هیچ کەسێکیان شایستەی ئەوەنەبوو پرسی سەبارەت بە ئەو دۆخە پێ بکرێت. شەرەفی دایکی هەموویان لە ئاست سەرۆکدا دەنکە شوکلاتێکی هەنگوینگیر بوو، سەرۆک بۆی هەبوو لە بەر چاوی خودا و گەلدا نۆشی گیانی خۆیی بکات. سەرکەوتووانە سەدان کێشەی وەکو هی تۆریستەکانی چارەسەر کردبوو.

لەبەرئەوە ئاسایی بوو کە سەرۆککۆمار بەرپرسی کەیسی پرشنگ و کەیسە گرینگەکانی تری ئەو نەتەوە خاوەن شەهید و قوربانییە بێئەژمارەدە بێت کە ئێستا پرشنگ مەترسی لە سەر دانابوون.

کاتێک دەستەژن بە دەروازەی زیندان گەیشتن هەر چاوێکی پۆلیسەکان بووبوون بە هەزاران چاو. ئەو ژنە جوانە پاک و خاوێنە بێ

ماکیاجانەیان بە جوانیی سرووشتیی خۆیانەوە و لە جلکوبەرگی ئاساییدا دەبینی کە هەر یەکەی لە خۆی دەچوو. کەسیان زڕکۆپی مۆدێلێکی نەشتەرسازیی نەبوو.

لە سەرەتادا پۆلیسەکان و هەموو ئەوانەی تر پێیان وابوو ژنانێک دەبینن کە عەمەلیاتی جوانکاریی کراون و کە هەموو لە کچی دایکێک دەچن. بەڵام ئەم ژنانە هەر خۆیان بوون، لچ و لێویان جیاواز لە یەکتر و بە ڕۆیشتنی سادە و بە سەری بەرزەوە بۆ بینینی پرشنگ خۆیان بە زیندانیدا کرد. مۆڵەتی سەرۆککۆماریان نیشان دا، بەڵام پۆلیسێک کە وەکو خوێندەوارێک دەدوا بۆی ڕوون کردنەوە عەزیەتیان کێشاوە کە تا لای سەرۆککۆمار چووبوون، چونکە قەدەخەکە هەر لە سەر هاووڵاتیانی عەرشی پەروەردگار بوو دەنا بە پێی دەستوور هەموو ژنێکی بێگانە هەر کاتێک بیەوێت دەتوانێت پرشنگ ببینێت و حەز دەکات بە هەفتەش لای بمێنێتەوە.

ئەمان هێندە گوێیان بە ئەو وتانە نەدا کە ئەو پۆلیسە قۆزە جلکوبەرگ خاوێنە بە ئەو هەموو ئەستێرە و داڵ و هەڵۆ و مووروویەی سەرشانەکانیەوە بۆی ڕوون دەکردنەوە.

کاتێک دەرگای ژووری زیندان لە سەر پرشنگ خرایە سەر پشت پرشنگ موچوورکێکی پیادا هات و بە هەڵەداوان خۆی لە سوچێکی دوو دیواردا خزاند. پرشنگ ترسا. پرشنگ لە ژیانی خۆی نەدەترسا، پرشنگ لە تێکدان و شکاندنی ئەو قەفەسە دەترسا کە پاش چل ساڵ پێی ڕەوا بینراوە. ئەمە کۆشکی قەیرەیەکی چل ساڵە بوو. کۆشکی خۆی بوو.

ئامادە بوو هەموو شتێک لە پێناوی پاراستنی ئەو قەفەسەدا بکات و لە دڵی خۆیدا گوتی هەر بە قەپاڵ دەیانخۆم. ئەگەرچی بێزی لە

گۆشت و لە خوێن و لە ئێسک و تەنانەت لە مرۆڤیش دەکردەوە، بەڵام هەر ئامادە بوو لە پێناوی قەفەسە هەورییەکەیدا بجەنگێت. لە ئەو پۆزی ترس و نیوەخۆگرمۆڵەکردنەدا وردەوردە سەرنجی دان. بینی هەموویان ژنن و ژنانێکی ئاسایی و سادە و ساکار بوون. ژنانێک بوون درک و دااڵیان پێوە نەبوو و لە پیاوەکان نەدەچوون. ژنانێک بوون خۆیان وەبیر دەهێنایەوە. لەش و جەستەی نەرم بووەوە و بە خۆپارێزییەوە بەخێرهاتنی کردن.

دڵی خۆش بوو، لە دەرەوەی قەفەسەکەدا لەگەڵ خەڵکانێکی تر بوو.

ڕووخساری ئافتاو بۆ پرشنگ ئاشنا بوو. نەیدەزانی ئافتاوی لە کوێ بینیووە، بەڵام لە شوێنێک بینیبووی. گوێی بە دەنگی ئافتاو ئاشنا بوو، بەڵام نەیدەزانی لە کوێ گوێی لە دەنگی بووە.

ماوەیەکی خایاند تا کەوتنە قسە و تا تێیانگەیاند مەسەلەکە چییە و بە تەمای چین. لەگەڵ ئەوەشدا کە پرشنگ دووچاری ڕاوەشاندنێکی هزریی و ئەقڵی بووبوو زوو هاتەوە سەر خۆی.

پلانەکە ئاسان و ساکار بوو. پلانەکە ئەوە بوو کە ئافتاو جلکوبەرگەکانی پرشنگ لە بەر دەکات و لە جیاتی پرشنگ لە زیندانداا دەمێنێتەوە. پرشنگیش جلکوبەرگەکانی ئافتاو لە بەر دەکات و لە جیاتی ئافتاو لەگەڵ ئەماندا دەچێتە دەرەوە و پاشان بە هۆی ڤیزا و پەسپۆرتی یەکجارەکیی تایبەتییەوە کە نوێنەرە ژنەکان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان و بە بلیتی حازری فڕۆکەوە لەگەڵیان دەڕووات بۆ ئەوروپا و لە ئەوێ بڕیار دەدات لە کامە وڵات بمێنێتەوە.

ژنەکان هەموویان ڕووخۆش و دەم بە زەردەخەنە بوون.

لەگەڵ وەرگێڕانەکەی ئافتاودا پێدەکەنین. وا لە قوولایی دڵیانەوە پێدەکەنین کە ڕووخساریان لەگەڵ پێکەنینەکەدا دەگۆڕا و پرشنگیشیان دەخستە پێکەنین.

ژنە ئیتاڵیەکە هەر لە سەرەتاوە بە ڕوویەکی شیرینەوە بە زمانی خۆی بە پرشنگی گوت: سی ئونا بێلاسیما دۆننا (Sei una bellissima donna). ئینجا بە دەست و دەمی کە هەردووکیانی کۆکردبووە ماچێکی بۆ پرشنگ گرت کرد و پێی دا.

کاتێک کە ئەوان دەدوان پرشنگ هەر لە ئەوێدا بڕیاری دابوو کە لەگەڵ ژنە ئیتاڵیەکەیاندا دەڕووات و لە ئیتاڵیا دەمێنێتەوە. زمانی ئیتاڵیی وەکو موزیکێک بوو. یەکەم جار بوو زمانێکی وا شیرین بە گوێیەکانی بگات. ئافتاو بۆی وەرگێڕا کە "سی ئونا بێلاسیما دۆننا" واتا "تۆ ژنێکی جوانیت". یەکەم جار بوو پرشنگ وشەی وا ببیستێت.

پرشنگ هەزاران جار وشەی "کورتەباڵا" و "قەزەم" و "بێ مل" و "شان کورت" و "کەرەدێز" و "لێو تەنک" و "چاو خوار" و تاد تاد بیستبوو. کەس پێی نەگوتبوو " سی ئونا بێلاسیما دۆننا".

بەڵام چۆن بە پلانەکەیان ڕازی بێت؟ چۆن ڕێگا بە خۆی بدات ئافتاو لە جێ ئەمدا بمێنێتەوە؟ ئەی ژیانی ئافتاو؟ هەر بە ئەم ماوە کورتە ئافتاوی خۆش دەویست. ئافتاو چووبووە ناو دڵی. چۆن ڕێگا بدات ئافتاوێکی دەم بە پێکەنینی چاوگەشی ڕووخۆشی ڕووخسار گەرم فرێ بداتە ناو ئەم کونجەوە؟ تۆ بڵێیت ئافتاو بتووانێت لە ئەو قەفەسەدا بژی؟

- نا، نا، نا. ناتوانم، ڕێگا بە خۆم نادەم.

وەڵامەکەی پرشنگ ژنەکانی خافڵگیر نەکرد و چاوەڕوانی وەڵامێکی وا هەبوون. ژنەکان هەموو بە سەرە بۆیان ڕوون کردەوە کە ڕۆژێک دێن و ئافتاویش ڕزگار دەکەن. ئەوەیان بە دڵنیاییەوە پێگوت. پێویستی نەدەکرد پرشنگ لە ئەوە زیاتر بزانێت. ئەمان هاتبوون پرشنگ ڕزگار بکەن، چونکە دەیانزانی پرشنگ مرۆڤێکی بێ گوناهە. تێیانگەیاند کە ئافتاو دەزانێت چی دەکات و دەتوانێت ئەم ژیانە بژی تا ئەمان دێنەوە و ڕزگاری دەکەن.

پرشنگ قەناعەتی کرد و لەگەڵ ئافتاودا جلکوبەرگی گۆڕی. لە کاتی جلکوبەرگ گۆڕینەکەدا بە دەم قاقای پێکەنین و دەستخستنە سەر دەمی یەکتر و دووبارە قاقای پێکەنین و پاڵ بە یەکترنانەوە هەموو شتێکیان گۆڕی. کاتێک هاتە سەر شۆرتەکەی ژێرەوەیان پرشنگ کە ئیتر دووبارە بووبووەوە بە پرشنگی جاران، بووبووەوە بە خۆی، بە پرشنگە قسەخۆشە شۆخیبازەکە، گوتی:

- ئەمەیان هی گۆڕینەوە نییە.

هەموو دایانەوە قاقای پێکەنین. ژنە سویدیەکە ئەو قسەیەی هەر زۆر پێخۆش بوو. یەک دوو جار بە زمانی خۆی دەیگوتەوە "نەی، نەی، دێن سکا ئینتە بیتەس Nej, nej, den ska inte bytas" و چاوە شینە گەشەکانی تەواو دەکردنەوە و لە قاقای پێکەنینی دەدایەوە.

پاش تەواوکردنی کارەکەیان ئافتاویان لە زیندانەکەدا ببەجێهێشت. پرشنگ دووا ماچی ئافتاوی کرد. دووا ماچ. ماچێک لە سەر لێوی. ماچێکی گەرم، ماچێکی ناسک، ماچێکی پڕ خۆشەویستی.

هەموو بە زمانی خۆیان بە ئافتاویان دەگوتەوە:

- یەکتر دەبینینەوە. نەڕۆی بۆ هیچ شوێنێک!

دووبارە قاقای پێکەنین.

پۆلیسەکان تێ نەدەگەیشتن ئەو هەموو قاقای پێکەنینە چییە. لە خۆیان دەپرسی ئایا ژنان ئاوا قاقای پێکەنین لێ دەدەن؟ قاقایەک وەک قاسپەی پۆلەکەوێکی بەیانیانی کوێستانێک. وەلامی یەکتریان دەدایەوە "ئەرێ، بۆ نا، ئەمانە ئەوروپیین، قەترەی حەیایان تکاوە، هەر کە لە دایک دەبن بە بێ حەیایی لە دایک دەبن". یەکێکیان گوتی "بێ دین و بێ ڕەووشتن، ڕێگاین بدرێت بە قوزیش پێ دەکەنن، هەر بۆ کوشتن باشن".

پۆلیسەکان بە وەڵامەکانی یەکتر ڕازی بوون و هاوکات بە ڕێز و بە کونجکاویەکی بێ سنوورەوە هەتا بەر دەرگا و لای ئوتومبێلەکە ژنەکانیان بە ڕێ کرد. ڕێزێکی زۆریان لە پرشنگ گرت.

نەیاندەزانی پرشنگی زیندانیە و پێیان وابوو ژنێکی زۆر تایبەتییە کە ئەو هەموو زمانە دەزانێت و نەیاندەزانی کە هەر بە ئینگلیزیی لەگەڵ هەمووياندا دەدوێت. یەکێکیان گوتی:

- کورە بابە لە ئەم وڵاتەدا خۆ هەر ئەو ژنەی تیایە. هەر ئەوە نییە کە زمان دەزانێت، کوڕی خودا، سوعبەتیشی پێ دەکات.

ڕۆژی دووای ئەوە هەر شەش ژن بە ناو وڵاتدا گەڕان. سەردانی ئەو شوێنانەیان کرد کە بۆ پاراستنی مافی ژنان تەرخان کرابوون و زۆرێک

لە شیعری شاعیرەکانیان بیست کە بۆ ژنانیان نوسیبوو. جلکوبەرگی ڕەسەنی ژنانەیان بینی، هەروەها عەبا و لەچک و پەچە و ڕووپۆش کە زیاتریشی دادەپۆشین و حەیا و حورمەت و شەرەفیانی دەپارست. زۆر گرینگ بوو پیاوان ژنان نەبینن چونکە یەکانگیربوونی سۆمای چاوانی نێرینە و مێینە یەکسەر دەبێت بە مایەی بێناموویسی. لەبەرئەوە جلکوبەرگ، هەروەک بێدەنگیی و کەمدوویی و چاونزمیی و سەرکزیی و ئاوورنەدانەوە و ئەو شتانەی تر، هەموو شەرەف و کەرامەتێکی ژنانی ئەم نەتەوەیە بوون.

لە موزەخانەکان و دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا دەیانخوێندەوە کە عەرشی پەروەردگار هەمیشە عەرشی ژنان بووە، کە بێشکەی دەسەڵاتداریی ژنانە، بێشکەی مادەرسالاریی و بێشکەی خوداوەندی ژنانەیە. دەیانگوت لە ماڵیشەوە هەر ژنان بڕیار دەدەن و پیاوان هیچ کارەن.

بەڵام هەمیشە بۆ پێکەنین نوکتەیان لە سەر ژنان دەهێنایەوە. پیاوێک کە بەناوبانگ بوو نوکتەی لە سەر ژنان دەگوت. نوکتەکانی تایبەت بە خەڵکی عەرشی پەروەردگار بوون، چونکە هەر خۆیان لێی تێدەگەیشتن.

پەیجە سێبەرەکانی سەرۆککۆمار و حوکمەت کە دژی کابرا بوون دەیانگوت کابرای نوکتەباز دایک و هەر پێنج خوشکەکەی لەشفرۆشیی دەکەن و کابرا لە داخی ئەوە جۆک لە سەر ژنان دەڵێت. نوکتەکانی هەر ئەوەندەیان دەما ڕاستەوخۆ جوێن بە ژنان بدات. گاڵتەی بە ژنانی عەرشی پەروەردگار دەکرد و دەیگوت ژنانی نەتەوەکانی تر باریک و جوانن. خۆی خەفەتبار نیشان دەدا و دەیگوت ژنانی

خۆیان هەر خەریکی خواردن و ئاڵتوون کڕین و شەڕفرۆشتن بە پیاونن. کابرا جار جار بە دەنگەکیرەوە دەیگوت: "عەرشی ژنان" و حەشاماتەکەیش پێدەکەنین.

پەیجە سێبەرەکانی سەرۆکوەزیران و جەماعەتی پارلەمان لە سەر کابرایان دەکردەوە، دەیانگوت ژنانی عەرشی پەروەردگار هەموو وەک دایک و خوشکەکانی ئەون، بەڵام هەندێک لایەن، مەبەستیان لە سەرۆککۆمار و حوکمەت بوو، پرسەکەیان بە سیاسیی کردووە. جار جار بە ریکلام ناوی عەرشی پەروەردگار یان دەنووسی و وشەی پەروەردگار لەگەڵ لێدانی موزیکێکی گاڵتەجارانە دەکەوتە خوارەوە و جێگای بە وشەی ژنان دەگیرایەوە و دەبوو بە "عەرشی ژنان".

کۆمەڵێک پەیجی سەر بە تەریقەتەکان و شەریعەگەراکان و دینچیەکان دەیانگوت دەستەواژەی "عەرشی ژنان" کفرە. دەیانگوت ڕاستە مێژووی نەتەوەکەمان مێژووی ژنان و دایکسالاریی و مادەرسالارییە بەڵام ئەوە زەمانی کافربوون بووە. ئێستا ژنان هەر تاجی سەرن و کلیلی بەهەشتیش لە ژێر پێیاندایە. کابرای نوکتەباز دەیگوت "سوێندم بە خودا لە ژێر پێیاندا نییە و لە ژێر سەریان دایە و بە هیچ پیاوێکی نادەن".

دەیگوت "پیاوم دەوێت سڕ لە ژێر سەری ژنان دەربهێنێت و من کلیلی خۆم ناخەمە ژێر پێی دایکم و کلیلی خۆمم لە خودا دەوێت".

خەڵکەکە هەموو قاقا پێدەکەنین. ژنەکانیش پێدەکەنین.

سەرۆککۆمار لە داخی ئەو پەیجە سێبەرانە کۆنفەرانسێکی گەورەی ساز کردبوو کە بە تایبەتیی باسی سەروەریی ژنان لە وڵاتی عەرشی پەروەردگار بکرێت.

هەموو ڕاگەیاندنەکانی سەر بە سەرۆککۆمار باسی بایەخی ئەو کۆنفەرانسەیان دەکرد. پەیجە دژەکان بە توانجەوە دەیاننووسی "ئەو کۆنفەرانسە پێوەندیی بە سەردانی ئەو دەستەخوشکە میوانانەوە نییە".

سەرۆککۆمار نەیدەشاردەوە کە زۆر حەزی لە دووبارە میواندارپی ئەو ژنە سەربەرزە مرۆڤپەروەرانە دەکرد و پێی ڕاگەیاندبوون کە لە بەر خاتری دیدار لەگەڵ ئەمان چەندین سەفەری گرینگی دووا خستووە، بەڵام ئەمان تەنها بە سوپاسێک وەڵامیان دایەوە کە بە داخەوە ناتووانن و دەبێت بگەڕێنەوە.

کاتێک پرشنگ و هاوڕێکانی لە فڕۆکەخانە بوون و بە ناو بازاڕەکەدا دەسووڕانەوە و تا ئەو کاتەی سوار فڕۆکە بوون کەس پرشنگی نەدەناسی. پیاوانی بازاڕ پڕ بە حەزی دەروونیان سەیری ڕووخسار و سمت و لەشولاری پرشنگ و ژنەکانی تر دەکرد. لێیان ورد دەبوونەوە و خۆزگەیان دەخواست ژنی ئەمان بوونایە. هەموویان ئامادەبوون شەڕ لە سەر هێنانی پرشنگ بکەن. نەیاندەزانی کێیە. فرۆشیارەکان بە ئاماژەی خزمەتکاریی و بەردەستییەوە شتومەکیان نیشان دەدان و خوداخودایان بوو لێیان بکڕن. ڕووخساریان لایان جوان بوو و بە بینایی چاو بە سەر بەژن و باڵایاندا هەڵ دەگەڕان و بە چاو ڕووتیان دەکردنەوە و لە جیاتی ژنەکانی خۆیان، بە خەیاڵ لەگەڵ ئەو و ئەواندا ڕایان دەبووارد.

ڕێبوارانی ئێرەوئەوێ بە شانازییەوە لێیان دەڕوانی کە دەیانبینی ژنێکی شاری فەزیۆلا هاوشان و هاودەم و هاوسەفەری ژنانی ئەوروپاییە. سەریان پێی بەرز بوو. شانازییان بە خۆیان و کولتورەکەیانەوە دەکرد.

عەرشی پەروەردگار عەرشی ژنان بوو. ژنان باڵادەست و خۆشەویست بوون.

کاتێک پیاوانی شاری فەیزوڵا دەست لە ناو دەستی پرشنگدا لە خەیاڵی جیاوازی دونیاگردا بوون، فرۆکەکە تینی بەر خۆ دا و بڵند بووەوە و ڕووەو قوواڵایی ئاسمان فڕی.

بۆ یەکەم جار بوو پرشنگ لە ئاسمانەوە بوومێکی وشکەوەبووی لە تەپوتۆزادا خنکاو لە ژێر پێیدا ببینێت. عەرشی پەروەردگارەکەی بینی.

ئەو عەرشی پەروەردگارەی ئەمڕۆ یەکەم جار بوو لە ژیانیدا تیایدا چاوەکانی نزم ڕووان نەبن و نیگا و ڕوو لە پێڵاوەکانی وەدووی هەنگاوەکانی خۆی نەکەوێت.

پێی دەڵێن "سۆسی پاکستانییە"

لە خوارەوە، لە سەر زەمینی پڕ بە ئاشووب، شێرە و ئافتاو هەر یەکەی لە کونجی ژووری خۆیدا بیریان لە هەموو ئەو شتانە دەکردەوە کە هیچ مانایەکیان نەدەدا و بە هیچ شتێک ڕوون نەدەکرانەوە.

پۆلیسێک کە بڕێک تف و چەند چۆڕەمیزێکی کردبووە ناو خۆراکەکەی شێرەوە، خۆراکەکەی خستە بەردەم شێرە و لێی پرسی:

- خەون بە باوکتەوە نابینیت؟ هیچ تەزووی شەرم ناتگرێت؟

پاش کەمێک بیرکردنەوە کە دیار بوو شێرە وەک ڕێزلێنان لە پرسیاری پۆلیسەکە کەوتبووە ناوی، بە ڕووخساری سادەوە وەڵامی دایەوە:

- نا، نا.

پۆلیسەکە تا ڕادەی شێتبوون کەللەپی بووبوو. چ بەدفەسالێکی خوێرپیە کە نە خەون بە باوکییەوە دەبینێت و نە تەزووی شەرم دەیگرێت. حەزی دەکرد سەد ئەوەندە تفی بۆ بکردایەتە ناو خۆراکەکەیەوە. حەزی دەکرد لە جیاتی چۆرێک میز ئەوەندەی بۆ تێ بکات کە نەتوانێت بیخوات، حەزی دەکرد گۆشاوگۆش سەری ببڕێت و جێگایەکی بەهەشت بۆ خۆی حەڵاڵ بکات، بەڵام دڵی خۆی بە ئەوە خۆش کرد کە هەمیشە چارەکێکی خواردنەکەی پێ دەدەن و هەر یەکەی دوو دڵۆپ میز و هەندێک تفی بۆ بە سەردا دەکەن و پێی دەڵێن "سۆسی پاکستانیە" و ئینجا لە قاقای پێکەنین دەدەن.

لە ئەو دووایيەدا وێنەی شووتی و کاڵەکی کونکراویان نیشان دەدا و پێیان دەگوت ئەوەش قوزی دایکە قەحبەکەیەتی کە بووە بە مایەی کوشتنی باوکی. لە وڵاتی عەرشی پەروەردگار مەمک و دەم و لێو و ڕوومەت و چاوی ژنان دەکران بە جۆرەکانی میوە و وەک تەڕ و وشک و خۆشکراو و مزر و مێخۆش باس دەکران. شووتی و کاڵەکی بڵ وەک زێی مێینە نیشان دەدرا و کالیار و خەیاری گەورە و گێزەر و ئەو جۆرە میوانەیش وەک هی پیاو.

ئیتر کاتێک شتیکیان بە دڵ نەبووایە و دژ بە یەک لە شەڕەقۆچدا بوونایە، میوەکانیان بە یەکدا دەکرد و بە شێوەی جیاواز نیشانی یەکتریان دەدا. هەمیشە ئەو میوانە سووکنایی بە دڵیان دەدا.

یەکێک لە پۆلیسەکانی بەر دەرگای پرشنگ کە زۆر داخ لە دڵ بوو هاتە بەر دەرگاکە و دەرگاکەی بە تووندی کردەوە و ڕووی لە ئافتاو کرد کە پێی وابوو پرشنگە و نەیدەزانی چی ڕووی داوە، و گوتی:

- ئەگەر لەشفرۆش نەبیت ئەم لەشفرۆشە خاریجیانە چۆن دەناسیت؟ ئەو حاکمە سەگبابە دەبووایە سەرەوخوار هەڵیبوواسیتایە. خۆمان وەزعمان باشە، ئێوەش ئەوەندەی تر حەیامان ببەن. شەرت بێت ڕۆژێک بە دەستی خۆم بتکوژم. سوارت دەبم ئینجا دەتکوژم.

ئافتاو لە جلکوبەرگی پرشنگدا لە پۆلیسەکەی ڕووانی. بە لایەوە سەیر بوو کە هیچ پۆلیسێک نایناسێتەوە. ڕووخسار مانایەکی نەبوو، کەسایەتیی مانایەکی نەبوو، کاروکردەوە مانایەکی نەبوو. دەنگ و چۆنیەتیی چوون و هاتن و بزووواندن هیچ مانایەکیان نەبوو، تەنها ئەو

قسانە بە مانا بوون کە هەڵدەبەستران و دەگوترانەوە. ئەو قسانەی وا ڕێکدەخران مەبەستێکی تایبەتیی بگەیەنن.

بەڵام کامە مەبەست؟
کامە مەبەست و بۆ بەرژەوەندیی کێ؟

ئافتاو بە نەرمییەوە لە پۆلیسەکەی دەڕووانی و دڵی بۆی دەسووتا. دڵی بۆ هەموو ئەو پیاوانە دەسووتا کە پێیان وابوو خاوەنی پەیامێکی پیرۆزن، کە خۆیان بە پارێزەری شتێک دادەنا ناویان نابوو شەرەف، ناویان نابوو ڕەووشت و ئامادە بوون خوێنی بۆ بدەن و خوێنی بۆ بڕێژن.

ئەو پیاوانەی پێیان وابوو گلادیاتۆری شەرەف و ناموسن.

ئافتاو لە سەر قەرەوێلەکە دانیشت. ئەو قەرەوێلەیەی بە جەستەی پرشنگ ڕاهاتبوو. ئەو قەرەوێلەیەی ئیسپرینگ و پێچەکانی دووبارە خۆیان لەگەڵ کێش و جوولاندنێکی نوێی کەسێکدا کۆک دەکرد. ئەو قەرەوێلەیەی پاش کەمێک جیکەجیک و سرکەسرک و تەقەتەق کەم، جەستەی ئافتاویان لە باوەش گرت.

لە ئەو ژووڕە بچکۆلەیەدا ئافتاو بیری لێفەکەی دایکی دەکرد. ئەو لێفەیەی یەک پارچە دۆشەکلە بوو. مێژوو و ئاسەواری هەموو جلکوبەرگی تەواوی خێزانەکە بوو. پشتاوپشت پارێزرابوون و هەڵگیرابوون و پێکەوە شۆردرابوون و ڕەنگی یەکیان گرتبوو و ئینجا پێکەوە دوورابوون و بووبوون بە دۆشەکلە و ئێستایش لێفەیەک بوون. چەند خۆش بوو لە ژێر ئەو لێفەیدا پاڵ بکەوتایە و لە ناو

باوەشی دایکی و نەنکیدا خۆی بچووک بکردایەتەوە و خەبەری نەبووایەتەوە.

ئەوروپای بە ژنێک دەهاتە پێش چاو

کاتێک پرشنگ و نوێنەرە ژنەکان بۆ دووا جار بە بازاڕدا دەگەڕان ڕاوی چاویان بە سەر وێنەکێشێکەوە نیشتەوە کە خەریکی کێشانی وێنەیەک بوو. لێ نزیک بوونەوە و سەرنجی دەست و پەنجەکان و قەڵەمە ڕەنگاوڕەنگەکانیان دەدا. بێ کەم و زیاد هەروەکو وێنەکێشەکانی ولّاتەکانی خۆیان. وێنەکان وێنەی مرۆڤ و ئاژەڵ و پەلەوەر و سروشتی ولّاتەکە بوو. لە ناو کۆمەڵێک وێنەی لە چوارچێوەگیراوی بە سەریەکدا کەوتوودا پرشنگ چاوی بە قەفەسێک کەوت. قەفەسێک کە میلەشوڵکەکانی بە جوانیی و ڕێکوپێکی داهێنرابوون.

میلەکان لە شێوەی گومەزێکدا ڕووەو خوارەوە چنرابوون. قەفەسێکی بێ دەرگا. لە سوچێکەوە ژنێکی بێ ڕووخسار لە هەوڵی ئەوە دابوو لە بەینی نێوان دوو میلیەوە بڕوواتە ژوورەوە.

پرشنگ تابلۆکەی هەڵگرت و پارەکەی دا.

کابرا پێی گوت ئەگەر تابلۆکەی پێ جوانە دەتوانێت بە سەدان دانەی بە شێوەی جیاواز بۆ دروست بکات، بۆ نموونە دوو ژن بیانەوێت بچنە ژوورەوە، یان سێ ژن، یان دەستەیەک یاخود سەد دانە یان ژنانی هەموو شارەکەی بۆ دەخاتە ناو قەفەسەکەوە. کابرا یەکێک لە خوداوەندەکانی دروستکردن بوو. دەیتووانی بە ئارەزووی خۆی ئەو تابلۆیە بکێشێت کە کەس بیری لێ نەدەکردەوە یان هەر پێویست نەبوو بیری لێ بکاتەوە.

پرشنگ هەر بە سەر بادانێکی نەرمەوە وەڵامی "نا"ی پێ دایەوە. ژنەکانی هاوەڵمی هیچیان نەگوت، هەر کەمێک بە زەردەخەنەوە لێیان ڕووانی.

پیاوە نیگارکێشەکە بەخیلیی بە پرشنگ دەبرد کە بەرەو ئەوروپا بەڕێوەیە. حەزی دەکرد پرشنگ بیکردایە بە میێردی خۆی و لەگەڵ خۆیدا بیبردایە. لە ئەگەری شانسێکی وادا ئامادەبوو هەموو شتێک بەجێبهێڵێت، تەنانەت فلچە و بۆیە و ڕەنگانەی کە لەگەڵیشیاندا دەخەوت.

بینینی ئەو ژنە جوانە جیاوازانە کاریگەریی لە سەر کابرای وێنەکێش دانابوو. حەزی دەکرد وێنەی ئەو شتانە بکێشێت کە بە هەموویان شتێکیان دروست کردووە پێی دەگوترێت "ئەوروپا". ئەوروپای بە ژنێک دەهاتە پێش چاو، ژنێکی جوانی پاک و ڕووخسارگەشی دەم بە پێکەنینی ئاوەڵە دەهاتە پێشچاو. حەزی دەکرد ئەو ئەوروپاخانمە یار و دۆست و دەستگیران و ژنی بێت. حەزی دەکرد ئەوروپا ژنەدەستۆمەیەک، ژنەدەمبەستراوێک بووایە و ئەم خاوەنی بووایە. ئەوە خۆشترین و بە نرختترین مۆڵکی تایبەتیی بوو.

نەخۆشی دەروونیی قەیرەکچیی

سێ مانگێک تێپەڕی بوو. ئافتاو لە کونجی زیندان دانیشتبوو و خەریکی خوێندنەوە بوو. گوێی لە ئەو دەنگوباسە دەگرت و لە ئەو کابرایەی تەلەڤیزیۆنی دەڕووانی، لە بێژەرەکە، کە دەنگوباسەکانی بە ملچەملچ و ترشترشێکەوە دەیخوێندەوە کە هەر دەتگوت میوەیەکی خۆش دەخوات. هەواڵنێر و ڕاگەیاندنوانەکانی عەرشی پەروەردگار لە هی وڵاتانی تر جیاواز بوون. ئەمان لە مینیچەرێکی سەرۆککۆمارەکەی خۆیان دەکرد. پێیان خۆش بوو کۆپیەکی بچکۆلەی ئەو بن. پۆشتەوپەرداخ و ئوتوکراو و دەم پڕ شیرینیی و سوعبەتچی بن. جار جارە لە باسەکەی خۆیان لایان دەدا و نوکتەیەکیان لە سەر ژنێک، قەیرەیەک، پیرەژنێک و کەمئەندامێک دەکرد و هیچ کەسێکیش بە لایەوە نائاسایی نەبوو، بەڵکو پێی پێدەکەنین و دەیانگوت هەواڵنێر و ڕۆژنامەوانەکانیان لە ئاسمانەوە خەڵاتی عەرشی پەروەردگارن.

ئەو وێنانەی لە تەلەڤیزیۆن و پەیجەکانەوە نیشان دەدران وێنەی پیاوانێکی دڵخۆش بوون. وێنەکان هەروەها وێنەی ژنانێکی دڵخۆش بوون. ئەو وێنانە واقیعی ڕاستیی کۆمەڵگاکە بوو. ئافتاو پێی وابوو بە هەڵە لە کۆمەڵگاکە گەیشتووە. ڕەنگە ئافتاو دووچاری نەخۆشیەکی دەروونیی بووبێت، نەخۆشی دەروونیی قەیرەکچیی، وا بە ئەو شێوەیە بیری دەکردەوە، کە پێی وابوو خەڵکەکان ناڕەحەت و خەمگینن، کە جیاوازیەکی چینایەتیی گەورە وڵاتی داگرتووە، کە هەژاریەکی بەربڵاو هەیە، کە ژنان لە هەموو مافێکی مرۆڤ بێ بەشن، کە خەڵکەکە بێ خزمەت و پشتگوێخراون و لەبەرئەوە تەنها بیر لە بەرژەوەندیی تەسکی

خۆیان دەکەنەوە و لە ئەو چوارچێوەیەدا ئازاری یەکتر دەدەن و کێبەرکێ لەگەڵ یەکدا دەکەن تا بگات بە ئەو جێیەی بە لەتەنانێکی دەسەلات ڕازی بن و تەنانەت سوپاسمەندیش بن.

وێنەکانی هەموو تەلەڤیزیۆن و پەیجەکان ڕاستییەکی تریان نیشان دەدا. ئەمیش وەک باقی نەتەوەکەی خۆی بە چاوی خۆی دەیبینی. خەڵکی عەرشی پەروەردگار بینینیان بە ڕاستیی ڕەها دەزانی. کاتێک باوەڕیان بە شتێک نەکردایە دەیانگوت دەمانەوێت بە چاوی خۆمان ببینین، مەبەستیان ئەوەبوو بزانن ڕاستە وایە یان وا نییە. هەر بە نەبینینی خودا ڕازی بوون و دەیانگوت گەورەییەکەی لە ئەوەدایە کە نابینرێت، دەنا دەبووایە هەموو شتێکی تریان ببینیایە. ئیتر هەموویان لە ئەو پێوەندیەدا هەموو شتێکیان نیشانی یەکتر دەدا. ئافاتاو ئەو کاتە لە مێتافۆری شووتی و کاڵەک و خەیار و ترۆزییەکە تێ دەگەیشت.

بەڵێ، پیاوان و ژنانی ئەم پارچە زەمینە، بە پێچەوانەی ئافتاوەوە، دڵخۆش بوون. ئافتاو نەخۆشی دەروونیی قەیرەکچیی هەبوو. ئەوانی تر کە تەلەڤیزیۆن و پەیجەکان نیشانیان دەدان هەموو لە گەشتوگوزار و هاتن و چوونی پڕ تریقەی پێکەنیندا بوون. ژنان هەموو بە سووراو و سپیاو و ماکیاجی پڕەوە، بە ددانی هۆڵیود و جلکوبەرگی جوانەوە، پیاوان هەموو تەسبیح بە دەست و پۆشتەوپەرداخ و دڵخۆش کە باسی فرەژنیی و بەهەشت و ژیانێکی ئاسوودەیان دەکرد.

ژنەکان دەیانگوت پێمان خۆشە پیاوەکانمان ژنی ترمان بە سەر بهێنن. زۆربوون ئەوانەی دەیانگوت خۆشمان دەچین بۆ داوایان و خۆ ژن ژن ناخوات و خۆ خودا ڕزقی کەس نابڕێت. هاوسەرگیرییان وەکو دووکانداریی و پێوەندیی کڕیار و فرۆشیاردا دەبینی. ئەوەی ئافتاو

دەیبینی بازاڕێکی ئازادی دیموکراتیک بوو. ژنەکان هەروەک میوەکان بە دەست دەگیران و هەڵدەسەنگێندران و بۆنیان پێوە دەکردرا و لە دوور و نزیکەوە لێیان دەڕووانرا و ئینجا وەکو شووتی بە شەرتی چەقۆ بوون.

ئەم تازە ئیتر ژنێک بوو ناوی لە سەر گەڵای درەختی گەردوون نەمابوو. لە مێژ بوو هەڵوەریبوو. نە بە شەرتی چەقۆ و نە بە شەرتی هیچ بوو. ئەم وەک قەیرەیەکی داخ لە دڵی دژەپیاو دەبینرا.

لە توانجەکاندا پێیان دەگوت "کاڵەکی بڵ".

باسێکی سەرنجڕاکێشی ئەو ڕۆژنە ئەوەبوو کە بە هەزاران پیاو سولفەی فرەژنەییان وەرگرتبوو. ئەم دەیزانی بە بەخشینی دە سولفە و خەڵاتی زێڕینیش هیچ پیاوێک نایەوێت.

وەک هەمیشە، ژنەکان بە زەردەخەنە و پێکەنینەوە فرەژنەییان دەسەلماند و بە خۆشییەوە دەیاندەبڕی کە بەڵێ دەیانەوێت ژنی دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم و ژمارەی تریش بن. دەیانگوت "ئەرەولا، جا عەیبی چییە؟" و بە هەواڵنێرەکەیشیان دەگوت "ئیشەڵا چوار ژن زیاتر بە نسیبی تۆش دەبێت" و پێکەوە پێدەکەنین.

ئەی کێشەکە لە چی دابوو؟

کێشەیەک لە ئارادا نەبوو. ئافتاو لە سەری خۆیدا دونیایەکی خەیاڵیی دروست کردبوو کە عادەتەن دووچاری قەیرەکچان دەبێت. پاش زیندانیکردنی پرشنگ کۆمەڵگاکە هەستیان بە شەرەفمەندیی و ئابڕوومەندیی خۆیان دەکرد. شەرەف و کەرامەتیان بۆ گەڕابووەوە.

شێرەش، ئەو هەتیوە دایک قەحبەیەی دەستدرێژیی کردبووە سەر باوەژنی و بە فیتی دایکی باوکی خۆیی کوشتبوو، فڕی درابووە ناو زیندان و تەمبێ کرابوو. دادگا و یاسا سەروەربوون. وڵات ئاسوودە بوو. سەرۆککۆمار سەرۆککۆمارێک بوو گاڵتەی پێ نەدەکرا.

لە دیدەنیەکی تایبەتییدا باسی لە دووا هەنگاوی شایانباس دەکرد کە سەبارەت بە بەشوودانی قەیرە و سولفەی هاوسەرگیریی و ئەو شتانەبوو کە پێشتر بڕیاری لە سەر دابوون.

لە دیدارەکەیدا پێدەکەنی و دەستی بە دەمی خۆیەوە گرتبوو تا زیاتریش پێ نەکەنێت و ئینجا بە دەم پێکەنینەوە ڕوونیی دەکردەوە و بە بیر گەلەکەی خۆیی دەهێنایەوە کە چەند مانگێک لە ئەمەوبەر ئەو بڕیارەی سەبارەت بە هێنانی کچە قەیرەکان دابووی، جێبەجێ کرابوو، کە ئەو پیاوانەی قەیرەکچ مارە دەکەن دەتووانن تا دە دانە قەیرە مارە بکەن و حکومەت پارەی خەرجیەکەیان دەدات و کە لە ڕووی دینیی و ڕەووشتیی و هەموو شتێکەوە ئۆکەیی وەر گرتبوو.

- بەڵێ، وایە، قوربان. لە بیرمانە. ڕاست دەفەرموویت.
- ئێ، من (سەرۆککۆمار هەر پێکەنینی دەهات) ئەو کاتە لە سەر کوتەکاخەزێک جوان بۆ پەرلەمانم نووسی (بە گاڵتەجاڕییەوە دووبارەی وشەی پا ر لە مانی گوتەوە) کە وەکو باوکێک، ها، وەکو باوکێک، فەرمانتان پێ دەدەم بە زووترین کات یاسایەک دەر بکەن کە هەر پیاوێک کچێکی قەیرە یان زیاتر هەتا دە دانە بهێنێت ئەوا خەرجیەکەی ئێمە دەیدەین، حکومەت دەیدات.
- کاکە ئەمە ڕۆشنە؟

- بەڵێ قوربان، زۆر ڕۆشنە، بریا من سەرۆکی پەرلەمان بوومایە، زۆر باش لێت تێ دەگەم.
- ئێ کاکە، خۆ پەرلەمان پیاوانە یاساکەیان دەرکرد. هیچ کێشەیەک نەبوو. بێگومان بە قسەیان کردم و منیش سوپاسیان دەکەم. قسەیەکم لە سەر ئەوە نییە، بەڵام سەیر دەکەم لە پەلەپەلدا چون وشەی "قەیرەیان" لە هەموو ڕستەکانی مندا لە بیر چووە. ئێستا خۆش بەختانە بە هەزاران کچ شوویان کردووە، بەڵام (دووبارە لە قاقای پێکەنینی دایەوە. دەستی بە دەمیەوە گرتبوو تا کەمێک پێکەنینەکەی هێور بکاتەوە)، بەڵام ئەو پیاوە فێڵبازانە یەکسەر دەرفەتەکەیان قواستووەتەوە و چوون کچە گەنجەکانیان مارە کردووە، قەیرەکانمان هەر لە شوێنی خۆیانن.

کابرای هەواڵنێر و کامێرامان و دەنگەوان و سەرۆککۆمار و میوانەکان هەر هەموویان قاقا بە دەم یەکدا پێدەکەنین. هەموویان بە یەک دەنگ هەروەک لە ئەوەپێش لە سەری ڕێککەوتبن، گوتیان "ئای لە بەختی ڕەشی قەیرە". باشە ئەو پەرلەمێنتارانە ئەو وشەیەیان چۆن نەبینیووە؟

- ئەرەوەڵا، ئەوە ئیرادەی خودایە، هەر دەبێت ئیرادەی ئەو بێت. قەیرەکانمان هەر ماونەتەوە.
- وەڵا قوربان ئیرادەی ئەڵڵایە. ئەگینا چۆن سەدوئەوەندە پەرلەمێنتار هیچیان ئەو وشەیە نابینن. ئەوەی خودا پێی خۆش نەبێت نابێت.

- ئێ بە خودا هەتا هەڵبژاردنێکی تر خۆ من ناتوانم، ئەگەر هەڵمنەبژێرنەوە، بڕیارێکی تری وا دەربکەم. کاکە، دیموکراتیی یانی دیموکراتیی. ئێ خۆ ناتووانم هەموو ئەندامانی پەرلەمان لە سەر ئەوە بکوژم کە وشەی قەیرەیان لە بڕیارەیاساکەدا لە بیر چووە.
- نەوەڵا قوربان، جا تۆ چۆن کاری وا دەکەیت. بەڵام دەبێت قەیرەکانمان هەر لە ئێستاوە بزانن لە هەڵبژاردندا دەنگ بە کێ دەدەنەوە.

هەموو لە قاقای پێکەنینیان دایەوە.

کابرای هەواڵنێر هەروەک سەرچۆپی بکێشێت پارچەکاخەزێکی ڕوواوڕووی کامێراکە هەڵدەسووڕاند و دەیگوت:

- قەیرەکان، قەیرەکان، سەیرم بکەن و گوێم لێ بگرن، هەر لە ئێستاوە لە سەری بنووسن دەنگتان بە کێ دەدەن.

هەر شاری فەیزوڵا پێ نەدەکەنی نەتەوەکە هەمووی پێدەکەنی. هەموویان دڵیان بە سەرۆککۆمارەکەیان خۆش بوو. پیاوێکی قۆزی نوکتەباز بوو. پیاوێک بوو لە خودا و گەل نزیک بوو. یادی بەخێر، باوکیشی هەر وا بوو. هەر بە خێزان وا بوون. قۆز و سوعبەتچی بوون. فەلسەفەی خەڵکی عەرشی پەروەردگار ئەوەبوو بە پێی سیستەمی کاست گیا دەچووە سەر بنجی خۆی. منداڵانی شاعیرەکان دەبوونەوە بە شاعیر و ئەوانەی باوکیان گۆرانیەکی چڕی بێت دەبوون بە گۆرانیبێژ و منداڵی سیاسەتچیەکانیش دەبوونەوە بە سیاسەتچی

چونکە فەقیرانە فریا نەدەکەوتن خۆیان فێری پیشەیەکی تر بکەن. سەرۆککۆمار و خەڵکەکەش دەیانزانی کە سەرۆککۆمار هەر دەبێتەوە بە سەرۆککۆمار، بەڵام سەرۆککۆمار حەزی لە کارئاسانیی وا نەدەکرد و بە لایەوە گرینگ بوو بە دەنگدان هەڵیبژێرنەوە، زۆری پێ خۆش بوو بە سەدان هەزار کەس لە ژنان و پیاوان لە وەستان و چاوەڕوانیی سەرەی دەنگداندا ببینێت، پۆلیسەکانی سندوقی دەنگدان ببینێت بە جیدیەوە خەڵکەکە دەپشکنن و شتی نایاساییان لێ دەستێنن و فێریان دەکەن چۆن دەنگ بدەن و بە کێی بدەن.
خەڵکەکەش عاشق بە پرۆسەی دەنگدان بوون. بە دەست خۆیان بووایە هەموو ڕۆژێک دەنگیان دەدا و هەموو ڕۆژێک سەرۆککۆمارەکەی خۆیان هەڵدەبژاردەوە. لە ڕۆژانی هەڵبژاردندا خۆیان قۆز و جوان دەکرد و جلکوبەرگی تازەیان لە بەر دەکرد.
پیاوان خۆیان لە تەل دەدا و ژنان خۆیان دەڕازاندەوە و چەندین پارچەیان یەک لە سەر یەک بە سەر یەکدا لە بەر دەکرد و وەک شێخەپەڕۆ هەرچی زێڕ و خشڵی زەردباو و پارچەی قوماش لە ڕەنگی جیاواز هەبوو بە خۆیاندا هەڵدەواسی. ئیتر بە سەعات لە سەرەی دەنگداندا دەوەستان و داوای کەباب و مریشکی برژاویان دەکرد و بە پێوە و بە دانیشتنەوە لە سەرەکەدا دەیانخوارد. سێڵفییان بە هەزار شێوە دەگرت و بڵاویان دەکردەوە و سەریان بۆ لەزەتی کەباب و سەروپێ و لەفە هەڵدەسووڕاند.

سەرۆککۆمار دەیگوت با تا دەکرێت لە بەر خاتری خەڵکەکە کە چێژیان لە ڕاوەستانەکە دەکرد پرۆسەکە زۆر کات بخایەنێت.

خەڵکەکە زۆر بە ئاسایی دەیانگوت قەیرەکان حەدیان چییە دەنگی پێ نادەن، خۆ سەرۆککۆمار هۆکاری قەیرەبوونیان نییە، خۆ ئەوان ئەوە سی و چل و پەنجا ساڵە قەیرەن و جا با ساڵێکی تریشی بچێتە سەر، خۆ نامرن!

ئافتاویش پێدەکەنی.

ئافتاویش لە داخاندا و لە حیرسی دڵی خۆی پێدەکەنی. بە ئەو قەرەوێڵەیەی ژێر خۆی پێدەکەنی کە هەموو جەستەیەک لە ئامێزی خۆی دەگرێت، بە ئەو دوو تاکە کورسیە کە یەکی لاقێکیان کورتتر لە ئەوانەی تر بوو، بە ئەو مێزە بچکۆلەیەی بە زەحمەت شتی لە سەر بەند دەبوو. بە هەموو ئەوانە پێدەکەنی. ئەو پەنجەرە بچکۆلەیەی بە خواروخێچی دانرابوو، ئەو دەرگا ئەستوورەی زیندان کە سێ کێلونی گەورەی هەبوو بەڵام بە ئاستەم لە ئەملاولاوە دیوارەکە گرتبووی. هەموو شتێک جێی پێکەنین بوو. ئەو تۆریستانەی بە وێنەی فۆتۆشۆپ فریویان خواردبوو، ئەو خەڵکانەی وەک بەڕەشڕە بن خۆیان ڕاخستبوو پێڵاوەکان بەسەریاندا بڕۆن، ئەو پۆلیسانەی دڵیان خۆش بوو کە پاسەوانی زیندانیەکانن.

پارچەپەڕۆیەکی کۆنی بێ سوود

سەرۆککۆمار خۆی لە جوانترین کەواوپانتۆڵ هەڵکێشابوو، مەساژێکی باشی کردبوو، دیاربوو پێش دیدارەکە تازە لە خەو هەستاوە. بە پشوو دیار بوو. سەعاتی مەچەک و ئەنگوستیلەکانی دەستی قورس و قایم و گرانبەها دیاربوون. کامێرامانەکە ناچاربوو زووزوو خۆی بەرز بکاتەوە و بە ئەملاولادا بڕووات، چونکە سەرۆککۆمار لوتی بەرەو میچەکە بەرز دەکردەوە و بە ئەملاوئەولادا ملی بە کاوەخۆ بادەدا و لە پۆزێکدا بۆ وێنەگرتن دەوەستا. گێڕایەوە.

نەتەوەکەی دەیانزانی ئەوە پۆزی سوعبەتە و هاکا نوکتەیەکی گێڕایەوە.

ئافتاو خۆی کچێکی قەیرە بوو. دڵی لای سێکس نەبوو. بێگومان ڕۆژێک لە ڕۆژان بیری لێ دەکردەوە و ئاواتی کردنی دەکرد، بەڵام ئیتر لەگەڵ کاتدا ئەو ئاواتەی کوێربووبووەوە و لە میزکردنیشدا بیری لە جەستەی نەدەکردەوە. کۆمەڵێک لە ئەو کچانەی شارەکەی دەناسی کە پێیان دەگوترێت "قەیرە". چەند ڕۆق لە ئەو وشەیە دەبووەوە. ئاخ وشە. ئەو وشانەی هەر وا لە دەمی خەڵک دەکەونە خوار. ئەو وشانەی لە پڕ دەگوترێن و دەبن بە هۆی ئەوەی کە هەزاران شەڕ و هەڵا ساز ببێت.

ئەو وشانەی کچێکیان دەکرد بە قەیرە و ئەو قەیرەیەی مرۆڤێکی دەکرد بە پارچەپەڕۆیەکی کۆنی بێ سوود.

ئافتاو پێکەنینی بە قاقالێدانەکەی جەنابی سەرۆککۆمار دەهات. ئەو سەرۆککۆمارەی کە خەڵک هێندەیان خۆش دەویست وێنەکەی تەنانەت لە ڕاڕەوی زیندانەکانیش هەڵواسرابوو.

ئەو کچە سەڵتانەی ئەم دەیناسین زۆربەیان گەنمڕەنگێکی گەش یان سپیپێستێکی ناسک بوون، هەموو چاو گەش و قژ پڕ و ڕووخۆش و دەم بە خەندە، دڵیان گەرم و دەستیان نەرم و پڕ خۆشەویستی. یەکێک درێژ و یەکێک باڵابەرز و یەکێک کورتەباڵا و یەکێک پڕ و یەکێک باریک و ئیتر ئاوا، مرۆڤ بوون، مرۆڤی ئاسایی بوون. بەڵام قەیرە بوون. وشەی قەیرە بایەک بوو ئەو عەبایەی هەڵ دەدایەوە و هەڵ دەبڕی کە هەموو خێزانێک شەرەف و کەرامەت و ڕەووشتی خۆیانیان پێ دادەپۆشی. وشەی قەیرە ئەو بێنرخییە بوو کە ڕۆژ بە ڕۆژ نرخی ژنەکانی لە سەرەوە بەرەو خوارەوە دەبرد.

هەموو ماڵێک قەیرەیەک و دووانیان هەبوو. هەموویان بە خۆیان پێدەکەنین.

ئافتاو بە هەموویان پێدەکەنی.

هەر وا بزانە خۆت کوشتومت

لە زیندانێکی دوور لە ئافتاو، شێرە لە کونجەکەی خۆیدا باری دەروونی بەرەو خراپبوون دەچوو. هەموو شەوێک دایکی دەهاتە خەونی و پێی دەگوت "کوڕم، بە خودا حەزم دەکرد تۆ بمکوژێت، شێرە جوانەکەم بمکوژێت، شێرە دڵەکەم بمکوژێت و گیانم لێ بستێنێت، بەڵام فریا نەکەوتم و ڕۆحم جەستەی بەجێهێشت. کوڕە جوانەکەم، شێرە گیان، من لە تۆ تووڕە نییم، لە ڕۆحە پیسەکەی خۆم تووڕەم کە پێش ئەوەی تۆ بە کوشتنم شاد بیت، ئەو هەناوی بەجێهێشت و لێیدا و ڕۆیشت".

دایکی پێی دەگوت "زوێر مەبە، شێرە دڵەکەم، هەر وا بزانە خۆت کوشتومت. چ جیاوازییەکی هەیە، باوکەکەم، ڕۆڵە شیرینەکەم. هەر وا بزانە بە دەستە جوانەکانی تۆ کوژراوم، گوڵەکەم".

شێرە لە ئەو خەونە گرانانە خەبەری دەبووەوە و سەرتاپای لە ئارەقدا تەڕبوو. جەستەی وەک خەڕەک دەلەرییەوە و نەیدەویست ئەو کوشتەی دایکی بێت. دایکی خۆش دەویست. بیری هەموو ئەو خۆشەویستییەی دایکی دەکەوتەوە. دایکی، دایکی شیرینی. هەر ئەوەبوو دەترسا کە لە ژێر کاریگەریی قسەی خراپدا باوکی بەجێبهێڵێت. بیری دایکی دەکرد. بیری هاتن و چوونەکەی، خۆراکەکانی، دەمە بە پێکەنین و چاوە شیرینەکانی، دەستە گەرم و نەرمە پڕ نازەکانی.

جار بە جار باوکیشی دەهاتە خەونی. باوکی هەر بە شێرە پێدەکەنی و لێی دەپرسی ژنە تازەکەی شووی کردووەتەوە یان هەر ماوەتەوە؟ هیچی تری نەدەگوت و پرسیاری تری لێ نەدەکرد.

باوکی هەر لە خەمی ژنە تازەکەیدا بوو و هەر هەمان پرسیاری لێ دەکردەوە کە ئاخۆ شووی کردووەتەوە یان نا.

شێرە لە دۆخێکی دەروونیی ئاڵۆزدا بوو. خۆراکی بە میز و بە تف پڕ بووی دەخوارد و بیری لێ نەدەکردنەوە. هەندێک جار پۆلیسەکانی دەبینی کە خەریکی هەڵکێشانەوەی پانتۆڵەکانیان بوون و بە سوعبەتەوە بە یەکتریان دەگوت "دەی، تۆش تۆزێک سرکەی خۆماڵی بۆ بە سەردا بکە".

لە ئەو بارو دۆخە دەروونییە شێواوەدا پێیان دەگوت هێشتا دوو ساڵ و شەش حەوت مانگی ماوە تا بۆی هەبێت دکتۆرێکی دەروونیی ببینێت. بەڵام دکتۆری دەروونیی بۆچی بوو کاتێک کە هەموو شەوێک، یان نزیکەی هەموو شەوێک، لە باوەشە گەرمە پڕ ئەڤینەکەی دایکی خۆیدا بە لایەلایەی دایکیەوە خەوی لێ دەکەوت؟

شێرە تاوانبارترین کەسی عەرشی پەروەردگار بوو. شارەکانی تری عەرشی پەروەردگار گاڵتەیان بە خەڵکی شاری فەیزوڵا دەکرد و هەندێک جار جوێنیشیان پێ دەدان. دەیانگوت شێرەتان گاڵتەی پێ ناکرێت، کە بە فیتی دایکی باوکی خۆیی کوشتووە و ئینجا هەزاران جاریش دەستدرێژیی ناموسی لە سەر باوەژنەکەی کردووە. شێرە کوڕی ئەو دایکە بوو کە بە هەوای حەزی هەوەس ویستویەتی باوکی شێرە بەجێبهێڵێت.

دووڕگەی خۆشبەختیی و دووڕگەی شانس بۆهاتن بوو

لە ئەم زیندانەی تردا کە ئافتاوی لێ بوو، ژنان بە سەدان و زیاتر بوون. جیهانێک کە پڕ بوو لە ئەو کێشانەی پێیان دەگوترێت ژنانە. دزیکردن و شەڕ و هەڕەشە و کوشتن بە تایبەتیی وەک کێشەی ژنان دەبینران.

ئافتاو پێشوەخت دەیزانی هاوڕێ ژنەکانی لە ئانوساتی گەڕانەوەدان و لە پرێکدا لە تەلەڤیزیۆنەکانەوە دەیبینی کە نوێنەرەکانی ژنانی ئەو پێنج وڵاتە دووبارە هاتبوونەوە بۆ ئەم دووڕگە دوورەدەستە و باس بووبوو بە باسی ئازایەتیی و مرۆڤپەروەریی ئەوان، کە چۆن مایەی شانازیی و سەربەرزییە کە ژنانێکی ئاوا ڕوو لە ئەم دووڕگەیەی ئەمان بکەن. ئەو دووڕگەیەی زۆر لە سەردەمی ڕۆشنگەرییەوە، لە سەردەمی مۆدێلە سیاسیەکان و شێوەکانی زانستەوە دوور بوو. ئەهلی دووڕگەکە خۆیان پێیان دەگوت "دووڕگەی خۆشبەختیی". عەرشی پەروەردگار دووڕگەی خۆشبەختیی و دووڕگەی شانس بۆ هاتن بوو. سەرۆککۆمار لە جیاتی نیشتیمان زوو زوو دەیگوت "عەرشی پەروەردگار" و بە خۆشەویستیی مۆڵکی شەخسییەوە ئاو لە دەمی دەزا کاتێک باسی دەکرد.

کاتێک سەرۆککۆمار نوێنەرە بیانیەکانی بینیەوە دووبارە سوێندی بۆ خواردنەوە کە لە بەر خاتری ئەمان چەندین سەردانی وڵاتانی دوواخستووە. بینینی نوێنەرانێکی ئاوا جێگای شانازیی و سەربەرزیی بوو. پێی دەگوتن بینینی ئەوان، ئەو ژنە تێگەیشتووە ئاقڵە ئازایانە، زۆر گرینگتر بوو لە سەردانی هەر وڵاتێک. نوێنەرە ژنەکانیش سڵاوی سەرۆککۆماری خۆیان بە ئەم گەیاند و ئەمیش زۆر پێی خۆش بوو ئەو

سڵاوانە ببیستێت. ژنەکان هەرچیەکیان بوویستایە سەرۆککۆمار بۆی جێبەجێ دەکردن. ڕاستە پەرلەمان هەیە، بەڵام ئەم باوکی پەرلەمان بوو.

هەر وەک باوکی پارلەمان نەبوو. باوکی حوکمەت و دامەزراوەکانیش بوو. سەرۆککۆمار خاوەندارییەتیی موڵکی گشتیی لە باوکیەوە بۆ مابووەوە و خاوەنی وڵاتەکە بوو، بەڵام هەرگیز ڕێگای بە خۆی نەدەدا ڕووبەڕوو بە چاوی خەڵکەکەی بدات. هەر ئەوە بوو کە لە دڵی خۆیدا دەیزانی و خەڵکەکەیش بێگومان دەیانزانی. هەر پێویستییەک هەبێت ئەم سەرۆککۆمارە خۆشەویستە وەک پێشنیار بە پەرلەمان و حکومەت و ستافەکەی ڕادەگەیەنێت و پێیان دەڵێت بیکەن بە یاسا و ئەوانیش دەیکەن. هەتا بڵێیت خەڵکێکی باشن، گوێڕایەڵن، دەستبەجێ لە خزمەتی سەرۆککۆمارەکیاندا دەبن.

سەرۆککۆمار هیچی لە بارەی پرشنگەوە لێ نەپرسین و هەواڵی پرشنگی نەپرسی. لە ڕاستییدا ناوی پرشنگی هەر لە بیر نەمابوو.

ژنەکان سوپاسیان کرد و پێیان ڕاگەیاند کە تەنها و تەنها هەر ئەو شتەیان دەوێت، ئەویش ئەوەیە کە ئافتاو لەگەڵ خۆیاندا بۆ دەرەوەی عەرشی پەروەردگار ببەن. سەرۆککۆمار زۆر پێی خۆش بوو کە ژنەکان وشەی "عەرشی پەروەردگاری" دەمی ئەم بەکار دەهێننەوە. لە سەرەتادا ناوی پرشنگ و ئافتاوی تێکەڵ دەکرد و باسەکەی زۆر بە ئاڵۆز دەهاتە پێش چاو. پاشان تێگەییشت کە پرشنگ لە وڵات نەماوە و هەر ئافتاو ماوەتەوە. سەیری کرد داواکەیان هەر زۆر ئاسانە.

- ئا، وایە، وایە، ئافتاو ئەو قەیرەیەیە کە خۆی بۆ ئازادیی پرشنگ بەخشی؟
- بەڵێ.

ژنەکان پێکەوە وەڵامیان دایەوە. ئیتاڵیەکەیان گوتی:

- سی، سی، سەی بێلۆ ئێ ساچۆ (Si, si, sei bello e saggio) تۆ هەم قۆزیت و هەم زرنگیت.

ڕووخساری سەرۆککۆمار تیشکی لێ دەباری.

ئازادکردنی ئەو ژنە هیچ کێشەیەک نەبوو. سەرۆککۆمار پێی ناخۆش بوو ئەو سەفەرە و ئەو عەزیەتەیان بۆ ئەوە کێشاوە، چونکە هەر بە تەلەفۆنێک بۆی جێبەجێ دەکردن. گوتی بە بەرپرسان دەڵێم لە سەر کاخەز بیمرێنین و وەفاتنامەیەکی بۆ جێبەجێ بکەن و لە گۆڕستانی بێ ناوونیشان گۆڕێکی بۆ هەڵببەستن. ئەوە هیچ کێشەیەک نەبوو. ئەسڵەن هیچ باسێک نەبوو. بەڵام ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆ ئەم عەرشی پەروەردگارە بگەڕێتەوە ئەوا دەبێت ناوی ئەسڵی خۆی بگۆڕێت، ئاخر خۆ ناکرێت بە هەمان ناوەوە بگەڕێتەوە.

داواکەی سەرۆککۆمار هەم بەجێ بوو و هەم ئاسان بوو.
سەرۆککۆمار تەلەفۆنی دەکرد و لە ئەو سەری تەلەفۆنەکەوە هەر بەڵێ و بە سەر چاو دەبیسترا. لە کاتی قسەکردندا دەستی خستە سەر مایکریفۆنی تەلەفۆنەکەیی و پرسیاری لە نوێنەرە ژنەکان کرد کە ئایا دەیانەوێت لە کوێ ئافتاو وەربگرنەوە.

ئەوانیش بە دەم زەردەخەنە و پێکەنینی ئارامەوە هەروەک لە مەجلیسێکی زۆر تایبەتیی بن، ڕوویان تێ کرد. ژنە ئیتاڵیەکەیان بە

زەردەخەنەوە بە زمانە موزیکاڵیەکەی خۆی پێیگوت "با بیهێنن بۆ ئێرە و پێکەوە قاوەیەک بخۆینەوە و ئینجا سوپاست بکەین و برۆین".

سەرۆککۆمار بە وەڵامی زەردەخەنەوە ڕوو لە ئەمان، فەرمانی بە ئەولا کرد کە بە زووترین کات "پرشنگ بگەیەنن بە بەشی میوانداریی لە کۆشک" و تەلەفۆنەکەی داخستەوە. دووبارە لەگەڵ ئەمان دەستی بە قسەکردن کردەوە، لە ئەوە دەچوو دڵی پڕ بێت و پێویستی بە هەڵڕشتن بێت:

- نەتەوەکەم گەنجە ئەگەرچی شارستانیەکی چەندین هەزار ساڵەی هەیە. هەموو کەسێکی ئەم وڵاتە هەر بیر لە بەرژەوەندیی خۆی دەکاتەوە و هەر من بیر لە بەرژەوەندیی هەمووان دەکەمەوە. وەک ئێوە نیین. ئێوە جیدین، سەڕاستن، پاکن، ئاقڵن، بیر لە بەرژەوەندیی گشتیی دەکەنەوە. ئێوە ئەهلی بوختان و دەستێوەردان لە ژیانی یەکتر نیین.

کەمێک جێی خۆی لە سەر کورسیە گەورە قەبە هەڵئاوساوەکەی خۆی خۆش کرد و بەردەوام بوو:

- ئێ وەڵا لە بەینی خۆماندا بێت من نازانم ژنەکانی ئێمە چیان دەوێت.

دووبارە نوکتەی یاسای قەیرەکانی بۆ گێڕانەوە و خۆی لە پێکەنیندا سوور بووبووەوە.

- ئا ئەوە پەرلەمانەکەی منە، دە جار وشەی قەیرەم لە نامەکەمدا بۆ نووسیون هەر دە جارەکە لە دەستیان دەرچووە. دەی بەڕێزان تەویلە مشک دەکات بە ئەسپ،

ناوەڵا. ئینجا ئێوە گلەیی لە من دەکەن؟ هیوادارم گلەیی لە من نەکەن و لە ڕاستییشدا چاوەڕووانم هەر یەکەتان لە وڵاتی خۆتاندا دوو قسەی خێریشم بۆ بکەن.

ژنەکان هیچیان نەدەگوت. بە دەم نوکتەی سەرۆککۆمارەوە لە سەر پەرلەمان و وەزارەتەکان و فەرمانگاکانەوە پیاوەکانی سەرۆککۆمار لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ئافتاویان گەیاندە کۆشک.

ژنەکان و ئافتاو تازە بە تازە لە ماچ و یەکتر باوەشکردن بووبوونەوە. سەرۆککۆمار ڕووی لە هەر شەشیان کردبوو:

- جا با نوکتەیەکی تریشتان بۆ بگێڕمەوە.

ژنەکان بە دەم یەکتر دووواندنەوە گوێیان بۆ سەرۆککۆمار شل کرد.

- هاووڵاتیەکمان قەیرەیەک مارە دەکات و ڕاوێژکارێکی مانگی هەنگوینی بە قەیرەکە دەڵێت، خەتای خۆت نییە، ساڵەهایەک بە سەر چووە. جەستەت سێکسی لە بیر چووەتەوە و ڕەنگە لەشت خۆی بە دەستەوە نەدات. ئاساییە کە لە کاتی هین کردندا پەنجەی خۆت یان شوەکەت تەڕ بکەیت. قەیرەکەش لە شەوی بووکێنییدا بە خۆی و گۆزەیەک ئاوەوە چووەتە سەر جێگاکە...

هێشتا وشەکان لە دەمییدا نەیاندەبەست کە خۆی دەیدایە پڕمەی پێکەنین.

ژنەکان تێ دەگەیشتن بەڵام پێکەنینیان نەدەهات.

- با کەمێکیش بە جیدی قسەتان بۆ بکەم. باوەڕم پێ بکەن ئێمە لە ئەم وڵاتەدا هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ ژناندا نییە. ژن دەتوانێت ببێت بە سەرۆکی پەرلەمان، بە وەزیر، بە بەڕێوەبەری هەر فەرمانگایەک. حەز دەکەن کچە مۆدێلێک یان مەلاژنێک بهێنن بۆتان دەکەم بە سەرۆکی پەرلەمان. ئەوە کێشە نییە. هەموو داواکەمان ئەوەیە کە ئەو ژنانە بتووانن پیاوانە بیر بکەنەوە، وەکو پیاو بیر بکەنەوە ئیتر ئێمە کێشەمان لەگەڵ ژنایەتیی ئەواندا نییە. حەز دەکەن سەد عەمەلیاتی جوانکاریی بکەن، دەنگیان ناخۆش بێت، سمتیان بچوک بێت، ها، خۆ ئێوە سیاسیین. لە شەرع و سیاسەتدا شەرم نییە. ئێ کاکە، هەندێک هەن ملیان قوت دەکەنەوە "وەڵا ئازادیمان دەوێت"، "ئێمەش مرۆڤین". ئێ ئاخر کێ گوتویەتی مرۆڤ نیین. وەڵا و بیلا و تیلا ژن جوانترین مرۆڤە، ناسکترینە، ئێ وەڵاهی ئێوە بە خوشکم بن خۆشترینیشن.

وەرگێڕەکە فریای وەرگێڕان نەدەکەوت و خۆی هەندێک وشە و ڕستەی ساز دەکرد. ژنەکان تێگەیشتن کە سەرۆککۆمار چی دەڵێت و کە وەرگێڕەکەیش کەوتووەتە پایەدر لێدان.

سەرۆککۆمار گوێی بە هەناسەسواریی و هەناسەبڕکێی کابرای وەرگێڕ نەدەدا و قسەی دەکرد:

- بۆ نموونە، ڕەنگە ئێوە گلەی و گازەندە و بۆڵەبۆڵتان لە شاعیران و ئەدیبان و چوزانم دۆستی قەڵەم لەسەر فەرمانڕەوایی بەندەی خزمەتکارتان بیستبێت. ئێ بە سەری

ئێوە من خۆم مووچەم بۆ تەنزنووسان بڕیوەتەوە تەنزمان لە سەر بنووسن. لیستی مووچەی شاعیرانتان نیشان بدەم سەرتان سوور دەمێنێت. ڕاستە من دەرگای ڕاگەیاندنەکانم بۆ هەندێک مەلا خستووەتە سەر پشت، ئێ بە خوا مەلاشم بە پلەی ڕاوێژکار بەرامبەر بە ئەمان دامەزراندووە بۆ ئەوەی پارسەنگێکی بیروڕای ئازاد ڕابگرم، بۆ ئەوەی لێکدانەوەکان هەر یەکلایەنە نەبن. من چی بڵێم ئەوان لە باسی حەوت تەبەقەی ئاسمانەوە دەستەوئێخەی یەکتر دەوەستن. کاکە (سەرۆککۆمار لە بیری چووبووەوە قسە بۆ ژنان دەکات)، کاکە من مووچەیان بۆ شەڕەجوێن و شەڕەقۆچ پێ نادەم، خۆیان پێیان خۆشە، پێم دەڵێن قەیناکا تۆ گوێ بە شەڕەجوێنی ئیمە مەدە با مووچەکەمان حەڵاڵ بێت.

سەرۆککۆمار دڵی پڕ بوو و دەیویست ئەوەی لە ناخیدایە هەڵیبڕێژژێت.

- بریا خودا گەلێکی بخستایەتە ژێر دەستم گوێیان بە کێشە نەدایە و داوای چارەسەریان بکردایە، بەڵام خودا گەلێکی پێ بەخشیووم ئەوەندە سوپاسمەندن کە ئەگەر پاش هەموو نوێژێک شەقشەقێنیان پێ بکەیت نەک هەر تووڕە نابن بەڵکو زۆریشیان پێ خۆشە. ئا، ئا، ئاخر بۆیە لە پارەوە بڕیاری دروستکردنی دەستەیەکم بە ناوی "بەرەکەتی تێڵاتڕێنی نیشتیمانیی" دەرکرد. هەر ماڵەهاوولاتییەک وەکو یانسیب دەستەی بەرەکەتی تێڵاتڕێنی نیشتیمانیی خۆیان بە سەریاندا دەدەن و تێڵاتڕێنیان دەکەن. ڕەنگە ئێوە زانیاریتان لە سەری نەبێت. بەڵێ، بیرۆکەکە ئاوایە هەموو ئێوارەیەک ئەو

دەستەیە دەیدەن بە سەر ماڵەهاووڵاتیەکدا و باش دارکارییان گەوروبچووکیان دەکەن. خەڵکەکە زۆریان پێ خۆشە، دوای ئەو دارکارییە دێن بۆ دەرەوە بۆ ناو کۆڵان و دەست بە گەڵوقونی خۆیاندا دەهێنن و هەر یەکێکیان بە ئەوەوە دەنازێت کە زیاتر شەق بەر قونی کەوتووە و تێی هەڵ دراوە. پرۆگرامێکی تەلەڤیزیۆنیش تایبەت بە "بەرەکەتی تێڵاترێنی نیشتیمانیی" هەیە کە دارکارییەکە نیشان دەدات. ئەو پرۆگرامە ئەوەندە حەزلێکراوە پشووی نییە. دەراوسێکان دەقی دینەکەی خۆیان لە سەر دەرگای حەوشەی خۆیان هەڵدەواسن و دوعا دەکەن بۆ ئەوەی ئەو یانسیی تێڵاترێنییە بە نسیی ئەوانیش ببێت. لە ئەم ڕۆژانەدا نامەیەکی تایبەتیان بۆ هێنام. سەیر دەکەم ماڵە هاووڵاتیەکن سوێند دەخۆن کە جادوویان لێ کراوە بۆ ئەوەی تێڵاترین نەکرێن و داوا دەکەن نۆرەیەکیان بۆ دابنێم. کابرا نووسیبوی ماقوڵ نییە بە ساڵێک دوو شەق حکومەتمان تێ هەڵنەدرێت.

نوێنەرەژنەکان ئاگاداری ئەو "بەرەکەتی تێڵاترێنی نیشتیمانیی" یە نەبوون و پرسیان:

- ئایا لە ژن و منداڵەکانیش دەدەن؟

سەرۆککۆمار زۆر سەری لە پرسیارەکەیان سووڕما و بە هەمان سەرسووڕماویەوە وەڵامی دانەوە:

- ئەی بۆ منداڵان و ژنان قونیان نییە؟ ئەرێ وەڵا وایان تێ هەڵ دەدەن نەبێتەوە. خۆیان پێیان خۆشە. هەر ئەوەندەیە

کە بڕەپارەیەک دەخرێتە سەر پارەی کارەبای ئەو مانگەی خێزانەکە. ئاخر خۆ ناکرێت هەموو ئێوارەیەک حکومەت مەسرەفی پاترۆڵێک و پێنج پۆلیس هەڵبگرێت. خوشکان بە ئەڵڵا لە دوەلی سکەندیناڤیش خزمەتگوزاریی وا بە خۆڕایی نادەن.

نوێنەرەژنەکان چاویان چووبووە پشتی سەریان و لە ناو خۆیاندا گفتوگۆی ئەوەیان دەکرد کە ئایا ڕوو دەدات ماسۆشیزم نەخۆشیەکی بەربڵاوی درمئاسایی بێت. سویدیەکە و نەرویجیەکە بەتایبەتیی هەر زۆر ناڕەحەت بوون، بەڵام بە لایانەوە خراپ نەبوو کە ئەو تێڵاترێنییە بە شێوەی یانسیب دەبەخشرێتەوە. هەموو ئێوارەیەک دووای نوێژی ئێوارە ئەو خەڵکە لە خودا دەپاڕانەوە یانسیبەکەیان بۆ دەربچێت و قونیان پێشوەخت بۆ تێهەڵدان دەچووزایەوە.

سەرۆککۆمار قسەی هاتبوو. گوێگرانێکی پێویست بوو داخی دڵی خۆی هەڵبڕێژێت.

- ئەو خەڵکە بە هەموو شتێک ڕازین. ئەوانەیش کە قسە دەکەن هەر حەز دەکەن قسە بکەن. زیاتر لە قسە هیچی تریان ناوێت. ئەوەندە لە خودا و لە سەرۆککۆمار و لە خاک و لە خۆیان ڕازین کە شەوانە سوپاسمەندی هاتنی ڕۆژێکی نوێن. وڵاتی عەرشی پەروەردگار عەرشی ڕازیبوون بوو بە بەشی خودا و بە چارەنووسی خۆیان. ژیانی عەرشی خودا بۆ خەڵکەکە هەر تەنها بەردەبازێک بوو ڕووەو قیامەت، ڕووەو بەهەشتی بەرین.

سەرۆککۆمار دڵی وەک دڵی خەڵکەکەی خۆی پڕ بوو. هەمووان دەیانویست سکاڵا و باری دڵی خۆیان بۆ گوێگرێک هەڵبڕێژن.

بەڵام نوێنەرەژنەکان ئەوکاتەیان نەبوو و پەلەیشیان بوو.

پاش سوپاسکردنی سەرۆککۆمار ژنەکان کە پێنج کەس بوون هاتبوون بۆ ناو کۆشک ئێستا بە شەش کەسەوە کۆشکیان بەجێهێشت.

کەس هیچی نەگوت. کەس هیچی تایبەتیی نەبینی. کەس پێنجی نەبینی ببێت بە شەش، کەس هیچ تێبینیەکی نەکرد.

نەتەوەی عەرشی پەروەردگار لە پەخشی ڕاستەوخۆی تەلەڤیزیۆندا ئەم ڕووداوەی دەیبینیی و دڵخۆش بوو.

پاسەوانەکان بە سەر و مل و دەست خوداحافیزیان لە ئەو ژنانە دەکرد کە دەوڵەتەکانیان بە ڕەسمیی بۆ سەردانیان ناردبوون. پۆلیس و پاسەوانەکانیش پێیان خۆش بوو ژنەکانی ئەمانیش ئاوا وەک ئەم ژنانە بن. دەیانگوت ئەمانەی خۆمان بیستوچوارسەعاتە دەستیان لە هەویر و کەفاو و برنج و نیسک و تەندوردایە. بیستوچوار سەعاتە منداڵ بە کۆڵ و بە باوەشیانەوە دەگری و باسی لوت بڕین و گوێ چاککردن و موولێکردنەوە و باڵابەرزکردن و مل و گەردن بەرزکردن و نازانم چین. بە یەکتریان دەگوت ئێ بێگومان خەتاکە هی ژنانە. ژن ئا ئەم جوانانەن، ئا ئەم ژنە کەشخانە. ئا ئەمانە ژنن.

پۆلیسێکیان لە ئەوانەی تری پرسی مەگەر ئەو دانەیەیان لە خۆمان نەبوو؟ باریکە خوێنگەرمەکە، ئەوەیان کە بە ئاستەم قژی شەپۆلێکی لوولی تیادا بوو، کە موو سپیەکانی بۆیە نەکردبوو، کە

گەندەمووەکانی دەستی دیاربوون، کە نەرم و لەسەرخۆ دەیڕووانی. ئەوانی تر وەڵامیان دایەوە کە بابە ئەوە هەر بە هی خۆمان حساب نییە، ئەوە لە ئەو وڵاتانە لە دایک بووە. حەی، هی ئێمە. بەڵێ ڕاستە، بە خوێن لە ئێمەیە، بەڵام کاکە جوان دیارە لە کوێ گەورە بووە.

ئافتاو و ژنەنوێنەرەکان گەیشتنە ماڵەوە و هاوکاریی ئافتاویان کرد کەلوپەلی شەخسیی خۆی کۆبکاتەوە.

سەرۆککۆمار لەگەڵ کابرای بەرپرسی هێزی کۆماندۆ و تایبەتەکان و هێزی بەتایبەتیی نهێنیی تایبەتیی قسەی کرد و داوای لێ کردن بە تایبەتیی ئاگای لە سەلامەتیی ئەو ژنانە بێت. کابرای بەرپرس نەیوێرا ڕاستیەکە بە سەرۆککۆمار بڵێت کە هیچ ئاگایەکیان لە ئەو ژنانە نییە و ناشزانن لە کوێ ماونەتەوە. لە خۆشی ئەوەی کە ئیتر مەسەلەکە کۆتایی پێهاتووە و کەس لێی ناپرسێتەوە، هەڵدەپەڕی. ئەو ماوەیە هیچ ژنێکیان نەبینیبوو. ئێستایش ئەو ژنانە نەهاتبوون بۆ ئەم گەڕەکە کە لە ژێر کۆنترۆڵدا بوو.

کابرای بەرپرس لەبەر خۆیەوە بە خۆی دەگوت دەزانم کە ئیستیخباراتی جیهانیی دەیانبات و دەیانهێنێت. ژنەکان و حکوماتەکانیان دەیانزانی کە وڵاتی عەرشی پەروەردگار پڕە لە جاسووس و سیخوڕ. ئاسایی بوو ئەمان هەندێکیان نەناسن وا بە بەرچاویانەوە بێن و بڕۆن و نەشبینرێن.

ئەرێ، بە ڕاستیی هەر نەشبینرێن.

کابرای بەرپرس لە دڵی خۆیدا دڵنیابوو کە سیخورە پایە بڵندەکانی ئەمەریکا و خۆرئاوا ئێستا وا پێشکەوتوون کە شتێک دەدەن بە سەر

سیخوڕەکانیاندا و ئیتر سیخوڕەکانیان نەبینراو دەبن یان دەرمانێک دەخۆنەوە و نەبینراو دەبن. ئەمەی لە فیلمدا بینیبوو و دەیگوت ئێستا بە ڕاستیی هەیە. هەر ئێستا ئەو ژنانە دەتوانن لە پشتەوە شەق لە ئەم و پاسەوانەکانی هەڵ بدەن و نەشبینرێن. کابرای بەرپرس لەپی دەستی بە گەڵ و قنی خۆیدا دەهێنا و کەوتبووە گومانەوە و پشتاوپشت و پێشاوپێش و پێچاوپێچ، دەست لە سەر قنی، ئەملاوئەولای دەکرد. ئاگای لێ نەبوو دەنگی کەمێک بڵند کردبوو و لە خۆیی دەپرسی: کێ دەڵێت ئێستا زمانیشم لێ دەرناهێنن و جوێن بە گۆڕی باوک و دایکم نادەن؟

ئینجا وەڵامی خۆیی دەدایەوە:

ئاخ بمبینینایە، یەک سەلە گوللەم پێوە دەنان و دەمگوت قەزاوقەدەری ئیلاهیە. ئای خواگیان، چاکت کردووین بە سینەمای ئەم بێ حەیا و بێ شەرەف و بێ ناموووسانە.

ویژدانی ناڕەحەت بوو، بەڵام هیچێ پێ نەدەکرا

شێرە نەیدەتووانی دابنیشێت. دووچاری نەخۆشیەک بووبوو بیری دێت نەنکی ێیی دەگوت "ماخۆلان". ماخۆلان نەخۆشییەکە کە مرۆڤ ئۆقرە ناگرێت. کاتێک دایکی دایکی مرد، دایکی دەیگوت "بێ قەرارم"، "ئۆقرەم پێ ناگیرێت"، "ماخۆلان لێی داوم".

ئێستا شێرە تووشی نەخۆشینەکەی دایکی بووبوو.

بە دوو هەنگاو ئەم سەر و ئەو سەری ژوورەکەی زیندانی دەکرد و نەیدەتووانی دابنیشێت.

بیری دەکردەوە کە هەر دەبێت شتێک بکات. بەڵام چی بکات؟

خۆ ناتوانێت پرشنگ ڕزگار بکات. کێ گوێ لە ئەم دەگرێت؟ ئەم لە کونجی زیندانداا چارەکە ژەمێکی خۆراک بە میز و تف و جوێنەوە دەخوات. خودا دەزانێت ئێستا پرشنگ چی لێ دەکەن. نەیدەزانی پرشنگ لە کوێیە و چی دەکات. ویژدانی ناڕەحەت بوو، بەڵام هیچێ پێ نەدەکرا.

"چیارا نێسونا ئۆریجینە"

پرشنگ هەر وەک خۆی بڕیاری دابوو لە ئیتاڵیا مافی پەنابەریەتیان دابوویە و خەریکی خوێندنی ئەو زمانە بوو کە هەر لە بیستنی یەکەم وشەیەوە عاشقی بووبوو. چەند سیمینارێکی سەبارەت بە "مافی ژن مافی مرۆڤ"، بە "نەبینراویی ژنان" و بە "هاوئاهەنگیی لە نێوان جنسەکان" بۆ خوێندنگاکان و زانکۆکان و پەنابەران پێشکەش کردبوو. ناوێکی تازەی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، "چیارا نێسونا ئۆریجینە". چیارا بە زمانەکەی خۆی دەبوو بە شتێکی وەکو "ڕووناک یان پرشنگ". پاش ناوەکەی کتومت بە مانای "بێ خاوەن، بێ ڕەچەڵەک یان بێ ڕیشە" دەهات، واتە "ڕووناک یان پرشنگی بێ ڕەچەڵەک".

جار جار لەبەر خۆی دەیگوتەوە و پێی خۆش بوو لە زاری خۆیەوە ببیستێت "چیارا نێسونا ئۆریجینە Chiara nessuna origine". پرشگنی بێ ڕەچەڵەک!

ناوووبانگی ئەوەندە بڵاو بووەوە کە لە وڵاتی خۆی، لە زێدە شیرینەکەی خۆی، لە عەرشی پەروەردگار، بۆ سیمینار بانگهێڕ کرا. داوەتنامەکە لە شاری فەیزوڵاوە نێردرابوو، شاری فەیزوڵا، شاری پایەتەخت و پێشکەوتنخوازیی. ئەو شارەی ئەوەندە پێشکەوتوو بوو کە هەموو شتێکی نوێیان بە دە قات بە کۆپی وەردەگرت و دووبارە دەکردەوە. تەنانەت مۆری خۆمالیشیان لێ دەدا. بۆ نموونە ڕێستەورانت و دووکان و موزەخانەکانی خۆیان بە کۆمەڵێک شت دەڕازاندەوە و دەیانگوت خۆمالییە، بەڵام کە لە ڕاستییدا ئەو شتانە نە لە لای خۆیان دروست کرابوون و نە مێژوویی بوون، هەر سی ساڵ و چل

و پەنجا ساڵ کۆن بوون. خەڵکەکە حەزیان دەکرد ئەو شتانە بکەن بە مۆڵکی نەتەوەیی خۆیان چونکە دەیانگوت نەتەوەکەی خۆمان خۆش دەوێت.

ئیتر بەرپرسیارەکان و خەڵکی تازەپیادەکەوتوو کردبوویان بە خوو کە شاخی بزن و بەران و ئاسکیان هەڵدەواسیی و پێستی مەڕ و بزنیان پڕ دەکردەوە و وەک شتێکی بە بایەخی کولتوریی دایان دەنان. لە ژووڕێکدا هەموو ئەمانە و فانۆسە شکاوی تازەبۆیەکراوە و جاجمەکۆن و تاوە و قابلەمەی بنسوتاو و ڕەشهەڵگەڕاویان بە سەر یەکدا دەدا و پێیان وابوو ئەوە کولتورە و کولتوری نەتەوەکەیانە. هەندێکیان تەنانەت تفەنگی ساچمە و تاپڕ و بڕناوی کۆنیان بە سامانی نەتەوەییان زیاد دەکرد. ڕاگەیاندنەکانیش ئەمانەیان وەک ڕاپۆرتی دۆکۆمێنتاری سەبارەت بە ڕەسەنیی کولتور و نەریتی عەرشی پەروەردگار نیشان دەدا و باسی مێژووی چەند هەزارساڵەی خۆیان دەکرد.

بە هەر حاڵ، لە داواتنامەکەدا بۆ چیارایان نووسیبوو چەند پارە داوا بکات دەیدەنێ. دەیانگوت چیارا نێسونا ئۆریجینە ژنە ئەوروپیەکی ناوداڕە، بە شێوەی جیاواز باس لە مافی ژنان و مافی مرۆڤ دەکات. پاشناوەکەیشیان زۆر بە لاوە جوان بوو، دەیانگوت هەر خودی پاشناوەکەی "فەلسەفەیە".

هەموو پەیجەکان، بە پەیجی ئیمانداران و بێ ئیمانان و هەموو حیزبەکانەوە، ڕێکخراوەکانی ژنان بە حیزبی و ناحیزبیەکان و حکومیی و ناحکومیەکانەوە، وشە و ڕستەیان لێ وەردەگرت و لە پەیج و لە ڕۆژنامە و لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکاندا بڵاویان دەکردەوە.

کاتێک پرشنگ دادگایی دەکرا کەس ئاگای تێوەنەبوو کە فەیسبووک و ئینستاگرام و ئەوانەی تر لە ڕاپۆرتی داهات و دەستکەوتیاندا بڵاویان کردبووەوە کە تەنها لە ئەو دەقەرەدا و لە ئەو هەفتەیەی دادگاییکردنەکەدا کە دیارە نەیاندەزانی مەسەلە چییە، زیاتر لە سێ سەد میلیۆن دۆلاریان دەست کەوتبوو.

لە سەرۆککۆمارەوە هەتا کەناسێکی بیانیی کە چاوی لە خەڵکی عەرشی پەروەردگار دەکرد، جوێنی بە پرشنگ دەدا و سپۆنسەری جوێنەکەی دەکرد و پارەی بوستی دەدا.

ئێستا لە دۆخێکی شیزوفرێنیاییدا بە شانوبڵای چیارای خانمی ئاقڵ و زیرەک و جوان و ڕەوانبێژدا هەڵیان دەدا و فەیس بووک و سۆشیالمیدیاکانی تر لە بەراووردی کێڕۆ داهاتی بەکارهێنانی ئاپەکانیاندا نیشانیان دەدا کە داهاتیان لە دەقەری عەرشی پەروەردگاردا دوو ئەوەندەی ئەو هەفتەیە بەرزبووبووەوە کە پرشنگیان دادگایی دەکرد. پرشنگ ئەو دەستە نەبینراوەی پشت بەربوونەوەی داهاتی بازاڕی سۆشیالمیدیا بوو کە بێگومان خاوەنانی ئەو بازاڕە هەر نەیاندەزانی کێیە و هیچ بایەخێکیان بە عەرشی پەروەردگار و خەڵکەکەی نەدەدا، پارەکەیان نەبێت.

بوست و سپۆنسەرەکان زیاتر و زیاتریش دەبوون کاتێک لە ئێرەوئەوێ دەیانگوت "کورە بابە دەنگۆ هەیە کە لە خۆمان بێت، لە ئەسڵدا خەڵکی ئەم عەرشی پەروەردگارەیە". ئینجا گۆرانی دڵخۆشیی و شادمانیی دێهاتیی خۆیانیان بۆ لێ دەدا و سەریان بۆ بادەدا و سینگ و ملی خۆیانیان بە سەماوە بۆ هەڵدەسووڕاند.

سەرۆککۆمار لە دیدارێکی تایبەتییدا گوتی: مرۆڤی باش مۆڵکی گشتییە. ئێمە نەتەوەیەکی مێژوویین، هەم حەیابەرمان هەیە و هەم حەیا لەبەرمان هەیە.

خەڵکەکە هەزاران جار بە قوربانی سەرۆککۆمارە قۆزە ئاقڵەکەی خۆیان دەبوون کە هێندە لە فەلسەفەدا قووڵ بووبووەوە.

لە ناو کونجی زیندانداا شێرە نەیدەزانی بەختەکەی چەند ڕەشە. ئەگەر تۆزقاڵێک بەختی هەبووایە و پرشنگ بیناسیایە دەیتووانی هەر ئێستا بە چەقەنەیەک لە زیندان بیهێنێتە دەرەوە و تەنانەت بیشیکات بە ئەندامی پەرلەمان، بە وەزیرێک، بە خاوەن تەنکەرێکی نەوت، بە خاوەن سەد کچە مۆدێل، بە بەرپرسی دەستگایەکی زۆر نهێنیی. بە هەر شتێک بیویستایە.

پرشنگ جینییەک بوو لە فانۆسە سیحریەکەی خۆی هاتبووە دەرەوە و بووبوو بە چیارا و دەیتووانی لە نەبوون بوون دروست بکات، هەروەک چۆن ڕیقنەیەک دەبێت بە دایکی سەدان مێروو. پرشنگ ئەو جینییە بوو کە دەیتووانی پەپوولە لە عەرشی پەروەردگاردا بچێنێت، دەیتووانی گەنم و جۆ و دانەوێڵەی تر بە خەڵک بچێنێت و پێیان بدوورێتەوە و پێکەوە لە ڕەشبەڵەکدا بن،

چیارا دەیتووانی زەوی و ئاسمان بە یەک بگەیەنێت.
دڵیشی زۆر باش بوو.

بەس بیزانیایە شێرە کێیە، هەر ئێستا بە شەق دەرگای زیندانی لە سەر ئاوەڵە دەکرد. چونکە چیارا تووڕەییەکی ژنانەی هەبوو کە زۆر کەم نیشانی دەدا. ئەو تووڕەییە ژنانەیە بە هات و هاوار نەبوو، بە قیڕە و

قیژە نەبوو، بەڵام وەک ئاگری جۆش پۆڵای دەتووانەوە. هەر ئێستا سەرۆککۆماری دەهێنا و بە یەک نووکەشەق دەرگای زیندانی لە سەر شێرە ئاوەڵە دەکرد و فەرمانیشی دەدا هەرگیزاوهەرگیز ئەو دەرگایە پێوە نەدەن و هەر بە بەتاڵی بیهێڵنەوە.

بەڵام پرشنگ شێرەی نەدەناسی.

ئافتاویش شێرەی نەدەناسی.

دەنا هەر بە خۆیی و پێنج دەستەخوشکەکەیەوە هەڵی دەکوتایە سەر ئەو زیندانە و شێرەی بە بزووانڵنی پەنجەی ئاماژە ڕزگار دەکرد.

مانگا شیر دەدات، حوکمەت باشە، ئالا پیرۆزە ...

شێرە بەدبەختێک بوو کە تەنانەت چیدی لەزەتی لە ئەو خەونانەش نەدەبینی کە لەگەڵ دایکی دەبوو.

لە ئەو ژووڕە بچکۆلەیەدا کە حکومەت بە ئەنقەست میچەکەیان بە خوارێی نزم کردبووەوە بۆ ئەوەی زیندانییەکان تووشی مەراق بن، دووچاری ماخۆلان هاتبوو. ماخۆلان گرتبووی. ئەو نەخۆشیەی کە نەنکیشی کوشت.

هەموو دەرگاکان لە سەر شێرە داخرابوون. لە بێهیواییدا بە ئەو سەرئەنجامە گەیشت کە پۆلیسەکان بکوژێت. هەموویان بکوژێت. هەموویان، چونکە هەر هەموویان جوێنی ناشیرینیان بە دایکی دابوو. پێیان دەگوت کەسێک باوکی خۆی دەکوژێت کە زۆڵ بێت، واتا لە پیاوێکی نەناسراو بووبێت. پۆلیسەکان دایکیان بە حیز دادەنا.

بڕیاری دا دووای کوشتنی پۆلیسەکان خۆیشی بکوژێت.

بەڵام ئەی چ شتێک لە دوای خۆی بەجێبهێڵێت؟ ئەی خەڵک چۆن لێی تێبگەن؟ ئەی هەر ئاوا ناوی لە کولەکەی تەڕیشدا بسڕدرێتەوە؟

نا، بێگومان نا.

دەستی کرد بە نووسینەوەی بەسەرهاتەکەی خۆی.

زمانەکەی خۆیی باش نەدەزانیی چونکە لە خوێندنگا فێری وشە و ڕستە و دارشتنی ڕستە و ڕێزمان و ڕستەبەندیی و کۆبەندیی واتا و چی و چیان نەکردبوو. جیاوازیی لە نێوان وشەی سەربەخۆ و وشەی

لێکدراودا نەدەکرد. نەیدەزانی ناو و ئاوەڵناو چین، نەیدەزانی نیشانەی پرسیار و سەرسوورمان و هیماکانی تر چۆن دادەنرێن.

ڕاستە ئەو سااڵنە خوێندبووی بەڵام نەیدەتووانی بە شێوەی دروست بنووسێت و خۆی دەربڕێت. هەر وشە بە وشە فێریان کردبوو ڕستەی ساکار بنووسێت: مانگا شیر دەدات، حوکمەت باشە، ئااڵ پیرۆزە، ژنان دۆزەخیین، بەرەاڵ خراپە، سەگ گاڵاوە، سەگی ڕەش شەیتانە و شتی ئاوا.

بەڵام شێرە دەینووسی. دەیویست بنووسێت و کاتێک دەستی بە نووسین کرد نەیدەتووانی دەستی لە سەر قەڵەمەکەی هەڵبگرێت.

ئەو شەوە نەنووست. هەر خەویشی لێ نەدەکەوت. خەویشی لێبکەوتایە لەبەر بینینی دایکی نەیدەوێرا بخەوێت.

هەتا سەرلەبەیانی بەیانی هەموو بە سەرهاتەکەی تەواو کرد.
لە خواردەوە ئیمزای خۆیی لە سەر دانا.
هەر لە خۆیەوە یەک دوو خەتی بە سەر یەکدا هێنا. ئەوەندە فێربووبوو کە ئەوە ئیمزایە و بەڵگەنامەی گرینگ دەبێت ئیمزا بکرێت. تا ئەو کاتەی کە ئیتر چاوی لەگەڵیدا نەدەهات هەر لە ئیمزاکەی خۆیی دەڕووانی.

"ئەو ڕووداوەی کرا بە فیلم!"

چیارا بە دەم خواردنەوەی قاوە و کرماندنی خواردنی پارچەنانێکی برژاو داوەتنامەی ولاتەکەی پێشووی خۆی قبوڵ کرد.

ئافتاو هەموو ئەو بەسەرهاتەی بە دوورودرێژی نوسیبووەوە و پێش ئەوەی بڵاوی بکاتەوە هاوڕێ بیانیەکانی بۆ سەر زمانەکانی خۆیان کە سویدی و فەرەنسیی و فینلەندیی و نەرویجیی و ئیتاڵیی بوو وەریانگێڕابوو. ئامادەی چاپ بوو.

جیاوازیی نێوان گێڕانەوەکەی شێرە و ئافتاو خاڵی بەئەژمارد بوون.

شێرە نە ئاگاداری ژیانی پرشنگ بوو و نە ئافتاو. نەیدەناسین و نەیدەزانی کێن. هەر ئەوە بوو لە ترسی ئەوەی نەکا دایکی باوکی بەجێبهێڵێت و لە ئەو تەمەنەدا بیشکێنێتەوە چیرۆکێکی هەڵبەست. نەیدەزانی وشە هەر وشە نیین. بەڵام ئافتاو بە باشی ئاگاداری ژیانی پرشنگ و لە دووڕەوەیش ئاگاداری کەیسی شێرە بوو. دووا جار ژنە نوێنەرەکان داوایان لە حکومەت کردبوو دۆسیەکەی شێرەیان پێ بدات.

شێرە لە سیاسەت نەدەگەیشت، سەری لە مافەکانی مرۆڤ دەرنەدەکرد، ژنانی نەخۆش دەویست و نە ڕقی لێیان بوو، ئاگاداریی حکومەت و پەرلەمان و وەزارەتەکان و چی و چی نەبوو. بەدبەختێک بوو. هاوولاتییەکی بەدبەخت بوو. تەنها بەخت و شانسێک هەیبوو ئەوەبوو لە سەر بستێک لە عەشی پەروەردگار لە دایک بووبوو و سەرۆککۆمارێکیشی هەبوو کە جێگای شانازی بوو.

باوکی هەر بۆ ئەوە خستبوویەوە کە بڵێت کورێکم هەیە.

دایکی سەدان جار لە باوکی پاڕابووەوە کە کۆشێک کچیان هەیە و هەموویان جوانن و ئاقڵن، کورێکیان بۆ پێویستە، بەڵام باوکی کورێکی هەر دەویست.

ئاخریەکەی خودا هات بە پیری دایکیەوە و کورێکی پێ بەخشی. کوڕە بوو بە شێرە.

باوکی دەیگوت خودا بە منی بەخشیووە. من داوای کوڕم کردووە.

لە دایکبوون و بەخێوکردنی شێرە لە سەر باوکی هیچ ئازار و ڕەنج و ماندووبوون و خەمێک نەکەوت. ئێواران هەر ئاوا دەستێکی لە دووڕەوە تێ دەئاژنیی و کەرە و بێ ئەقڵ و گەوجی پێ دەگوت و تەواو. شێرە لە باوەشی خوشکەکانیدا گەورەبوو، بە نازی دایکی و بە هەموو ئەو ماچانەی خوشکەکانی بە زۆریش بووایە لێیان دەستاند.

لە ئەو پەڕی دونیاوە ئافتاو کتێبەکەی بڵاو کردەوە. زوو بە زوو لە سەر ڕەفەی کتێبخانەکانی وڵاتانی شارستانیی کڕیاری بۆ پەیدا بوو. هەتا ئەو چرکەیەش کە چاپخانەیەکی بەناوبانگی ئیتاڵیا بڕیاری لە چاپکردنی دا، کتێبەکە ناوی نەبوو.

ئا لە ئەو کاتەدا بوو کە لەگەڵ چیارا و دەستەخوشکە بیانیەکانیدا دانیشتبوون و بە دەم قاوە خواردنەوەوە دەیانویست لە سەر ناوێک ڕێک بکەون چونکە ئافتاو داوای لێ دەکردن هاوکاریی بکەن و پێکەوە ناوێکی بۆ بدۆزنەوە. لە ڕاستییدا ئافتاو زۆر ناوی لە سەر زمان بوو، بەڵام دەیویست ئەوانیش هەست بە بەشداریی بکەن.

ئافتاو پێی گوتن کە حەز دەکات بکرێت بە فیلم. سویدیەکە پێی گوت جا من باشترین دەرهێنەری وڵاتی خۆمان دەناسم. نەرویجیەکەش بە هەمان شێوە پێوەندیی زۆر باشی لەگەڵ بەرهەمهێنەرانی دونیای فیلمدا هەبوو. خانمە فەڕەنسییەکە هەر خۆی پێشینەی فیلمسازیی هەبوو. پێی گوتن کە هەر لەگەڵ خوێندنەوەیدا بیری لە دەرهێنانی کردووەتەوە.

ژنە فینلەندییەکە لە هۆلیودیش خەڵکی باشی دەناسی چونکە لەگەڵ زۆر ژنی فێمێنیستی هونەرپیشە و هونەرمەندا پێوەندیی هەبوو.

- جا کە وایە با هەموومان پێکەوە ئەم کتێبە بکەین بە فیلم.

چیارا ئەم ڕستەیەی بە دڵ و ڕوویەکی زۆر خۆشەوە گوت. ڕووخساری لە منداڵێکی پێنج شەش ساڵانەی دەکرد.

ژنە ئیتاڵیەکە بە زەردەخەنە شیرینەکەی خۆیەوە گوتی، کەواتە ناوەکەی ئەمەیە:

- "ئەو ڕووداوەی کرا بە فیلم!"

هەموویان پێیان باش بوو.

بەرپرسی چاپخانەکە بە زمانی جیاواز و شێوەی جیاواز ئەو وشانەی دەنووسیەوە و لە دڵی خۆیدا دەیگوت "فیلمێکی سەرنجڕاکێش دەبێت".

خەڵکەکە سەرمەستی پاداشتەکانی قیامەت بوون

بەرپرسانی وڵاتی "عەرشی پەروەردگار" کە شاری فەیزوڵا پایتەختی بوو ناوی ئافتاو یان بیستەوە. ئافتاو ئەو ژنە چالاکوانە بەڕێزە خۆشەویستە ناسراوە نیشتیمانپەروەرەی خۆیان بوو کە ئێستا لە ئەوروپا کتێبەکەی بە چەندین زمانی جیاواز لە چاپ دەدەن و خەڵکان لە سەرەی کڕینی چاپی نوێیدا چاوەڕوانن. ئەو ژنە بوو کە هەمیشە لە ناو خۆیاندا ڕێزیان گرتووە و قسەکانیان بە هەند گرتووە و وەکو ڕۆشنبیرێک گوێیان لێ گرتووە.

هەموویان لە بیریان چووبووەوە ئافتاو ئەو ئافتاوە بوو کە هەر ئاوا ساڵێک لە ئەوەبەر ژنانی هان دابوو لە دەربڕینێکی ناڕەزایەتییدا سەریان بتاشن بۆ ئەوەی پیاوانی بازرگانی دینیی بیانوویان بۆ قژ داپۆشین نەمێنێت. ئەوەیشیان لە بیرچووبووەوە کە پارلەمان لە سەر ڕێنمایی خودی سەرۆککۆمار هەر یەکسەر بڕیاری دەرکرد بە زۆر بارۆکە لە سەری ئەو ژنانە دابنێتەوە کە ژمارەیان لە سەد ژن زیاتر دەبوو. لە بڕیارەکەیشدا هاتبوو کە مووی ئەو بارۆکانە دەبێت لە قژە ئەسڵیەکەی خۆیان درێژتریش بێت. هەروەها ئەوەیشی تیادا هاتبوو کە گرووپی فەتوا فەتوایەکی تایبەتیی بۆ داپۆشینی ئەو بارۆکانە دەر بکات. دەیانگوت قژ هەر قژە جا سەناعیی و دەستکرد بێت یان سرووشتیی جیاوازیەکی نییە، ئەوە گرینگە کە قژی درێژ و پڕ و ئەگریجە زەوقی پیاوان هەڵدەستێنن.

ئەوانە هەموو لە بیرچووبوونەوە. خەڵکەکە سەرمەستی پاداشتەکانی قیامەت بوون، وەبیریان نەدەهاتەوە نیوەڕۆ چیان خواردووە.

سەرۆککۆمار شەخسی خۆی، سەرۆکوەزیران و دەستەی وەزیران و پەرلەمێنتاران و بەڕێوەبەرەکان و ڕێکخراوەکانی ژنان بە حکومیی و ناحکومیی و حیزبیی و سەربەخۆوە، دووکانداڕەکان و ڕێستەورانەکان و سینەماکان و یانەکانی وەرزش و نەخۆشخانە ئەهلیی و حکومییەکان و هەموو بنکە پیشەسازییەکان، تەکسییەکان و هەتا عارەبانە دەستفرۆشیەکان وێنەی ئافتاویان لە خۆیان دابوو. دەوڵەمەندەکان بەڵێنی دیاری میلیۆنیی و ئوتومبێل و زەویوزار و خانووبەرەیان پێ دا.

هەندێکیان وایان دەزانی ژنەمۆدێلە، دەیانگوت جی کلاسی پێ دەدەین.

تەنانەت زۆرێک لە مزگەوتەکانیش وێنەیەکی کەمێک کۆکراوە و ڕەتووشکراوی ئافتاویان هەڵواسیبوو کە ڕووخساری دەچووەوە سەر ماریا. لەچکێکی سەوزی کاڵیان بە سەردا دابوو کە زیاتر دووادەی قژی داپۆشیبوو. لە وێنەکەدا منداڵێکی لە باوەش گرتبوو، ڕوو لە ئاسمان و چەناگەی لە سەر ناوچاوانی منداڵەکە، بە زەردەخەنەوە لە حەوت تەبەقەی ئاسمانی دەڕوانی. زۆرێک لە ئیمانداران شوکرانەبژێری خودابوون کە زانستی فۆتۆشۆپی خستووەتە خزمەتی باوەڕمەندانەوە و دەیانگوت ئەمە نیعمەتی خودایە.

بەڵێ، وێنەکە هیچی لە سەر نەنووسرابوو، بەڵام هەمووان دەیانزانی کە ئەوە ئافتاوەکەی خۆیانە. ئافتاوە خۆشەویستە بەڕێزە ڕووناکبیرەکە!

حکومەت بنکەیەکی بە ناوی "ئافتاو" دامەزراند و بێ ئەوەی پرس بە ئافتاو بکەن، کردیان بە بەڕێوەبەری شەرەفی ئەو دامەزراوەیە.

ئافتاو گەورەترین کاری لە میژووی شاری فەیزوڵادا کردبوو. بەیاننامە ڕەسمییەکە ئاوا دەستی پێ دەکرد:

"ئافتاو باشترین خزمەتی بە مرۆڤایەتیی کردبوو بۆیە وا دونیای شارستانیی دەست لە سەر سینگ لە بەردەمیدا وەستا بوون. ئافتاو بەرهەمی عەرشی پەروەردگار بوو، بەرهەمی شاری ڕۆشنبیریی بوو، شاری فەیزوڵا".

حکومەت هەروەها وشەی "ئافتاو"ی بە دەیان شێوە ڕوون دەکردەوە: "ئافتاو، ئەو خۆرەی هەمیشە لە ئاسماندا دەدرەوشێتەوە".

وێنەی ئافتاو لە هەموو شوێنێک دەبینرا.

چەندین کچ لە دایک دەبوون، پێش ئەوەی دایک و باوکیان بڵێن و ناوی بهێنن، دکتۆرەکان دەیانگوت "بێگومان ناوی دەنێین ئافتاو!".
هەندێک دایکوباوک کە کوڕیان دەبوو هەستیان بە شەرمەزاریی دەکرد و گلەییان لە بەختی خۆیان دەکرد کە ناتوانن "ئافتاو" ناوێک لە ناو خێزانەکەیاندا بێت.
ئافتاو هەروەک چیارا داوەتنامەکەی قبوڵ کرد.
بڕیاریشیان دا لە ناو جەرگەی زێدی خۆیان، لە شاری فەیزوڵا، لە فڕۆکە دابەزن و کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن.
فڕۆکەخانەی شاری فەیزوڵا و هەموو شارەکانی تر بە وێنەی چیارا، ئەو ژنەی خوێنی خۆیانی تیادایە و بە وێنەی ئافتاو، ئەو ژنەی وەک ناوەکەی خۆی دەدرەوشێتەوە، ڕازێندرابووەوە.
خودی سەرۆککۆمار ئەو قسەیەی ئافتاوی لە تابلۆیەکی زێڕین گرتبوو کە سااڵێک لە ئەمەوبەر بەرامبەر بە سەدان مایکریفۆنی ڕاگەیاندنەکان گوتبووی: "هیچ ژنێک لە ئەم وڵاتەدا نییە شەق شەرەف و شەق ناموس و شەق گوتنی نا ی لێ نەدرابێت".

لە بیریان چووبووەوە ئەو کاتە میلیۆنێک و شتێک جوێنیان لە سەر ئەو قسەیە بە ئافتاو دابوو.
سەرۆککۆمار لە بەردەم تابلۆ زێڕینەکەدا ڕاوەستابوو و دەیگوت "بژی ژنی ئازا، ئافتاو مایەی شانازیمانە!". ڕووی لە کامێراکە کردبوو و چاوەکانی کزکردبوون و بە نەرمەمۆڕەیەکی خەمناکەوە بە خەڵکەکەی دەگوت "ئەم ژنە، ئەم ئافتاوە ئازا بوێرە بە هیمەت و بە هەڵمەتە دایکی ڕەحمەتیی خۆمم دەهێنێتەوە یاد".

ئەو بەسەرهاتانە بووبوون بە هۆی ئەوەی داهاتی فەیسبووک و سۆشیال مێدیاکانی تر وەک سێڵاوی بەهار لە جووڵەدا بوو.

بینیان کە شێرە گیانی سپاردبوو

هەر ئەو بەیانییە بوو کە پۆلیسەکان هاتن و سەری شێرەیان دا بینیان کە شێرە لە خەوێکی قورس دایە.

کاتێک بە وردیی ڕووانیان سەیریان کرد شێرە بە سەدان پەڕەی ڕەش کردووەتەوە. شێرە کتێبێکی نووسیبوو. لە سەرەتاوە باسی ڕووداوەکانی کردبوو. باسی دایکی، باسی خۆی و خوشکەکانی و باوکی هەتا ئەو چرکەساتە کە مەیتی باوکیان لەبەر چاوی بردە دەرەوە و خۆیان قۆڵ بەست کرد و بردیان و بێگومان لێدان و کوتانی خۆیی و گاڵتەجاڕیی و میزخواردنەوە و تف خواردن. لە کۆتایی کتێبەکەیدا بە ڕوونی دای ڕشتبوو کە چۆن پۆلیسەکان دەکوژێت و پاشانیش خۆی دەکوژێت.

ئەمە هەر کتێبێک نەبوو. ئەمە ددانپیادانانێکی مێژوویی بوو. هەروەها وەسیەتنامە و پلاننامەیەکیش بوو. بەڵام پۆلیسەکان هیچ نرخێکیان بۆ ئەو قسانە دانەدەنا چونکە دەیانزانی شێرە درۆزنێکی دەمڕووتی کوڕی قەحبەیەکە و دەزانێت چۆن نەتەوەکەی فریو بدات. ئەو درۆودەلەسانە بوو پۆلیسەکانی تووڕە کردبوو، ئینجا پلانی کوشتنیان. ئەو پۆلیسانەی تەنها قازانج و بەرژەوەندیی گشتییان دەپاراست و بە مەبەستی شەخسیی میز و تفیان نە دەکردە خۆراک و ئاوی شێرەوە. ئێستا شێرە دەیویست بیانکوژێت و منداڵەکانیان بێ باوک بکات تا ئەوانیش ببن بە شێرەیەک.

پۆلیسەکان کە پێنج بوون و بەرپرسەکەیان لە ناو مەراق و نیگەرانییدا ڕۆچوون.

ئەگەر بێت و ئەو کتێبەی شێرە چاوی بە دونیای دەرەوە بکەوێت هەرچی لە ژێر بەڕەیاندایە دەکەوێتە سەر بەڕە. هەر ئەوەندە نەبوو کە شێرە هەڕەشەی کوشتنی لێکردبوون، شێرە لە بەردەستی خۆیاندا بوو. دەیانتووانی هەر بە میز بیخنکێنن. تا ئێستا دەیانی وەکو شێرەیان بە میز خنکاندبوو و کەس لێی نەپرسیبوونەوە.

کێشە گەورەکە ئەوەبوو کە چەند ڕۆژێکی تر بانگەشەی سەرۆککۆماریی دەستی پێ دەکرد. خۆ دەیانزانی سەرۆککۆمارەکەیان هەر هەڵدەبژێردرێتەوە. ئەو خۆشەویستی هەمووان بوو، بەڵام تاوانی بێ ئاگابوون یان تێوەگلانی سەرۆککۆمارەکەیان لە پرس و باسی ئاوا و بوختانی وا دژ بە سەرۆککۆمارەکەیان کارەسات بوو.

سەرۆککۆمار مووچەی زیاد کردبوو، وێردی سەر زمانی یەکیەتیی و پێکەوەبوون بوو، بەڵێنی بە قەیرەکان دابوو کە ئەم جارە هەر بە دەستی خۆی یاساکە بۆ پەرلەمان دەنووسێت بۆ ئەوەی سەرۆکی پەرلەمان لە کاتی حونجەدا هەڵە نەکات و خراپ داینەڕێژێتەوە، بەڵام هەروەها بەڵێنی دابوو کە بیر لە ئەوەش بکاتەوە کە لێبووردنی گشتیی بۆ تاوانبارانی سزادراو دەر بکات.

بە پێی ئەو بەڵێنەی سەرۆککۆمارە خۆشەویستەکەیان شێرە ئازاد دەکرا.
شێرە لە بەر چاوی پۆلیسەکان و هەموو نەتەوەکە دایکحیزێکی خراپ پەروەردە کراو بوو کە بە دەستی خۆی سەدان چەقۆی لە باوکی خۆی دابوو.

دەیانزانی شێرە بەر لێبووردنی گشتیی دەکەوێت.
پۆلیسەکان شێت و هار بوو بوون.
بەرپرسەکەیان بە دەم ڕۆیشتنەوە دیواری ژوورەکەی دابووە بەر شەق.
کارێکی زەحمەت نەبوو هەموویان پێکەوە ڕێک بکەون و بڕیاری کوشتنی بدەن. شێرە بۆ پرسی یەکیەتیی نەتەوەیی مەترسییەکی گەورە بوو.

دووبارە کە هاتنەوە، شێرە لە خەوی قوونڵدا بوو. لە ئەو خەوە قوونڵەیدا خەونێکی خۆشی دەبینی. لە ڕاستییدا ئەوە بۆ یەکەم جار بوو لە خەونەکانییدا دایکی لێ نزیک بووبووەوە و سەری شێرەی خستبووە سەر ڕانی و هەر وەکو جاری جاران بە سینگی پەنجە میهرەبانەکانی پێستی سەری شێرەی ناز دەکرد و بە دەم ڕاژاندنی خۆیەوە بە ئارامیی بە شێرەی دەگوت "خەم مەخۆ کوڕەکەم، هەر خۆت کوشتومت".
شێرە لە باوەشی دایکیدا تووابووەوە و ئاگای لە هیچ شتێک کە پێوەندیی بە زەمینەوە هەبێت، نەمابوو.

پۆلیسەکان هەروا بە بێدەنگیی و لەسەرخۆ بە ئەو شێوەیەی پلانیان بۆ دانابوو هەر شەشیان لە سەر جەستەی ڕاکشاوی شێرە دانیشتن. بەرپرسەکەیان بەتانییەکەی خستە سەر دەموچاوی شێرە و بە هەموو هێزی خۆی پاڵەپەستۆی خستە سەر.

شێرە بە ئاستەم جووڵا هەروەکو سەری لە سەر ڕانی دایکی ئەمدیو و ئەودیو پێ بکات.

زیاتر لە ئەوە کاردانەوەی دیکەی نەبوو.

پاش ماوەیەکی کورت هەستیان کرد کە شێرە لە جوولّە کەوت و بە دەم یەکتر دووواندنەوە بینیان کە شێرە گیانی سپاردبوو. لە راستییدا شێرە لە ناو خۆیدا هەر سەری لە ڕانی دایکی گیر دەکرد و بۆنی زێی دایکی دەکرد، هەمان بۆن کە هەمیشە بەشێک بوو لە هەبوونی دایکی. بیری دێت، یان ئێستا دێتەوە بیری کە ئەو ڕۆژەی بەرامبەری ڕاوەستابوو و هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکرد، ئەو بۆنە بە لوتی نەدەگەیشت و لە ئەوە دەچوو لە ژنێکی نەناسراو و نەدیتوو بڕووانێت.

ئێستا کەللەی سەری پڕ بوو لە ئەو بۆنە خۆشە گەرمە پڕ خوێنە.

پۆلیسەکان بە ڕێکوپێکی دایانپۆشیەوە و ئاسەواری هیچ کاخەز و قەڵەم و شتێکی تریان نەهێشتەوە و هەر وا بەجێیان هێشت. ئینجا پێکەوە ڕۆیشتن چایەک بخۆنەوە و پاشان بەڵێن بوو بەرپرسەکەیان پێوەندیی بە بەشی پزیشکیەوە بکات کە کەسێک لە زیندان فەرمانی خودای گەورەی بەجێ هێناوە. زۆر لە ئەوە دەترسان کە پزیشکی دادوەریی جەستەکە بپشکنێت.

لە ئەو کاتەدا کە بەرپرسەکەیان زەنگی بۆ پزیشکی دادوەریی لێدا و لەگەڵی دەدوا، پزیشکی دادوەریی لە ئەو سەرەوە بە کورتیی و بە پەلە وەڵامی دایەوە:

- کامە؟ ئەها، ئەها، ئەو هەتیوە، ئێ چاکی کردووە خۆکوژیی کردووە. بەڵام ئێمە مەشغوڵی سەردانی ئەو دوو خانمە بیانیەین و کاتمان بۆ هیچ شتێک نییە. خۆتان بە خاکی بسپێرن و ڕاپۆرتەکەیمان بۆ بنێرن، من خۆم ئیمزای دەکەم. خودا لێی خۆش بێت.

لە دووریی ئەو زیندانەوە، لە بەشێکی سەوزی ئاوەدانی شار لە کۆشکی سەرۆککۆماریدا، سەرۆککۆمار بۆ دەرمانکردنی دەردی ژنان و لەبیرکردنی ئەو ڕووداوە ناخۆشانە مۆڵەتی بە ژنە مۆدێلەکان دا کە لە ناو خۆیاندا یەکێک بۆ شاجوان هەڵبژێرن و داشکاندنی فەرمیی دەوڵەتییش بە ئارایشگاکان و بنکەکانی جوانکاریی بدرێت، بەتایبەتیی ئەوانەی دەم و لێویان هەڵدەئاوسێنن و خرپەی سمتیان بە سیلیکۆن لە جیاتی مایەی نان پێوەدان گەورەتر دەکەن.

"شێرە زیندوو بووەتەوە"

سەرۆککۆمار دانیشتبوو، تا ڕادەیەکی باڵا دڵی خۆش بوو. ڕاست بوو بە بەشی خۆی ڕازی نەبوو، بەڵام سوپاسمەندی خودا بوو کە پۆستی سەرۆککۆماریی بە گەرانتی هەتاهەتایی بۆ دابین کردبوو. ڕاستە، بە تایبەتیی پیاوێکی لە خودابەترس و ئیماندار نەبوو، بەڵام لە بەر خاتری نەتەوەکەی دەیگوت کە باوەڕی پێیەتیی و هەموو خوداپەرستییەک جێبەجێ دەکات.

هەموو ڕۆژانی هەینیەک خۆی بە ئۆنلاین پێشنوێژیی بۆ خەڵک دەکرد و جارێک گێڕایەوە کە لە خەونییدا فریشتەیەک هاتووە بۆ لای و لە سەر کۆڵی خۆیی داناوە و هەزار و یەک جار حەج و عەمرەی پێ کردووە. دەیگوت من خۆم هەڵناکێشم، بەڵام کەس لە عەرشی پەروەردگاردا ناتووانێت لە من زیاتر حەج و عەمرە بکات. پیاوانی ئایین پشتڕاستیان کردەوە کە بەڵێ هەموو ئەو حەج و عەمرەیە ئەگەرچی لە خەونیشدا ڕوویان داوە و ڕوو دەدەن هەموویان قبوڵە و هەرگیزاوهەرگیز کەس بە سەرۆککۆمار ناگاتەوە.

سەرۆککۆمار لە پرێکدا هاتەوە بیریی کە لە سەرەتای ڕووداوەکاندا کاتێک کە پرشنگ تاوانبار دەکرا، لە ڕێگای هەرە پۆلیسە نهێنییەکانیانەوە پێی ڕاگەیاندبوو کە هەتیوە گەرێکی خەڵکی یەکێک لە تەجاوەزئاواکان ئەو بەزمەی ناوەتەوە. لە سەرەتادا ویستبوویان سزای بدەن، بەڵام کاتێک زانیان هەموو نەتەوەکە بۆ پاراستنی شەرەفی خۆی هەستاوەتە سەرپێ، بڕیاریان دا ڕووداوەکە بە قازانجی گەل و نیشتیمان پێچ پێ بکەنەوە. ئەی چی بکەن؟

خەتای خۆی بوو. ئەگەر شێرە باوکی خۆی نەکوشتایە، کەس نەیدەناسی.

سەرۆککۆمار بیری دەکردەوە و بە بیرکردنەوەوە خۆی ماندوو دەکرد.

پێی وابوو ئەگەر شێرە لە زیندان دەربهێنێت و بیکات بە بەرپرسی هەموو وەزارەتەکان، پۆستێکی پێ بدات کە تۆزێک خوار خۆی بێت، ئەوا شێرە دەتوانێت بیستوچوار سەعاتە وڵات لە قەیرانێکەوە بۆ ناو قەیرانێکی تر مەشغوڵ بکات. سەرۆککۆمار بە خۆیی دەگوت کە ئازادکردنی پرشنگ خێری لێ کەوتووتەوە. حەتمەن ئازادکردنی شێرەش هەر بە خێر دەگەڕێتەوە.

سەرکەوتنی سیاسیی بۆ سەرۆککۆمار گرینگ بوو.

یەکسەر دەستکی تەلەفۆنەکەی بەرز کردەوە و زەنگی بۆ بەرپرسی بەشی زیندانی شێرە لێدا و داوای لێ کرد کە بە زووترین کات شێرە بشۆن و حەمامی پێ بکەن و جلکوبەرگی جوانی لە بەر بکەن و بیبەن بۆ لای.

بەرپرسەکەی شێرە لە ئەو سەری تەلەفۆنەکەوە قسەی پێ نەدەکرا. زمانی دەستی بە تەتەڵەکردن کرد. نەیدەزانی چی بڵێت. نەیدەتووانی دوو وشە بە دووای یەکدا دابنێت. تەنها دوو وشە کە بێ کێشە دەیتووانی بیانڵێت "سەرۆک و گەورەم" بوو.

سەرۆککۆمار خراپ لێی تووڕە بوو. وا لێی تووڕە بوو کە کابرای بەرپرس زمانی پڕا.

- هەتیو، دەڵێم بە زووترین کات حەمامی پێ بکەن و جلکوبەرگی جوانی لە بەر بکەن و بیهێنن بۆ لام.

- سەرۆک، قوربان، ناتووانین.
- چی؟
- ناتووانین.
- بۆ؟
- قوربان هەر چەند سەعاتێک پێشتر خۆکوژیی کرد. هەر ئەوەندەی پشکنینەکەی تەواو ببێت، بە خاکی دەسپێرین.

سەرۆککۆمار تەلەفۆنەکەی بە سەردا داخستەوە و بانگی لە بەرپرسی ئاسایش کرد کە بە زووترین کات بە کۆمەڵێک پۆلیسەوە بە سەر زیندانەکەدا بدەن و بە مردوویش بێت شێرەی بۆ بهێنن.

- قوربان بیکوژین ئینجا بیهێنین؟
- نا، نا، بە پێچەوانەوە. ئەوان دەڵێن مردووە. دەمەوێت لاشەکەی ببینم. برۆن، بزانن چ باسە.

کاتێک پۆلیسە تایبەتییەکان بە زیندان گەیشتن بێ ئەوەی داوای مۆڵەت لە کەس بکەن بەرەو ژوورەکەی شێرە بە ڕێ کەوتن. پۆلیسەکانی سەرلەبەیانی چۆن بەجێیان هێشتبوو، شێرە هەر ئاوا ڕاکشابوو. لە ئەوە نەدەچوو بە میلیمیش جوولا ببێت.
ئەمان چوونە سەری و دەستیان تێوەردا. شێرە نەدەبزووا. بە هەموویان ڕایانتەکاند و بە ئارامیی زللەیان لە دەم و چاوی دا. لە پڕێکدا شێرە ڕاچڵەکیی. وەک ئەوەی خۆی بە ژووری زیندان نائاشنا بێت بە سەرسوورماویەوە لە پۆلیسەکانی دەڕووانی. لە خەوە قووڵەکەی خەبەری بووبووە، بەڵام هێشتا دایکی هەر لەگەڵیدا بوو. لەگەڵ چاوکردنەوە و چاوگێڕاندن و سەیرکردنی ئەملاوئەولادا وێنەی دایکی ڕەویەوە و بە بەر خۆیدا هاتەوە.

پۆلیسەکانی زیندان و بەرپرسەکەی لە خۆشی ئەوەدا کە شێرە زیندوو بوو نەیاندەزانی چی بڵێن. تووڕەییەکەیان لە ترسی داوای سەرۆککۆمار ڕەویبووەوە و پێیان خۆش بوو شێرە ماوە و دەژی. هەموویان سەیری یەکتریان دەکرد و بە کەیف و شادییەوە بە دەنگی بەرز بۆ یەکتریان دەسەلماندەوە کە "شێرە زیندوو بووەتەوە".

هەر بڵێیت یەک و دوو، پۆلیسەکانی سەر بە سەرۆککۆمار لەگەڵ خۆیان بردیان. حەمامیان بە شێرە کرد و جلکوبەرگی جوانیان لەبەر کرد و فڕاندیان و لە بەردەم سەرۆککۆماردا دایان نا.

سەرۆککۆمار تەوقەیەکی گەرمی لەگەڵ شێرەدا کرد و بە ڕێزەوە بردی بۆ ژوورەکەی خۆی.

شێرە شڵەژابوو و لە هیچ حاڵێ نەدەبوو.

سەرۆککۆمار دڵنیای کردەوە کە نەترسێت، چونکە سەرۆککۆمارەکەی، سەرۆککۆماری عەرشی پەروەردگار هەمیشە هەر هەواڵی خۆشی پێیە. هەواڵە خۆشەکەی ئەوەیە کە لە زیندان ئازادی دەکات و دەیکات بە نوێنەری خۆی و بەرپرسایەتیی سەرجەم ڕاگەیاندنەکانی دەوڵەتی دەخاتە دەست، بە شێوەیەک کە هەموو وەزارەتەکان ملکەچی بڕیارەکانی بن و بێ ئەم نەتووانن پەنجەیان بە ئاودا بکەن.

شێرە کە وردەوردە هاتبووەوە بۆ ناو ژیانی ڕاستەقینە و ئەو ماوەیە لە زیندان بە خۆیدا چووبووەوە، قسەکانی سەرۆککۆماری بە دڵ نەبوو. بە سەرۆککۆماری گوت قوربان من بکوژی باوکی خۆمم هەرچەندە لێی پەشیمان نییم چونکە باوکم ...

سەرۆککۆمار قسەکانی پێ بڕی و پێیگوت کە بێگومان ئەم وەک سەرۆککۆمار هەموو شتێک دەزانێت و ئێستا ئەم هەر فەرمانێکی بە سەردا جێبەجێ بکات شێرە دەبێت بێ سێودوو، بێ بەڵام و ئاخر و ماخرێک بە قسەی بکات.

- بەڵام ئاخر چۆن دەبێت؟ من بکوژی باوکی خۆمم، تاوانبارم، خراپترین بوختانم بە ناوی ژنێکەوە هەڵبەستووە، خەڵکی وڵاتم خستووەتە ناو گێژاوێکی ترسناکەوە. بووم بە مایەی ئازارێکی زۆر بۆ مرۆڤێکی بێ گوناە. من زۆر تاوانبارم.
- لە ئەو قسە بێنرخانە بگەڕێ. تۆ ئێستا دەرفەتت لە بەر دەستدایە قازانجی گەورە بە نیشتیمانەکەت بگەیەنیت.

شێرە ناچار بوو لە "بەڵێ قوربان" و "بەڵێ سەرۆک" هیچی تر نەڵێت.

شێرە عاشق بە خاک و خۆڵی عەرشی پەروەردگارە

سەرۆککۆمار بڕیاری دابوو چی بکات و چۆن بیکات.لە فەرمانێکی دەستووریدا سەرۆککۆمار لە ڕێگای هەموو دامەزراوە میدیاکانەوە ڕایگەیاند کە لە سەرجەم دامەزراوە و وەزارەتەکاندا شێرە دەکات بە بەرپرسی گشتیی پرسی دادوەریی نەتەوەیی بااڵ.
نەتەوەی عەرشی پەروەردگار هەموو لە ورتەورت و مقۆمقۆ و هات و هاوردا بوون. ئاخر چۆن شێرە ببێت بە ئەو بەرپرسە گەورەیە. سەرتاپای خەڵکەکە ڕقیان لێی بوو. حەزیان دەکرد گۆشتەکەی بخۆن و ئێسکەکانی بشکێنن.

ئێستا هەروەها بەخیلیشیان پێی دەبرد.

ڕاستە سەرۆککۆمارەکەی خۆیان دەپەرستن و باوەڕی تەواویان پێیەتی، بەاڵم ئەی هاوار چۆن شتی وا دەبێت؟ ئەو هەتیوە بکوژی باوکی خۆی و دەستدرێژیکاری سەر باوەژنیەتی و خودا دەزانێت چەند خراپەکاریی دیکەی کردووە. ئەو دایک قەحبەیە هەر بۆ کوشتن باش بوو.

"نەخێر" سەرۆککۆمار لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتییدا بەیانی کرد. "نەخێر"، بە داخەوە ئێوە ئاگاتان لە وردەکارییە نهێنییەکان نییە. من ئاگادارم!

سەرۆککۆمار بە نەرمیی گەرووی پاک کردەوە و بەردەوام بوو:

بە داخەوەم، ئێوە شێرە ناناسن و هەمووتان کەوتوونەتە هەڵەیەکی گەورەوە. شێرە ئەو کورەیە گەنجەیە کە بووە بە قوربانی ساختەچیەتیی و درۆبۆهەڵبەستن و بوختان و گێرەشێوێنیەکی ڕێکخراو. شێرە بێ

تاوانە. شێرە زیرەکە، شێرە هاونیشتیمانییەکی نیشتیمانپەروەرە، شێرە عاشق بە خاک و خۆڵی عەرشی پەروەردگارە. شێرە بە ناموس و بەشەرەفە. شێرە بکوژی باوکی خۆی نییە و تەنانەت بە هەمووی سەعاتێک چاوی بە ژنەتازەکەی باوکی کەوتووە. ئیتر دەستدرێژیی چی و تەڕەماشی چی.

خەڵکەکە بە هەزاران پرسیاریان هەبوو. دەستگاکانی ڕاگەیاندن لە پەخشی هەواڵەکاندا زرمەیان دەهات و مایکریفۆنەکانیان گەرم داهاتبوو.

سەرۆککۆمار شێرەی لای خۆیەوە دانابوو و بە دەنگێکی گڕ و قووڵی خەمئامێزەوە باسە ڕاستەقینەکەی بۆ نەتەوەکەی خۆی گێڕایەوە:

”شێرە بە دیار مەیتی دایکیەوە خەمبار و کەساس ماوەتەوە و دڵی نەهاتووە بەجێی بهێڵێت تا دەروەدەراوسێ فریای کەوتوون. هێشتا جەستەی دایکی لە کفنەکەدا تەڕ بوو کە ژنەتازەکەی باوکی و دۆستەکوڕەکەی، پێکەوە پیلانی کوشتنی باوکی شێرەیان دارشتووە. ژنەکەی باوکی لە ئەوەبەر عاشق بە کوڕێک بووە کە هەمیشە بە ڤینگەڤینگی ماتۆڕەکەی ماڵی ئەو کچە و تەواوی گوندەکەی ناڕەحەت کردووە. ژنەکەی باوکی شێرە بە ئەو بەشوودانە و بە بەشی خودا ڕازی نەبووە. ژنەکە و هەتیوەدۆستەکەی، هەردووکیان پێکەوە، پیلانی کوشتنی باوکی شێرەیان جێبەجێ کردووە. دوو تاوانباری دەست بە خوێن سوور. هەتیوەکە بێ بەزەییانە باوکی شێرەی داوەتە بەر چەقۆ. نە یەک و نە دووان و نە سیان و نە سەد، لەگەڵ ئەوەشدا کە زانیوویەتی ژنی یەکەمی سێ ڕۆژێکە کۆچی دوواپی کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە زانیوویانە شێرەی بێ دایک ئێستا بێ باوکیش دەبێت.

هەموو خەڵکی عەرشی پەروەردگار لە خەفەتدا هەستابوونە سەرپێ.

دابوویانە پڕمەی گریان و داوای لێبووردنیان لە شێرە دەکرد و داوایان دەکرد گەردنیان ئازاد بکات. ڕوویان لە ئاسمان کردبوو و بە دەم تووڕەبوونێکی پڕ پاڕانەوەوە دەیانگوت خودایە بۆچی عیسای سەردەمت پێ لە خاچ داوین؟ خودایە ئەمە چ جۆرە تاقیکردنەوەیەکە؟ خودایە هیچ نەبێت ئیکمالتبکردینایە لە جیاتی ئەوەی لە هەموویدا سفر بهێنین.

دەستبەجێ سندوقێکی پیتاکیان بۆ شێرە دامەزراند و لە ماوەیەکی کەمدا بە سەدان هەزار دۆلاری تێ چووبوو. پارە لە سندوقەکان دەڕژا و خەڵکی فەقیر و هەژار وەک موفەڕک پارەکەیان هەڵدەگرتەوە و ماچیان دەکرد و بە پاڵەپەستۆ دەیانخستەوە ناو سندوقەکان.

سەدان پیاوی دەوڵەمەند بەڵێنی حەوت جار حەج و عەمرەیان پێ دا. چەندین خوێندنگا و نەخۆشخانە و یانەی تۆپی پێ و ڕێستەورانت و کەبابخانە و پاقلەفرۆشی سەرجادە و هی تر هەر بە ئەو شەوە ناوەکانی خۆیان دەگۆڕی بۆ شێرە. تابلۆکانیان فڕێ دەدا و ناوی شێرە و وێنەی شێرەیان دادەکوتا. شێرەیان بە شێری شێران بانگ دەکرد و سوپاسگوزاری سەرۆککۆمار بوون کە ئاوا بە وردەکارییەوە لە ناو خەم و مەینەتی نەتەوەکەیدایە.

پێش ئەوەی سەرۆککۆمار ئیزنیان لێ وەربگرێت کە لە خزمەتیان مەرەخەس دەبێت پێی گوتن ناچارە تەمەنی شێرە بۆ تەمەنی یاسایی بگۆڕێت. ئەوانیش بە یەک دەنگ دەیانگوت بە قوربانی نووکی قەڵەمەکەت بین، هەژدە چییە حەز دەکەیت بیکە بە نەوەد. بەڵام هاوکات چەند لە سەرۆککۆمارەکەیان و لە شێرە ڕازی بوون، سەد ئەوەندە لە خۆیان و لە تاوانکاران تووڕەبوون و ئاگر لە کونی

لووتیانەوە دەهاتە دەرەوە و یەکڕیز و یەکدەنگ و یەکهەست و یەکدەم هاواریان دەکرد: تۆڵە، تۆڵەی شەرەف!

سەرۆککۆمار وەبیری هاتەوە لە مێژ بوو بەڵێنی بە خەڵک دابوو خێرمیزاوێکی وشتریان بۆ فەراهەم بکات. خەڵکەکە هەموو لە دەست نەخۆشی جیاواز هات و هاواریان بوو و دەیانگوت دەزانن هەر بە میزی وشتر شیفایان بۆ دێت. سەرۆککۆمار تێگەیشت کە ئەو ئان و ساتە باشترین کات بوو بۆ دانانی ئەو خێرمیزاوە. هەر لە ئەوێدا بڕیاری دا کە لە بەردەم شارەواییەکانی هەموو پارێزگاکاندا مەرکانەیەکی گەورە لە میزی وشتر دابین بکات و خودی شارەدار بەرپرسی دابەشکردنەکەی بێت.

بۆ هەر هاوواڵاتییەک هەر یەک دانە کەوچێک و زیاتر نا و شارەدار دەبێت بە دەستی خۆی بە دەمیانەوە بکات.

لە ژێرەوە فەرمانی بە پیاوە نزیکەکانی دا کە هەرچی میزی ئاژەڵی ماڵیی و کێویی هەیە کۆی بکەنەوە و مەرکانەکانی پێ پڕ بکەن. پێی گوتن کە خۆیان دەزانن سەرۆککۆمارەکەیان تالیی غەش نییە و بەڵام خودا گیان لە ئەو سەرەوە دەزانێت کە هەرگیز ناتوانن ئەوەندە میزی وشتر کۆبکەنەوە و ئەمیش دەمێکە بەڵێنی بە خەڵکەکەی داوە و ناکرێت هەر دوای بخات.

ڕاستە میزی وشتر نەبوو، بەڵام سەرۆککۆمار نیازی دڵی پاک بوو، بۆ فڕ و فێڵ ئەو کارەی نەدەکرد.

بە بیستنی ئەو هەواڵە خۆشەی میزی وشتر هەموو عەرشی پەروەردگار، نێر و مێ، لە خۆشیاندا سەمایان دەکرد و سوپاسمەندی ئەو هەموو بەرەکەتە بوون کە خودا وەک بارانی پەڵە بە سەریاندا

دەیباراند، بەڵام هاوکات چاویشیان لە سەر سزادانی بێشەرەفەکانی وڵات بوو.

بۆیە خەڵکەکە وەک یەکەم هەنگاو داوایان لە حکومەت کرد ئەو کچە لەچک بەسەرەی کە بە گریان و فرمێسک هەڵڕشتنەوە شێرەی بە ڕێوی چووەندبوو، دەستگیر بکرێت و بە تاوانی شێواندنی ڕاستیی و هاوبەشییەتیی لە تاواندا سزای قورس بدرێت. حکومەت داواکەیانی پەسەند کرد و ئەوەندەی بڵێیت یەک و دوو تیسکی کچە لە ناو چینگی کۆماندۆکانی وڵاتدا بوو. کچەکە کە ماوەیەک بوو یەکێک لە پیاوە حەزلێکردووەکانی هێنابووی، لەگەڵ ئەوەیشدا کە لە سوجدەدا داوای لێبووردنی دەکرد و سوێندی دەخوارد کە ئاگای لە هیچ نییە، مێردە تازەکەی هەر لە ئەوێدا، لە بەر خاتری بەرژەوەندیی گشتیی، تەڵاقی دا. بە خەڵکەکەی گوت سویند بە ئەڵڵا مارەیی ناکەوێت چونکە هەڵفریواندوم.

خەڵکەکە کابرای مێردیان بە گەوج دەبینی و دەیانگوت ئەو چەتیوە ڕەزاگرانە دەموچاو ئاوساوە عەمەلیاتچییە لوت قرتاوە هەر بۆ هینکردن و کوشتن باشە کە بە شێرەی گوتووە ڕێوی.

کابرای دەرهێنەری زنجیرەی شەرەف کە خوشکەکانی شێرەی کۆکردبووەوە دەستبەجێ دەر کرا و دەرهێنەرێکی نوێیان ڕاسپارد کە بە سەر زنجیرەکاندا بچێتەوە و شێرەیان تیادا بکات بە پاڵەوان و کورەی ماتۆڕ و دۆستەکچەکەی بکات بە خائینەکە.

بە یەک سەعات کورەی ماتۆڕی دۆستی ژنەکەی باوکی شێرەیان دۆزیەوە و ڕاپێچی دادگایان کرد و سزای هەتاهەتاییان بە سەردا سەپاند. ژنەکەی باوکی بە هەمان شێوە. هەردووکیان لە ژێر

وتافکێشانی هەڕەشە و جوێن و سووکایەتی پێکردنی هەموو خەڵکەکەدا بەرەو زیندان بە ڕێ کران.

گەردنی ژنەکەی باوکی لە جیاتی ئازادکردن بە ملوانکەی "فاحیشە" و "قەحبەی مێژوو" و "لەشفرۆشی بێوێنە" و "حیزی پارە" و "بێ حەیای سێکس" و "کێرخۆری کافر" ڕازێندرایەوە.

جوێنی ناشیرین بە سەر باوباپیرانی کوڕی ماتۆڕەکەدا دەیکڕێواند. ئەگەر دەیانگوت ئەو حیزی کوڕی حیزە ئازا بووایە دەچوو بەرۆکی گەنجێکی وەک خۆی دەگرت، نەک حاجیەکی بەساڵداچووی تازە ژن مردوو. پیاوێک کە هەر ساڵەی حەجێکی کردبوو و ڕۆژی پێنج جار لە مزگەوت نوێژی کردبوو. موفەسیران دەیانگوت خاکی بەهەشتی باوکی شێرە هەزار دۆنم لە هی هەموو کەسێکی تر گەورەترە و شێرەش هەزار ساڵ تەمەنی بێت، لە ئێستاوە بەهەشتیە. دەیانگوت دەزانن خودا بەهەشتێکی پێ دەبەخشێت کە هەر یەک دوو بست لە ئەوەی باوکە شەهیدەکەی بچووکتر بێت.

کوڕەدۆستی ژنەکەی باوکی شێرە ناوێکی نەبوو، تەنانەت لە بازنە حکومیی و فەرمییەکانیشدا هەر بە "کوڕی ماتۆڕەکە" ناو دەبرا.

پێیان دەگوت با لە زیندانداا هەر بە دەم ڤینگەڤینگ بکات و بڤیڕێنێ، ئینجا بە دەم جرت بۆ لێدانەوە پێی پێدەکەنین.

هەندێکیان دەیانگوت تۆماری دەنگی ڤینگەڤینگ و ڤیڕاندنی ماتۆڕ بە بڵندییەک کە گوێیەکانی بتەقێنێت بە بڵندگۆی تایبەتیی لە زیندانی ژنەکەی باوکی و کوڕەی ماتۆڕدا دابنێن.

دادی گەل! گەل سەروەریی

کاتێک کە سەرتاپای نەتەوەکە لە شاباشکردنی جەنابی سەرۆککۆمار و شێرەی شێراندا بوون و هاوکاتیش بە جوێن و بە داوای سزای کوشتن ژنەکەی باوکی شێرە و کوڕی ماتۆڕەکەیان داگرتبووەوە، شێرە و سەرۆککۆمار پێکەوە دانیشتبوون و نەخشەی ئەوەیان ساز دەکرد کە چۆن بە باشترین شێوە خزمەتی نەتەوەکەیان بکەن.

سەرتاپای نەتەوەکە خێریان بۆ شێرە دەکرد و بە هەزاران مەڕیان دابوو بە زەویدا و لە شێرە و لە خودای شێرە و خۆیان دەپاڕانەوە بیانبەخشێت.

تورەکەش کرابووە سەر ژنەکەی باوکی شێرە و کوڕەی ماتۆڕ.

جوێن و هەڕەشە و گوڕەشەی خەڵک لە ژنەکەی باوکی شێرە و کوڕەی ماتۆڕ گەرمتر دەبوو، هێورتر نەدەبوو. دڵی خەڵک سووکنایی پیادا نەدەهات. ئەو بێقیمەتە سووکوسەلیمانە بوون کە تووشی هەڵەیان کردبوون. داوایان لە سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیران و هەموو حکومەت دەکرد واز لە ئەم یاساسەروەرییە سەگبابە بهێنن و بیاندەن بە دەست خەڵکەکە. دەیانگوت با ئەگەر هەر بۆ یەک جاریش بێت گەل بڕیار بدات. پڕ بە باوەشی عەرشی پەروەردگار هاواریان دەکرد:

دادی گەل!
گەل سەروەریی!
دادی گەل!

گەل سەروەریی!

پۆلیسەکانی بەرپرس لە زیندانی شێرە پلانیان دانابوو پێکەوە بە دەستە خۆکوژیی بکەن. باری ئەوان زۆر لە هی خەڵکە عەوامەکە گرانتر بوو.

ئەمان ڕۆژانە تف و میزیان کردبووە ناو خۆراک و ئاوی شێرە. هەزاران جار دایک و خوشکەکانیان قەحبە و بێ ئابڕوو کردبوو. ڕۆژانە لێیان دابوو، گاڵتەیان پێ کردبوو. لە سەر پانتۆڵەکانیانەوە کێری خۆیان هەڵدەگڵۆفیی و دەیانگوت یاساسەروەرە بەڵام بۆ خۆراک نا.

دەیانگوت مەگەر سەد قات زیاتر سزای هەتیوی ماتۆڕەکە و کچەدۆستەکەی بدەن تا بتووانن گوناهی شێرە لە سەر خۆیان لا ببەن و خودا لێیان خۆش بێت. دەیانگوت ئەگەر خۆکوژیی نەکەن ئەوا تەنها و تەنها لەبەرئەوەیە کە خۆیان بۆ سزادانی ئەو دوو بەرەڵایە تەرخان دەکەن کە ئاوا شێرەی شێرانیان بەدبەخت کردبوو.

دوور لە پۆلیسەکانی زیندان، لە بەشە خۆشە سەرسەوزەکەی شار لە ناو کۆشکی کۆمارییدا خواردن بۆ شێرە و سەرۆککۆمار هێنرابوو. مێزێکی گەورە لە خۆراکی هەمەجۆر ڕازێندرابووەوە. چەندین قاپ و دەوری و کەوچک و چنگاڵ و کارد بە شێوەی جیاواز دانرابوون. سەرۆککۆمار پێی خۆش بوو بە شێوەی ئەوروپییەکان خۆراک بخوات و چێژی لێ وەربگرێت. پێی خۆش بوو لانی کەم سەعاتێک و زیاتر لە سەر مێزی نانخواردن دابنیشێت و چێژ لە هەموو ئەو خواردنانە وەربگرێت کە پاک و بە تام و ڕەنگاوڕەنگ ئامادەکرابوون.

شێرە بە ئەو کولتورە ڕانەهاتبوو و نەیدەزانی وەکو جەنابی سەرۆککۆمار چێژ لە خواردنەکە وەربگرێت. نەیدەزانی بە کاوەخۆ و پشووەوە تام لە پارووی بچووک بچێژێت.

نەیدەتووانی قومی بچووک لە ئەو شەراب و خواردنەوانەی تر بدات کە دانرابوون.

هەموو ژیانی شێرە هەر ئەوە فێر بووبوو کە لە سەر سفرە هەر کەسێک پەلاماری ئەو بەشە لە خواردنەکە دەدات کە پێی خۆشە و کە بە پێنج دەقیقە دەیکەن بە ئەو دیوی گەرووی خۆیاندا و ئینجا هەڵدەستن و سەر سفرەکە بەجێدەهێڵن و خۆیان دەکشێننەوە. ژنەکان دێن و قۆڵیان بۆ کۆکردنەوەی سفرەکە و پاشماوەی خۆراکەکە هەڵدەماڵن. ئەوە ئەو کولتورە بوو کە شێرەی تیادا گەورە بووبوو. ئەو کولتورە بوو کە باوکی و باپیرەیی و باپیران و داپیرانی لەگەڵیادا گەورەبووبوون.

ئێستا کە قاپەکەی پڕ لە خۆراک کردبوو لێی دەڕووانی. نەیدەزانی چنگاڵ و کارد چۆن بە کار دەبرێن. بە کەوچکەکەی تامی خۆراکەکەی کرد. ڕەنگی خۆراکەکە جوان بوو، بێ خوێ نەبوو، چەور نەبوو، بەڵام شتێکی کەم بوو. بیری دەکردەوە ئایا تامێکە کە لە خۆراکی دایکیدا بوو، نا، نەخێر. وردەوردە تامی خۆراکەکانی دایکی لە سەر زاری تەرە بووبوون و زۆری لە خۆی نەکردایە نەیدەتووانی تامی خۆراکی دایکی وەبیر خۆی بهێنێتەوە.

لە پڕێکدا بە بیریدا هات. قاپەکەی هەڵگرت و ڕووەو دەرەوە ڕۆیشت. سەرۆککۆمار زۆر بە لایەوە سەیر بوو.

جەنابی سەرۆککۆمار هەرگیز شتی وای نەبینی بوو.

لای سەرۆککۆمار هەرگیز ڕووی نەدابوو کە کەسێک هەڵبستێت و بە خۆی و قاپێک خۆراکەوە هۆڵی نانخواردن بەجێبهێڵێت. سەرۆککۆمار بە نەرمیی و لە سەرخۆ بانگی لە شێرە کرد و شێرەش پێی ڕاگەیاند کە هەر ئێستا دێتەوە.

شێرە چوو بۆ لای ئەو پاسەوانەی لە دەرەوە لە پشت دەرگاکە ڕاوەستابوو و فەرمانی پێ کرد کە هەندێک تف و چۆرێک میز بە خۆراکی ناو قاپەکەدا بکات. کابرای پاسەوان بە ئەستەغفیرۆلا ئەستەغفیرولا دایگرتەوە. کابرا نەیدەزانی لە ئەوە زیاتر چی بڵێت.

ڕووخساری سوور هەڵگەڕا بوو و دەستەکانی دەلەرزین و بە تەواوێی پەشۆکابوو. نیوەچەماوە بە دەوری خۆیدا خولی دەخوارد و نەیدەتووانی خۆی ڕابگرێت.

شێرە بە ئەو ئەزموونەی زیندان و هەموو ئەو ڕووداوانە بووبوو بە شێرەیەکی تر. بووبوو بە شێرەیەک کە تەنانەت بە خودی خۆی نامۆ بوو. ئێستا هێندە دەبینرا کە لە بینراوێی بێزار بوو.

بە دەنگێکی جیددی تونەوە فەرمانی بە سەر پاسەوانەکەدا کرد کە دەستبەجێ بیکات.

کابرای پاسەوان لە ژێر کاریگەریی دەنگی جیددی و شێلگیرانەی شێرە و شەرمی لە ئەو دۆخەی لێی تێنەدەگەیشت، کەمێک چووە ئەو لاوە و پشتی لە شێرە کرد و دەستی کرد بە تف کردن بۆ ناو خۆراکەکە و ئینجا زریزەی پانتۆڵەکەی کردەوە و هەر چۆنیەک بێت هەندێک میزی بە سەر خۆراکەکەدا کرد. دەستوپلی و قاپەکە میزاوێی بوون. لە بیری چووبوو زریزەکەی هەڵکێشێتەوە، هەر ئاوا ئاوڕی دایەوە و بە سەلامێکی فەرمییەوە قاپەخۆراکەکەی دایەوە بە شێرە. شێرە بە سەر

سوپاسی کرد و ڕۆیشتەوە بۆ هۆڵی خۆراکخواردن بۆ لای سەرۆککۆمار.

سەرۆککۆمار کەمێک بە لایەوە سەیر بوو بەڵام نەیهێنایە سەر خۆی و بە ئاستەم وەکو ڕێز قنی لە سەر کورسیەکەی خۆی جوڵاند و بە سەر شێرەی بەخێرهێنایەوە.

بێ ئەوەی هیچی لێ بپرسێت لە سەر خواردن بەردەوام بوو، بەڵام بۆنێک بە لوتی گەیشت کە بەلایەوە نامۆ بوو. بۆنەکە لەگەڵ هاتنەوەی شێرە و قاپەخۆراکەکەیدا پەیدا بووبوو.

شێرە قاپەکەی دانا و دەستی بە خواردن کرد. خواردنەکەی بە خۆشییەوە دەخوارد و چێژی لێ دەبینی. بەڵام لە ناخییدا هەر بیری دەکردەوە.

بیری لە ئەوە دەکردەوە کە دەبێت شێوەیەک بۆ ئەوە پەیدا بکات، چونکە خۆ ناکرێت هەموو جارێک لە سەر خواردن هەڵبستێت و بڕووات و وەکو خێری پێ بکەن تکای هەندێک تف و میز بکات.

جەنابی سەرۆککۆمار بە دەم خواردنەوە باسی ئەو پلانانەی دەکرد کە بیری لێکردبوونەوە و کە دەیانتووانی گۆڕانکاریی زۆر گەورە لە وڵاتدا بکەن و بە ئەو شێوەیە یارمەتی خەڵک بدەن کە بە بەشی خۆیان ڕازی بن و ئەرکە نیشتیمانیی و نەتەوەییەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن.

شێرە هاوکات کە گوێی لە سەرۆککۆمارە کەریزماکەی خۆی گرتبوو نامەیەکی سێ چوار دێڕی نووسیی و نیشانی سەرۆککۆماری دا.

ئەویش بە لەپەدەستێکی تۆندوتۆڵ وەک باوکێکی بە ئەزموون و دڵساف و پڕ خۆشەویستیی یەک دوو جار بە مانای ئافەرین بە سەر شانی شێرەیدا کێشا.

نامەکەی شێرە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی ئاسایشی زیندان بوو کە دەستبەجێ ئەو بەرپرسە و پێنج پۆلیسەکەی زیندانووانی پێشووی بکەن بە پاسەوانی شەخسیی ئەم و بیانێرن بۆ کۆشک.

شێرە جوان گوێی بۆ سەرۆککۆمارە خۆشەویستەکەی شل کردبوو. دەیبینیی و دەیبیست کە سەرۆککۆمار سەرۆککۆمار بوو، بە گاڵتە خۆشەویستیی هەمووان نەبوو. لە دڵی خۆیدا دەیگوت ئاخۆ چەند کاتم پێویست بێت تا بتووانم بە ئەم هونەرە بگەم.

پاش کەمێک پاسەوانی بەردەرگا هاتە ژوورەوە بۆ لای شێرە و سەرۆککۆمار و ئاگاداری کردن کە بەرپرس و پۆلیسەکانی شێرە گەیشتوون. شێرە ئیزنی خواست و هەستا و چوو بۆ لایان. هەموویان لە ژووری پێشوازیی بە پێوە و بە پۆزی وریابەوە ڕاوەستابوون.

کاتێک شێرەیان بینی لە ترس و شەرمدا لە دۆخی کەوتندا بوون، بەڵام شێرە نەڕاندی بە سەریاندا و وریای کردنەوە.

هەموویان دەستیان بە پارانەوە کرد و هەر یەکەی شتێکی دەگوت. بەرپرسەکە گوتی گەورەم، دووای خودا سەرۆککۆمار و دووای ئەو تۆی. کەس لە دووای تۆ نایەت. فەرموو، بە دەمانچەکەی خۆم بمانکوژە. ئەو غەدرەی لە تۆ کراوە و لە تۆمان کردووە قەرەبوو ناکرێتەوە...

شێرە بە تووڕەبوونێک قسەکەی پێ بڕی:

- با، بێگومان قەرەبوو دەکرێتەوە. لە ئەوێوە دەست پێ بکەن کە هەندێک جوێن بە دایکم و بە خوشکەکانم بدەن.

پۆلیسەکان و بەرپرسەکەیان خەریک بوو دەمردن. دەمیان بووبوو بە تەڵەی تەقیو.

- قوربان، ئێمە کردمان تۆ نەیکەیت. جوێن چۆن بە تۆ بدرێت، جوێن ...

- هەر ئێستا ...

پۆلیسەکان زانیان شێرە بە ڕاستیەتیی و خراپ لێیان دەپرسێتەوە، یەکسەر لە ژێر لێوەوە دەستیان بە جوێن دان کرد. بە نزمییەک کە بە ئاستەم بە گوێی شێرە دەگەیشت. شێرە هەروەک مایستروی سەمفۆنیایەک بێت بە ئاماژەی پەنجەکانی و لەپی دەستی پێی دەگوتن بڵندتر و بڵندتر. ئەوانیش کەمەکەمە بڵندتر جوێنەکانیان پێ دەدا: دایکحیز، دایک قەحبە، هەی خوشک حیز...

شێرە پێڵووی چاوەکانی لێک نابوو و لووتی کردبووە میچەکە و سینگی دەرپەڕاندبوو.

چێژی لە جوێنەکان دەبینی و هەر بە لەپی دەست فەرمانی بە سەردا دەکردن دەنگیان بڵندتر بکەن. لە ڕێگای ئەو جوێنانەوە هەستی دەکرد کە دایکی زیندووە یان زیندوو بووەتەوە.

لە پڕ تێیخوورین کە بەسە و لە ئەمەولا چی پێگوتن یەکسەر جێبەجێی بکەن. ئەوانیش کە لە ئەوە دەچوو لە ژێر گڵەوە هێنرابنە دەر، ڕەنگیان زەرد و پەککەوتە، هەر بەڵێ قوربانیان بوو.

شێرە کەمێک لە بەردەم یەکێک لە ئاوێنە باڵاڕووانەکانی ناو کۆشکدا وەستا و لە خۆی ڕووانیی. لە جیاتی شێرەیەک دەیان شێرەی دەبینی. هەر یەکە و جۆرێک دەینووساند. حەزی دەکرد هەر شێرە نەبینراو و نەبیستراوەکەی جاران بێت، بەڵام هاوکاتیش پێی خۆش بوو ئەو شێرەیە بوو کە باوکی خۆیی کوشتبوو. لە کەسایەتی ئەو شێرەیەشدا دڵخۆش بوو کە جوێن بە دایک و خوشکەکانی دەدرا چونکە بە شێوەیەک دایک و خوشکەکانی بینرا و بیستراو و بەرجەستە و بڵند دەکرد. حەزی دەکرد ئیتر گەورەترین بەپرسی هەموو ڕاگەیاندنەکانی وڵاتە و پێیخۆش بوو خەڵکی عەرشی پەروەردگار ئاڵنگار و دووچاری ڕۆژگاری سەخت بکات، دروست هەر بە هەمان شێوەی یاریەکانی پلەی ستەیشن. زۆریشی پێ خۆش بوو پرشنگ ڕزگار بکات بەڵام تازە ئەو مەلەفە لای سەرۆککۆمارەکەیەوە داخرابوو و کەس بۆی نەبوو مۆرەکەی بشکێنێت و کەسێکیشی بە ناوی ئافتاو هەر نە دەناسی.

سەرۆککۆمار لە ڕێگای مایکریفۆن و کامێرا شاراوەکانیەوە ڕووداوەکەی دەبینی و قومی بچووکی لە شەرابەکەی دەدا. کاتێک شێرە هاتەوە بۆ لای وا خۆی نیشان دەدا کە ئاگای لە هیچ شتێک نییە.

لە دەرەوەی کۆشکدا نەتەوەکە سەرقاڵی چەندین ڕووداوی گرنگ بوو، وەک دیداری ئافتاو کە چاوەڕێ بوون ڕووخساری شیرین و سەری بەرزی ببینن کە شانازییان پێوە دەکرد و بووبوو بە سیمبوڵی ژنانی نەتەوەکەی. بە تایبەتیی سیمبوڵی ژنانی فەیزوڵا، شار و ناوەندی ڕووناکیی.

هەروەها بینینی ئەو ژنە ئیتاڵییەی کە دەڵێن بە ڕەچەڵەک لە خۆیانە، "ڕووناک یان پرشنگی بێ ڕەچەڵەک"، کە پێش هەر شوێنێک بە مەبەستی ڕێزگرتن پێ لە ناو خاکی فەیزوڵا دەنێت، یان ئازادبوونی شێرە

گیانەکەیان و سوپاسکردنی خودا کە ئاوا بە شێوەیەکی باش چارەنووسیان دەگۆڕێت یاخود سزادانی ئەو دوو داوێنپیسە.

خودا ئەو سەرەتای هاوینە وشکەی بۆکردبوون بە هاوینی ڕەحمەت.

ئەو هەموو خێروبەرەکەتە بە عەرشی پەروەردگار نەبێت، بە کێ دەدرێت؟

"ئەو کچەی کە بە خۆڕاییش گان بە هەموو کەسێک دەدات"

لە ئەو چرکەساتانەدا کە خەڵکی ئەو ولاتە پێیان وابوو ئاهێکیان بە بەردا هاتووەتەوە و وایاندەزانی پارچەکانی مەتەڵەکە خەریکن شوێنی خۆیان دەدۆزنەوە، لە ئەو کاتەدا کە بچووک و گەورە سوپاسگوزاری خوداگیان بوون کە بە گەورەیی خۆی دەیانبەخشێت و کە خودایار بێت تۆڵەیەکی بە زەبر لە ئەو هەتیوەی ماتۆڕ و لە دۆستەکچە بێحەیاکەی دەکەنەوە. لە ئەو ئان و ساتەدا کە خەڵک پێیان وابوو شەرەفیان سواخ داوە و کونبڕیان کردووە و دووبارە نەتەوەیەکی بە شەرەفن، لە ئەو پەڕی شارەوە، لە پشتی کۆمەڵێک ڕێگای پێچاوپێچی خواروخێچ و هەڵتەکاو و نیوەتەواو بووەوە، لە گەڕەکێکدا کە چەندین ساڵ بوو لە ژێر هەڕەشەی بێ زێرایی و بێ ئاوی و بێ کارەبایی و بێ خزمەتگوزاریی گشتیی تەمەنیان ڕووەو قیبلەی مەرگ بەڕێوە بوو، لە گەڕەکێکدا کە لە هەر شوێنێکی شارەکە زیاتر نوقمی تەپوتۆز بوو، لە ماڵێکی شێواوی بە سەریەککەوتوودا، لە ژوورێکی بچووکی نسرمدا کە بۆنی کەڕوو و بۆنی جۆری دەرمانی بەهێزی خاوێنکردنەوە بە سەر یەکدا قەتماخەیان بەستبوو، کوڕێکی تووڕە، کە بەس خۆی دەیزانی لە چی تووڕەیە، بەرامبەر کۆمپیوتەرەکەی دانیشتبوو و پرۆگرامێکی فۆتۆشۆپی کردبووەوە و دەیویست وێنەیەکی ڕووتی کچێک بڵاو بکاتەوە.

بە دەم و بە تەلەفۆن و بە پەیام سەدان جار بە ئەو کچەی گوتبوو خۆشم دەوێیت و عاشقت بووم و بۆت شێت بووم، بەڵام کچەکە حەزی لە ئەم نەدەکرد و نەیدەویست بیناسێت. کچەکە وەک

مرۆڤێک کێشەی لەگەڵ کەس نەبوو، هەر ئەوە بوو وەڵامی دابووەوە کە خەریکی خوێندنە و کات بۆ خوێندن تەرخان دەکات.

هەر ئەوە بوو، زیاتر نەبوو.

کچەکە خراپەی کوڕەی نەدەویست، هەر حەزی بە خۆشەویستی و پێوەندیگرتن نە دەکرد و تەواو. نە زیاتر و نە کەمتر. هەر ئەوەندە بوو.

کوڕە ئەو وەڵامەی بە سووکایەتی دادەنا. لە بیستوپێنج ساڵەی تەمەنییدا بینیبووی چۆن خەڵکانێک بە نەدارێی گەورە دەبن و هی تر بە قاسەی پڕەوە، کە چۆن درۆ جوانترین و گەورەترین تابلۆی وڵاتەکەیانە، کە چۆن مرۆڤەکان بە بەرچاوی یەکەوە جوانترین فەرشی درۆ بۆ یەکتر و دژ بە یەکتر دەچنن. ڕۆژانە بیستبووی و بینیبووی چۆن لە ڕێگای بوختان و قسەهەڵبەستنەوە بە ئاسانی دەرگا داخراوەکان دەکرێنەوە، چۆن دەستبڕین و ساختەچیەتیی دەبن بە باشترین پرد، چۆن هەموو شتێک دەفرۆشرێت و خاک و دارودرەخت لە هەموو شتێک زیاتر پارە دەکەن.

ماوەیەک بوو زانیاری لە سەر دەوروبەری بە دۆستە هاودینیەکانی دەدا و ئەوانیش بەڵێنی ماتۆرێک و سەفەر و کاری زیاتریان پێ دابوو، تەنها هەر بە ئەو مەرجە ئاسانەی لە سەر هێنانی زانیاریەکان بەردەوام بێت. هیچی تریان لێ نەدەویست. هەر ئەوەندی لە سەر کۆکردنەوەی زانیاریی بەردەوام بێت.

بارەکەڵا و ماشائەڵایان بە سەردا دەباراند و بە ڕێزەوە تەوقەیان لەگەڵدا دەکرد. هەندێک جار پێی سەریر بوو چۆن پارەی وا زۆر بە زانیاری وا بێ نرخ پێ دەدەن، بۆ نموونە وەک ناوی دەراوسێکان و

ژمارەی منداڵانیان و شێوە و مۆدێلی سەیارەکانیان و تەنانەت تەنەکەی خۆڵ و خاشاکیان، یان ڕەنگی جلکوبەرگ و جانتای منداڵەکانیان.

دڵنیا بوو تا زانیاری زیاتر لە سەر ناوچەی بەرفراوانتر کۆبکاتەوە، زیاتر خەڵاتی پارە و ماتۆڕ و سەفەر دەکرێت. کارەکەی خۆش بوو. نیوەی زیاتری کارەکەی بە منداڵەوردتکەی گەڕەکەکان دەکرد. لە خۆیەوە فێربووبوو چۆن خەڵکی تریش فێر بکات. منداڵەکان هەر بە دوو دەنکە نوقڵ و چوکلێتێک رازی دەبوون و وەک باوکی خۆیان لێیان دەڕووانی.

ئەو پارەیەی پێیان دەدا موچە بوو. هەر جارێک پارەیان پێ بدایە پێیان دەگوت "فەرموو، ئەوە موچەکەتە".

بە ئەو موچەیە جلکوبەرگی جوان و پێڵاوی باش، هەمووی لە مارکەی تورکی کە هەمیشەش داشکاندنیان پێ دەدا، دەکڕی و پێیان دەگوت سڵاوی گەرم لە خاوەنکارە بەڕێزەکانت بکە.

بە سووکایەتیەکی گەورەی دەزانی ئەو کچە پێی ڕای نییە. ئەم چاوەڕوانی ڕازی بوون بوو. لە مێشکی خۆیدا پلانی دانابوو کە چۆن ئەویش فێری ئەو کاسبیە ئاسانە بکات، کاسبی کۆکردنەوەی زانیاریی لە سەر خەڵکی چواردەوری. کاسبیەکی وا دەوڵەمەندی دەکردن و ئەمیش دەبوو بە خاوەنی ماڵ و ئوتومبێلی جوان و ئیتر لە ژێرزەمینی دۆزەخی ئەم گەڕەکەماڵانە ڕزگاری دەبوو.

ئەو کچە پێی گوت نا و جیهانی پلانەکانی دارما.

بە جەستە بەرامبەر کۆمپیوتەرەکەی دانیشتبوو، بەڵام خۆی لە ناو قوواڵایی لاکۆڵانەکانی دونیای مەجازییدا دەگەڕا و بە تووڕەییەکەوە هەناسەی دەدا کە خوێنی هێنابووە کوڵ.

بەرامبەر بە کۆمپیوتەرەکەی تینی بە بەر خۆی دابوو و بیری دەکردەوە، بە هەموو هێزی خۆی بیری دەکردەوە و لە خۆیی دەپرسی: ئایا دەبێت وێنەیەکی چۆن و بە چ شێوەیەکی ئەو قەحبەیە بڵاو بکەمەوە کە پشتی خۆی و باووباپیری بشکێنم و حەیا و شەرەفی ببەم؟

گەش بین بوو، خەونەخەیاڵی بە ئەوە دەبینی کە کاتێک خەڵک لە سەرئەنجامی ناساندنی ئەو قەحبەیە و مەترسیی بڵاوبوونەوەی بێشەرەفیی لە عەرشی پەروەردگاردا دەیناسن.

ناسینێکی ئاسایی نا. دەبێت سەد جار لە شێرە بەناووبانگتر بێت و شێرە ناچار بێت داوەتی لای خۆیی بکات.

لەبەر قوواڵایی خەیاڵییدا دەیگوت: ئەگەر داوەتم نەکات، کارێک بە شێرە دەکەم، بە دەستی خۆی خوشکەکانیم بۆ بهێنێت.

ئەو ڕستەیەی لەبەرخۆیەوە دەگوتەوە کە ئامادەی کردبوو. ڕستەیەک بۆ ئەوەی کاتێک مایکریفۆنەکان هاتنە بەردەمی، ڕابووەستێت و بیڵێت. بە سەر و ڕیشی درێژەوە ڕابووەستێت و لە سەرخۆ بە سەری پەنجەکانی ڕیشی دابهێنێت و بە ئاستەم سەری بۆ خوارەوە بچەمێنێتەوە گوایا لە شەرم و لە ترسی شکۆی خوداپەرستییدا سەر بەرز ناکاتەوە.

بە وردیی سەرنجی ئەهلی دینی دابوو کە چۆن دەکەن و چی دەڵێن و چۆنی دەڵێن. ئینجا کەمێک خۆی بێدەنگ دەکات و بە دەنگی نزم و ئارام و لە شەرمێکی خوداییدا وشەکان بەیان دەکات:

- خەڵکینە، گەلە بریندارەکەم، من دەمزانی ئەم کچە کچ نییە و دەمێکە ژنە و لەشفرۆشی دەکات، بەڵام ئامادە بووم بیهێنم بۆ ئەوەی مرۆڤێک ڕزگار بکەم. مرۆڤێک لە دەستی

شەیتان ڕزگار بکەم و بیخەمە باوەشی خوداوە، باوەشی دین و ئیمانمانەوە. خەڵکینە، دوعای خێرم بۆ بکەن کە موەفەق نەبووم. چی بکەم ئەڵڵا گیان، هیدایەتی نەدام.

ئیتر لە مێشکی خۆیدا خەیاڵی دەکردەوە کە چۆن هەموو عەرشی پەروەردگار هەڵدەستنە سەرپێ و فرمێسک بۆ شەرەفی شکاوی نەتەوەیان دەڕێژن.

خۆی بۆ ئەوەیش ئامادەکردبوو کە پێیان بڵێت:

"ئەگەر ئێستایش شووم پێ بکات ئەوە پێویست ناکات ئێوە بەردبارانی بکەن، چونکە ڕازیبوونی ئەو بە کاری ئەو خۆی نابینم، بەڵکو بە موعجیزەی ئەڵڵای دەبینم. من بە قسەی ئەڵڵای خۆم دەکەم، دەنا مەجبوری ژنێک نییم".

دووبارە لە خەیاڵەکانییدا دەیبینی کە چۆن خەڵکەکە لە حەیبەتی گەورەیی ئەم دەست بە گریان دەکەن و بە زۆر ئەو دەڵەقۆڕەی لێ ماڕە دەکەن و پێی دەڵێن بۆی نییە دژ بە ئیرادەی خودا بێت و خودا لە چارەی نوسیووە شوو بە ئەو کوڕە بەڕێزە بە ئیمانە دڵگەورەیە بکات.

خۆی لە ناو کاری فۆتۆشۆپەکەدا نوقم کرد و لە دەرگای حەوشەی ماڵی کچەکەوە دەستی پێکرد تا هیچی لە کیس نەچێت کە دژی بەکاری بهێنێت.

ڕەنگی دەرگاکە شینێکی کاڵ بوو، وردە گوڵی زەردی بچکۆلە بچکۆلەی پەڕە سپی بە سەریدا بڵاو بووبوونەوە. تووڕەبوو کە ئەو دەرگایەی لە سەر داخرابوو، ڕقی لە هەموو ئەو گوڵانە و ڕەنگەکان دەبووەوە.

لە ناو گێژاوی تووڕەیی ئەوەدا کە ئەو کچەکە دڵی شکاندووە بەڵێنی بە خۆی دەدا "پشتی بشکێنێت و بیکات بە یەکەم حیزی شارەکە"، بیکات بە "ئەو کچەی کە بە خۆڕاییش گان بە هەموو کەسێک دەدات".

لە دەرەوەی ژووری ئەو کوڕەدا، نەتەوەی عەرشی پەروەردگار سەرمەستی سەرکەوتن و دەستکەوتەکانی خۆی بوو. وڵات خرۆشابوو، قاقای پێکەنین و چەپڵەی دڵخۆشی و فیتووی سەرکەوتن و هووهووهای شانازی لەگەڵ تەپوتۆز و خۆڵبارینەکەدا تێکەڵ بە یەک دەبوون و پێکەوە هەموو شتێکی دیکەیان دادەپۆشی.

مافی له چاپدانی له شێوەی کتێب یان شێوەی دیکەدا
تەنها بۆ هاوژین زیبا یان نووسەرە/ بەفرانباری ٢٠٢٦

Copyright Spring 2025

© All Rights Reserved

Rebwar Rashed & Hawzhin Ziba